کۆماری عێراقی فیدڕاڵی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتیی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

# بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا

## ( شیعر – ڕۆمان ).

تێزێکە

پێشکەشی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆیی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی

بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا – لە ئەدەبی کوردیدا

**لە لایەن**

**زاهیر ئیسماعیل سەعید**

- بەکالۆریۆس لە (زمان و ئەدەبی کوردی) لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین - ٢٠٠٢.
- ماستەری لە (ئەدەبی کوردی) لە فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە - ٢٠١٤

بەسەرپەرشتی

پرۆفیسۆر: د. ڕێزان ساڵح مەولوود

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی

کۆماری عێراقی فیدڕاڵی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتیی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

# بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا

## ( شیعر – ڕۆمان ).

تێزێکە

پێشکەشی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆیی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا – لە ئەدەبی کوردیدا

**لە لایەن**

**زاهیر ئیسماعیل سەعید**

- بەکالۆریۆس لە (زمان و ئەدەبی کوردی) لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین - ٢٠٠٢.
- ماستەری لە (ئەدەبی کوردی) لە فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە - ٢٠١٤

بەسەرپەرشتی

پرۆفیسۆر: د. ڕێزان ساڵح مەولوود

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ **الحجرات**: (13).

# پێشکەشە

بە :

- خۆشەویستانم ( ئەندامانی خێزانەکەم )، کە پشتیوان و هاوکارم بوون لە تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن.

- بە هەموو ئەو مامۆستا و دڵسۆزانەی کە هاوکارییان کردووم، بە پێدانی سەرچاوە و تێبینییە بەنرخەکانیان لەم دکتۆرانامەیەدا.

- بە هەموو ئەوانەی بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی زانست دەدەن بە مەبەستی خزمەت کردنی گەلەکەمان.

## سوپاس و پێزانین

بۆ :

- پەروەردگاری مەزن، کە هەمیشە بە نیعمەتەکانی بەندەکانی بەسەر دەکاتەوە.

- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتی فاکەڵتی پەروەردە و سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندین.

- بەڕێز پرۆفیسۆر ( دکتۆر ڕێزان ساڵح مەولوود )، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ و بە پێشنیار و سەرنجە وردەکانی هاوکارێکی جدی بووە.

- هەموو ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی کە لە کۆرساتی خوێندندا ماندوونەناسانە ئێمەیان پێگەیاند.

- ( د. زاهیر لەتیف، د. عوسمان دەشتی.. ) کە بە تێبینی و سەرنجەکانیان هاوکارییان کردم.

- هەموو ئەو شاعیر و ڕۆماننووسانەی کە بەشدار بوون لە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست.

- هەموو ئەوانەی ئەگەر بە وشەیەکیش بێت، بەشدارییان لە فەراهەم بوونی ئەم تێزەدا کردووە.

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم تێزە بە ناونیشانی ( بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا، " شیعر – ڕۆمان " ) لەلایەن خوێندکاری دکتۆرا ( زاهیر ئیسماعیل سەعید ) و بە سەرپەرشتی من لە فاکەڵتیی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی زانکۆی کۆیە ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ( دکتۆرا ) لە ئەدەبی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و لێی ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

سەرپەرشت: پ. د. ڕێزان ساڵح مەولوود

مامۆستا لە زانکۆی کۆیە

بەروار: ١٨ / ٩ / ٢٠٢٣

---

## ڕەزامەندی سەرۆکی بەش

لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیاری ئەم تێزە، کە ناو و واژووی لەسەرەوە هاتووە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

واژوو:

پ. د. دەریا جەمال حەوێز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار: ١٨ / ٩ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئیمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن جەخت دەکەینەوە ئەم تێزەمان بە ناونیشانی (( بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا ( شیعر – ڕۆمان )). خوێندۆتەوە و لەگەڵ خوێندکار ( زاهیر اسماعیل سعید ) لەسەر ناوەڕۆک و هەموو لایەنەکانی تێزەکە گفتوگۆمان کردووە، بە ڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ( ئەدەبی کوردی )دا لە خۆدەگرێت. بۆیە بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( زۆر باش ) بڕوانامەی ( دکتۆرا )ی لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: پ. د. دەریا جمال حوێز
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای زانکۆ
ئەندام
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. طاهر محمد علی
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای خانەنشین
ئەندام
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. نوزت احمد عثمان
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای زانکۆ
ئەندام
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. ڕزگار عمر فتاح
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای زانکۆ
ئەندام
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ. د. ڕێزان ساڵح مەولوود
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای زانکۆ
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ. د. عطا رشید حسێن
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستای زانکۆ
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی فاکەڵتیی پەروەردەوە/ زانکۆی کۆیە. ڕەزامەندی لەسەر دراوە و پەسندکرا.

د. سەفین جەلال فەتحوڵڵا
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر
ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە
بەروار: / ١١ / ٢٠٢٣

## پێرســـــــــت


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | X |
| پوختە | xiv |
| بەشی یەکەم:<br>١-١ ئەدەبی گەلانی جیهانی سێیەم لەچاخی پۆست کۆلۆنیالیزم | 1 |
| ١-٢ بەجیهانیبوونی ئەدەب لە نێوان سڕینەوە و یەکخستنی کلتوردا | 13 |
| ١-٢-١ سڕینەوەی کلتوری | 14 |
| ١-٢-٢ یەکخستنی کلتوری | 16 |
| ١-٣ لە نیوان بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا | 20 |
| ١-٣-١ بەجیهانیبوون | 20 |
| ١-٣-٢ جیهانگیری | 26 |
| ١-٣-٢-١ کاریگەرییە ئەرێنییەکان | 31 |
| ١-٣-٢-٢ کاریگەرییە نەرێنییەکان | 31 |
| ١-٤ لە نێوان ئەدەبی بەراورد و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا | 34 |
| بەشی دووەم:<br>٢-١ چەمک و مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی جیهانی | 39 |
| ٢-١-١ ڕەهەندی هونەری | 46 |
| ٢-١-٢ کەسایەتی نووسەر | 47 |
| ٢-١-٣ بەرهەمی داهێنەرانە | 47 |
| ٢-١-٤ شارستانییەت | 48 |
| ٢-٢ گیروگرفتەکانی ئەدەبی جیهانی | 49 |

| | |
|---|---|
| 54 | ٢-٣ لە نێوان ئەدەبی جیهانی و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا |
| 61 | ٢-٤ هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی ئەدەب |
| 61 | ٢-٤-١ هۆکارە گشتییەکان: |
| 61 | ٢-٤-١-١ هەستکردن بە کەموکورتییەکانی ئەدەبی نەتەوەیی |
| 63 | ٢-٤-١-٢ کۆچ و تاراوگە |
| 64 | ٢-٤-١-٣ شەڕ و داگیرکاری |
| 65 | ٢-٤-١-٤ هۆکاری ئایینی |
| 66 | ٢-٤-١-٥ گەشتیاری |
| 66 | ٢-٤-١-٦ هەڵکەوتەی شار |
| 67 | ٢-٤-٢ فاکتەری تایبەتییەکان |
| 67 | ٢-٤-٢-١ کتێب |
| 67 | ٢-٤-٢-٢ وەرگێڕان |
| 68 | ٢-٤-٢-٣ کاریگەریی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان |
| 70 | ٢-٤-٢-٤ نێوەندگیرەکان (وسیط) لە ئەدەبدا |
| 71 | ٢-٤-٢-٥ خاوەن بەهرە داهێنەرەکان |
| 72 | ٢-٤-٢-٦ ڕۆڵی کۆڕ و کۆمەڵ و یانە ئەدەبییەکان |
| 74 | ٢-٤-2-٧ ڕەخنەگر |
| 75 | ٢-٤-٢-٨ تەکنەلۆژیا |
| 76 | بەشی سێیەم<br>٣-١ ڕۆڵی ڕۆژهەلاتناسی لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا |
| 93 | ٣-٢ ئەدەبی کوردیی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا |
| 102 | ٣-٣ ڕۆڵی وەرگێڕان لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا |

| | |
|---|---|
| 109 | ٣-٤ گیروگرفتەکانی بەردەم بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی |
| 119 | ٣-٥ لاوازی ڕەخنە لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا |
| 125 | بەشی چوارەم:<br>٤-١ ئەدەبی کوردی لە ئەستانەی ئەدەبی جیهانیدا |
| 136 | ٤-٢ ئەزموونی شاعیرانی هاوچەرخی کوردی لەبەردەم بەجیهانیبووندا |
| 149 | ٤-٣ ئەزموونی ڕۆماننووسانی هاوچەرخی کوردیی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا |
| 159 | ٤-٤ ئەدەبی کوردی بە زمانی بێگانە وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی کوردی |
| 161 | ٤-٤-١ هەڵوێستی قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری سەبارەت بە ئەدەبی نەتەوەیی |
| 179 | ئەنجام: |
| 181 | لیستی سەرچاوەکان: |

## پێشەکی

دیارترین تایبەتمەندی گەشەسەندنی ئەدەبی نەتەوەیی، بەهۆی ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕەوەیە، کە لە نێوان ئەدەبەکاندا دێتە ئاراوە، کەواتە گەشەکردنی ئەدەبی نەتەوەیی خۆرسکانە و لەناکاو نەهاتۆتە دی، بەڵکو چەندین فاکتەر ڕێگە خۆشکەر بوون، یەکێک لەوانە بەجیهانیبوونی ئەدەب.

بەجیهانیبوونی ئەدەب فاکتەرێکی چالاکی گەشەسەندنی ئەدەبییە، لە سەردەمی کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی هەبووە و بەردەوامە. بەجیهانیبوونی ئەدەب، مەبەست لەو دەقە ئەدەبییانەیە، کە بەهۆی ئاست بەرزی و کاریگەرییە جیاوازەکانی لەسەر خوێنەری بیانی، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکە و پێشوازی لێکراوە.

ئێمە لەم تێزەدا، سەرنجمان خستۆتە سەر ئەو دەقە ئەدەبییە کوردییانەی، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنووری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەییان تێپەڕاندووە و چۆنەتە ناو ئەدەبی جیهانەوە. بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی لە کۆتایی ساڵانی هەشتا و سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەمەوە لەڕێگەی چەند شاعیر و نووسەرێکی تاراوگە و ناوخۆی کوردستانەوە، دەستی پێکردووە و نەش و نمای کردووە، ئەویش بەهۆی ئاشنابوونیان بە ئەزموون و تەکنیکە هونەرییە نوێیەکانی ئەدەبی ڕۆژئاواییەوە بوو، واتە شاعیر و نووسەرانی کورد لە دوای ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم و لە باردۆخێکی سیاسی گونجاودا، بەجیهانبینییەکی فراوانترەوە دەستیان بە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی کردووە و بەشێوەیەکی کرداری کاریگەریی ئەزموونی ئەدەبی ڕۆژئاوا بەسەر بەرهەمەکانیانەوە دیارە و بەرهەمەکانیان کاریگەریی و دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕوناکبیرییەکانی وڵاتانی جیهان دروست کردووە و بەرهەمەکانیان بۆ سەر چەندین زمانی زیندووی هەرێمی و ڕۆژئاوایی وەرگێڕدراون و لەلایەن خوێنەری بیانییەوە پێشوازی باشیان لێ کراوە. دەتوانین بڵێین

هەوڵەکانی ئەم شاعیر و نووسەرە کوردانە هەوڵی سەرەتایین بۆ بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی.

**٠- ١ ناونیشانی ئەم بابەتە:**

ئەم تێزە بە ناونیشانی ( بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا، شیعر - ڕۆمان ). بێگومان زۆر شاعیر و ڕۆماننووسی کورد لەم چاخەدا، دەقی ئەدەبی باڵایان نووسیوە و لە ئاستی خوێنەری جیهانیدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە و خوێندراوەتەوە. لێرەدا ویستوومانە ئاوڕ لەو دەقە ئەدەبیانە بدەینەوە، کە سنووری ئەدەبی نەتەوەییان بڕیوە و هەنگاوییان بەرەو بەجیهانیبوون ناوە و تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانی بوون. لەڕاستیدا ئەم بابەتە لەهەندێک کتێب و گۆڤاردا، لە سنوورێکی کورت و دیاریکراودا باسی لێوە کراوە، بەڵام کارێکی ئەکادیمی تایبەت بەم بابەتە نەکراوە.

**٠- ٢ هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

خستنەڕووی پرسی بەجیهانیبوون، بابەتێکی نوێیە، کە خۆی لەو دەقە ئەدەبییە کوردییانەدا دەبینێتەوە، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی بیانی و لە لایەن خوێنەری وڵاتانی بیانییەوە پێشوازی باشیان لێکراوە و زۆرجار خەڵاتی وڵاتانی ناوچەیی و ڕۆژئاواییشیان پێبەخشراوە، هەروەها دەرخستنی ئاستی ئەو شاعیر و نووسەرە کوردانەیە، کە تا چەند توانیویانە بەرهەمەکانیان بە خوێنەری بیانی بناسینن.

**٠-٣ ئامانجی تێزەکە**

ئامانج لەم تێزە خستنەڕووی ئەزموونی ئەو شاعیر و ڕۆماننوسە کوردانەیە، کە بەرهەمەکانیان دەنگدانەوەیان هەبووە و کاریگەرییان لەسەر خوێنەری بیانی داناوە و پشوازییان لێکراوە و بوونەتە هەنگاوی سەرەتایی بەرەو بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردیی.

**١-٤ میتۆدی تێزەکە**

پەیڕەویکردنی میتۆدێک، یان ڕێبازێکی توێژینەوە لایەنێکی گرنگە بۆ سەرخستنی پلانی هەموو نامەیەکی ئەکادیمی، ئێمەش لەم تێزەدا پەیڕەوی ڕێبازی ( مێژوویی – وەسفی )مان کردووە، لە ڕووی مێژووییەوە باس لە ئەزموونی ئەدەبی شاعیر و ڕۆماننوسانی هاوچەرخی کوردی لەچاخی جیهانگیریدا کراوە و وەسفی بەشێک لەو دەقە ئەدەبییانە کراوە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان سنووری لۆکاڵییان تێپەڕاندووە.

**١-٥ گیروگرفتی تێزەکە**

بێگومان دەستپێکی هەر کارێکی ئەکادیمی بێ کێشە و گیروگرفت نابێ، گیروگرفتی ئەم کارەی ئێمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، زۆرێک لەو لێکۆڵینەوە و ڕەخنانەی کە بە زمانی بیانی لەسەر دەقی شاعیر و ڕۆماننووسانی کورد نووسراون، وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. زۆرجاریش ئەو لێکۆڵینەوە و ڕەخنانە دەستخستنیان ئەستەم بووە و بە دەستی ئێمە نەگەیشتوون.

**١-٦ سنوور و پێکهاتەی تێزەکە**

لەبەر فراوانی بابەتەکە لەم تێزەدا، تەنیا ژانری (شیعر - ڕۆمان) لە قۆناغی هاوچەرخدا بە ئامانج گیراوە. سروشتی توێژینەوەکە وا پێویستی دەکرد دابەش بکرێتە سەر چوار بەش و پێشەکی و پوختەیەک بە زمانی کوردی لە سەرەتا و لەکۆتاییشدا ئەنجامێک، کە لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی تێزەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو. **بەشی یەکەم:** تایبەت کراوە بە مێژووی سەرهەڵدان و کۆسپەکانی بەردەم بەجیهانیبوون و جیاوازی لەگەڵ جیهانگیریدا. **بەشی دووەم:** باس لەمێژووی ئەدەبی جیهانی و گیروگرفتەکانی و جیاوازی لەگەڵ بە جیهانیبوون کراوە و هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی ئەدەبیش خراوەتە ڕوو. **بەشی سێیەم** تایبەت کراوە بە ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسان، شاعیر و نووسەرانی تاراوگە، وەرگێڕان و گیروگرفتەکانی بەردەم

بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی. **لە بەشی چوارەمدا** باس لە ئەدەبی کوردی لە ئاستانەی ئەدەبی جیهانیدا و ئەزموون و ڕۆڵی شاعیر و نووسەرانی کورد لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا کراوە و ئەدەبی کوردی بەزمانی بێگانە وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی کوردی خراوەتەڕوو.

# پوخته

بەجیهانیبوون، چەمکێکی مۆدێرنەیە لەدوای ساڵەکانی هەشتای سەدەی بیستەم بەهۆی گەشەی خێرایی ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی گرنگیەکەی زیادی کردووە.

بەجیهانیبوون لە ڕوانگەی ئەدەبەوە، ڕێوشوێنێکە زیاتر بۆ نیشاندان و سەرکەوتنی هەر کارێک، یان بەرهەمێک و دەرهێنانی لە بازنەی لۆکاڵی و ناسیۆنالیزم بۆ ئاستێکی فراوانتر، کە خۆی لە بەجیهانی کردنی ئەو دەق و بەرهەمانەدا دەبینێتەوە. بەجیهانیبوونی ئەدەب تەنیا کاتێک بەدی دێت، کە دەقی ئەدەبی لەبەر بەپێزی و بەهێزیی لایەنە جیاوازەکانی، لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنوری جوگرافی و زمانەوانی لۆکاڵی تێ بپەڕێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدەی خوێنەرانی میللەتانی دیکە و پێشوازی لێبکرێت. لێرەدا وەرگێڕان دەرفەتێکی زێڕینە تا لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی جیهانی سێیەم، یاخود ئەو نەتەوانەی کە زمان و ئەدەبەکەیان جیهانی نییە، ئەزموونی ئەدەبی خۆیان بە گەلانی جیهان بناسێنن.

بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتا و دوای نەوەتەکانی سەدەی بیستەم دەست پیدەکات، لەم ماوەیەدا دەستەیەک لە شاعیر و ڕۆماننووسانی کورد ئاوارەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون و بوونە تاراوگەنشین و فێری زمانە ڕۆژئاواییەکان بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری تەوژمە نوێیەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوابوون، لەهەمان کاتدا ئازادیی چالاکیی فەرهەنگی لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا هەلومەرجێکی لەباری بۆ نووسەرانی کورد پێکهێنا و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کلتور و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و شارستانییەتی ئەو وڵاتانە. ئەمەش دەرفەتێکی ڕەخساند، تاوەکو شاعیر و نووسەرانی کورد لە چوارچێوەی ژانر و فۆڕمەکانی ئەدەبی جیهانی و بە تەکنیکە مۆدێرنە ئەدەبییەکان، هەم ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە شیعر و ڕۆمانەکانیاندا نەخشاند، هەم بیرە جیهانگیرییەکانیان لە بەرهەمی خۆیاندا جێ کردەوە. بەوەش بەرهەمێکی نوێیان خوڵقاند، کە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهاندا ئاوڕی لێدرایەوە و خوێندرایەوە. لەو شاعیر و

ڕۆماننووسانەی تاراوگەش، وەک ( شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی – بەختیار عەلی، کاروان عمر کاکەسوور، هیوا قادر و عەتا محەمەد. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش جان دۆست.. ) لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە دەرکەوتن و توانیان سەرنجی خوێنەری ڕۆژئاوایی ڕابکێشن و دەقە ئەدەبییەکانیان بۆ سەر زۆر لە زمانە ڕۆژئاواییەکان وەرگێڕدراون و هەنگاویان بەرەو بەجیهانیبوون ناوە.

هەروەها لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا چەندین شاعیر و ڕۆماننووسی بەتوانا دەرکەوتن، بەهۆی ئاشنابوون و بەکارهێنانی فۆرم تەکنیکە نوێیەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوا و ئاست بەرزی بەرهەمەکانیان، سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی تێپەڕاندووە بۆ چەندین زمانی ڕۆژئاوایی و ناوچەیی وەرگێڕدران، وەک ( کەژاڵ ئەحمەد، لەتیف هەڵمەت .. ).

## بەشی یەکەم:

١-١ ئەدەبی گەلانی جیهانی سێیەم لەچاخی پۆست کۆڵۆنیالیزم

١-٢ بەجیهانیبوونی ئەدەب لە نێوان سڕینەوە و یەکخستنی کلتوردا

١-٣ لە نێوان بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا

١-٤ لە نێوان ئەدەبی بەراورد و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا

## ١-١ ئەدەبی گەلانی جیهانی سێیەم لەچاخی پۆست کۆلۆنیالیزمدا

پۆست کۆلۆنیالیزم، یەکێکە لە زاراوە نوێیەکانی چاخی پۆست مۆدێرنە، کە وەسفە بۆ گێڕانەوەی دامەزراوەی کولتووری و ئابووری و سیاسی ئەو نەتەوانەی لەژێردەستەیی ( کۆلۆنیالیزم ) ڕزگاریان بووە، واتە (( ئەگەر کۆلۆنیالیزم سیاسەت، یا کردەی وەدەست هێنان، یا درێژەدانی دەسەڵات بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا بێ و مەبەستی ماددی و فەرهەنگی لە دوابێ.. ئەوا پۆست کۆلۆنیالیزم پێوەندی بە خەڵک و فەرهەنگی ئەو وڵاتانەوە هەیە، کە تازە لە دوای یاساکانی کۆلۆنیالیزمی، یا شێوەی کۆلۆنیالیزمی ڕزگارییان بووە ))( قەرەباغی، ٢٠٠٦، ١٣٦ )، کەواتە زاراوەی پۆست کۆلۆنیال وەک هاوواتایەک بۆ پاش سەربەخۆیی بەکاردەهێنرێت و کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم دەپشکنێت و بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوە باڵادەستی بەکاردەهێنرێت و وەک بەربەستێکە بۆ پچڕاندنی مەعریفە لە نێوان پێش داگیرکاری و پاش داگیرکاری ( عراب، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٤٢ )، واتە وەک کاردانەوەیەک بۆ دژایەتی کردنی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنرێت. دەکرێت پۆست کۆلۆنیالیزم لەیەک کاتدا، هەم بە مانای بەڕەسمی سەربەخۆ و هەم کۆلۆنیالیزمی نوێ بێت، (( بەو مانایەی کە کۆلۆنیالیزم کۆتایی هاتووە و وڵاتانی تازە ڕزگاربوو لە قۆناغی سەربەخۆیی و (دوای - داگیرکاری) دان لە کاتێکدا زۆربەی ئەو نەتەوانە، هێشتا لە ڕووی کلتور و ئابوورییەوە لە ڕێگەی شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆلۆنیالیزمەوە ملکەچی وڵاتانی پیشەسازین ))( جهداني، 2013، ص21 )، بۆیە ناکرێت بڵێین: حەقیقەتە پەیوەندییە نابەرامبەرەکان لە حوکمی کۆلۆنیالیدا جارێکی تر لە ڕێی تێکچوونە هاوچەرخەکانەوە هاوسەنگی لە نێوان وڵاتانی جیهانی یەکەم و وڵاتانی جیهانی سێیەم دا گەڕێنراوەتەوە. سیستەمی نوێی جیهان پشت بە حوکمڕانیکردنی ڕاستەوخۆ نابەستێت، بەڵام ڕێگە بە هەندێ لە وڵاتان دەدات، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و تاڕادەیەک فەرهەنگیشەوە کەڵک لە وڵاتانی تر وەربگرن، ئەمەش وادەکات بابەتەکە جێی مشتومڕ بێت لەوەی ئاخۆ ئەو وڵاتانەی کۆلۆنی کراون دەکرێ وا تەماشا بکرێن، کە بەڕاستی چووبنە قۆناغی " پۆست

کۆلۆنیالی"یەوە ( لۆمبا، ٢٠١٨، ٢٦ )، کەواتە زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم دوورکەوتنەوە نییە لە ڕابردوو، بەڵکو ئاماژەیەکی بەردەوامە بۆ شتێکی ڕابردوو، ئەویش کۆلۆنیالیزمی کۆنە و ڕوویەکی دیکەی بەبەردا کراوە، کەواتە ئەم زاراوە نوێیە زیاتر ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، وەک لەوەی ڕەهەندی فەرهەنگی و کلتوری هەبێت.

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، یەکێکە لە گرنگترین ئەو تیۆرە ئەدەبی و ڕەخنەییانەی کە هاوتەریبی تیۆری پۆستمۆدێرنیزمە، زۆر لە توێژەر و ڕەخنەگران پێیانوایە: (( تیۆری پۆست کۆلۆنی، یان گوتاری پۆست کۆلۆنی، تا کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو لە بواری تیۆری سیاسیدا نەهاتە ئاراوە، بەڵکو دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی (1978) لە لایەن ئەکادیمستی فەلەستینی- ئەمریکی و بیرمەندی مۆدێرنیتەی پۆست کۆلۆنیاڵ (ئێدوارد سەعید) هاتۆتە ئاراوە و یەکەم کاری دامەزراوەیی لەم بوارەدا دەستی پێکرد. ئەم گوتارە لەو سەردەمەدا ئەو مانایەی بەدەست نەهێنا، کە ئێستا ئێمە پێی ئاشناین و نەبووە دیزانێکی تیۆری لە لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبیدا، تا ساڵانی هەشتا و نەوەتی سەدەی بیستەم ))( سپیڤاک، ٢٠١٤، ٢٩ ). بۆ یەکەم جار زاراوەی ( پۆست کۆلۆنیالیزم ) لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن ڕەخنەگری ئوسترالی ( دورینگ سیمۆن - During Simon ) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی ( گەشەی سیاسی ) بەکاری هێناوە، لەو کاتەوە زانا و ڕەخنەگران زاراوەی پۆستکۆلۆنیالیزم بەکاردەهێنن و لە سەردێری ڕۆژنامە و گۆڤار و بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیریدا بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە ( یمینة، ٢٠١٦، ٤٩ ). لە ڕاستیدا پۆست کۆلۆنیالیزم، زاراوەیەکی سیاسییە و لەناو ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا برەوی سەندووە، ئەم زاراوە نوێیە مامەڵە لەگەڵ قەیرانی ئەو وڵاتانەدا دەکات، کە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییان بەجێی هێشتووە و تا ڕادەیەک توانیویانە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، پشت بەخۆیان ببەستن. ئەم وڵاتانە لە دوای ڕزگاربوونیان لە تەوقی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، شەپۆلێکی فیکری نەتەوەیی تێیاندا سەری هەڵدا بۆ ڕەتکردنەوەی کلتور و ئایدۆلۆژیای وڵاتانی کۆلۆنیالیزم، واتە دوای دەرچوونی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی لە وڵاتانی کۆلۆنیکراو، قۆناغێکی مێژوویی

نویَ هاتە ئاراوە، کە پێویست بوو وڵاتانی تازە ڕزگاربوو، دووبارە بەرهەمە فیکری و فەرهەنگی و کلتورییە نەتەوەییەکانی خۆیان دوور لە زاڵبوونی ڕۆژئاوا بنیاد بنێنەوە، کەواتە (( پۆست کۆڵۆنیالیزم، وەکو زاراوە بەکاردەهێنرێت بۆ داپۆشینی هەموو ئەو کلتورانەی کە لە ساتەوەختی داگیرکارییەوە، تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەریی پرۆسەی ئیمپریالیستییان لەسەرە. بەدرێژایی ئەو پرۆسە مێژووییەی کە بە دەستدرێژیی ئیمپریالیستی ئەوروپی دەستی پێکردبوو، نیگەرانی هەبوو.. زاراوەکە لەسەر بنەمای فەرهەنگی ڕەخنەی نوێی دامەزراوە. بەم پێیەش ئەدەبیاتی وڵاتانی ئەفریقی، ئوستراليا، بەنگلادیش، کەنەدا، وڵاتانی کاریبی و هیندستان .. ئەدەبی دوای کۆلۆنیالیزمن... ئەوەی ئەم ئەدەبانە یەکدەخات، جگە لە تایبەتمەندیی هەرێمییەکانی خۆیان– ئەوەیە کە لە دوای هەژموونی داگیرکارییەوە لە شێوەی ئێستای خۆیان دەرکەوتن ))( حەمداوی، ٢٠١٨، ٥٨ ). ڕۆشنبیرانی ئەم گەلانە لەلایەکەوە بە تیشک خستنە سەر گرژییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ئیمپراتۆری و لەلایەکی دیکەوە بە گرنگیدان بەو شتانەی کە لە گریمانەکانی ناوەندی ئیمپراتۆری جیایان دەکەنەوە، خۆیان سەلماند، ئەمەش وایکردووە ئەدەبیاتی ئەم گەلانە ببێتە ئەدەبیاتێکی دوای کۆلۆنیالیزم.

زاراوەی پۆست کۆڵۆنیالیزم هەلومەرجێکی نوێی بەدیهێناوە، کە نەتەنیا فەرهەنگ و ئەدەبیاتی وڵاتانی ژێر چەپۆکی کۆڵۆنیالیزم، بەڵکو بابەتە فەرهەنگییەکانی زۆربەی وڵاتانی غەیرە کۆڵۆنیکراویش دەکەوێتە بەر تیشکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان. لە ڕاستیدا پۆست کۆڵۆنیالیزم ڕەگ و ڕیشەی لەو خوێندنەوە فەرهەنگی و ئەدەبیانەدایە، کە پێشتر بە ناوی ئەدەبیات و فەرهەنگی وڵاتانی هاوبەرژەوەندی و جیهانی سێیەمەوە دەخرایە ڕوو ( قەرەباغی، ٢٠٠٦، ١٣٧ )، کەواتە پۆست کۆڵۆنیالیزم یەکێکە لە باوترین و ڕەنگاوڕەنگترین بیرۆکە گەلی ڕەخنەگرانە لە جەغزی بیرکردنەوە و فەرهەنگی هاوچەرخدا، بە ئامانجی گەڕانەوەی بۆ جەوهەری کلتوری نەتەوەیی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

( ئالان لوسۆن ) نووسەری ئینگلیزی، پۆست کۆڵۆنیالیزمی وەک بزووتنەوەیەکی مێژوویی و شیکاری بە پاڵنەری سیاسی پێناسەی دەکات، کە لە بەرانگاربوونەوەدایە لەگەڵ

کۆلۆنیالیزمدا و خەبات دەکات، بە ئامانجی پووچەڵکردنەوەی هێزی کۆلۆنیالیزم لەسەر ئاستی ماددی، مێژوویی، فکری، کلتوری، سیاسی، پەروەردەیی و ئەدەبی. پۆست کۆلۆنیالیزم زیاتر تیۆرییەکی ئەدەبییە، مەرج نییە بە چوارچێوەیەکی کاتی سنووردار بکرێت، لەبەرئەوەی ئاراستە و تەوژمەکانی خۆی لە کات و شوێنی جیاواز و نیمچە هاودەنگدا بڵاودەکاتەوە لە شێوەی شانۆ، ڕۆمان، شیعر و فیلم و وەک دەربڕینی تێکستی کلتوری دژ بە کۆلۆنیالیزم ( راغب، ٢٠٠٣، ٥٥٠ )، واتە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم جگە لەوەی ڕەهەندێکی مێژووی و سیاسی هەیە، وەکو تیۆرێکی مۆدێرنە هەموو ڕێگایەکی ئەدەبی و کلتوری و زانستی بەکاردەهێنێت بۆ سڕینەوە و ڕەتکردنەوەی هەموو بابەتێکی سەپێنراوی کۆلۆنیالیزم بەسەر وڵاتانی کۆلۆنیکراو لەکات و شوێنە جیاوازەکاندا.

لە ڕاستیدا پۆست کۆلۆنیالیزم وەکو تیۆر، یاخود وەکو گوتاری پۆست کۆلۆنیال خوێندنەوەی هزری ڕۆژئاواییە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێگەی بەراورد کردنێکی ڕەخنەیی و پاشخانی کلتوری و سیاسی و مێژووییدا. بەواتایەکی تر، ئەم تیۆرە گوتاری کۆلۆنیالیزم لەڕووی پێکهاتەی فیکری و میتۆدیی و مەبەستەکانی شیدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە کلتورییە دامەزراوە ڕۆژئاواییە کۆنترۆڵ بکات (سپیڤاک، ٢٠١٤، ٢٩ )، واتە ئەم تیۆرە لە دیدێکی ڕەخنەگرانەی نوێوە شیکردنەوە بۆ گوتاری کۆلۆنیال دەکات، لەهەموو پێکهاتە فیکری و میتۆدیی و باڵادەستی و ژێردەستەیی و ناوەند و پەراوێزدا و ئامانجی گێڕانەوەی بەهایە بۆ کلتوری گەلانی جیهانی سێیەم.

تیۆری پۆست کۆلۆنیاڵ ئامانجی شیکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە، کە کلتوری ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە وەک گوتارێکی مەبەستدار، تیشک دەخاتە سەر تێگەیشتنە فیکری و هزری و ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم و هەوڵی ئاشکراکردنی هەژموونی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی دەدات لە ڕابردوو و داهاتوودا (حەمداوی، ٢٠١٨، ٥٩ - ٦١ )، بۆیە ئەم کۆلۆنیالیزمە پێویستی بەوەیە، کە لە دیدێکی نوێ و بەشێوەیەکی بابەتی و زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە پۆست کۆلۆنیالیزم شیکردنەوەیەکی بابەتی و واقیعیانە بۆ ڕەهەندە

سیاسی و ئابووری و کلتورییەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیزم دەکات، بە مەبەستی گەڕانەوە وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ ڕەسەنایەتی خۆیان، بەو مانایەی کە لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی نەریتی ڕزگاریان بووە.

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو گوتار و تێکڕای ئەدەب و زمان و کلتورە دەکات، کە بەسەر نەتەوە داگیرکراوەکانیاندا سەپاندووە و هەمیشە بە چاوێکی سوک و نزم سەیری ئەدەبی ئەو وڵاتە ژێردەستانەیان کردووە و بە هەموو شێوەیەک ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە، کە ئەدەبی وڵاتانی ژێردەستە شیاوی بەراوردکردن بێت لەگەڵ ئەدەبی گەلانی ئەوروپی و ئەمریکای باکوردا، بێگومان ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە و نزم ڕوانینە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان ڕۆڵێکی دیار و کاریگەرییان گێڕاوە لە چەسپاندنی ئەو جۆرە جیهانبینییە ( حوسێن، نازم و مولوود، ٢٠٢١، ٢٧٠ )، لەڕاستیدا بڕوابوون بە باڵادەستیی کلتوری ئەوروپییەکان لە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکارییەکانیانەوە هاتووە، ئەوروپییەکان پێیانوابوو، کە ئەدەبی ئەم گەلانە شتێکی سەرەتایی و لاوازە، بۆیە هونەری ئەم گەلانەیان بە کەم سەیر دەکرد. ئەم بۆچوونە لە هەژموونی ئەدەبی ئەوروپی و ڕۆژئاواوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەیەک، کە پەیوەندییە ئەدەبییە جیهانییە هاوچەرخەکان ناهاوسەنگ و ناکارامەبوون و لە بەرژەوەندی ئەدەبی ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان بوون و لە زیانی ڕەوشتی وڵاتانی جیهانی سێیەم بوون.

پۆست کۆلۆنیالیزم وەکو ڕەوتێکی کارا، ویستی هاوسەنگی بۆ ئەدەبی گەلانی جیهانی سێیەمی بگێڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (( هەوڵدەدات بە چاوێکی یەکسان سەیری مرۆڤایەتی بکات و ئەو مافە بۆ گەلە بچووک و ژێردەستەکان بگەڕێنێتەوە، کە ساڵەهای ساڵە نەتەوە و وڵاتە گەورەکان لەژێر ناوی ئازادی و سەرکردایەتیکردن و ڕزگارکردنیان لە دواکەوتوویی لێی زەوت کردوون و نووسینی پۆست کۆلۆنیالی بەدوای ئەوەیە، کە لە بەرامبەر تێگەیشتنێکی نەگۆڕ و تاک و پەسەندکراو بوەستێتەوە، ڕاڤەکردنێکی تایبەت و ناوەندی بۆ مێژوو بخاتە ژێر دووبارە پێداچوونەوە و سەرلەنوێ بیرکردنەوە لێی، یاخود تێڕوانینێکی سەراپایی و

بەتوانا بۆ ژیانی سیاسی ڕەخنە بکات ))( حوسێن، نازم و مولوود، ٢٠٢١، ٢٧٦ ). ئەمەش کەشوهەوایەکی لەباری ڕەخساند، تاوەکو وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕێگەی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرانی پۆست کۆڵۆنیالەوە ناسنامە و ئەدەبی نەتەوایەتیان بەدەست بهێننەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروست بکەن و بەرهەمە ئەدەبیی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بەجیهان بناسێنن و بوونی خۆیان بسەلمێنن.

تێۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم، وەک دیاردەیەک، مامەڵەی پەیوەندی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵات، یان پەیوەندی ناوەند لەگەڵ پەراوێز، یان پەیوەندیی کۆڵۆنیالیزم لەگەڵ گەلانی لاوازی کۆلۆنیکراودا ڕووندەکاتەوە، واتە پۆست کۆڵۆنیالیزم ڕێگەیەکی بەردەست بوو بۆ ئەوەی (( ڕۆشنبیرانی پۆست کۆلۆنیال لەلایەک یەکخستنیان لەناو شارستانیەتی ڕۆژئاوا ڕەتکردەوە و ڕەخنەیان لەسیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و زاڵبوونی مەرکەزی گرت و بە ڕۆژئاوایی کردنیان ڕەتکردەوە لە لایەکی دیکەوە داوای ناسنامە و کلتوری ڕەسەنی نەتەوەییان دەکرد، بۆ نموونە نووسەران و دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ( نیگرۆی ئەفریقی ) هەموو میکانیزمە کولتووری و زانستییەکانی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەڕۆژئاوایی کردن و دووپاتکردنەوەی ناسنامەی ڕەشی خۆیان و بەرگری کردن لە بوونی نیگرۆی ئەفریقی ))( حەمداوی، ٢٠١٨، ٦١ ). لێرەدا پۆست کۆڵۆنیالیزم کردەوە و هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەیە، بەرامبەر بە وڵاتانی کۆڵۆنیالیزم و لێکۆڵینەوە لەو کاریگەرییانە دەکات، کە کۆلۆنیالیزم لەسەر ناسنامە، زمان، ئەدەب، کلتور، ئابووری و سیستەمی سیاسی وڵاتانی کۆڵۆنیکراودا بەجێی هێشتووە، ئەم پڕۆسەیە داوای میکانیزمێکی بەرخۆدان دەکات.

لە سەرەتای دەرکەوتنی قۆناغی پۆست کۆڵۆنیالیزم، کۆمەڵێک نووسەر و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر دەرکەوتن، کە خاوەن دیدگایەکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانە بوون و نوێنەرایەتی تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزمیان دەکرد، (( هەوڵیاندا بە هەموو ڕێگایەکی بەردەست، چ لە ڕێگەی بەرگری ئاشتیخوازانە و چ لە ڕێگەی دژی ڕۆژهەڵاتناسی، یان بە بڵاوکردنەوەی گوتاری ژێردەستەیی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بیری ناوەندێتی ئەوروپا و ئەمریکایان دا ))( حەمداوی،

٢٠١٨، ٦٣ ). ئەم تیۆرستانەی کە بە ڕێبەری گوتاری پۆست کۆلۆنیال دەژمێردرێن، سەر بە وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی ڕۆژئاوایین. یەک لەوانە نووسەری فەلەستینی ( ئێدوارد سەعید )[1]، کە یەکێکە لە تیۆریستە گرنگەکانی شیکاری تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، نووسەر لە کتێبی ( ڕۆژهەڵاتناسی )دا پێداچوونەوە بە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕۆژئاوا و قۆناغەکانی پەرەسەندنیدا دەکات، سەعید پێیوایە: (( ڕۆژهەڵاتناسی وەک میتۆدێکی ڕۆژئاوایی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵات و بنیاتنانی و خاوەندارێتی سەروەری بەسەر ڕۆژهەڵاتدا دامەزراوە و نوێنەرایەتی جۆرێک لە هەژموونی کلتوری دەکات، کە باڵادەستی ئایدۆلۆژیای کلتوری ئەوروپی بەرامبەر بە دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتدا دووپات دەکاتەوە ))( سەعید، 2018، ٣٩ )، سەعید دەسەڵاتخوازیی کلتوری بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوایی دەگەڕێنێتەوە، کە جۆرێکە لە زاڵبوونی کلتوری، کە باڵادەستی ئەوروپایی بەرامبەر دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات دووپات دەکاتەوە، ئەمەش ڕێگەیەکی گونجێنراوە بۆ ئەوەی بچنە ناو کلتوری ڕۆژهەڵات و جێگەی خۆیان بکەنەوە. سەعید پێیوایە، ئەوروپییەکان توانیان لە ڕێگەی لۆژیکێکی ورد ڕۆژهەڵات بەڕێوەبەرن، نەک تەنیا لە ڕێگەی واقیعێکی ئەزموونکراو، بەڵکو لە ڕێگەی مەعریفە و پەروەردە و شارستانیشدا، کە دەستی باڵای بەسەر ڕۆژهەڵاتدا هەبوو.

سەعید پۆست کۆلۆنیالیزم وەکو ڕەوت و تیۆرێکی نوێ نیشاندەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی کۆلۆنیکراودا. ئەو پێیوایە، دەبێت ڕۆشنبیر و زانایانی ڕۆژهەڵات لەدەرەوەی چوارچێوەی فەرهەنگی ڕۆژئاواوە و لە دیدێکی نوێوە خوێندنەوەیان بۆ واقیعی ڕۆژهەڵات هەبێ، (( پێویستە ئەدەبیاتە نائەوروپییەکان چاک و ستایش بکرێن و جارێکی تر دەستاودەست

---

(1) – ئێدوراد سەعید ( ١٩٣٥ – ٢٠٠٣ ) ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و ئەکادیمی بوو لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکی، لە بنەڕەتدا خەڵکی فەڵەستینە و لە قودس لەدایکبووە و لە نیویۆرک کۆچی دوایی کردووە، یەکێک بوو لە دیارترین بەرگریکارانی پرسی فەڵەستین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە هەوڵی دا بناغەکانی گفتوگۆی کۆلۆنیالیزم و پەیوەندییەکانی بە دەسەڵاتەوە لەناو ببات. کتێبەکەی ناودارەکەی بەناوی "ڕۆژهەڵاتناسی لەساڵی ١٩٧٨" بڵاوبۆوە، کە بە بنچینەی لێکۆڵینەوەکانی دوای کۆلۆنیالیزم دادەنرێت. ( بۆ زانیاری زیاتری، بگەڕێوە بۆ کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی ئێدوارد سەعید ).

و تەفسیر بکرێنەوە، نەک تەنها بۆ پاڵفتەکردنی دیدگەمان بەرانبەر کلتوری ڕۆژئاوا، بەڵکو وەک بەشێک لە پرۆسەی لەبەینبردنی ئیستعماریش ))( لۆمبا، ٢٠١٨، ١١٨ )، واتە پێویستە ئەو بۆچوونە خۆبەزلزانییەی ڕۆژئاوا سەبارەت بە باڵادەستی ئەدەب و کلتوری ڕۆژئاوایی ڕاست بکرێتەوە و نووسەر و ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات دەست بەرن بۆ لێکۆڵینەوەی شاکارەکانی ڕۆژهەڵات و حەقیقەتی کاریگەریی ڕۆژهەڵات لەسەر نووسەر و شاعیرانی ڕۆژئاوا دیاری بکەن، چونکە زۆر لە دەقە ڕۆژئاواییەکان لە مەعریفەی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەکو ( گۆتەی ئەڵمانی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە لە سەرەتای ١٨١٤دا دیوانی شیعری حافزی ناسیوە و ئیلهامی لە شیعرە ڕۆژهەڵاتییەکان وەرگرتووە )( زهرة، 2016 - 2017، 2 )، کەواتە بەرهەمە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ گۆتە و زۆر لە نووسەرانی ڕۆژئاوایی بۆنەتە پاشخانێکی ئەدەبی و مەعریفی.

هوومی بابا ( Homi Bhabha )[(2)] پرۆفیسۆری ئەدەبی ئینگلیزی و هونەر، بە بنەچە هیندی، یەکێکی ترە لە تیۆرستانی پۆست کۆلۆنیال، (( ئەو لە ژێر کاریگەریی میشێل فۆن، جاک دریدا، جاک لاکان و ئێدوارد سەعید دابووە، بابا باوەڕی وایە، کە ناسنامەی کلتوری لە وڵاتانی کۆلۆنیکراو لەسەر بنەمای پەیوەندی مێژوویی و نوێبوونەوە لەنێوان پێکهاتە کلتورییەکانی سەر بە دوو کلتور ( کلتوری کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیزەکراو ) دامەزراوە، بەبڕوای هومی بابا ڕووبەڕووبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بەردەوام لەنێوان ئەو دوو کلتورەدا هەیە، کە لە ساتەکانی گۆڕانکاری مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت ))( بابا، ٢٠٠٦، ١١ )، واتە کلتوری ئەمڕۆکەی وڵاتانی تازەڕزگاربوو، ڕەوشێکی سەقامگیر و ناوەرۆکێکی ڕەسەنی کەلەپوری نییە، چونکە توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم وڵاتانە، بوون بە دوو ئاراستەی دژ بەیەک: (

(2)- هۆمی بابا (Homi Baba ١٩٤٩) ئەکادیمییەکی هیندییە و پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی ئەمریکی و بەریتانییە لە زانکۆی ( هارد فەرد )، لەوێ سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی مرۆییەکان بووە. دیارترین کارەکانی ( أمم ومرويات – 1990 )، وموقع الثقافة ( 1994 ) وحول الخيار الثقافي ( 2000 ) وحياة جامدة ( 2004 ). ( سپیڤاک، ٢٠١٤، ٢٨ ).

ڕەوتێکی بیانیخواز، کە نوێنەرایەتی کلتور و ئەدەب و بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی دەکات و بەرگری لە هەژموونی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا دەکات. ئاراستەی دووەم بەردەوام داوای سەربەخۆیی ڕۆشنبیری و شارستانی ڕەسەنی نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەم بەرەیە نەیتوانیوە تێڕوانینێکی زانستی و ڕۆشنبیری سەربەخۆ بنیاد بنێت )( جهداني، 2014، 217 ). لە ئەنجامدا کلتوری نەتەوە باڵادەستییەکە، کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر دیدگای ئەو گەلانە هەبووە، بۆ خۆی دەبێتە کلتور و ناسنامەی داهاتوو لەو وڵاتەی کە لە کۆلۆنیالیزم ڕزگاری بووە.

ڕەخنەگری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک هیندی (جی. سی. سپیڤاک Gayatri Chakravorty Spivak )[(3)]، یەکێکە لە دیارترین ڕەخنەگرانی پۆست کۆلۆنیال و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێگەیشتن لە کۆلۆنیالیزم و ناسنامە هەبووە و گرنگی بە ڕەهەندەکانی زانستی و گوتاری دەستێوەردانی ئەوروپا دەدات لە کلتوری خەڵکانی تردا. هەروەها وەک یەکێک لە تیۆرستە ڕاستەقینەکانی فیمینستی لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالیزم وەصف دەکرێت. ئەو وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی نیشانداوە لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالیدا. سپیڤاک بەرگری لە ژنانی ڕۆژهەڵات دەکرد و بەرەنگاری هەژموونی ڕۆژئاوا دەبووە و بەرگری لە کۆچبەران دەکرد و گرنگی بە ئەدەب و کلتوری ناوخۆ ( نەتەوەیی ) دەدا ( سپیڤاک، ٢٠١٤، ٣٠- ٣١ ). کارەکانی سپیڤاک بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخەنە سەر پەراوێز و ناوەند و ڕەوش و ڕۆڵی ژنانی پەراوێزخراوی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم تەنیا بە نووسەرانی وڵاتانی کۆلۆنیکراو سنووردار نییە، بەڵکو لێکۆڵەری ڕۆژئاوایش هەن، کە دژی داگیرکاری و نادادی وڵاتانی کۆلۆنیالیزمن، لە

(3) – گایتری سپیڤاک لە ساڵی ١٩٤٩ لە بەشی بەنگالی ڕۆژئاوا لە خێزانێکی چینی مامناوەند لە دایک بووە، سەر بە نەوەی یەکەمی ڕۆشنبیرانی هیندستانی دوای سەربەخۆییە. سپیڤاک لە ساڵی ١٩٥٧ ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی ( کالکەتا ) تەواوکردووە، پاشان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندووە، (سبیڤاک، ٢٠١٤، ٢٨ ). یەکێکە لە دیارترین ڕەخنەگرانی پۆست کۆلۆنیال و بەرگری لە مرۆڤی ڕەشپێستەکان و ژنانی وڵاتانی کۆلۆنیکراو دەکرد.

لێکۆڵینەوەکانیاندا پشگیریان لە وڵاتانی کۆلۆنیکراو کردووە، لەوانە: بیرمەند و فەیلەسوف و پزیشکی دەروونی فەرەنسی ( فرانتز فانۆن Frantz Fanon )[4]، کە کارەکانی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی چڕکردۆتەوە، کتێبی ( معذبو الارض – سزادراوانی زەوی – 1961 )ی فانۆن بە یەکێک لە گرنگترین کارە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان دادەنرێت، کە هاوارێکی زیندووە لە دژی داگیرکاری و ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە دژی ستەم و بیری دەسەڵاتخوازی ئەورووپی. فانۆن لەم کتێبەدا سروشتی کۆلۆنیالیزم شیدەکاتەوە و ڕاپەڕین لە دژی ئەو سیستمە ڕۆژئاواییە بەرپا دەکات. ئەو پێیوایە: ( کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی بە ڕەمزی هەژموونی کلتوری و سیستەمی مەرکەزی لەسەر بنەمای شارستانییەت و هێزی زانست و تەکنۆلۆژیا دامەزراوە. بە ئامانجی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن و ملکەچکردنی وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵات لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە، دەوێت خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە قایل بکات، کە ئەوان هاتوون بۆ ڕزگارکردنی وڵاتانی کۆڵۆنی کراو لە تاریکی )( فانۆن، ٢٠١٣، ١٧١ ). فانۆن لە بۆچوونەکانیدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو و لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکات، بە بۆچوونی فانون نامۆترین دیاردە، کە کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی پەیڕەوی دەکات، دیاردەی خۆبەزلزانین و بەرامبەر بەکەم زانینە. ئەم سیفەت نامۆیەش کاریگەریی دەروونی ترسناکی لەسەر خەڵکی کۆڵۆنیکراو بەجێ هێشتووە، هەر ئەمەش وایکردووە کۆڵۆنیالیزم ڕووبەرووی هێزی ناڕەزایی وڵاتانی کۆڵۆنیکراو ببێتەوە.

---

(4) - فرانتز فانۆن ( Frantz Fanon ١٩٢٥ – ١٩٦١ ) فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی و پزیشکێکی دەروونی ڕەشپێست بوو، لە دوورگەی ( ماتینیک ) لەدایکبووە و لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا لە سوپای فەڕەنسای ئازاد خزمەتی کردووە و چۆتە قوتابخانەی پزیشکی لە ( لیۆن )، دواتر وەک پزیشکێکی سەربازی فەڕەنسی لە جەزائیر کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ لە گۆڕستانی جەنگاوەرانی ئازادی جەزائیر نێژراوە (فانون، ٢٠١٣، ٨).

هەروەها مێژوونووس و ڕەخنەگری ئینگلیزی ( ڕۆبەرت یۆنگ Robert JC Young )[(5)]،

یەکێک لە چالاکوانانی بواری ڕەخنە و ئەدەب و مێژوو. لە کتێبی: ( ئەفسانە سپییەکان: نووسینی مێژوو و ڕۆژئاوا –١٩٩٠ )دا، هەوڵی تێکدانی ناوەندگەرایی ڕۆژئاوا و هەڵوەشاندنەوەی بیری مارکسی ڕۆژئاوایی دەدا، یۆنگ پێیوایە: ناوەندگەرایی ڕۆژئاوا جگە لە ئەفسانە هیچی تر نییە. یۆنگ ڕەخنەی لە بیری مارکسی گرت و وەک پاساوێکی یاسایی و فەلسەفی بۆ هاتنە ناوەوەی بەریتانیا بۆ هیندستان تاوانباری دەکات، چونکە ئەمەی بە دیاردەیەکی ئەرێنی زانی بۆ هێنانی هیندستان بۆ ناو چوارچێوەی شارستانیەت. کە ڕۆژئاوا دەکاتە ناوەندێکی سەرکردایەتی و زانست و مەعریفە ( حەمداوی، 2018، ٧٢ ).

پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕوانگەی لێکدانەوە فیکری و مەعریفییەکانی توێژەران و ڕەخنەگرانەوە بەسودە لەو ڕووەی گشتاندنێکە ئاماژە بۆ پرۆسەی لێکترازان دەکات، لەگەڵ تەواوی وابەستەکانی کۆلۆنیالیزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پۆستکۆلۆنیالیزم زاراوەیەکی وەسفکارانەیە، نەک هەڵسەنگێنەرانە ( لۆمبا، ٢٠١٨، ٢٨ ). لەبەرئەوە تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزم کەوتنە بەر ڕەخنەی قووڵ و بەرفراوان، هەندێکیان ئەخلاقی و هەندێکیان زانستی و ئەم تیۆرەیان بە شکست تۆمەتبار کرد، بەو پێیەی ئەم تیۆرە کۆمەڵێک دژایەتی و پارادۆکسی تێدایە، شیزۆفرینیا لە نێوان قسە و کرداردا، دابڕانێکی بەرفراوان لە نێوان تیۆری و واقیع دا هەیە ( حەمداوی، ٢٠١٨، ٧٢ )، لەکاتێکدا تیۆرداڕێژەرانی پۆست کۆلۆنیال، لە ڕۆژئاوا وەک ئاوارە، پەنابەر، یاخود وەک ناڕازییەک لە دژی حکومەتەکانیان دەژیان، لە ڕۆژئاواوە پەیامەکانیان بڵاودەکردەوە، جارێک ڕەخنە لە وڵاتانی بنچینەیی و واقیعی دواکەوتووی خۆیان دەگرن و جارێکیش دژی سیاسەتی بەڕۆژئاوایی کردن و پەراوێز خستنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەوەستانەوە. لە هەمانکاتدا ئەم

(5) – ڕۆبرت یونگ ( ١٩٥٠ ) مێژوونووس و ڕەخنەگری کلتوری لە ئینگلتەرا، یەکێکە لە تیۆرستانی پۆست کۆلۆنیالیزم. ( سپیڤاک، ٢٠١٤، ٢٧ ).

تیۆرستانە نەیانتوانیوە خۆیان لە پێکهاتەی زانستی ڕۆژئاوا بە دوور بگرن، لەوانە ( ئێدوارد سەعید، سپیڤاک و هوومی بابا ) ...

## ١-٢ بەجیهانیبوونی ئەدەب لە نێوان سڕینەوە و یەکخستنی کلتوردا

کلتور بنەمایەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیە و هەر کلتورێک پێناسەی نەتەوەی خۆی دەکات و لە نەتەوەیەکی دیکە جیای دەکاتەوە، بۆیە بە ئەندازەی جیاوازی کۆمەڵگەکان جیاوازی کلتوریش هەیە، چونکە جگە لە سیما سروشتییەکان، ئەوەی کۆمەڵگەکان لەیەک جیادەکاتەوە جیاوازی کلتورە، واتە (( کلتور ئەگەر بە واتا فراوانەکەی تەماشابکرێت، کۆی ئەو تایبەتمەندییە ڕۆحی و مادی و فیکریی و سۆزانەیە، کە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن، کە پێکهاتەی هونەر و ئەدەب و شێوازەکانی ژیان و هەروەها مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و سیستمەکانی بەها و نەریت و بیروباوەڕەکان لەخۆ دەگرێت ))( جاسم، ٢٠١٠، ٦٧٩ )، یان کلتور هەموو ئەو دەستکەوتە مادی و مەعنەویانەی کە لە هەموو ماوەی مێژووی کۆمەڵگادا بەدەست هاتوون و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێن ( میران، ٢٠١٢، ٩١ ). کەواتە کلتور هەموو ئەو بەها و نەریتانەیە، کە مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە، لە هەمان کاتیشدا هەر کلتورێک بنەمای خۆڕسک و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەیە و شوێنەواری ناوچەیی پێوە دیارە، یاخود (( کلتور کۆی ئەو نەریت و بەها و باوەڕە هاوبەشانە دەگرێتەوە، کە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دیاری دەکەن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە ))( الشاذلی، ٢٠٢٠، ٣٢٨ ). کلتور بە ڕێگەی بۆماوەیی ناگوازرێتەوە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، هەر کۆمەڵگەیەکیش تاکەکانی ڕووبەڕووی ئەو تاقیکردنەوانە دەکاتەوە، کە تایبەتن بە خودی ئەو کۆمەڵگەیەوە، واتە کلتور بەدیهێنەری ئەو قارەمانانەیە، کە بۆ ئەوانی تر دەبن بەسەر مەشق، لەبەرئەوەی مرۆڤ دەتوانێت کلتوری نەتەوەیی لەسەر ئەزموونی نەوەی پێشوو بونیاد بنێت ( محمد، ٢٠٢٠، ٦٣ )، واتە تاکەکانی کۆمەڵگا فاکتەری سەرەکین لە گواستنەوەی کلتور بۆ نەوەی داهاتوو.

کلتور و ئەدەب لە ڕواڵەتدا دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پەیوەندیی و تێکەڵاوی توندوتۆڵیان لەنێواندا هەیە، سەرچاوەی پەیوەندییەکانیش ئەو کەرەستە و بابەتە هاوبەشانەی

نێوانیانە. کلتور و ئەدەب لەلایەک هەڵقووڵاو و بەرهەمی کۆمەڵگان، واتە سەرەکیترین وێستگەی هاوبەشی نێوانیان کۆمەڵگایە. لەلایەکی دیکەوە بابەتە کلتورییەکان هەمیشە کەرەستەی خاوی بەردەستی ئەدەب بوون و ئەدەبیش پارێزەری ئەو کەرەستانە بووە. کلتور بەها مرۆڤایەتییەکان بەرجەستە دەکات، ئەدەبیش یەکێک لە ئامانجەکانی جوانکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانە ( عبيد، ٢٠١٤، ٣١ )، واتە ئەدەب و کلتور لە ناوەرۆکدا یەکدەگرنەوە و هەردووکیان لەژێر چەتری کارە مرۆییەکاندا کۆ دەبنەوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هونەر و کلتور بەگشتی تێکەڵ بە بازنەی پیشەسازی و بەرهەم هێنان بوون. لەو کاتەدا ڕواڵەتێکی دیکەی هونەر و کلتور دەرکەوت، ڕامان و خوێندنەوە و لایەنگرانی دژ بەم جوڵانەوەیە زیاد بوون ( محمد، ٢٠٢١، ١٦ ). هەندێکیان لە ڕوانگەی سیاسی و ئابووری و شارستانی و باڵادەستی لێکدانەوەیان بۆ کلتور دەکرد و هەندێکی تر لە ڕوانگەی مرۆڤ دۆستییەوە، داوای هاوبەشی و یەکسانی کلتورە جیاوازەکانیان دەکرد، کەواتە دوو ڕوانگە هەیە بۆ کلتور لە نێوان سڕینەوە و یەکخستنی هاوبەش دا، لێرەدا لە هەر یەکێکیان دەدوێین:

### ١-٢-١ سڕینەوەی کلتوری

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تەوژمێکی بەرفراوانی کلتورە هەژموونخواز و باڵادەستەکان لە پێشڕەوی دابوون بۆ زاڵکردنی هەژموونی کلتوری وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بە پاساوی ئاست بەرزی کلتوری ڕۆژئاوایی. (( تویژینەوە ئەدەبییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕا و لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بەها خۆرئاواییەکان لەناو دانیشتوانە لۆکاڵییەکان، تا وا پیشان بدرێت، کە فەرهەنگ و کلتوری ئەوروپییەکان پایەبەرزتر و پێوەری بەها مرۆییەکانە ( لۆمبا، ٢٠١٨، ١٠٩ ). بەم بیانووە ڕۆڵی کلتور و ئەدەبی گەلانی جیهانی سێیەمیان پەراوێزخست، بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ و

نادادپەروەرانە، هەژموونی کلتور و ئەدەبی ئەوروپییان بەسەر گەلانی دیکەدا سەپاند، کە مەبەست پارێزگاریکردن بوو لە حوکمی کۆلۆنیالیزمی خۆیان لە وڵاتانی کۆلۆنیکراودا.

( ئیدوارد سەعید ) باڵادەستی کلتوری ڕۆژئاوایی بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: (( چەمکی سنوور لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەستی خۆبەکەمزانین و خۆ بە بەهێز زانینە بە پلەی جیاواز، ئاستی ئەو کارەی تەواو کراوە، تایپی ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی بە ڕۆژهەڵات دراوە ))( سەعید، ٢٠١٨، ٣٩٥ ). ئەم هەستە لە بنچینەدا هەستێکی خۆ بەزلزان و فراوانخوازیی و خۆسەپێنی لە بیری داگیرکەری ئەوروپیدا دروستکردووە. ڕۆژئاواییەکان هەمیشە هەژموونی فەرهەنگ و کلتوری خۆیان بە چەندین شێواز و ڕێگەی تایبەت بەسەر نەتەوە ژێردەستەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەپاندووە. لە کۆندا لە ڕێگەی شاڵاوی سەربازی و داگیرکارییەوە بووە، بەڵام ئێستا لە ڕێگەی کلتور و ئەدەبەوەیە. لەم سەردەمەدا جیهانگیری تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی دەگێڕێت لە کاڵکردنەوەی کلتورە لۆکاڵییەکان و زاڵکردنی کلتورە ڕۆژئاواییەکان، (هربرت شیللر) نووسەر و ڕەخنەگری ئەمریکی، بۆچوونی وایە کە (( میدیا ئامانجی ئەوەیە ژیانی کۆمەڵایەتی گەلان لەسەر شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی دووبارە بنیات بنێتەوە و هانیان بدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چالاک بەشداری تێدا بکەن، کە دەکرێت مرۆڤ لە ڕێگەی بنەماکانی ئازادی تاکەکەسی و بیرۆکەی سەردەمیانە مۆدێلی باڵاکانی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی بەدەست بهێنێت ))( سمحة، ٢٠٠٥، ٣٤ )، واتە لەژێر هەژموونی تەکنۆلۆجیا و دروشمی ئازادی تاکەکەسیدا، ڕۆژئاوا ئامادەکاری کردووە بۆ کاڵکردنەوەی کلتورە جیاوازەکان و سەپاندنی کلتوری ڕۆژئاوایی بەسەر میللەتانی جیهانی سێیەمدا.

لە ئەمڕۆدا کلتوری وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور. لە ڕێگەی کەناڵەکانی مانگی دەستکرد و ئینتەرنێت و میدیای بینراو و بیسراوەکانەوە، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی وەرگرتنی کلتوری ڕۆژئاوایی، کە خۆی لە گواستنەوەی زانیاری و جۆرەها وێنە و بیرۆکە و بەها و ئاراستەی ئایدیۆلۆژیدا دەبینێتەوە، کە لە ئاماژە و پاشخان

و کەشوهەوای کلتور و بەها ڕۆژئاواییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لەم دۆخەدا کلتورە لۆکاڵییەکان ناتوانن بەرامبەر کلتورە ڕۆژئاواییەکان خۆڕاگربن و پاراستنی کلتوری وڵاتانی تازە گەشەسەندوو قورس دەبێت. دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ گەلانی تازەپێگەیشتوو زۆر لایەنی کلتوری ڕۆژئاوا لەسەر حیسابی کلتوری وڵاتەکانیان وەردەگرن و قبوڵی دەکەن. هۆکارەکەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی کلتورەکان لە ڕووی هێز، چڕی، سەرنجڕاکێشی، زیندوویی، واقیعی و ڕواڵەت ( الناشف، ٢٠٠٩، https://www.oudnad.net )، واتە بە هۆی ڕازاندنەوەی ڕووکەشی کلتوری ڕۆژئاوا، لایەنەکانی ئەو کلتورە بەسەر کلتوری وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا زاڵن، ژمارەیەک نووسەری ئەم گەلانەش مەیلیان بەلای کلتوری ڕۆژئاوادا هەیە و بانگەشە بۆ وەرگرتنی ئەم کلتورە دەکەن، بێ ئەوەی شایەنی ئەم بانگەشەیە بێت، لە ئاکامدا لەلایەن ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانەوە پێشوازی لێدەکرێت و کلتوری خۆیان بەرەو پەراوێز و کاڵبوونەوە دەچێت.

### ١-٢-٢ یەکخستنی کلتوری

یەکخستنی کلتوری خواستێکی کۆمەڵایەتی گەلانە، زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی دوای کۆلۆنیال، وەک ( ئێدوارد سەعید، هومی بابا، سپیڤاک، ئانیا لومبا.. ) داکۆکییان لە فرەکلتوری کردووە و مەرکەزییەتی کلتوری ڕۆژئاوا و تاک کلتوری زاڵ و سیاسەتی بە ڕۆژئاواییکردن و دوورخستنەوەیان ڕەتکردۆتەوە، لەڕێگەی میکانیزمەکانی وەرگێڕان و ڕەخنە و کارلێکردنی کلتورییەوە داوای هەمەچەشنیی کلتوری و کرانەوەیان دەکرد، بەو واتایەی کلتوری نوێ فەراهەم ببێت، جگە لە کلتوری ناوەندی ڕۆژئاوایی، کلتوری عەرەبی، ئاسیایی، ئەفریقی، ئەمازیغ بەشداریان پێ بکرێت (حەمداوی، 2018، 64 )، واتە ئامانجیان ئەوە بوو هاوسەنگی کلتوری لە نێوان گەلانی جیهاندا بەدی بێت، هەروەکو گۆتە لە تێڕوانییەکانیدا دەربارەی ڕۆژهەڵات ئاماژەی بەوە داوە، کە (( بەیەکگەیشتنی کلتورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دەتوانێت زەمینەی هاوسەنگ بۆ بەدیهێنانی یەکێتی ڕێژەیی بۆ جیهانی مرۆڤایەتی دابین بکات،

ئەمەش وا دەکات جیهان لە ڕێگەی کلتور و ئەدەبەوە یەکبگرێت ))( اذر، ١٣٧٨، ٥١ )، لەڕاستیدا تێڕوانینی گۆتە بۆ یەکگرتن و تێکەڵاوکردنی کلتورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خواستێکی سروشتی مرۆڤایەتییە، کە دەکرێت گەلان لە ڕووی کلتورەوە تێکەڵاوی دروست بکەن.

زانای ئەنترۆپۆلۆژیی کوبی ( فرناندۆ ئۆرتیز ) لە ساڵی ١٩٤٧ زاراوەی ( گواستنەوەی کلتور )ی بۆ وەسفی گروپی جیاواز جیاواز و هەندێ گروپی پەراوێزی کە کەوتبوونە ژێرکاریگەریی و وەرگرتنی کلتوری نەتەوە باڵادەستەکان لە کوبا بەکارهێناوە. ( ماری لویز برات )، پشگیری بۆچوونی ئۆرتیز دەکات و پێیوایە: وشەی ( گواستنەوەی کلتور ) تێکەڵکردنی کلتوری بەرهەم هێناوە و بووە بە بابەتێکی گرنگ لە تیۆرەکانی گوتاری کۆڵۆنیالیزم، برات بیرۆکەی گواستنەوەی کلتور بۆ ئاماژەکردن و دانوستان لە نێوان کلتورەکاندا بەکاردێنێت. کە سیمایەکی جێگیری ئەو ناوچانە بوو، کە بە ناوچەی پەیوەندی کردن، یاخود بە ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکان وەسفکرا بوون، کە تێیدا کلتورە جیاوازەکان بەیەک دەگەن و تێک دەڕژێن و لەگەڵ یەکتریدا ململانێ دەکەن ( لۆمبا، ٢٠١٨، ٩١ )، کەواتە ئەو نەتەوانەی کە خاوەن کلتوری هەژارن، ناتوانن خۆیان دووره پەرێز بگرن، بۆ دابین کردنی پێداویستی خۆیان لە ڕووی کلتورەوە، پەیوەندی بە کلتوری باڵاترەوە دەکەن.

( کازنۆڤا ) لە کتێبی ( کۆماری جیهانی بۆ ئەدەب )، پێیوایە: بە جیهانیبوونی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی کۆمەڵێک ئایدیای هاوبەش لەلایەن مرۆڤەوە، بێ ئەوەی پارێزگاری تایبەتمەندی یەک کلتوری بکەن. کازنۆڤا داوادەکات؛ کە پێویستە لە هەموو کار و پڕۆژە ئەدەبی و جوانکارییەکانی سامانی وڵاتانی هەژاری ئەدەبی، ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە پشت بە ئەدەبی گشتگیر ببەسترێ، بۆ بنیاتنانی جۆرێک لە مۆدێلی هاوبەش ( کازانۆڤا، ٢٠٠٢، ٢١١ ). بە بۆچوونی کازانۆڤا بەجیهانیبوونی ئەدەب لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی کلتورە جیاوازەکانەوە بەدی هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر میللەتێک ڕەسەنایەتی کلتوری خۆی بپارێزێت، کە بە درێژایی مێژوویی نەتەوەیی کۆیکردۆتەوە، چونکە یەکگرتنی شارستانیەتەکانی جیهان، جگە لە هاوپەیمانیەتیەک لە ئاست کلتورەکان، هیچی تر نییە.

لەگەڵ ئەوەی کە میدیا ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێت لە کاڵکردنەوەی کلتورە لۆکاڵییەکان، لەهەمان کاتدا ڕۆڵێکی ئەرێنیش دەگێڕێت لە لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی کلتورە جیاوازەکاندا. لەئەمڕۆدا بە هۆی پێشکەوتن لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و میدیایی و گواستنەوە و کەناڵە ئاسمانییەکان، جیاوازی کلتوری بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت خۆی لە کاریگەرییەکانی جیهانگیری کلتوری بەدوور بگرێت، بۆیە بەناچاری بەرەو تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی فرەکلتوری هەنگاودەنێت. تێکەڵبوون و ئاشنابوون لە نێوان نەتەوە و گەلانی جیاوازدا، زەمینە خۆش دەکات بۆ یەکخستن و هاوبەشی لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا، سەرەنجام فرەکلتوری لێدەکەوێتەوە، کە دەبێتە مۆدێل و نەریتێکی هاوبەش بۆ جیهان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (( فرە کلتوری بریتییە لە کەلەپوری هاوبەشی مرۆڤایەتی، کە پێویستە بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بناسرێن و جەختی لەسەر بکرێتەوە ))( صدوقي، 2018، 184 ). کەواتە دەبێت فرەکلتوری، وەک لایەنی ئەرێنی هەمەجۆری ڕۆشنبیری لەدروستکردنی داهێنان و فرەبیرۆکەیی و پێکەوەژیان و تێگەیشتنی کلتورەکانی تر، هاوبەشی دروست بکات ( الخزعلی، ١٩٩٥، ٦٨ ). هاوبەشی ڕۆشنبیری و کلتوری بە زمانێک ئەنجام دەدرێت براوە و دۆڕاوی تێدا نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە خەسڵەتە هاوبەشەکان و کۆکردنەوەی بۆچوون و بەها جوانەکان بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی و بێ جیاوازی، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ یەکگرتنی کلتور و فەرهەنگ و بەجیهانیبوونی ئەدەب ( حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٣٩ ). فرە کلتوری بیرۆکەی پێکەوە ژیانە، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و هاوبەشی پێکردن و ئاڵوگۆڕی کلتوری لە نێوان نەتەوەکاندا بنیات دەنرێت، لە هەمانکاتدا فەرامۆشکردنی جیاوازییەکانە و دروستکردنی کلتورێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندانەیە بێ ئەوەی ناسنامەی کلتوری هیچ نەتەوەیەک بسڕێتەوە.

لەم سەردەمەدا کلتورە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان، کە خۆیان سەردەمێک ڕێگربوون لە هێزە جیهانییەکان و بەرگریان لە نەریت و ناسنامە و شێوازی ژیانی تاک و گروپە تایبەتییەکان دەکرد. ڕووبەڕووی پێناسەیەکی نوێی کلتور بوونەتەوە. کلتور هەمان هۆکاری تایبەتکردن و

ڕەسەنکردنە، کە خەڵک و کۆمەڵگە جیاجیاکانی جیهانی لە یەکتر جیا کردۆتەوە. لە ئەمڕۆدا کلتور بۆ بوارێکی زۆر ئاڵۆز و جێی مشتومڕ گۆڕاوە، چونکە سەردەمێکە کلتورە جیهانییەکان چوونەتە ناو کلتورە لۆکاڵییەکانەوە، هەیکەلی نوێ دەردەکەوێت، کە هەردوو جەمسەری (جیهانی و لۆکاڵی ) تێکەڵ بەیەک دەکات و هێزە دژە یەکەکانی داگیرکەر و بەرگری. هاوشێوەکردن و فۆڕم و ناسنامە دوو ڕەگ و نوێیە لۆکاڵییەکان دەردەکەون، گومانی تێدانییە پێشکەوتنی سیاسەت، تەکنەلۆجیا و ئابووریی مۆدێرن بە ئاسانی سەرجەم کلتور و کۆمەڵگەکان هاوشێوە دەکات و یەک کلتوری جیهانی فۆرمەڵە دەکات ( بێک، شرینبیرگ، کازدین، هۆسۆن، ٢٠٢٠، ٤٠ )، واتە هەوڵدراوە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی کلتوری نەتەوە جیاوازەکانەوە، هاوپەیمانیەتییەک بنیاد بنرێ، تا لە ئاست جیهانی کلتورەکان دا بێت، کە تێیدا هەموو کلتورێک لە ئاستی جیهاندا لێی بڕوانرێت. لە کۆتاییشدا بەرەو یەکسانبوون و یەکگرتوویی بچێت.

## ١-٣ له نێوان بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا

### ١-٣-١ بەجیهانیبوون

بەجیهانیبوون له دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆدا کاریگەریی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی و کلتوریدا هەیە. بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنیشی بەندە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ژیاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، هەر لەبەر ئەمەشە پرۆسەی بەجیهانیبوون له هەموو وڵاتان لەسەر یەک هێڵی ئاسۆیی ڕاست ناڕوات. بەڵکو (( له ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، له وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەیە، ئەگەرچی ئەمڕۆ دوورترین ناوچەکانی جیهانیش پرۆسەی بەجیهانیبوونیان ئەزموون کردووە؛ شارێکی گەورەی ئەفریقایی بە بەراورد لەگەڵ گوندێکی بچووکی یەکێک لە هەرێمەکانی ئەمریکا، بەڕادەیەکی زۆر کەم لە ڕایەڵگە و ڕەوتە جیهانییەکانی سامان، دەسەڵات و زانیاری دا ئاوێتە بووە ))( گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧، ١٤ )، کەواتە ئاستی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە ئاشنابوون و وەرگرتنی چەمکی بەجیهانیبوون.

بەجیهانیبوون چەمکێکی مۆدێرنەیە، پەیدابوون و سەرهەڵدانی بۆ سەردەمێکی نزیک دەگەڕێتەوە، (( ئەگەرچی له ساڵەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم، جارناجارێک وشەی بەجیهانیبوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و لە بەرهەمگەلێکی تایبەت دا بەکاردەبرا، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١ چۆتە ناو فەرهەنگی "وێبستەر" ەوە.. بەو حاڵەش کۆمەڵگەی زانستی هۆگرییەکی زۆری بۆ وەرگرتنی ئەم وشەیە نیشان نەدا ))( گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧، ١٤ )، بەڵام لەدوای ساڵەکانی هەشتای سەدەی بیستەم، بەهۆی گەشەی خێرایی ئابووری و تەکنەلۆژیا و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی وڵاتانی پیشەسازی و زلهێز چەمکی بەجیهانیبوونیش گرنگیەکەی زیادی کردووە و بڵاوبوونەوە و تەنینەوەی زیاتر پەرەی سەندووە.

زاراوەی بەجیهانیبوون لە زمانی ئینگلیزیدا بە Global ناسراوە، کە ئاماژە بە مەودای بڵاوبوونەوەی فراوانی شتێک دەکات لە جیهاندا، کە کاریگەریی لەسەر هەموو جیهان هەیە ( https://www.collinsdictionary.com )، واتە بەجیهانیبوون کرانەوەیە بەڕووی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان و تێکەڵاویی و ئاشناکردن لە نێوان کلتور و شارستانییەتە جیاوازەکان دروست دەکات. لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی فیکر و کلتور و بەها و بنەماکانی نەتەوەکان لەبەرچاو دەگرێت. بەشێوەیەکی گشتی بەجیهانیبوون سوودبەخشە، دەربازکردنی تاک و کۆمەڵگەیە لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەتەوەیەک بەپێی پێویستی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی بەجیهانیبوون دەدات.

ئەگەر چی لەسەردەمی ئەمڕۆدا پرۆسەی بەجیهانیبوون گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بێوێنەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام کارێکی گرانە کۆدەنگییەکی تەواو لەسەر واتایەکی گشتگیر بۆ چەمکی بەجیهانیبوون دروست ببێ، هەر توێژێک بەپێی ئایدۆلۆژیا و واقیعی نەتەوایەتی خۆی لێکدانەوە بۆ ئەم چەمکە دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئەم چەمکە فرە ڕەهەندە و مەبەستی سیاسی و ئابووری و کلتوری لەخۆی دەگرێت، بۆیە بەپێی بوار و مەبەست لێکدانەوە و پێناسە بۆ چەمکی بەجیهانیبوون کراوە.

( مالکوم واتەرز ) بیرمەندی ئەمریکی، بەجیهانیبوون بەم شێوەی پێناسە دەکات و دەڵێت: ( بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا کۆتوبەندی جوگرافی باڵی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا کێشاوە نامێنێت و خەڵکی بەشێوەیەکی زۆر ئاگاداری کەمبوونەوەی ئەم کۆتوبەندانە دەبن ( بێک، شرینبیرگ، کازدین، هۆسۆن، ٢٠٢٠، ٣٤ ). واتە بەجیهانیبوون پرۆسەیەکە، تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان، سنوورە جوگرافی و سیاسییەکان دەبەزێنن، سەرئەنجام کلتورەکان پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن و ئاڵوگۆڕی کلتوری لە نێوان نەتەوەکاندا دێتە ئاراوە، ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە و هەموو نەتەوەکان هەستی پێ دەکەن.

بەجیهانیبوون فرە ڕەهەندە، وەک: سیاسی، ئابووری و کلتوری و ئەدەبی، بەجیهانیبوون زۆرترین دەرکەوتن و نوێبوونەوەی لە قەڵەمڕەوی کلتور و ئەدەب دایە. لە ئەمڕۆدا بەجیهانیبوون دەرفەتی بۆ ئەدەب و کلتوری کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان ڕەخساندووە، تاوەکو لە ڕێگەی بەجیهانیبوونەوە سنووری نەتەوەیی و جوگرافی ببەزێنن و تێکەڵ بە کلتور و ئەدەبی جیهانی ببن. لەم باسەدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر بەجیهانیبوونی ئەدەب، کە بابەتی سەرەکی ئیمەیە. بەجیهانیبوونی ئەدەب لەسەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بە دوو مانا بەکارهاتووە:

١- بەو مانایەی کە ئەدەبێک لەدەرەوەی سنووری نەتەوایەتی خۆی کۆمەڵێک شێواز و بەهای هونەریی نوێ بهێنێتە نێو خۆیەوە، بەمەبەستی پتر دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی. لێرەدا مۆرکێکی جیهانی بە ئەدەبی نەتەوایەتی دەبەخشرێت لە ڕێگای کاریگەربوون بە فۆڕم و بابەتی میللەتانی دیکەوە ( ڕەشید، ٢٠٠٧، ٢٢ ).

٢- جیهانیبوونی ئەدەب: بەو مانایەش بەکاردێت، کە دەقێکی ئەدەبی، لەبەر بەپێزی و بەهێزیی لایەنە جیاوازەکانی، سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ببەزێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدەی خوێنەرانی میللەتانی دیکە ( ڕەشید، ٢٠٠٧، ٢٢ )، واتە ئەم بنەمایانە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبی سنووری ئەدەبی نەتەوەیی ببڕێت و بەنێو وڵاتانی جیهاندا بڵاوبێتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا گەشەسەندن و پەرەسەندنی بەجیهانیبوونی ئەدەب، بەستراوەتەوە بە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. بەجیهانیبوونی ئەدەب زیاتر لەو کۆمەڵگایانەدا بەرەو پێش چووە، کە خاوەنی شارستانییەت و پاشخانی بەهێزی ڕۆشنبیرین و بەرهەمی نووسەرە ناودارەکانیان سنووری وڵاتی خۆیان تێپەڕاندووە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی بیانی و بەنێو زۆربەی میللەتانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

( محەمەد غونیمی هلال ) یەکێکە لە بەراوردکارە عەرەبەکانی میسر، لە کتێبی ( ئەدەبی بەراوردکاری )دا ئاماژە بە ( بەجیهانیبوونی ئەدەب ) دەکات و دەڵێت: بەجیهانیبوونی ئەدەب،

واتە دەرچوونی ئەدەبە لە چوارچێوەی ئەو زمانەی پێی نوسراوە بۆ ئەدەبی زمانێک، یان ئەدەبیاتی زمانانی دیکە. ئەم بەجیهانیبوونە دیاردەیەکی گشتییە لە نێوان ئەدەبەکاندا، لەسەردەمێکی دیاریکراودا. لە هەندێک سەردەمدا ئەدەب پێویستی هەیە و کاریگەریی دەبێت بە ئەدەبێکی تر، یان کاریگەریی لەسەر ئەدەبێکی تر دروست دەکات، بەهۆی فاکتەرە تایبەتەکانەوە لە سنووری نەتەوەیی خۆی دەردەچێت و هەنگاو بەرەو ئەدەبی جیهانی دەنێت ( هلال، ۲۰۰۸، ۹۳ ). هلال بەجیهانیبوونی ئەدەب بۆ دیاردەی کاریگەریی ئەدەبەکان لەسەر یەکتری دەگەڕێنێتەوە، جا وەرگرتن بێت بەمەبەستی بەرەو پێشبردن و نوێکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی، یان بەخشین و دەرچوونی ئەدەب بێت، کاتێک ئەدەب بەهۆی بەهێزی و ئاست بەرزی هونەرییەوە کاریگەریی لەسەر ئەدەبێکی تر دروست دەکات.

لە ڕاستیدا بەجیهانیبوون (( ڕێوشوێنێکە زیاتر بۆ نیشاندان و سەرکەوتنی هەر کارێک، یان بەرهەمێک و دەرهێنانی لە بازنەی لۆکاڵی و ناسیۆنالیزم بۆ ئاستێکی فراوانتر، کە خۆی لە بەجیهانی کردنی ئەو دەق و بەرهەمانەدا دەبینێتەوە))( نوال، 2018، 66 ). یەکێک لە سادەترین ئاماژەکانی بەجیهانیبوون ئەوەیە، کە دەقی ئەدەبی سنووری جوگرافی و زمانەوانی لۆکاڵی تێدەپەڕێنێت و بەرەو ئەدەبی زمانێک یان ئەدەبیاتی زمانەکانی دیکە دەڕوات، واتە بەجیهانیبوونی ئەدەب تەنیا کاتێک بەدی دێت، کە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بیرۆکە و هەڵوێست و کاریگەرییەکانی دەق بگاتە خوێنەری جیهان و پێشوازی لێبکرێت، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەکی بەجیهانیبوونی ئەدەب بکەین:

١- دەقی ئەدەبی دەبێ ناوەرۆکێکی داهێنەرانەی کاریگەریی هەبێت و لەبەر بەهێزی و ئاست بەرزی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنووری ئەدەبی نەتەوەیی ببڕێت و خۆی بخزێنێتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە، واتە دەبێ بەشێوەیەکی وا بنیادبنرێ، کە بتوانێ ڕکابەری ئەدەبی بێگانە بکات. ئاست بەرزی هونەریی هۆکارە، بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی سەرنجی خوێنەری بێگانە بۆ خۆی ڕابکێشێت و بەنێو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە.

٢- دەقی ئەدەبی دەبێ هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی بێت و دژ نەوەستێت لەگەڵ بەها مرۆییەکانی وەک: ( بیرو ئایدۆلۆژیا و دابونەریت .. هیتد )، چونکە بەجیهانیبوونی ئەدەب بیرۆکەیەکی مرۆڤایەتییە و خواستێکە دوور لە مەرامی سیاسی، دوور لە سڕینەوەی کلتورو بەهاو ئایین و کەسایەتیی خەڵک.

٣- ئامرازی بەدەستهێنانی بەجیهانیبوونی ئەدەب لە پلەی یەکەمدا وەرگێڕانە، ئەگەرچی ناکۆکییەکی زۆر لەسەر وەرگێڕان هەیە، چونکە (( لە وەرگێڕاندا زۆرێک لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەق، (بەتایبەتی شیعر) لە دەست دەچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان پێویستییەکی سەردەمە بۆ بەرزکردنەوەی دامەزراوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئەدەبییەکان و زانکۆکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان، کە ئامانجیان بەدەستهێنانی مەعریفە و برایەتی و خۆشەویستی نێوان خەڵک و نەتەوەکانە و پێشکەوتنی ئاستی هونەرییە ))( النیجیری، ٢٠٢١، ٣٥٦ ). لە ڕاستیدا یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی بەجیهانیبوون وەرگێڕانە، دەقی ئەدەبی سنووری ئەدەبی نەتەوەیی تێناپەڕێنێت، تەنیا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نەبێت، واتە وەرگێڕان پردی پەڕینەوەی دەقی ئەدەبییە بۆ نێو ئەدەبی نەتەوەی تر. لەگەڵ ئەوەشدا (( مەرج نییە ئەو دەقانەی کە بۆ زمانی نەتەوەی تر وەردەگێڕدرێن، لە ناو جەماوەری ئەو نەتەوەیەدا، ئەو دەقە وەرگێڕدراوەیە، سۆزی خوێنەر بۆ خۆی پەیدا بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر جار ئەو دەقانەی بۆ زمانی نەتەوەیەکی تر وەردەگێڕدرێن ڕووبەڕووی زۆرترین ئیهمالی دەبنەوە و زۆر بە دەگمەن، دەنا خوێنەر و بینەریان دەست ناکەوێ، لەبەرئەوەی بابەت و ڕوئیا و شێواز و شتانی دیکەی پەسەندی نەتەوەی دووەم نین، بۆیە نەتەوەی دووەم ڕەتی دەکاتەوە و قبوولی ناکات ))( عبدالله، ٢٠٢١، ٨ ). هەندێکجار ئەو دەقە ئەدەبیانە لەکاتی وەرگێڕاندا ڕەونەقە ئەدەبی و چێژە هونەرییەکانیان لەدەست دەدەن، یان بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی ئایینی، یاخود جیاوازی کلتوری لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەجیهانیبوونی ئەدەب، بۆیە مەرج نییە کە دەقێکی ئەدەبی لە ڕێگەی

وەرگێڕانەوە سنووری ئەدەبی نەتەوەیی ببەزێنێ، بە دەقێکی ئەدەبی پەسندکراوی جیهانی هەژمار بکرێت.

زۆرجار نووسەری دەقی ئەدەبی بەهۆی وەرگێڕانی بەرهەمەکەیەوە ناوبانگی جیهانی بۆ پەیدا دەبێت و تەنانەت زۆرجاریش خەڵاتی نۆبڵی جیهانی بۆ ئەدەبی پێ دەبەخشرێت. بێگومان وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ ئاماژەیەکە بۆ سەرکەوتن و بەجیهانیبوونی کارەکەی. (( بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب، بۆنەیەکی ساڵانەیە، لەلایەن ئەکادیمیای سویدەوە دەبەخشرێت، بەو کەسانەی کە بەرهەمەکانیان سەرکەوتنی جیهانیان بەدەستهێناوە ))( السعداوي، 2007، ١٢ )، لەگەڵ ئەوەشدا بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ تاکە پێوەر نییە بۆ باشی و ئاست بەرزی بەرهەمە ئەدەبییەکان. ڕەخنەگرانی ئەم خەڵاتە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زۆرێک لە نووسەرانی دیار سەرکەوتنێکی جیهانیان بەدەستهێناوە و خەڵاتی ( نۆبڵ ) یشیان وەرگرتووە، بەڵام ئاستی بەرهەمەکەیان ناگاتە ئاستی ئەدەبی جیهانی، هەندێکجار دوور لە بەهای هونەری، هۆکاری هزری سیاسی و ئایدۆلۆژی یارمەتیدەر بوون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ. شێرکۆ بێکەس لەمبارەوە دەڵێت: (( جاری وا هەیە، ئەدیبی وا خەڵاتەکە وەردەگرێت، ئەوەندە ناسراو و شایستە نییە، کەچی کەسانی کاندیدکراوی ناسراویش خەڵاتەکەی بەرناکەوێت، بۆ نموونە تا ئێستا " میلان کوندیرا " خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرتووە.. لە کاتی خۆی " کامۆ " خەڵاتەکەی وەرگرت، بەڵام " کازانتزاکی " وەری نەگرت، بۆیەش کامۆ نامەیەکی بۆ ئەنووسێت، دەڵێ خەڵاتەکە بۆ تۆ شیاوتر بوو ))( هەینی، ٢٠٠٨، ٢٢٠ ). کەواتە زۆرجار بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ هۆکاری سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە.

ئەگەر وەرگێڕان فاکتەرێکی سەرەکی بەجیهانیبوونی ئەدەب بێت. ئەوا چەندین بەرهەمی ئەدەبی ناوازەی کوردی وەرگێڕدراونە سەر بەشێک لە زمانانی دونیا و کاریگەرییان لەسەر خوێنەری بیانی دروست کردووە و هەندێک لەو شاعیر و نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانانی بیانی خەڵاتی ئەدەبی ئەو وڵاتانەیان پێ بەخشراوە، وەکو ( **شێرکۆ بێکەس،** ساڵی ١٩٨٧ لە سوید لە بواری شیعردا خەڵاتی " تۆخۆڵسکی ")( جەعفەر، ٢٠١٤،

٢٩ ) و ( **لەتیف هەڵمەت** ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە سوید لەبواری شیعردا خەڵاتی " ئاپیک ")( سلێمان، ٢٠١١، ٨٢ ) و ( **بەختیار عەلی** لە بواری ڕۆماندا خەڵاتی " نیلی زاکس " بۆ ساڵی ٢٠١٧ لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا پێبەخشرا )( شەورۆ، ٢٠١٨، ١٤٢ ). وەرگرتنی ئەم خەڵاتانە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی کوردەوە، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە بۆ بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی، چونکە وەرگرتنی ئەم خەڵاتانە دەبێتە هاندانێک بۆ ئەوەی خوێنەرانی بیانی و ناوخۆیی ڕوو بکەنە ئەدەبی کوردی و وەرگێڕان لە بەرهەمی ئەدەبی نووسەرانی کورددا بکەن بۆ سەر زمانە بیانییەکان. بێگومان وەرگێڕانی ئەم دەقە کوردییانە بۆ سەر زمانە بیانییەکان و وەرگرتنی خەڵاتی بیانی بۆ ئەدەب، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنیت، کە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی قۆناغێکی باشی بەرەو بەجیهانیبوون بڕیوە.

### ١-٣-٢ جیهانگیری

جیهانگیری لە وشەی Globalization ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەرکەوت، بە مانای گشتاندنی شتێک و فراوانکردنی بازنەکەیەتی بۆ ئەوەی هەموو جیهان بگرێتەوە، ئەم زاراوەیە مانای ئەوەیە کە جیهان بکاتە یەکێتێکی جیهانی، لە ئاراستەکردنی یەک ڕێنمایی و لە چوارچێوەی یەک شارستانیەتدا، بۆیە بە مانای گەردوونی، یان هەسارە دێت ( النیجیری، ٢٠٢١، ٣٤٣ )، کە لە زمانی عەرەبیدا ( العولمة – الکونیة - الکوکب )ی بۆ بەکاردێت ( هشام، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٩ )، کە ئاماژەن بە یەکێتی بوونی هەسارەی زەوی، یان هەموو گەردوون دەکات. زۆرجاریش زاراوەی (( گوندی گەردوونی ( Global Village)ی بۆ بەکاردێت، واتە دەیەوێت جیهان بکاتە گوندێکی بچووکی ئەلیکترۆنی ))( https://www.oxford learners )، کەوا بەشەکانی لە ڕێگەی مانگی دەستکرد و تۆڕەکانی پەیوەندی کردن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بە یەکەوە گرێدراون، کە خۆی لە جیهانگیری میدیاییدا دەبینێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر هەموو دامەزراوە میدیاییە ناوخۆیی و جیهانیەکان هەبووە. (( زۆرجار جیهانگیری لە سیاسەت و ئابووریدا بە مانای کاریگەریی سیاسی جیهانی

و دامەزراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی بەکارهاتووە، کە کاریگەریی لەسەر زۆربەی بەشەکانی جیهان هەبووە. دواتریش زاراوەی ((جیهانگیری کلتوری)) پەرەی سەندووە (Global Culture) واتە بڵاوبوونەوەی کلتوری هزری نەتەوەیی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ( کە بەزۆری ئەمریکا )، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر لایەنی کلتوری زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی جیهان، لە ڕۆژهەڵاتێکی دوورەوە تا ڕۆژئاوای دوور ))( الاحمد، ٢٠٢٣ ، ١٢٢ ).

جیهانگیری چەمکێکی نوێی جیهانییە و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەکو سیستەمێکی جیهانیی نوێ دەرکەوتووە. جیهانگیری لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای ململانێی سیاسی و ئابووری و بازرگانی لە نێوان زلهێزە جیهانییەکاندا دروست بووە. مێژوونووسان باس لەوەدەکەن، کە (( جیهانگیری دیاردەیەکی نوێ نییە، یان لەدایکبووی سەدەی بیستەم و کۆتاییەکەی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆنە و پەیوەندی بە ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردووەوە هەیە، هەروەک بەشێک لە توێژەران، مێژووی جیهانگیری بۆ پێنج سەدە بەر لە ئێستا دەگەڕێنەوە و ڕایان وایە مێژووی جیهانگیری بە داگیرکردنی ئەندلوسی ئیسپانی و دۆزینەوەی کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئوستراليا، دواتریش هاتنی شۆڕشی پیشەسازی دەست پێدەکات ))( أسيا، ٢٠١٤، ٨٤ )، زۆرێکیش چەمکی جیهانگیری بە هاوچەرختر دەزانن، بەو مانایەی کە پەیوەندی بە سەردەمی مۆدێرنەوە هەیە و پێش جەنگی جیهانی دووەم بوونی نەبووە و پێیانوایە: (( جیهانگیری لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکردووە، چونکە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتنە پێشەوە، لەوانە؛ توانرا جیهانی سێیەم تیکەڵی و ئاشنایەتی بە جۆریک لە جۆرەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستبکات. سەرەڕای ئەمەش هەندێک گۆڕانکاری تری ریشەیی لە چەندین بواردا هاتنەکایەوە، وەک دابەزین لەسەر مانگ و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و گەشەکردن و فراوانبوونی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان و داهێنانی چەندین چەمکی نوێ لە بواری ئاسایش و کۆمەڵگەی مەدەنی و فرەکلتوری و نەمانی دوو جەمسەری ))( بارام، ٢٠١٧، ١٨ )، بەڵام بەکارهێنانی چەمکی جیهانگیری بەشێوەیەکی کرداری

دەگەڕێتەوە بۆ (( زانای کەنەدی ( مارشاڵ ماک لۆهان ) لە زانکۆی ( تۆرۆنتۆ ) یەکەم کەس بوو، کە ئاماژەی بە زاراوەی جیهانگیری کردووە، کاتێک لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستی سەدەی بیستەم چەمکی گوندی گەردوونی وروژاند ))( الرقب، ٢٠٠٨، ١ ). دواتر بەرەبەرە بەکارهێنانی چەمکی جیهانگیری نەشونمای کردووە، بەڵام بۆچوونێکی گشتگیر، کە کۆدەنگی زۆربەی توێژەرانی لەسەر بێت، ئەوەیە کە ئەم چەمکە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە سەرەتای ساڵانی نەوەتی سەدەی بیستەمدا ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناوە، بە تایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەرکەوتنی ئەمریکا، وەک تاکە هێزی گەورەی جیهان ( أسیا، ٢٠١٤، ٨٥ )، واتە دوای پەرتەوازەبوونی دەوڵەتی سۆسیالیستی سۆڤێتی، مەیدانەکە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چۆڵ بوو، توانیان دەست بەسەر ئابووری و سیاسی و بازرگانی جیهاندا بگرن، لەمە بەملاوە چەمکی جیهانگیری لە ڕێگەی زۆرێک لەو پێشکەوتنە بێ وێنە و واقیعیانەی کە لە جیهاندا بەدەست هاتووە، ئەم چەمکە بەردەوام لە گەشانەوە و فراوانبوون دابووە.

چەمکی جیهانگیری تا ئەندازەیەک هەڵگری تەمومژێکی زۆرە، بۆیە پێناسەیەکی ورد و تەواو بۆ ئەم چەمکە، هێندە کارێکی ئاسان نییە، چونکە تێڕوانینی ئایدۆلۆژی و فرە ڕەهەندی دیاردەکە و قۆناغەکانی نەشونماکردنی، وایکردووە چەندین پێناسەی بۆ دابتاشرێت و هەر یەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە دیقەت لە ناسنامەی دیاردەی جیهانگیری دەدات.

دەکرێت جیهانگیری وەک پرۆسەیەک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان گەلانی جیهان لە چوارچێوەی یەک کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای یەکخستنی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی پێناسە بکرێت. بێ گوێدانە جیاوازی ئایین و کلتور و ڕەگەز و نەتەوە. جیهانگیری چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە دەتوانرێت بەم شێوەیە دەست نیشان بکرێن: ڕەهەندی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری و میدیا.. ( العایدی، ٢٠١٧، ١٠٠ ). بە گشتی ئەم چەمکە هەوڵدەدات هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆبگرێت و لە یەک یەکەی یەکگرتووی جیهانیدا کۆیان بکاتەوە.

( سرتوب تاليورت )ی بیرمەندی ئەمەریکا، لە بارەی چەمکی جیهانگیرییەوە ڕاشکاوانە، دەڵێت: جیهانگیری شۆڕشی تەکنەلۆژی و پەیوەندییەکان و گەشەی بازرگانیی نێودەوڵەتی و کۆتایی جەنگی ساردە، بەهۆی جیهانگیرییەوە بەشە جیاوازەکانی جیهان بەجۆرێک بە یەکەوە دەبەسترێن، کە پێشتر بەم جۆرە نەبووە ( بارام، ٢٠١٧، ٣١ )، واتە جیهانگیری وەکو تۆڕێکی جیهانی لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ڕێگا دوورەکان لێک نزیکبوونەوە، ئاڵوگۆڕە دارایی و مەعریفییەکان فراوان بوو، پێشبڕکێی خێرای ئابووری و بازرگانی و سیاسی لە نێوان وڵاتاندا دروست کرد. جیهانی لەدوو جەمسەرییەوە گۆڕی بۆ یەک جەمسەری، ئەویش وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکایە.

جیهانگیری سیستەمێکی جیهانی نوێیە، کە بە عەقڵی ئەلکترۆنی و شۆڕشی زانیاری کار دەکات و لەسەر بنەمای داتا و داهێنانی تەکنەلۆژیی بێ سنوور بنیات نراوە، بەبێ ڕەچاوکردنی دامەزراوە شارستانیەتەکان و کلتور و بەها و سنووری جوگرافی و سیاسییەکانی جیهان ( ساموک، ٢٠١١، ١٠٣ )، واتە لە سیستمی جیهانگیریدا ویستی تەکنۆلۆژیا و کەناڵە میدیاییەکان و تۆڕەکانی پەیوەندی تەحەکوم دەکەن و سنوورە جوگرافییەکان و بەربەستە کلتورییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

بە بۆچوونی ( عەمر عەبدولکەریم )، (( جیهانگیری پرۆسەیەکە لە خۆیدا ڕواڵەتی بەهاکانە، کە لەگەڵ ڕەوت و بارودۆخەکاندا کارلێک دەکات بۆ سەپاندن و جێگیرکردن و ناچارکردنی گەلانی جۆراوجۆری جیهان بۆ وەرگرتنی ئەو بەها ڕواڵەتیانەی کە تێڕوانینیان بۆ گەردوون و ژیانی مرۆڤ هەیە ))( النیجیری، ٢٠٢١، ٣٤٦ )، واتە ئەوەی لە سیستەمی جیهانگیریدا دەخرێتە ڕوو، ڕووکاری دەرەوەی حەقیقەتی شتەکانە، نەک جەوهەر، بە مەبەستی فریودانی میللەتانی جیهانی سێیەم.

هەندێکی تر لە توێژەران پێیانوایە: (( جیهانگیری پرۆسەی زاڵبوونی وڵاتانی ڕۆژئاواییە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا و بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و سیاسی و دەست

تێوەردانە لە تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی ))( یونس، ٢٠١2، ٩٤ ). لە هەموو ئەم پێناسانەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە جیهانگیری خواستێکی وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە لە چەسپاندنی مۆدێلی ڕۆژئاوایی بەسەر وڵاتاندا لەڕووی بەڕێوەبردن و ئابووری، سیاسی، کلتور، پەروەردە و ڕۆشنبیری... بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جیهان. ئامرازی بەردەستیش تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و میدیاییە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیری جیهانگیریدا.

وەک ئاماژەی پێدرا ڕەهەندەکانی جیهانگیری زۆرن، یەکێک لەو ڕەهەندانە جیهانگیری کلتورییە، کە زیاتر خۆی لە گشتاندن و چەسپاندنی مۆدێلی کلتوری وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتانی دیکە دەبینێتەوە. ئەم جیهانگیرییە کلتورییە ئامانجی ئەوەیە، کە ژیانی کلتوری گەلان لەسەر شێوازی ژیانی کلتوری ڕۆژئاوا دووبارە ڕێکبخاتەوە و لەژێر دروشمی ئازادی تاکەکەسی، هانی گەلان بدات، کە بە شێوەیەکی چالاک بەشداری لەم کلتورە مۆدێرنەی ڕۆژئاوادا بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش (( جیهانگیری کلتوری، وەک هەر دیاردەیەکی تری جیهانی، کەرەستە و ئامرازی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و چەسپاندنی پێگەو بنەماکانی، کە بریتین لە یەکەم: ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن، کە پێکدێن لە کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە و گۆڤار و مۆبایل. دووەم: ئامرازە هونەرییەکان، کە بریتین لە میوزیک، شانۆ، سینەما و وێنەی جوڵە. سێیەم: کەرەستە زمانەوانییەکان، کە خۆی لە بەکارهێنانی سەدان چەمک و زاراوەی ئینگلیزی و فەرەنسیدا دەبینێتەوە ))( بارام، ٢٠١٧، ٧١ ). ئەم ئامرازانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و لەسەرخۆن لە زاڵکردنی کلتوری ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەسەر میللەتانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا.

ئەگەر جیهانگیری ئاماژە بە کۆمەڵێک پێشکەوتنی خێرا بکات، کە لەدوای جەنگی ساردەوە هاتوونەتە ئاراوە، کە مەبەست لابردنی سنوورەکان و بڵاوبوونەوەیەتی لەنێو وڵاتانی جیهاندا.. لە هەمانکاتدا ئەم چەمکە بە دووڕوویی و ئاڵۆزی و ناتەبایی نێوان تیۆری و واقیع دەستنیشان

دەكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك لێكەوتەی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لێرەدا هەندێك لەو لێكەوتانەی جیهانگیری لە ڕووی كلتورییەوە دەخەینە ڕوو:

**١-٣-٢-١ كاریگەرییە ئەرێنییەكان**

١ – سوود وەرگرتن لە پێشكەوتنە تەكنۆلۆژییە مەزنەكان: لە ڕێگەی پێشكەوتن لە بوارەكانی پەیوەندی و كەناڵە ئاسمانییەكان و كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و لە ئەنجامی ئاسانی بڵاوكردنەوە و گەیشتن بە زانیاری، دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ پێشخستنی گەلان بە گشتی ( بوقصبة، ٢٠١٥-٢٠١٦، ١٤ ). هەروەها دەرفەتی زیاتریش دەدات بە تاك تاكو داهێنانی سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدات.

٢- كرانەوەی گەلانی جیاوازە بۆ یەكتری لە ڕووی كلتورییەوە و ئاشناكردنی نەتەوەكانە بە كلتورە جیاوازەكان، سەرەنجام دەوڵەمەندكردنی كلتوری نەتەوەیی لێدەكەوێتەوە.

**١-٣-٢-٢ كاریگەرییە نەرێنییەكان**

١ – دارمانی كلتوری نووسراو و بڵاوبوونەوەی كلتوری وێنە ( وێنە كلیكی جادووییە بۆ ڕێكخستنی كلتوری نوێ ). هێرشی كلتوری وێنەیە بۆ سەر مرۆڤ، ئەمەش وا دەكات خوێندنەوە پاشەكشە بكات لە جیهاندا، كە بە واتای بەرتەسككردنەوەی مەعریفەی مرۆڤ دیت ( بوقصبة، ٢٠١٥- ٢٠١٦، 14 ).

٢- كاریگەری زمانەوانی: بەكارهێنانی چەمك و زاراوەی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە بوارەكانی كارگێڕی، ئابووری، میدیایی، پەیوەندی و پەروەردە، بەشێوەیەكی ڕۆژانە لەنێوان چین و توێژەكاندا، ئەمەش بە جێی خۆی، كاریگەریی خراپی خستوەتە سەر زمانی ڕەسەن ( بارام، ٢٠١٧، ٧٢ )، ئەگەر سەرنج بخەینە سەر زمانی كوردی، ئەمڕۆ هەزاران وشە و چەمكی بیانی بەبێ سانسۆر ڕژاونەتە ناو زمانی كوردییەوە، ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، ئەوا لە ساڵانی

داهاتوودا بەرەبەرە زمانی ڕەسەنی کوردی بەرەوە کاڵبوونەوە دەڕوات، تا وای لێدێت، وشە و زاراوە فەرهەنگی و ڕەسەنەکان لە زەیندا نامێنن.

٣- کاریگەریی ئاکاری: بریتییە لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و سێکس لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیا و سینەما و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە ( بارام، ٢٠١٧، ٧٢ ). ئەم تەکنەلۆجیا نوێیانە ڕۆڵێکی نەرێنی زۆر خراپ دەگێڕن، چ لەلایەنی تێکدانی شیرازەی خێزانی، یاخود ئالوودەبوون بەو کەناڵ و ئامێر و بەکارهێنانە نادروستانەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت.

4- کەمکردنەوەی بەهای کلتورە جیاوازەکان و سەپاندن و زاڵکردنی یەک کلتورە، واتە کلتوری ئەو هێزانەی کە خاوەنی ناوەندەکانی ڕێنوێنی بوون بۆ میکانیزمەکانی جیهانگیری، کە ئێستا کلتوری ئەمریکا و ڕۆژئاوایە. دکتۆر ( عەلائەدین زعتری )، دەڵێت: (( ئەوەی تێبینی دەکرێت، جیهانگیریی پڕۆژەی بە ئەمریکاکردنی جیهانی لەخۆگرتووە، چونکە بەهای دەروونی و ئاکاری و ئایدیۆلۆژییەکانی زاڵن بەسەر ئەم جیهانە کلتورییەدا ))( الرقب، ٢٠٠٨، ٤ )، واتە جیهانگیری بۆتە مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش و وڵاتانی جیهانی سێیەم بوون بە بەکاربەری، کە ئامانجی لێی دروستکردنی مرۆڤێکە، کە زەینی پرۆگرام کراوە و کۆنترۆڵکردنیشی لەدەستی ئەو زلهێزانە دایە. هەموو ئەمانە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی عەقڵییەتی میللەتانی جیهانی سێیەمە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆیە، بۆ ئەوەی هیچ ناڕەزایەتی و دژایەتییەک ڕووبەڕووی ئەو هێزانە نەبێتەوە، کە مەبەست وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ( بەجیهانیبوون و جیهانگیری ) وەکو دوو چەمکی کاریگەر لەدایکبووی یەک سەردەمی مێژووین و هەردووکیشیان لە وشەی جیهانەوە وەرگیراون، کە مۆدیلی ڕۆژئاوایین، بەڵام لە واقیعی جێبەجێ کردندا جیاوازی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیە. لێرەدا بەشێک لەو جیاوازییانە دەخەینە ڕوو:

١- جیهانگیری مەترسییەکانی نامۆیی و داگیرکاری کلتوریی زیاتر دەکات، کە مەبەستیەتی لەپێکهاتەی کلتوری خۆماڵی تێبپەڕێنێت ( الرقب، ٢٠٠٨، ٤ ). بەمەش ناسنامەی کلتوریی نەتەوەیی دەسڕرێتەوە، بەڵام بەجیهانیبوون کرانەوەیە بە ڕووی کلتورە جیاوازەکانی گەلان و دان پێدانانە بە فرەچەشنی کلتوری و شارستانیەتەکان، بەبێ ئەوەی هیچ ناسنامەیەک بسڕێتەوە.

٢- جیهانگیری ترسی زاڵبوونی کلتوری دەوروژێنێ، بەڵام بەجیهانیبوون ماف و ئازادییەکان لە خۆدەگرێت و پێکەوەژیان لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا مسۆگەر دەکات، ئەویش بە دروستکردنی بنەمایەکی هاوبەشی ئەخلاقی و یاسایی، کە هاوکاری و پێکەوەبەستنی نێوان شارستانییەکان فراوان بکات ( نجاة، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ٥ ). کەواتە بەجیهانیبوون تێکەڵبوون و ئاشنابوونە، هاوبەشی پێکردنی کلتوری نەتەوە جیاوازەکانە.

٣- ناوەرۆکی بەجیهانیبوون سوودبەخش دەردەکەوێت، کە ئامانجی کارلێکردنی هەموو شارستانییەت و کلتورەکانە، دەگونجێت ئاڵوگۆڕ و هاوسەنگی و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت، بەڵام جیهانگیری ئامانجی تەنها کارتێکردنە، بەبێ ئەوەی کاری تێبکرێت، کردارێکی یەک ئاراستەیە، سروشتێکی جێبەجێکاری هەیە، بەها و پێوەر و یاسای لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا دەسەپێنێت ( نجاة، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ٥ )، واتە گشتاندنی شارستانییەتی ڕۆژئاواییە، بەتایبەتی ئەمریکی لە ڕووی فیکری و سیاسی و کلتورییەوە بەسەر جیهاندا.

٤- جیهانگیریی زیاتر لە خەمی تەکنەلۆجیا و بازاڕ و گەشتیاری و زانیاری دایە، لە کاتێکدا بەجیهانیبوون بایەخ بە بەهاکان، مافی مرۆڤ، ئازادییەکان و کلتوری دیموکراتی دەدات ( هشام، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ١٨)، واتە جیهانگیری لەسەر بنەمای مادییە بنیاد نرراوە، لەکاتێکدا بەجیهانیبوون مەعنەوییە، سۆز و خۆشەویستییە، مرۆڤدۆستییە.

## ١-٤ لە نێوان ئەدەبی بەراورد و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا

ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکی وەسفی شیکارییە، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە دەرەوەی سنووری هەر نەتەوەیەک و ئەم ئەدەبە لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەیەکی دیکە، یان کۆمەڵێک ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا بەراورد دەکات، یاخود ئەدەبی بەراورد، هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی ئەدەب لەگەڵ ئەو بوارانەی کە مرۆڤ تێیدا گوزارشت لە خۆی و پێکهاتەکانی دەکات، وەک وێنەکێشان و پەیکەرسازی و تەلارسازی و مۆسیقا و فەلسەفە و مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵناسی ) و زانستە ئاینیەکان.. هەروەها لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ و کاریگەریی نێوان ئەدەبەکاندا دەکات و دیاردەی لێکچوون و پەیوەندییەکان لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای هەر ئەدەبێک ڕوون دەکاتەوە ( باسنیت، 1999، ٣٧ ). هەروەها ئەرکی ئەدەبیاتی بەراوردکاری تەنیا لە سنوورەکانی لێکۆڵینەوە لە تەوژمی ڕۆشنبیری و ژانرە ئەدەبییەکان و کێشە مرۆییەکان لە هونەردا کۆتایی نایەت، بەڵکو لایەنەکانی کاریگەریی نووسەران لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانیدا ئاشکرا دەکات. لەم کاریگەرییەدا کام لایەن بەرهەمهێنەرە و پیشەکەی قووڵترە لە نێوان نووسەرە مەزنەکانی هەر وڵاتێکدا دەریدەخات ( هلال، 2003، 14 )، کەواتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ڕاستەقینەکان و بیرۆکە و کاریگەرییە سەلمێنراوەکان، کە هۆکارن بۆ ئەوەی ئەدەب سنووری نەتەوەیی ببەزێنێت.

ئەدەبی بەراوردکاری هەڵدەستێت بە ناساندنی ئەدەبە جیاوازەکان، یان نێوەندگیری نێوان ئەدەبەکان دەکات و هەوڵی تێگەیشتن دەدات لە بیرو هزری نەتەوە جیاوازەکان و ئەو هەوڵ و بەرهەمانەی کە هۆکارن بۆ خۆڵقاندنی چەمکە فیکری و مەعریفی و هونەری و ئەدەبییەکان. هەروەها کۆکردنەوەی بەرهەمە جیاوازەکان لە نێو بازنەی ئەدەبی گشتی و جیهانی و مرۆڤایەتیدا، لەهەمان کاتدا خولْقاندنی دیالۆگە بەو پێیەی بەراوردکاری پرۆسەیەکە بۆ پەڕینەوە و دامەزراندنی دیالۆگ لە نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکاندا ( گفتوگۆ لەگەڵ زاهیر

لەتیف، ٢٠٢٣/٣/١٠ ). هەروەها ئەدەبی بەراوردکاری بوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێت و ڕێگەی پێدەدات سەیری کارە ئەدەبییە جیاوازەکان بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی کات و شوێنی بەرهەم و سنورە هەرێمییەکان، ئەمەش پەیوەندی بە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە لە دەوروبەری و ئاشنابوونە بە دیاردە ئەدەبییەکان ( علوش، 1987، ٣3 ).

لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا، (( لێکۆڵەر لە سنوورە زمانەوانی و نەتەوەییەکان دەوەستێت و تێبینی ئاڵوگۆڕی بابەتەکان و بیرۆکە و مەعریفە و هەستەکانی نێوان دوو ئەدەب و زیاتر دەکات ))( غویار، 1988، 15 ). ڕەنگە ئەو دیاردە ئەدەبییانەی لە نەتەوەیەکدا هەن هاوشێوەبن لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا، چونکە بابەتە ئەدەبییەکان، بابەتی مرۆیین و بەئاسانی سنوور دەبڕن و بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان دەگەنە خوێنەر و نووسەرانی میللەتانی دیکە و لە ئەدەبیاتی تردا لاسایییان دەکرێتەوە.

سەبارەت بە بەجیهانیبوونی ئەدەبیش کۆی ئەو هونەرە پەسندەیە، کە سەر بە ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکانە و زیاتر ئەو بەرهەمە هاوچەرخانە دەگرێتەوە، کە بەجیهانیکراون و (( زیاتر بایەخ بە کێشە و تیۆرە گشتییەکانی پەیوەست بە زانستی جوانیناسی دەدات ))( علوش، ١٩٨٧، ٦٧ )، بەڵام ئەدەبی بەراورد هونەرێکی میتۆدییە بە دوای پێوەندییەکانی وێکچوون و نزیکایەتی و کاریگەریی و نزیکبوونەوەی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی دەربڕین و مەعریفەدا دەگەڕێت، جا لە ڕووی زەمەن و شوێنەوە لێک دووربن، یان نزیک، بەو مەرجەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی بەراورد دەکرێن سەر بە دوو زمانی جیاواز، یان دوو کلتوری جیاوازبن ( دانییل، باجو، ١٩٩٧، ١٨ ). کەواتە دەکرێت لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان دوو زمانی دوو نەتەوەی جیاوازدا ئەنجام بدرێت، وەکو ئەدەبی ئینگلیزی و فەڕەنسی، بەڵام دەشگونجێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبی سەر بە یەک زمانیش ئەنجام بدرێت بە مەرجێک سەر بە دوو کلتوری جیاوازبن، وەک ئەدەبی ئینگلیز و ئەمریکی ( باسنیت، 1999، ٣٥

). له هەمانکاتدا بەدواداچوون بۆ پەیوەندییە نزیکەکان و دیاردەی لێکچوون و کاریگەرییەکانیان بکاتەوە.

لێرەدا دەکرێت بڵێین، له نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، دەکرێت ئەم دوانە لێک نزیک بکرێنەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هاوتان، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە ئەدەبی بەراوردکاری ڕێگە بە تێگەیشتن لە چەمکی بەجیهانیبوونی ئەدەب دەدات. ئەگەر بەجیهانیبوونی ئەدەب مەبەست لە ئەدەبی ئاست بەرزی داهێنەرانە بێت، ئەوا ئەدەبی بەراورد لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری شیکارانەیە، لەو تێکستە ئەدەبییانەی کە کاریان لە یەکتر کردووون.

بەجیهانیبوونی ئەدەب لە بابەت و هونەرەکەیدا، تا ئاستی مرۆڤایەتی بەرزدەبێتەوە و واز لە تایبەتمەندی نەتەوەیی و ناوخۆیی خۆی ناهێنێت، بەهەمان شێوەش ئەدەبی نەتەوەیی، بێ ئەوەی واز لە تایبەتمەندی ڕەسەنایەتی و لۆکاڵییەکانی خۆی بهێنێت، بەبێ توانەوە دەچێتە نێو ململانێی بەراوردکردنەوە و دەچێتە قۆناغی بەجیهانیبوونی ئەدەبییەوە ( هلال، ٢٠٠٨، ٧-١٤ )، کەواتە ئەدەبی بەراوردکاری و بەجیهانیبوونی ئەدەب، وەک دووانەیەکی ئەدەبی پشت لە ڕەسەنایەتی نەتەوەیی خۆیان ناکەن، واتە ئامانج لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری و بەجیهانیبوونی ئەدەب، مانەوەی سنووره (سەرەوەری )یەکانە و پاراستنی ڕەسەنایەتی ئەدەبی نەتەوەییە.

یەکێک لە ڕەنگە گرنگەکانی ( ئەدەبی بەراورد و جیهانیبوونی ئەدەب ) ئەوەیە، کە لێکۆڵینەوەن لە بەیەکگەیشتنی کلتوره جیاوازەکانی گەلان و کرانەوەیانە بە ڕووی یەکتری دا، چونکە هەردووکیان ڕێگە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدەن و لەڕێگەی وەرگێڕانەوە سنووری زمانەوانی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیان تێدەپەڕێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ فرە زمانی و گرنگیدانە بە زمان و ئەدەبی کەمایەتییەکان، کە بنەمایەکی گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و ئاشنابوون و ناسینی کلتوره جیاوازەکان لە نێوان گەلاندا. کەواتە (( ئەدەبی بەراوردکاری و

بەجیهانیبوونی ئەدەب هەوڵی بەگەڕخستنی چەمکی یەکسانی کلتورەکان و نەهێشتنی سنووری ئەدەبی لەنێوان زلهێز و پاشکۆکان دەدەن. هەروەها هەوڵی نزیکخستنەوەی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان و کۆتاییهێنانە بە قۆناغی گۆشەگیری و دەرخستنی توانای ئەدەبە جیاوازەکان و بەشداریکردنیانە لە پرۆسەی زانستە فیکری و سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی و کلتورییەکاندا ))( گفتوگۆ لەگەڵ زاهیر لەتیف، ٢٠٢٣/٣/١٠ ).

لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بێت بۆ (( ئەو نووسەرانەی کە لە وڵاتی خۆیان گەیشتوونەتە پلەی یەکەم، بێ ئەوەی ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی بەرچاو دانیان پێدابنێ. لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا پێشوازیان لێدەکرێت ))( الخطیب، 1992 ، 42 )، کەواتە ئەم لێکۆڵینەوانە دەتوانن ڕۆڵ ببینن و بەشداری بەو نووسەرانە بکرێت بۆ چوونە ناو میحرابی بەجیهانیبوونی ئەدەبەوە. لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندیی توندوتۆڵ لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا هەیە، بەڵام جیاوازیش لە نێوان ئەم دوانەدا هەیە.

١- هەستی نیشتمانی وای کردووە، زۆربەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان پەنا بۆ یاسای نامۆ بەرن، ئەوەش ڕوون دەکەنەوە، ئەو نەتەوەیەی کە کاریگەریی لەسەر نەتەوەیەکی تر دروست دەکات و قەرزداری دەکات، ئەمەش گرنگی دانە بە ڕواڵەتی ئەدەب و پشتگوێخستنی ئەوەی کە ناسراوە بە ( ئەدەبی نووسەر )، بە هۆی دابڕینی ئەدەب لە کرۆکی مرۆیی ( مادی، ٢٠١٢، ٣٤ )، لەکاتێکدا بیرۆکەی بەجیهانیبوونی ئەدەب بیرۆکەیەکی مرۆڤایەتییە بە هیوای ئاسۆیەکی گەش و دوور لە مەرامی سیاسی و ئابووری، ئایینی. بە شێوەیەکی یەکسان لە بابەتی ئەدەبی دەڕوانێت.

٢- دیاردەی بەجیهانیبوونی ئەدەب بۆ سەردەمێکی نزیک دەگەڕێتەوە. (( بەهۆی ئەو پێشکەوتنە شارستانیەتییەی کە ئەمڕۆ مرۆڤ لە هەموو ئاستەکاندا پێی گەیشتووە بە تایبەتی لە ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوە و گواستنەوە و میدیای جۆراوجۆرەوە، کە نزیکەی هەموو

ماڵێکی سەر زەوی داگیر دەکات. هەموو ئەمانە یارمەتیدەربوون بۆ دەرچوونی ئەدەب لە سنووری تەسکی نەتەوەیی بۆ ناو جیهان لە ڕێگەی وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکان بۆ سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان ))( النیجیری، ٢٠٢١، ٣٥٥ )، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری مێژوویەکی کۆنتری هەیە. سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ (( ڕەخنەگری فەرەنسی "ئەبێل فرانسوا ڤیلمان" لە یەکێک لە وانەکانی لە زانکۆی سێربۆن لە ساڵی 1828دا ئاماژەی بەوەدا، کە ئەو دزییە ئەدەبیانەی کە لەلایەن هەموو وڵاتانەوە ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، ئەدەبی بەراوردی بە ئاسۆیەکی فراوان و قووڵەوە پێشوازیان لێ دەکات ))( الخطیب، ١٩٩٢، ١٩ ). پاشان ئەدەبی بەراوردکاری لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکارهات و جێگیربوو.

لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ کام لە ئەدەبی بەراورد و بەجیهانیبوونی ئەدەب چەمکێکی کامڵ وبێ کێشە و کەموکورتی نین و کۆدەنگییەکی تەواو بەدەست ناهێنن لەسەر کامڵبوونیان، هەر بۆیەشە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا، چەندین قوتابخانە سەریان هەڵدا و هەریەکەیان دژی ئەویتریان دەوەستایەوە، وەک قوتابخانەکانی بەراوردی ( فەرەنسی، ئەمریکی، ڕوسی و ئەڵمانی )، هەروەها چەمکی بەجیهانیبوونی ئەدەبیش هەر لەسەرەتاوە توشی ئاستەنگ بووەتەوە، هەندێک لەتوێژەران بە کۆلۆنیالیزمی نوێی دەبەستنەوە.

## بەشی دووەم:

۲-۱ چەمک و مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی جیهانی

۲-۲ گیروگرفتەکانی ئەدەبی جیهانی

۲-۳ لە نێوان ئەدەبی جیهانی و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا

۲-٤ هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی ئەدەب

## ١-٢ چەمک و مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی جیهانی

ئەدەبی جیهانی ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکان لەچوارچێوەی یەک ئەدەبی جیهانیدا، سەرەتای ئەم بیرۆکەیە لەلایەن (گۆتە)ی ئەڵمانییەوە سەری هەڵدا، بۆ ئەوەی ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکان بە ئەوروپی و نائەوروپی لە ژێر سایەی یەک ئەدەبی جیهانیدا کۆبکاتەوە. هەندێک لە توێژەران سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبی جیهانی بۆ سەردەمێکی زووتر دەگێڕنەوە و وای دەبینن ئەدەبی جیهانی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی هاوبەشی مرۆڤایەتییەوە بەدی هاتووە و هەندێکی تریان دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی ڕێنیسانس. لەم ڕووەشەوە پێیانوایە: (( دانتی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی " مافی موڵکداری " ئاماژەی بە بوونی بزاڤێکی ڕۆشنبیری جیهانی کردووە. هەروەها زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسووف و نووسەرانی ئەڵمانی و فەڕەنسی قسەیان لەبارەی ئەزموونی هاوبەشی مرۆییەوە کردووە، شیلەر باسی چەمکی " مێژووی جیهانی "ی کردووە و هیگڵیش سەبارەت بە چەمکی " ڕۆحی جیهانی " قسەی کردووە. تیۆرەکەی شیلەر وەک سەرەتای ئاوێتەبوونی نەتەوە جیاجیاکان لە یەک کۆمەڵگەی مرۆییدا، کە لەسەردەمەکەی خۆیدا " سەدەی هەژدە "ی وەک سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوونی نەتەوە جیاوازەکان بۆ ناو یەک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەیر دەکرد و خۆی بە هاوڵاتییەکی جیهانی دادەنا، هەڵبەتە نوێنەرانی ڕۆمانسیزم ( بایڕۆن، شیلی، کیتس و ۆردزۆرس ) چەمکی ئەدەبی جیهانیان دەوڵەمەند کرد ))( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١١٧ ). لە ڕاستیدا، چەمکی ئەدەبی جیهانی، لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە سەری هەڵدا، کاتێک گەشەی بازرگانی و پێشکەوتن لە بواری گواستنەوە و گەیاندن بەدی هات و چاپ گەشەی کرد، پەیوەندیی ئاڵوگۆڕە ئەدەبییەکانی نێوان گەلان بەرفراوانتر بوو.

چەمکی ئەدەبی جیهانی بۆ یەکەمجار لە زمانی شاعیر و نووسەری ئەڵمانی ( گۆتە)وە هاتووە، کە پێشبینی کرد بە هاتنی قۆناغێکی نوێی ئەدەبی، کە دەبێتە جێگرەوەی ئەدەبی نەتەوەیی، ئەویش بریتییە لە ئەدەبی جیهانی. (( گۆتە لە ساڵی ١٨٢٧ لە کاتی گفتوگۆیەکی

خۆی لەگەڵ ئیکریمانی هاوڕێی دا، دەڵێت: من باوەڕم بەوەیە، کەوا خەریکە ئەدەبێکی جیهانی دروست دەبێت و زۆربەی میللەتانی جیهان هزری پێوە دەکەن، ئێمە ئێستا هاتووینەتە نێو نەریتێکی ئەدەبی جیهانیەوە، دەبێت هەمووان بەشداری تێدا بکەن بۆ ئەوەی خێراتر ئەو چەمکە خۆی تێدا بگرێت و بڵاوببێتەوە ))( حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٣٠ ). گۆتە ئەم چەمکەی بەو واتایە بەکارهێنا، کە ئەدەب لە بابەت و هونەرەکەیدا، تا ئاستی مرۆڤایەتی بەرز دەبێتەوە و بێ ئەوەی واز لە ڕەهەندی نەتەوەیی و ناوخۆیی خۆی بهێنێت، گۆتە خەون بەوە دەبینی، کە ڕۆژێک ئەدەبی گەلان لەم ئەدەبە جیهانییەدا کۆدەبێتەوە، بەڵام بەبێ وازهێنان لە خەسڵەتی لۆکاڵییەکانی و بێ ئەوەی لەناو ئەدەبێکی یەکگرتوودا بتوێتەوە ( النیجیری، ٢٠٢١، ٣٥٦ ). هەڵبەتە ئەم تێڕوانینەی گۆتە بۆ چەمکی ئەدەبی جیهانی لە ناهۆشیارییەوە نەهاتووە، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕان و ئەزموونی ( گۆتە ) خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خۆی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییەوە، ئەمەش لە دیوانە شیعریە بەناوبانگەکەیدا، (( "دیوانی ڕۆژهەڵاتی - ١٨١٦ و ١٨١٨" دیارە، گومان لەوەدا نییە، کە کۆمەڵێک هۆکار یارمەتیدەر بوون بۆ ڕێنوێنی کردنی گۆتە بۆ ڕۆژهەڵات لە ڕۆشنبیریەکەیدا، ئەو کەش و هەوا ئەدەبییەی کە لە ئەوروپادا زاڵ بوو لە ڕۆژهەڵات دۆزرایەوە، کە بۆ ئەو گەنجینەی ئەدەبی بەهارێکی نوێ بوو، جیاواز بوو لەو بیرۆکەیەی ئەوروپا، کە لە شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانییەوە سەرچاوەی گرتبوو ))( سلوم، ٢٠٠٣، ١٠٤ ).

گۆتە مەبەستی بوو، هەموو ئەم گەنجینە ڕۆژهەڵاتییە بگەیەنێت بە پلەی جیهانی، تا ئەو کاتە کەس بیری لەوە نەکردەوە، کە ڕۆژێک دێت ڕۆژئاوا بە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی بزانێت و ئەم هۆگری و ئاشنابوونەش دەبێتە هۆی نزیک بوونەوەی وڵاتان و کلتورە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتری. هەروەها ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بێ لایەنانە یەکتری دەناسن ( اذر، ١٣٧٨، ٥١ ). تێڕوانینی گۆتە بۆ چەمکی ئەدەبی جیهانی، لە ڕووی سروشتی مرۆڤایەتییەوەیە، کە سروشتی مرۆڤ دەخوازێت داهێنانەکانی مرۆڤ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕیان پێبکرێن و تێکەڵاو بکرێن.

له دوای گۆته چەندین نووسەر و ڕووناکبیر، وەک پشتگیرییەک لە بۆچوونەکەی گۆتە، ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کردووە و هەوڵیانداوە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە ئەدەبییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوون بکەنەوە. نووسەر و وەرگێڕی فەڕەنسی، ( جیرار دی نرڤال ١٨٠٨- ١٨٥٥ )، لە ساڵی ١٨٥١ لە گەشتەکەیدا بۆ هیندستان، کتێبێکی بە ناونیشانی ( گەشت بۆ ڕۆژهەڵات )ی بڵاوکردەوە، کە زانیارییەکی زۆر بە عاشقانی ڕۆژهەڵات دەدات لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، کە دەیانەوێت لە بارەی دۆخ و کێشە و دابونەریتی هۆزەکان زانیاری بە دەست بهێنن ( اذر، ١٣٧٨، ٥١ ). وەک دەبینین جیرار هەمان تێڕوانینی گۆتەی هەبوو، هانی گەلانی دەدات تاکو ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری دروست بکەن و شارەزای دابونەریتی یەکتربن.

دامەزرێنەرانی بیروباوەڕی مارکسی ( مارکس و ئەنگلز )، لە مانیفێستی شیوعی (١٩٤٨) دا دەڵێن: (( ئەدەبیاتی جیهانی لە یەکگرتنەوەی میراتی کلتوری و فکری گەلان سەرهەڵدەدات، کە خۆی لە موڵکایەتی هاوبەشدا دەبینێتەوە، لە دوای ئەوەی لە یەکتری دابڕابوون ))( الريلي، بازعي، 2002، 30 )، واتە ئەدەبیاتی جیهانی بە هەموو جۆرە جیاوازییەکانییەوە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن، گەلانیش بەردەوامن لە ئاڵوگۆڕکردنی شاکارە ئەدەبییەکان، بەم شێوەیە شوێنەوارە نەمرەکان لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر و لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگوازرێنەوە، هەروەکو هەور و با ( الطائی، ٢٠١٢، ٢٧ )، واتە لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی نەتەوەکان ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی هاوبەشی ئەدەبی دروست دەبێ، سەرەنجام ئەدەبی جیهانی بەرهەم دێت.

مێژوونووسی فەڕەنسی ( گاستۆن پاریس ١٨٣٩ - ١٩٠٣ )، کە بە تیۆری ( گەشەکردن ) کاریگەر بوو، لە لێکۆڵینەوەی بابەتەکاندا، ئاماژەی بەوەکردووە، هەموو ئەدەبێک بنەمای خۆرسکی میللی خۆی هەیە و لە ئەنجامی پەیوەندی بە ئەدەبیاتەکانی دیکە گەشەی کردووە و پەخشی خۆی وەرگرتووە. نموونەش بۆ ئەمە کورتە چیرۆکەکانی ڕۆژئاوایە، کە سەرچاوەکەی حەکایەتە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکانی هیندە، وەک حیکایەتی ( كليله و دمنه )، یاخود هەندێ ئەفسانەی میللی فارسی و عەرەبی کۆنە ( شوان، ٢٠١٤، ٥٨ ). کەواتە هەموو بەرهەمێکی

ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتییە و هەستی مرۆڤایەتی نیشاندەدات، کە هۆکارە بۆ پەڕینەوە و پەیوەندیکردن بە ئەدەبی ترەوە.

(ڤان تیگم)، بەراوردکاری فەڕەنسی، ئەدەبیاتی گەورەی ئەوروپی وەک ناوەندێتی ئەدەبی جیهانی سەیر دەکات، کە ئەدەبیاتی ( ئیتالی، ئیسپانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی ) لە خۆ دەگرێت، کە بوونەتە نەریتی ئەدەبی و کاریگەریی و شوێنەوارە هونەرییان بەسەر ئەدەبیاتی جیهاندا بەجێ هێشتووە. هەروەها ئاماژە بە نووسەرە مەزنەکانی، وەک: ( ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، گۆتە و هۆگۆ )، دەکات، کە ڕۆحی نەمری لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە بووە و بوونەتە پێشەنگ و کاریان لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە کردووە ( فان تیگم، ؟، ١٨٠ ). ڤان تیگم پێیوایە: کە تەنیا ئەوروپییەکان خاوەنی نموونە بەرز و باڵاکانی ئەدەبیاتن و بەرهەمەکانیان بەدرێژایی مێژوو بە نەمری ماونەتەوە، کە ناکرێت ئەم بەرهەمە باڵایانە بەراورد بکرێن بەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە تیشکدانەوەیان سنووردارە.

ئەگەرچی گۆتە چەمکی ( ئەدەبی جیهانی ) داڕشت، بەڵام لەسەردەمی ئەودا سنوورێکی دیاریکراوی وەرنەگرت و ڕێکنەخرا لە شێوەی کۆتاییدا، لە دوای گۆتە تێڕوانینێکی هاوبەشی ئەوروپی لەسەر چەمکی ئەدەبی جیهانی دروست بوو، ئەویش ئاماژەکردنە بە (( ئەو زنجیرە زێڕینەی کارە ئەدەبییەکان، کە لە ناخە جیاوازەکانی گەلانی جیهانەوە پێشکەشکراون و وەگێڕدراون بۆ سەر زمانە جیاوازەکان و سیفەتی نەمریان وەرگرتووە و بەرز بووەتەوە بۆ ئەدەبی کلاسیکی، لەڕووی بەهای هونەری و هزرییەوە، لە هەموو جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت، وەکو بەرهەمەکانی: شکسپیر، هۆمیرۆس و گۆتە خۆی، ئەم زنجیرە ئەدەبییە نموونەیە جیهانییە، تاکو شەستەکانی سەدەی بیستەم لەژێرکاریگەریی ناوەندی ئەوروپیدا بەردەوام بوو ))( مادی، ٢٠١٢، ٣٢ )، بەڵام لە دوای ئەو مێژووەوە چەمکی ئەدەبی جیهانی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و دەستی بە فراوانبوون کرد، بۆ هەندێک کاری ئەدەبی بەدەر لەچوارچێوەی ڕۆژئاوا و لەژێر کاریگەریی گەشەی ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و ڕوشنبیری و

فراوانبوونی چەمکی خەڵاتی ئەدەبی جیهانی دا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی چەمکی " ئەدەبی جیهانی " بێ کێشە و مشتومڕ نییە و ناکۆکییەکی جددی لەسەر یەک ئاراستەیی ئەم چەمکە هەیە، ئەوروپییەکان بە پێوەری ئەدەبی مەزن مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە دەکەن و پێناسەی دەکەن، وڵاتانی جیهانی سێیەمیش دژی ئەم بۆچوونە دەوەستنەوە، هەر بۆیە تاکە پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە نییە، کە بتوانێ ئەدەبی هەموو نەتەوەکان داپۆشێ و لێکۆڵەران لەسەری کۆک بن، بەڵکو کۆمەڵێک لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی ئەدەبی جیهانی لەنێوان تیۆرستان هەن، ( جەودەت هۆشیار ) لە کتێبی ( ڕۆمان لەنێوان ئەندێشە و واقیعدا ) ئاماژەی بە چوار لەو لێکدانەوە بنەڕەتییانە داوە، کە بۆ ئەم چەمکە دانراون:-

**یەکەم:** سەرەنجامی چەندایەتی ئەدەبی نەتەوەیی سەرجەم میللەتانە، کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نووسراونەتەوە، بە چاوپۆشین لە ئاستی هونەری و ئیستاتیکی بەرهەمەکانیان ( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١١٩ )، بەپێی ئەم پێناسەیە، پێوەری باش و خراپ بۆ ئەدەب نامێنێت، سەرجەم ئەدەبی نەتەوەکان بەبێ لەبەچاوگرتنی ئاستی هونەری دەکەونە چوارچێوەی ئەدەبی جیهانییەوە.

**دووەمیان:** بریتییە لە کۆی نموونە هەڵبژێردراوەکانی داهێنان، کە لەلایەن هەموو مرۆڤایەتییەوە داهێنراون. بەم مانایە چەمکی ئەدەبی جیهانی بەرهەمی بەهای مامناوەند، یاخود ئەو دیاردە ڕووکەشییە باوەکان لە ئەدەبی نەتەوەییدا ناگرێتەوە، بەڵکو سنوردار دەبێت بە کارە پڕ داهێنانە بەهادارە هونەری و ئیستاتیکییە باڵاکان. لەم بۆچوونەدا ئاستی هونەری کراوە بەپێوانە بۆ ئەدەبی جیهانی. هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەوروپی لەو باوەڕەدان، کە ئەدەبی کلاسیک و هاوچەرخی ئەوروپا نوێنەرایەتی ئەدەبی جیهانی دەکات. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە باس لە ئەوروپا ناکەن وەک چەمکێکی جوگرافی، بگرە وەکو چەمکێکی "ڕۆحی" وێنای دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەدەبی جیهان بەرجەستە دەبێت بە "ڕۆحی ئەوروپی" و ئەم ئەدەبە ناکرێت نوێنەرایەتی بکرێت، تەنیا لە دیدی ڕۆشنبیری ئەوروپییەوە نەبێت، ئەمەش بۆچوونێکی

تەسک بینی ئەوروپییە. ئەمانە وای دەبینن، ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵات دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبی جیهانییەوە، چونکە بەرهەمەکانی هێشتا نەکەوتۆتە بەردەستی سەرلەبەری مرۆڤایەتی. هەندێکی دیکەش وای دەبینن ئەدەبی (کێوی – فۆلکلۆر )ی ڕۆژئاوا سەر بە ئەدەبی جیهانی نییە. ئەم بۆچوونانە تەواو ڕەت دەکرێنەوە، ڕاستە فۆلکلۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە، بەڵام ئەوە گومانی تێدا نییە، شاعیرانی وەک هاینێ، پێرنس، یەسینین، لەسەر خاکی فۆلکلۆر پێگەیشتن و بەرهەمەکانیان بەشێکن لە ئەدەبی جیهانی ( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١٢٠ ).

**سێیەم:** پرۆسەی کاریگەریی و دەوڵەمەندکردنی هاوبەشی ئەدەبی میللەتان، کە لە قۆناغێکی پێشکەوتوویی گەشەسەندنی ژیاری مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت. ئەمەش بەڕوونی لە ئاماژەکەی گۆتەدا دەبینرێت، بۆ ئەو ڕۆڵەی کە ئەدەبی جیهان لە پتەوکردنی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان میللەتاندا دەیگێرێت دەبینرێت ( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١٢٠ ). کەواتە ئەدەبی جیهانی ئەو شوێنەوارە ئەدەبییەیە کە توانیویەتی سنووری زمانەوانی و کلتوری نەتەوەیی خۆی ببڕێت و پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە بەجیهاندا بڵاوببێتەوە، بەبێ نێوانگیری، یان بە نێوەندگیری وەرگێڕ و ڕەخنەگران. لە بنچینەدا ئەم چەمکە لەجیهاندا بڵاوە، جا هاوتا بێت لەگەڵ ئاستی هونەری و هزریدا، یاخود نا ( عبود، ١٩٩٩، ٨٧ ). لێرەدا ئەگەر ئەدەبی جیهانی دەرئەنجامی پەیوەندی هاوبەشی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان بێت، دەبێت ئەدەبی هەموو نەتەوەیەک جێگایەک لە ئەدەبی جیهانیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

**چوارەم:** ئەو خەسڵەتە گشتیانەی کە لە هەموو سەردەمەکاندا گوزارشت لە گەشەکردنی ئەدەبیاتی گەل و ناوچە جیاوازەکان دەکەن: ماکسیم گۆرکی یەکەم کەس بوو ئاماژەی بە بوونی ئەم تایبەتمەندیانە کرد، کاتێک نووسی؛ ( هیچ ئەدەبێکی جیهانی نییە، هەتاوەکو ئێستا هیچ زمانێکی هاوبەش لە نێوان سەرجەم گەلانی سەر زەویدا نییە، بەڵکو کارە ئەدەبییەکانی سەرجەم نووسەران بە یەکبوونی هەست و بیروبۆچوونە گشتیەکانی مرۆڤەوە، سەریان

هەڵداوە، هەروەها بە یەکگرتنی هیواکان بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر )، ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە نزیکترین بێت لە تێگەیشتنی نوێی چەمکەکە. ئەمڕۆ بە ڕوونی دەرک بەوە دەکرێت، بەهای میللی و نەتەوەییە ڕاستەقینەکان لە هەمانکاتدا بەها مرۆیی سەرتاسەرین ( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١٢١ )، هەروەکو نووسەری فەرەنسی ( ئەرنست رینان ١٨٢٣- ١٨٩٢ ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ( (( هەستی مرۆڤایەتی لە ئەنجامی پێگەیشتنی هەزارەها هەستەوە هاتووە و هەموویان لە مەبەستتیکدا یەکیان گرتووە. بەم پێیە هەر بیرۆکەیەک بۆ چەند سەرچاوەیەکی کۆن دەگەڕێتەوە، جا سەرچاوەکان لە یەک زمان، یان چەند زمانێکەوە، لە ئەدەبێکەوە بن، یان چەند ئەدەبێکی جیاوازەوە هاتبن. ئەم بۆچوونە تیۆری گەشەکردن پیادەدەکات ))( شوان، ٢٠١٤، ٥٦ )، کەواتە بنەڕەتێکی هاوبەش هەیە، کە ئەدەبیاتی نەتەوەکان تیاییدا یەک دەگرێتەوە. ئەویش سروشتی هاوبەشی مرۆڤایەتییە.

ئەدەبی جیهانی ئەو ئەدەبەیە، کە تا ئاستی جیهانی بەرزبۆتەوە و سنووری نەتەوەکانی تێپەڕاندووە و وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی و بڵاوبوونەوەی فراوان و ناوبانگی گەورەی بەدەست هێناوە، بە هۆی تایبەتمەندییە هونەری و هزرییەکانی، کە بریتین لە وێناکردنی ژینگەیی و دەربڕینی ئەو پرسانەی بایەخ بە مرۆڤ دەدات، وەک ئەدەب ( النیجیري ، ٢٠٢١ ، ٣٥٦ ). بۆ نموونە: ویلیام شکسپیر، تۆلستۆی، ڤیکتۆر هوگۆ، ئێرنێست همینگوای، گابریل گارسیا مارکێز، کە ناوبانگی جیهانیان هەیە و بەرهەمەکانیان سنووری ئەدەبی نەتەوایەتیان بڕیوە و وەرگێڕدراون بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا، بەشێوەیەکی بەربڵاو بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. کەواتە لێرەدا دەکرێت چەند تایبەتمەندییەکی ئەدەبی جیهانی دەست نیشان بکرێت، کە ڕێگا دەدات ئەدەب سنووری نەتەوەیی ببەزێنی و بچێتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە.

١- ئەدەبی جیهانی، ئەو ئەدەبەیە، کە بەهای ئیستاتیکی و ڕەهەندە مرۆییەکان و ناوەڕۆکەکانیان ڕێگایان بۆ شاکاربوونیان خۆشکردووە، لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا بێت،

ڕاڤە و لێکدانەوەی نوێ لەخۆدەگرێت، هەموو میللەتانی دونیا وەک یەک سوود و چێژیان لێدەبینن.

٢- تێکستە جیهانییەکان ئەو شاکارانەن، کە بۆ گشت مرۆڤایەتین و خۆیان بە کێشە بچووکەکان خەریک نەکردبێ و لە خزمەتی کێشە مرۆییە گەورەکاندا بێ ( عبدالله، ٢٠٢١، ١٥ ). وەک: بەرهەمەکانی شکسپیر، گۆتە، دانتی..

٣- زمان و شێوازی تێکستە ئەدەبییەکە، کە زۆرینەی خەڵکی تێی بگەن، نەوەک زمانێک بێ، لە نێو هونەرە بەلاغییەکان و لادانە شێوازییە زۆرەکاندا چڕبوو بێتەوە و زۆرینەی خەڵکی تێی نەگەن ( عبدالله، ٢٠٢١، ١٥ ).

٤- تایبەتمەندی هەست و سۆزی مرۆڤانەی تێدایە و بە زوویی سنووری نەتەوەیی دەبڕێ و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانەکانی تر خۆی دەخزێنێتە ناو ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکانەوە و بەلای زۆربەی نەتەوەکانی جیهانەوە پەسندە. هیچ بەرهەمێکی هونەری و فکری لەبوارەکەی خۆیدا بەبێ وەرگێڕان ناتوانێت سنووری زمانی نەتەوەیی خۆی ببڕیت و پێشوازی جیهانی بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی گرنگییەکەی سنووردار دەبێت بە ئەدەبی نەتەوەیی.

وەک دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە تیۆرستان لە سەرتاسەری جیهاندا باسیان لە ئەدەبی جیهانی کردووە. لەگەل ئەوەشدا کۆدەنگییەکی تەواو لەسەر بنەماکانی پەڕینەوەی دەقی ئەدەبی بۆ نێو ئەدەبی جیهانی نییە، بەڵام هەندێکیان چەند بنەما و پێوەرێک بۆ دەقی ئەدەبی جیهانی دیاری دەکەن.

### ٢-١-١ ڕەهەندی هونەری

ئاست بەرزی لەڕووی هونەرەوە وا دەکات کاری ئەدەبی زیاتر بتوانێت سنووری زمانەوانی و کلتوری نەتەوەیی خۆی ببڕێت و بچێتە دنیاوە، (( نموونە باڵاکانی داهێنان بە چەندین ڕێگە

و شێواز دەڕژێنە شادەماری سیستەمی ئەدەبی جیهانییەوە، ئەو بەرهەمانەی بە سیما هزری و هونەرییە باڵاکەیان دەناسرێنەوە، سنوورەکانی نێوان گەلان دەبڕن و دەگەنە جەماوەری خوێنەر لە وڵاتانی دیدا، ئەوانی پێشتر نەیانخوێندووەتەوە، توێژەرانی ئەڵمانی دەرکیان بە مەزنی (شکسپیر) کرد و دەستیان بە بانگەشەکردن بۆی، بە شێوەیەکی سەرکەوتوانەتر لە هاوەڵە ئینگلیزیەکانیان ))( هۆشیار، ٢٠١٧، ١٢٢ ). ئەمەش وایکرد، کارەکانی بە هەموو دنیادا بڵاو ببێتەوە، واتە ئەگەر داهێنانە هونەرییەکانی نەبا، بێگومان کەس شکسپیری نەدەناسی.

## ٢-١-٢ کەسایەتی نووسەر

یەکێکە لە بنەما گرنگەکان، فەیلەسوف و نووسەرە ناودارەکانی جیهان بە درێژایی مێژوو بەرهەمەکانیان جیگای بایەخ پێدان بوون، (( بە درێژایی مێژوو کۆمەڵێک داهێنەری مەزن هەبوون، بەرهەمی دیاریان جێهێشتووە لە گۆڕەپانی هزری و ئەدەبیدا. بۆ نموونە نووسەری فەڕەنسی ( میشاڵ دو مونتیگن )، کە دادەنرێت بە پیشەنگی وتاری هاوچەرخ، ئەو یەکەم کەس بوو، کە ئەم جۆرەی ئەدەبەی هێناوەتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە ))( مادی، ٢٠١٢، ١٢ ). گومانی تێدانییە، کە داهێنەری لێهاتوو کاریگەریی لەسەر ئەدیب و ڕۆشنبیرانی دیکە دروست دەکات. ئەدەبی جیهانیش ئەو دەرفەتانەی بۆ نووسەرانی داهێنەر ڕەخساندووە، کە دەقەکانیان سنووری نەتەوەیی تێبپەڕێنن.

## ٢-١-٣ بەرهەمی داهێنەرانە

کارە ئەدەبییە باڵاکان و فۆڕمە نوێیەکان و شێوە و وێنەی هونەری جیاواز، یان فکری، یان بابەتی داهێنەرانە کاریگەریی لەسەر خوێنەر دروست دەکەن، وەک ئەو نووسەرەی کە بە بەرهەمی داهێنەرانەی نووسەرێکی دیکە کاریگەر دەبێت و ئارەزوو و سروشتیان یەکبگرێتەوە و حاڵەتەکانیان لێکچووبێت، بۆ نموونە شاعیری فەڕەنسی ( بۆدلێر ١٨٢١– ١٨٦٧ ) نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێ و دەڵێت: (( ئایا تۆ دەزانی بۆچی بە پشوو و ئارامەوە، نووسینەکانی

( ئەدگار ئالان پۆ )م وەرگێڕا؟ لەبەرئەوەی بە من دەچوو، یەکەم جار کە نووسینی کتێبەکەیم خوێندەوە، منی تووشی سەرسامی کرد، نەک تەنیا ئەو بابەتانەم دۆزیەوە کە خەونم پێوە دەبینی، بەڵکو ئەو ڕستەیانەشم تێدا دۆزییەوە، کە بە ئەندێشەم دادەهات ))( هلال، 2008، ٩٧ ). گومانی تێدانییە، کە بەرهەمەکانی ( پۆ ) کاریگەرییان لەسەر بۆچوونەکانی بۆدلێر هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریی بەرهەمی ئەدەبی لەسەر خوێنەر شتێکی ڕێژەییە. هەر خوێنەرە و بەپێی خواست و ئایدۆلۆژیای خۆی کاردانەوەی بەرامبەر بە دەقی ئەدەبی دەبێت، جا دەقەکە ڕەسەن بێت، یاخود وەرگیراو.

**٢-١-٤ شارستانییەت**

ئەدەبی یۆنانی کۆنترین ئەدەبی نەتەوەیی و کاریگەرترین ئەدەبی جیهانە، بۆتە مۆدێلێک بۆ هەموو ئەدەبێک، کە بە ئەدەبی لاتینی دەستی پێ کردووە. سەرەڕای بەشێکی کەمی گەیشتووە بە سەردەمی ئێستا، بەڵام بە گرنگییەوە لە بەرهەمەکانی یۆنانییەکان دەڕوانرێت، بەهۆی ئاست بەرزی بەرهەمی فەیلەسوف و ئەدیبانی یۆنانی، بەرهەمەکانیان بە نەمری ماونەتەوە و بەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەوە. پاش ئەوانیش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئیتاڵی و دواتریش فەڕەنسی و ئینگلیز و ئەڵمانییەکان بوونە میراتگری ئەوان و شوێن پەنجەیان بەسەر ئەدەبی دنیادا دیارە، هەر لەبەرئەمەشە ئەوروپاییەکان بەسەرچاوەی ئەدەبی جیهانی دادەنرێن، چونکە بەرهەمە بەناوبانگەکان و فەیلەسوف و نووسەرە ناودارەکان، لە شارستانییەتی ئەوروپا چەکەرەیانکردووە، وەک؛ بەرهەمەکانی ئەفلاتون، ئەرستۆ و دانتی.. هیتد.

## ٢-٢ گیروگرفتەکانی ئەدەبی جیهانی

هەرچەندە زاراوەی ئەدەبی جیهانی بە مانای لەخۆگرتنی ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکانە، بەڵام ئەمە لە ڕووی کردارییەوە کارێکی دژوار و ئەستەمە، چونکە هەر کۆمەڵگە و ژینگە و میللەتێک تاڕادەیەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، خودی تێکستی ئەدەبیش بەر لەهەموو شتێک سیما و مۆرکی ناوخۆیی و بنکە و لانکەی واری خۆی هەڵدەگرێت، ئەمە زێدەباری ئەوەی، کە هەر نووسەرێکیش شێواز و جیهانبینی خۆی هەیە.. هەندێکجار چەمکی " ئەدەبی جیهانی " بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بەکاردێت، کە وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە، ( ڕێنیێ وێڵک و ۆستن وارین ) ئاماژە بە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی، وەک: ( گۆتە و شکسپیر و دانتی.. ) دەکەن، پێیانوایە: ئەمجۆرە بەرهەمانە لەخۆڕاو هەرەمەکییانە بەو پلەو پایەیە نەگەیشتوون، بەڵکو بەهای ئیستاتیکی و ڕەهەندە مرۆییەکان و ناوەڕۆکەکانیان ڕێگایان بۆ شاکاربوونیان خۆشکردووە ( ڕەشید، ٢٠07، 21 ). بە بۆچوونی ئەم بەراوردکارانە چەمکی ئەدەبی جیهانی لە ڕووی فۆڕمی هونەرییەوە لە مۆدێلی ئەدەبی ڕۆژئاوا نزیک دەبێتەوە، چونکە شاکارەکان بەرهەمی ئەورووپین، بۆیە بەشێک لە توێژەرانی ڕۆژهەڵات دژی بۆچوونی بەڕۆژئاوایی کردنی ئەدەبی دەوەستنەوە و داوای هاوسەنگی ئەدەبی دەکەن، کەواتە چەمکی ئەدەبی جیهانی چەمکێکی کێشە لەسەرە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕەخنە و ڕەتکردنەوە دەبێتەوە لەلایەن توێژەرانەوە.

نووسەری ناوداری ئەڵمانی ( کیرۆفۆن فیلبێرت )، لە فەرهەنگی ( ئەدەبی جیهانی سەردەم )دا، تەنیا ئەدەبی هاوچەرخی ئەورووپی و ئەمریکی بە ئەدەبی جیهانی لە قەڵەم دەدات و ئەدەبی وڵاتانی دیکە پشتگوێ دەخات ( علوش، ١٩٨٧، ٧٠ )، واتە هەستی خۆ بەزلزانین لای زۆرێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوایی بەدیدەکرێت، کە پێیانوایە سەرجەم شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان بۆ شارستانییەتی ئەورووپی و ڕۆژئاوایی دەگەڕێنەوە، ئەمەش ئەوپەڕی ڕەگەز پەرستییە، بەڵام ڕۆژئاواییەکان باش دەزانن، کە سەرچاوەی زۆر لە شاکارە نایابەکانی ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵاتین،

مێژوونوسێکی وەک " ئاسن پلاسیۆس " ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ((" کۆمیدیای ئیلاهی دانتی " سەرچاوەکەی زانستە ئیسلامییەکانە ))( ئەحمەد، ١٩٨٤، ١٠٦ )، کەواتە نابێت کلتورە دێرینەکان و گەنجینە ئەدەبییە بەنرخەکانی ڕۆژهەڵات پشتگوێ بخرێن.

( ڤان تیگم ) ئەدەبی جیهانی تەنیا لە ئەدەبی شارستانییەتی ئەوروپیدا چڕدەکاتەوە و پێیوایە ئەدەبی کلاسیکی و هاوچەرخی ئەوروپی نوێنەرایەتی ئەدەبی جیهانی دەکات (ڤان تیگم، ؟، ١٨٠). لەڕاستیدا ئەدەبی جیهانی تەنیا خۆی لە ئەدەبی شارستانیەتی زاڵدا نابینێتەوە، بەڵکو ئەدەبی جیهانی، ئەو شتەیە، کە لە بەها مرۆییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە یەکسانە بە کلتوری سەرجەم نەتەوەکان، لێرەدا ناهاوسەنگی ئەدەبی دروست دەبێت، لە نێوان شارستانییەت و کلتوری زاڵ لەلایەک و پەیامە مرۆییەکان لەلایەکی دیکە.

لە ڕوانگەی بەراوردکارانی فەرەنسی برونیل/پیشوا/ڕوسۆ؛ (( ئەدەبی جیهانی پێکهاتووە لەو کارە تایبەتانەی کە ناوبانگی جیهانیان بەدەستهێناوە و لە ئاستێکی بەرزی نەمریدا پێشکەش دەکرێن، لەهەمان کاتدا ئەم بەراوردکارانە تێبینی ئەوەشیان کردووە، کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئەدەب و شارستانیەتە سادەکاندا هەیە، کە هانی ئەم ئەدەبە دەدات بۆ ئاستی ئەدەبی جیهانی ))( برونیل، پیشوا، ڕوسۆ، ١٩٩٦، ٨٤ ). ئەمان لە بۆچوونی گۆتە نزیک دەبنەوە و بەرەنجامی ئەدەبی جیهانی لە بەرهەمی شارستانییەتەکانی هەموو جیهاندا دەبینن.

( مارکس و ئەنگلز )ش، ئەدەبی جیهانی، وەک قەیرانی ئەم دواییەی جیهانی سەرمایەداری نیشانی دەدەن، پێیانوایە ئەدەبی جیهانی بە پێوەرەی کلتوری زاڵ مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات، کە گوزارشتە لە ئەدەبی ئەوروپی، بەڵام لە ڕاستیدا (( ئەدەبی جیهانی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەیی و ناوچەییەوە سەرهەڵدەدات، لەم چوارچێوەیەدا بەرهەمی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەبێتە موڵکی گشتی و ناسیۆنالیزم و گۆشەگیری ئەستەم دەبن ))( مارکس، انجلز، ١٩٨٧، ١٩ )، ئەمان بۆچوونیان وایە، دەبێت ئەدەبی جیهانی لەسەر بنەمای

دروستکردنی کۆمەڵگەی جیهانی نوێ بنیات بنرێت، کە گوزارشت بێت لە ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکان.

( ارماندو نیشی ) تێڕوانینێکی مارکسیانەی بۆ چەمکی ئەدەبی جیهانی هەیە و پێیوایە: (( ئەو بیرۆکەیەی ئێستا کە بە ( ئەدەبی گەردوونی ) ناسراوە، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر جیهانی سەپاندووە، بابەتەکانی لە دەستی سەرمایەداری نوێدایە. ئەدەبی جیهانی ئەو ئەدەبەیە، کە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی قازانج و هێز و پەیوەندی بەکۆمەڵەوە بوونی خۆی پەیدا دەکات، لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت و لە هەموو شوێنێک گوێڕایەڵی دەکات ))( نیشی، ۲۰۰۷، ۹۹ ). نیشی ئەدەبی جیهانی دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی ئابووری و خۆسەپاندنی وڵاتانی زلهێزی بەرژەوەندیخواز لە سیستمی سەرمایەداریدا، کەواتە ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی ماددی جێبەجێ دەکرێت لەسەر بواری ئەدەبی ڕۆشنبیریش جێبەجێ دەکرێت، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی جیهان.

دکتۆر ( محەممەد غۆنیمی هلال ) چەمکی ئەدەبی جیهانی ڕەت کردەوە، ئەو پێیوایە (( ئەدەب نیشتمانی و نەتەوەییە و نەمریی شوێنەوارە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی ئاماژە جیهانییەکانەوە بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو لە ڕاستگۆیی و قوڵبوونەوە لە داهێنانی نەتەوەیی و مێژوویی و ڕەسەنایەتی هونەرییەوە بەرچاو دەکەوێت، کە خۆی لە وێناکردنی هیواکان و ئازارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە، کە لە نێوان نووسەر و جەماوەرەکەیدا هاوبەشی دەکات ))( هلال، ۲۰۰۸، ۹٤ ). هەر لەبەرئەوەشە هلال زاراوەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەدەبی جیهانی پێشنیار دەکات، ئەویش ( بەجیهانیبوونی ئەدەب )ە، کە مەبەست لەو دەقە ئەدەبیانەیە، کە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی بابەتە مرۆییەکان سنووری ئەدەبی نەتەوەیی دەبڕن.

دکتۆر "سەعید علوش" ڕەخنە لە مێژووی ئەدەبی جیهانی و ناوەندگەرایی ڕۆژئاوا دەگرێت و دەڵێت: (( ئەدەبیاتی جیهانی لە ڕۆژئاوا بە مەبەستی بێ نموود کردنی ئەدەبی دیکەیە و لەسەر بنەمای دیاریکردنی ناوەندی ئەوروپی بۆ کارە مەزنەکان لە کەلەپوری ئەدەبی

ڕۆژئاوادا دەبینرێت، وەک کۆنترین شوێنی ئەنترۆپۆلۆجی و خەزێنەی ئەدەبی جیهانییە، هیچ شوێنێکی بۆ ئەدەبی کیشوەرە لەبیرکراوەکانی ئەفریقی و ئاسیایی و ئەمریکای لاتینی نەهێشتووەتەوە. ئەم ئەدەبیاتە لە ئەدەبی بەهادار گیری خواردووە و جەخت لەسەر گواستنەوەی ئەدەبی بەهێز دەکاتەوە، کە کلتورەکانی دیکە پشتگوێ دەخات ))( علوش، ۱۹۸۷، ٦٨ ). ئەو پێیوایە چەمکی  ئەدەبی جیهانی لە پڕوپاگەندەیەک زیاتر نییە، تەنیا بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا بنیات نراوە، لەکاتێکدا ئەدەب بابەتێکی مرۆییە و سەرجەم میللەتانی دنیا بە ئەندازەی خۆیان بەشداری لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی جیهانیدا دەکەن.

"عبده عبود" هەر چەمکێکی ئەدەبی جیهانی ڕەتدەکاتەوە، کە ئەو ئەدەبە بە ئەدەبی ئەوروپی و ئەمریکی دەبەستێتەوە و دەرگاکانی دنیا بە ڕووی ئەدەبێکی دیکەدا دابخات. لەگەڵ ئەوەشدا عبود، دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: (( هەر پۆستێک، کە ئێمە لە چەمکی ئەدەبی جیهانی وەریان بگرین هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، کە ئەدەبی ئەوروپی و ڕۆژئاواییە، لە ڕاستیدا گشتگیرترین ئەدەبی ئەم سەردەمەیە، لە ڕووی نێوەندگیریی ڕەخنەیی و لێکدانەوەیی و وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانە بیانییەکان ))( عبود، ۱۹۹۹، ۹۲ ). عبود پێیوایە، ئەدەبی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی " ئەدەبی جیهانی "ی ڕاستەقینە پێکدەهێنێت، چونکە کاریگەریی داهێنەرانەی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە داناوە. ئەو ئەدەبە جیهانییەی کە ئێستا لە ئارا دایە، گوزارشتە لە ئەدەبیاتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی، کە ئەدەبیاتیان بۆتە مۆدیلێک و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە چۆتە نێو ئەدەبیاتی سەرجەم میللەتانی دنیا.

وەرگێڕان وەک پێوەرێک دادەنرێت، بۆ دەرچوونی ئەدەب لەچوارچێوەی ئەدەبی نەتەوەیی بۆ نێو جیهان، ( دامۆندس )، ئاماژە بەوە دەکات، کە (( هەموو کارێکی ئەدەبی کە دەچێتە ناو ئەدەبی جیهانیەوە بە گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی وەرگێڕانەوەیە، کە گۆتە وەک پێوەر بۆ چوونە ناو کۆڕبەندی ئەدەبی جیهانی دەستنیشانی کردووە ))( Printed، ۲۰۱۳، ۱۵ )، ( ڤان تیگم ) بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە داوادەکات بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەی ئەدەبی

جیهانی هەبێ بەبێ نێوەندگیری وەرگێڕان، ئەویش لە ڕێگەی فێربوونی زمانی بێگانە و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بیانی بە زمانی ڕەسەن ( ڤان تیگم، ؟، 139 )، بەڵام وەرگێڕان ئامرازێکی پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بیانی لەناو وڵاتی دیکەدا، بڵاوبوونەوەی کاری ئەدەبی بیانی بەبێ نێوەندگیری زۆر دەگمەنە، چونکە فێربوونی ئەو زمانانەی کە بەجیهانی ناسراون، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا سنوردارن و لە توانای چەند کەسێکی کەم دایە. تەنانەت هەندێک جار بۆ ئاشنابوون بە دەقی ئەدەبی جیهانی پەنا دەبرێتە بەر دەقی وەرگێڕدراو، واتە لە زمانی دووەمەوە وەردەگێڕدرێن، بۆ نموونە زۆر لەو دەقە جیهانیانەی کە بە زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانین، پاش وەرگێڕانیان، بۆ زمانی فارسی، یان عەرەبی، دواتر وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی.

## ٣-2 لە نێوان ئەدەبی جیهانی و بەجیهانیبوونی ئەدەبدا

چەمکی ئەدەبی جیهانی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ئەدەبی نەتەوەیی، کە سنوری تەسکی نەتەوەیی خۆیان تێپەڕاندووە و بەرەو جیهانی ڕۆیشتوون، واتە (( کاری ئەدەبی جیهانی کارێکی پێشکەوتووە یاخود پێشەنگە لە شێوە هونەرییەکەی. بوونی ئاست بەرزی هونەری وا لە کاری ئەدەبی دەکات زیاتر بتوانێت سنووری زمانەوانی و کلتوری نەتەوەیی خۆی ببڕێت و بچێتە ناو چوارچێوەی جیهانەوە ))( عبود، ١٩٩٩، ١٠٦ ). لەهەمان کاتدا پێویستە پاڵپشتی شارستانی و پەرەسەندنی مێژوویش هەبێت.

زۆرجار ئەدەبی جیهانی ڕەنگدانەوەی ئەو کەلەپورە گەورەیە، کە کلاسیکەکانی: وەک هۆمیرۆس، دانتی، ئەرستۆڤانس، شکسپیر و گۆتە .. )ی لە پشتەوەیە، ئەو بەرهەمانەی بەجێیان هێشتووە دەنگدانەوەیان هەبووە و بە بەشەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوون. دەستپێکردنی ئەم ناوە هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ ( بەرهەمە – مەزنەکان ) و کارە ئەدەبییە مرۆییەکان ( ئەنتۆلۆژیا )، بە شێوەیەکی سەرەکی لیست و لێکدانەوەی کارە – مەزنەکانە، کە میراتی مرۆڤایەتین... هەموو شتێک کە هی نیشتمانێکە بۆ کۆی نیشتمانەکانە ( علوش، ١٩٨٧، ٧٣ )، کەواتە ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە کاریگەریی داهێنەرانەیان لەسەر خوێنەران دروست کردووە و لەسەر ئاستی جیهاندا ناوبانگیان بەدەست هێناوە.

بێگومان کارە هونەرییە ئاست بەرزەکان ڕێگای خۆیان بۆ نێو جیهان خۆش دەکەن، ئەگەر چی بەهێواشیش بێت، لە کۆتاییدا دەچنە نێو چوارچێوەی جیهانەوە و وەریان دەگێڕنە سەر زمانە بیانییەکان و لە لایەن خوێنەرانی کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە پێشوازیان لێدەکرێت. کارە ئەدەبییە ئاست بەرزەکان کاری داهێنانن، ڕێچکەی داهێنەرانەی نوێیان بۆ ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان دروستکردووە و قۆناغی نوێیان بڕیوە، بۆ ئەوەی ببنە ئەدەبێکی جیهانی. بێگومان کارە ئەدەبییە جیهانییەکان، ڕەنگدانەوەی سەرکەوتن و گۆڕانکاری گەورەن و سەرەتایەکن بۆ قۆناغ و قوتابخانە و ئاراستە و شێوازی نوێ لە گەشەسەندنی ڕەگەزە ئەدەبییەکان و ئەو

پێشوازیەی لێیان دەکرێت، هەرچەندە کات بڕوات بەردەوام خوێنەران ڕووی تێدەکەن. بەدڵنیاییەوە لە پشت ئەم ناوبانگە جیهانییە هۆکارێک هەیە، جگە لە باشییەتی هونەری، ئەویش ئەوەیە کە زۆر بەرهەمی بێ بەها وەڵامی چێژ و ئارەزووی وەرگر دەداتەوە و پێشوازییان لێ دەکرێت ( عبود، ١٩٩٩، ١٠٨ ). ئایا دەکرێت بڵێین ئەم بەرهەمە بێبەهایانەش دەچنە نێو چوارچێوەی ئەدەبی جیهانییەوە، لە کاتێکدا سنووری نەتەوەییان تێپەڕاندووە؟ لێرەدا بەجیهانیبوونی ئەدەب وەڵامێک دەبێت بۆ ئەم پرسیارە.

کەواتە ئەگەر بەجیهانیبوون بەو مانایە بێت، کە دەقی ئەدەبی سنووری زمانەوانی و کلتوری نەتەوەیی خۆی بۆ زمان و کلتوری دیکە تێبپەڕێنێت، کەواتە (( پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەدەبی بێبەهاش ئەم سنوورەی تێپەڕاندووە، چونکە ئەم جۆرە ئەدەبە پێداویستییە ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی زۆرێک لە وەرگران لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دابین دەکات. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم کارانە، کە بە پێوەری فەرمی ئەدەبی و ئەخلاقی بە کەم سەیر دەکرێن، هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆر وڵاتدا چاودێری بڵاوبوونەوەیان دەکرێت، لەگەڵ ئەم بەربەستانەشدا ڕێگەی خۆی دەبڕێت بەرەو بەجیهانیبوون، هەرچەندە بە جیهاندا بڵاوببێتەوە، کارە ئەدەبییە بەرزەکان ئیرەیی پێدەبەن ))( عبود، ١٩٩٩، ١٠6 ). سەرەڕای هەموو ئەم بەربەستانە، زۆرجار ئەدەبی بێبەها سنووری زمانی نەتەوەیی تێدەپەڕێنێت و بڵاودەبێتەوە و ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنێت. لەم کاتەدا ئەدەبی کوالیتی نزم و کاریگەر، هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ چێژ و کلتوری ئەو نەتەوەیەی بۆی دەگوازرێتەوە.

کارە ئەدەبیە بێبەهاکان لەواقیعدا بەکردار بوونیان هەیە و چێژیان لێ وەردەگیرێت. ئەوانەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن، بەڵگە و نموونەی واقیعی ئەدەبی دەهێننەوە، پێیانوایە: زۆر کاری ئەدەبی لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، بە ( ئەدەبی بێبەها ) ناسراون، وەک ڕۆمانی ( پۆلیسی، گاون، خۆشەویستی سۆزداری و چیرۆکە سێکسییەکان ). زۆرجار ئەم بەرهەمە ئەدەبییە بێبەها و بێمانایانە بەجیهانیبوون بەدەست دەهێنن، بەراورد بە بەرهەمە ئەدەبییە

ئاست بەرزەکان، ئەم کارانە لە زمانە ڕەسەنەکانیانەوە وەرگێردراون بۆ سەر چەندین زمانی بیانی و چاپەکانیان گەیشتووەتە چەند شێوە و ژمارەیەکی بەرز و کڕیاریان زۆرە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پێوەرەکانی ئاست بەرزی هونەری لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەیە ( عبود، ١٩٩٩، ١٠6 )، کەواتە ئەو پێوەرانەی کە بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب دانراون، پێوەری کێشە لەسەرن، چونکە کاری ئەدەبی لە ڕووی بەجیهانیبوونەوە دەوەستێتە سەر چێژی خوێنەر و ئەو پێشوازییەی لەو بەرهەمە ئەدەبییە دەکرێت.

هەروەها بەجیهانیبوون دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسەرە پلە نزمانەش بکات، کە ناوبانگیان نەگەیشتوونەتە دنیای دەرەوە، بەڵام بەرهەمەکەیان دەتوانێت نوێنەرایەتی ڕەوتە چێژبەخشەکان بکات، لەسەر پێوەرێکی ئەوروپی. تەنیا لە ئەڵمانیا دەکرێت ئاماژە بە نووسەرانی، وەک: ( فرێدریک دولامۆت فوکیە، زەکەریا ڤێرنەر.. ) بکرێت ( الخطیب، ١٩٩٢، ٤٢ ). ڤان تیگم سەبارەت بە بەجیهانیبوونی ئەم جۆرە نووسەرانە بەو ئەنجامە گەیشت، کە ( سەرکەوتن و ناوبانگی نووسەران لە دەرەوەی نیشتمانەکانیان ناتوانێت تاکە پێوانە بێت بۆ بەجیهانیبوونی ئەوان، ڕەنگە ناوبانگی جیهانی لەگەڵ چۆنایەتیدا پەیوەست نەبێت و نووسەر هەیە سەرکەوتنی کاتی جیهانی بەدەستدەهێنێت، سەرەڕای ئەو ڕۆحە تایبەتییەی کە لە ناو بەرهەمەکەیدا هەیە و خواستی زۆرێک لە خوێنەرانی دابین دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە بەهایەک بۆ پۆلێنکردن لەگەڵ نووسەرانی جیهاندا نییە )( ڤان تیگم، ؟، ١٧٥ ). لێرەدا ڤان تیگم ئەم جۆرە بەجیهانیبوونە بە کاتی ناودەبات، واتە بەجیهانیبوونی ئەو بەرهەمانە سنووردارە، ڕەنگە لەهەر قۆناغێکدا بێت بەرەو پووکانەوە بڕوات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە بەجیهانیبوونەی ئەدەبی بێبەهایە پەیوەستە بە چێژێکی کاتی خوێنەرەوە و ناتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات.

هۆکارێکی دیکەی بەجیهانیبوون بریتییە لە دید و جیهانبینی نووسەر، ئەگەر نووسەر دیدێکی جیهانی فراوانی نەبێت، ئەوا ئەستەمە بەرهەمەکەی مەودایەکی زۆر بڕ بکات. دید و جیهانبینی نووسەریش بە زۆر لایەنەوە بەستراوەتەوە و خۆی لە شێواز و بابەت و داڕشتن و تەکنیک و ژانرەوە دەبینێتەوە، مەرجیش نییە نووسەر دەستبەرداری هەموو شتێکی نەتەوەیی بێت، تاکو لەناو بیانیدا پێشوازی لێبکرێت ( حوسێن، نازم و مولوود، ٢٠٢١، ٣٣٤ ). هەروەها پێگەی دەوڵەت لە جیهاندا و هەژموونی سیاسی و ئابووری و ژمارەی دانیشتوانەکەی و مەودای بڵاوبوونەوەی زمانەکەی، ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە دانپێدانانی جیهانی بە نووسەرەکانی، ئەوانەی ژیانی ڕۆحی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە ( هۆشیار، ٢٠٢٠، ١٢٥ )، کەواتە جگە لە ئاست بەرزی هونەری کۆمەڵێک هۆکاری مرۆیی و سیاسیش، ڕێگا بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب خۆش دەکەن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، وەرگێڕان وێستگەی سەرەکی و ئاماژەیەکی گەورەی بەجیهانیبوونی ئەدەبە و کاری ئەدەبی ناتوانێت بچێتە ناو چوارچێوەی جیهانییەوە، مەگەر بۆ ژمارەیەکی زۆر لە زمانە بیانییەکان وەربگێڕدرێت. زمانەکان لە ڕووی گرنگی وەرگێڕانەوە هاوتانین، بۆ نموونە وەرگێڕانی کاری ئەدەبی بۆ زمانێکی بچووکی بیانی، تیشکدانەوەی کلتوری سنووردارە، بەراورد ناکرێت بە گرنگی وەرگێڕانی بۆ زمانێکی گەورە کە تیشکدانەوەی کلتوری گەورەی هەیە، وەک ئینگلیزی و فەڕەنسی. وەرگێڕانی کاری ئەدەبی بۆ سەر زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی لەوانەیە ببێتە وێستگەیەکی مامناوەندی لەسەر ڕێگای وەرگێڕان لەو زمانەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە ( عبود، ١٩٩٩، ١١١ ). بۆ نموونە بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە، کە لە زمانی ( ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی ) وەرگێڕدرانەتە سەر زمانی کوردی، ئەدەبی ڕەسەنی ئەو دوو زمانە نین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارە ئەدەبییەکان بەبێ نێوەندگیری وەرگێڕان بۆ سەر زمانە جیهانییەکان، لە نەتەوەوە بۆ بواری جیهانی ناجووڵێن.

پاسکاڵ کازانۆڤا  لە کتێبی " کۆماری جیهانی ئەدەبیات " ئاماژە بەوە دەکات، کە داهێنەرانی ئەو زمانانەی کە ئەدەبیاتیان نەناسراوە، یان (ئەدەبی زمان بچووک)[6]ن و نەبوونەتە نەریتێکی جیهانی و ناتوانن ڕاستەوخۆ ناسنامەی ئەدەبی جیهانی بەدەست بهێنن، بۆیە وەرگێڕان فاکتەرێکی چالاکە بۆ ئەو کارە ئەدەبییە زمان بچووک و نەناسراوانە و گواستنەوەیان بۆ زمانە گەورەکانی جیهان، کە ڕێگە بە تێکستەکانیان دەدات بۆ چوونە نێو میحرابی ئەدەبی جیهانییەوە ( کازانۆڤا، ٢٠٠٢، ١٦٢ ). لێرەدا وەرگێڕان تەنیا گواستنەوە نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بەڵکو ناسنامە بەخشین و شەرعییەتدانە بەو کارە ئەدەبییە زمان بچووکانە، بە مەرجێک کوالێتیان هاوتای تێکستە جیهانییەکان بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی ئەو زمانانەی کە جیهانی نین، کاریگەریی خۆیان هەیە، ئەم کاریگەرییەش بۆ هەستی چوونیەکی مرۆڤانە دەگەڕێتەوە، یاخود هەندێک لە میللەتان کێشەکانیان چوونیەکە، وەک: ( کێشەی سیاسی و نەبوونی ئازادی، لایەنی پەروەردەی و بیروباوەڕی ئاینی... ). بۆیە بەرهەمەکانیان لە نێو ئەو میلەتانەدا پێشوازی لێدەکرێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەتوانین بەجیهانیبوونی ئەدەب لە ئەدەبی جیهانیی جیابکەینەوە.

١- ئەدەبی جیهانی پێشنیاری فاکتەری مێژوویی دەکات، وەک ڕێسایەک بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی جیهانی و پێداگری لەسەر بەرهەمی ڕابردوو دەکاتەوە، زۆرجار ئەدەبی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی ناسراوی باڵادا دەکات، لەڕێگەی هەڵبژاردنی فاکتەری کاتەوە، لەبەر ئەمەشە ئەدەبی هاوچەرخ ناتوانرێت بە زاراوەی ئەدەبی جیهانی داپۆشرێت (علوش، ١٩٨٧، ٦٩)، واتە ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەدا دەکات، کە بە درێژایی ( مێژوو ) کات بە ( جیهانی ) ناسراون، وەک ((" کۆمیدیای یەزدانی، دۆن کیشۆت، بەهەشتی ونبوو، ئازارەکانی ڤێرتەر "، هەروەها ئەدەبی جیهانی بەشێوەیەکی کەمتر مامەڵە

(6)- ئەدەبی زمان بچووک، مەبەست لە ئەدەبی ئەو نەتەوەانەیە، کە ژمارەی قسە پێکەرانیان کەمە.

لەگەڵ نووسەرانی ئەم سەردەمە دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە دەرەوەی وڵاتەکەیان پەیدا کردووە، وەک: ( فۆلکنەر، کامی و تۆماس مان ))( الخطیب، 1992، 42 )، بەڵام بەجیهانیبوونی مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی هاوچەرخی و نزمیشدا دەکات، بەمەرجێک ناوبانگیان پەیدا کردبێت و سنووری زمانەوانی و نەتەوەیی بڕی بێت و لەلایەن خوێنەرانی بیانییەوە پێشوازی لێبکرێت.

٢- ئەدەبی جیهانی ئەدەبێکی ئاست بەرزە و پابەندە بە بەها ڕەوشتییەکانی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام بەجیهانیبوونی ئەدەب، هەندێکجار بۆ ڕێگا خۆشکردن و سەرنجڕاکێشانی جەماوەری خوێنەر، بەها ڕەوشتییەکان پێشێل دەکات و بە ئەدەبێکی ئاست نزم سەیر دەکرێ و پشگیرییەکی سەراپایی و پێوەری بەدەست ناهێنێت.

٣- ئەدەبی جیهانی کۆی ئەدەبی نەتەوەکانی جیهانە و ئەو دەقە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کە ئاستێکی بەرزی هونەریان هەیە و بە درێژایی مێژوو بە نەمری ماونەتەوە و وەڵامی پێداویستییە فیکری و مرۆڤایەتییەکان دەدەنەوە و بۆ گشت مرۆڤایەتی نووسراون. هەموو خوێنەران لە جیهاندا وەک یەک چێژی لێوەردەگرن، بی ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر هەستی ئایدۆلۆژی، یان بیروباوەڕی ئایینی، یان سیاسییان دروست بکات. ئەو دەقانەن کە لە هەموو سەردەمێکدا ڕاڤە و لێکدانەوەی نوێ و سەردەمیانەیان بۆ دەکرێت، بەڵام بەجیهانیبوونی ئەدەب، ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی تایبەتمەندییەکەوە جا ( سیاسی، پەروەردەیی، ئایینی، یان چێژێکی کاتییەوە )، وەردەگێڕدرێنە سەر چەند زمانێک و لەلایەن خوێنەرانی ئەو زمانانەوە پەسندە و پێشوازی لێدەکرێ، چونکە خوێنەرانی ئەو زمانانە تایبەتمەندی و خواست و چێژی خۆیان لەو دەقە ئەدەبییەدا دەبینەوە، بۆیە وەریدەگێڕنە سەر زمانی خۆیان. بەم جۆرە دەقانە دەوترێ ( بەجیهانیبوون )، نەک ( جیهانی ).

٤- ئەدەبی جیهانی گشتییە و سنوور و مەودای هەموو میللەتانی جیهان دەگرێتەوە، بۆ گشت مرۆڤایەتییە، بەڵام ( بەجیهانیبوونی ئەدەب ) سنوور و مەودای دیاریکراوی هەیە و بە جیهانی

دەکرێت، کە بەهۆی کاریگەریی لەسەر چەند نەتەوەیەکی دیکە، وەرگێردرابێت و دەنگدانەوە و ناوبانگی باشی پەیداکردبێت.

ئەمڕۆ لە فەزای ئەدەبیدا بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو زاراوەی بەجیهانیبوونی ئەدەب بەکاردەهێنرێت، بەجیهانیبوون خەونێکە زیاتر ئەو نەتەوانە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، کە دەکەونە ناو بازنەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەدەبەکەیان جیهانییەن نەناسراوە، لێرەدا کێشەی ئەو کۆمەڵگا گەشەکردووانە ئەوەیە کە هەمیشە چاوەڕێی دانپێدانانن لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆیان بکەن. لەم دۆخەدا متمانە نەبوون بەخۆ سەر هەڵدەدات، چونکە پێوەری باش و خراپی بەرهەمی ئەدەبی، ڕۆژئاواییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی خۆبەکەم زانین، و بڕوابوون بە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ڕۆژئاواییەکان. لە کاتێکدا بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەیی و ناوخۆییە و لە سنوری نەتەوەییدا ئاستی دیاری دەکرێت نەک جیهان.

هەندێکجاریش بەجیهانیبوونی ئەدەب جگە لە ئاست بەرزی دیوێکی سیاسیش لە خۆدەگرێت، هەندێکجار ئەو بابەتە ئەدەبییانەی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، پشگیری دەکرێن، کە لە بەها ئایینی و ڕەوشتی و سیاسی و نەتەوەیی و ڕەسەنایەتی خۆیان لایان داوە، واتە سنوورە ڕەوشتی و پیرۆزییەکانی نەتەوەیی خۆیان بەزاندووە.

## ٢-٤ هۆکارەکانی بەجیهانیبوونی ئەدەب

بەجیهانیبوونی ئەدەب بە شێوەیەکی خۆڕسک بەدەستناهێنرێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک هۆکار هەبێت بۆ یارمەتیدان و بە دەستهێنانی، دەکرێت پۆلێن بکرێت بۆ دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش: فاکتەری گشتی و تایبەتیین:

**٢-٤-١ هۆکارە گشتییەکان:** بریتییە لەو هۆکارانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێگە بۆ ئاڵوگۆڕ و کاریگەرییەکان خۆش دەکەن و هۆکاری ناڕاستەوخۆن، ئەم هۆکارانە مەودای ئاڵوگۆڕ و کاریگەرییان لەسەرخۆیە و لەماوەیەکی دوور مەودادا کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێت. ئەم هۆکارانە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و داهێنانن، کە ئەمانە دەگرێتەوە:-

### ٢-٤-١-١ هەستکردن بە کەموکورتییەکانی ئەدەبی نەتەوەیی

بەهرەمەند و نوێخوازان، هەست بە کەم و کورتی و دواکەوتوویی ئەدەبی نەتەوەییان دەکەن، پێیانوایە: ئەدەبی نەتەوەیی ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی سەردەم بداتەوە، کە گوزارشت لە بێزاری شاعیر و نووسەران دەکات بۆ نەریتە ئاشناکانی ئەدەب و وێنە هونەرییەکان، ئەمەش خاڵی دەستپێکێکی کاریگەرە بۆ ئەم نوێبوونەوەیە، لەم حاڵەتەدا ئەم نووسەرانە لە مەودای ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان بە کراوەیی دەردەچن بۆ ئەوەی داوای هەموو شتیکی نوێ لە ئەدەبیاتی تر بکەن.. " گۆتە "، لەم بارەوە دەڵێت: (( هەر ئەدەبێک خۆی لە تەنگانەدا کۆتایی دێت، ئەگەر پەنا بۆ وەرگرتن لە ئەدەبەکانی تر نەبات، بۆ ئەوەی خۆی نوێ بکاتەوە ))( هلال، ٢٠٠٨، ٩٩ ). لەم حاڵەتەدا نوێگەران بە تێبینیەکی زۆرەوە هەموو شتێکی تازە و بە نرخ و ئاست بەرز وەردەگرن، بەمەرجێک لەگەڵ خواست و نەریت و زیندوویەتی و هونەرەکانی نەتەوەییدا ناکۆک نەبێت.

نوێگەرەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بە جیهانبینی نوێوە، پێداچوونەوە بە بەهای کەلەپوری ئەدەبی خۆیاندا دەکەن، نوێکردنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی بە ئەرکی خۆیان دەزانن و هەوڵدەدەن بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبی جیهانیدا بڕۆین و لێی دانەبڕێن و بە تەواوی ئاگاداری پێشکەوتنی ئەو کەلەپورە هونەری و ڕۆشنبیرییە بن، کە لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە.

لەم ڕووەشەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبی کوردی ئەم ڕێڕەوەی گرتووە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، شاعیرانی کورد لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی نوێی تورکیدا هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیان داوە، هەروەکو مامۆستا ( گۆران )ی شاعیر سەبارەت بەنوێکردنەوەی شیعری کوردی، دەڵێت: (( نووسەران و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین و پێکەوە دەماننووسی.. ئەدەبی تورکی قوتابخانەی تازەی تیا پەیدابوو، کە پێی دەوترا ( أدبای فەجری ئاتی ).. ))( بیمار، ١٩٧٠، ٣ ). لێرەدا دەبینین کە شاعیرانی کورد، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی نوێی جیهانی و لە ڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە توانیان گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەرۆکی شیعری کوردی دا بکەن. هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە گەڕانەوە بۆ وشەی ڕەسەنی کوردی، لەکاتێکدا زمانی شیعری کلاسیکی کوردی زمانێکی تێکەڵ بوو، لە وشەی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیش.

هەروەها ئەم کاریگەربوونە لەساڵی ١٩٧٠ دا لەلایەن گروپی ڕوانگەش بەرچاو دەکەوێت، کە لە ڕێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە، دەستیان دایە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی. ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە، دەنگدانەوەی زۆری دروست کرد و توانی لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا خۆی بسەلمێنێت و بەسەر دەنگە ناڕازییەکاندا سەر بکەوێت و وەک بزوتنەوەیەکی مۆدێرن نەشونمای کرد.

### 2-٤-١-٢ کۆچ و تاراوگە

مرۆڤ لە کۆنەوە بە هۆی پاڵنەرە جیاوازەکانەوە، کۆچی کردووە، لەوانە هۆکاری سیاسی، ئابووری و قاتوقڕی، ڕووداو و کارەساتی سروشتی و هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و شەڕ و داگیرکاری، ئەمە لە کۆندا زیاتر لە نێوان وڵاتانی دراوسێدا ڕوویداوە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە، کۆچکردن بۆ سەرانسەری جیهان ئەنجام دەدرێ. ئەمەش سادەترین مافە، کە دەکرێت مرۆڤ لە ڕێگەی کۆچکردنەوە مومارەسەی جۆرێک لەو ئازادیی و گەڕان و بینینانە بکات. پاش گیرسانەوە و نیشتەجێبوونی لەو جیهانە نوێیە، ئینجا بەریەککەوتنی کلتوری و نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا دەستپێدەکات، ئەگەر کلتوری ئەو جیهانە نوێیە بەرزتربوو، ئەوا ئەو نووسەرانە دەکەونە ژێر کاریگەریی کلتور و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەوە و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بەرهەمی ئەدەبییەوە ئەو کلتورە نوێیە بۆ ئەدەبی نەتەوەکەیان بگوازنەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەندێک لە ڕۆشنبیر و شاعیرانی عەرەب لە لوبنان، لەبەر باری ناهەموار و شەڕی ناوخۆ لوبنانیان جێهێشتووە و ڕوویان لە ئەمریکای باکور کردووە، کە پێیان دەوترێت " شعراء المهجر "، واتە ئەو شاعیرانەی کۆچیان کردووە و ڕوویان لە تاراوگە کردووە، دیارترین ئەو شاعیرانە " میخائیل نعیمە، جوبران خەلیل جوبران " ... ئەم شاعیرانە لەوێ " الرابطة القلمية " یان پێکهێنا و هەندێکی دیکەشیان، کە ڕوویان لە ئەمریکای باشور کردبوو، وەکو "میشێل مەعلوم، ڕەشید سەلیم خوری ".. لەوێ " کۆمەڵەی ئەندەلوسی" یان پێکهێنا ( حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٥٥ )، ئەم شاعیر و نووسەرانە لەوێ کەوتنە بەر کارتێکردنی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و ئەم کارتێکردنە بە شێوازی نووسین و لێکدانەوەی هونەری بەرهەمەکانیانەوە دیاربوو، پاشان ئەم شێوازە نوێیە لە ئەدەبی عەرەبیدا ڕەنگی داوەتەوە.

له کوردستانیش به تایبەتی له سەردەمی ڕژێمی بەعسدا و دوای نسکۆی شۆڕشی کورد له ساڵی ١٩٧٤ و له دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا، بەهۆی دۆخی سیاسی و نەبوونی ئازادی و نالەباری ئابووری و ململانێی بیری ئایینی و عەلمانیەتەوە چەندین نووسەری کورد ڕوویان له تاراوگه کردووه و ئەمڕۆ دەنگی دیاری ئەدەبی کوردین و بەرهەمەکانیان جێگەیەکی دیاریان هەیە ( حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٥٦ )، لەوانە ( عەبدوڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، ئەحمەدی مەلا و فەرهاد پیرباڵ و نەزەند بەگیخانی، بەختیار عەلی .. ). هەندێک لەوانە له دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، له ساڵی ١٩٩٣، گۆڤارێکیان دەرکرد، بەناوی ( وێران )، ئەم گۆڤاره بەرهەمەکانی به فۆڕم و تەکنیکی نوێوه بڵاودەکردەوە، که پەیڕەوی ڕێبازه ( دادایی و سوریالی )یەکانی ئەوروپایی دەکرد.

### 2-٤-١-3 شەڕ و داگیرکاری

جەنگەکانی نێوان گەل و وڵاتان ئەو جەنگه تێکدەرانەیە، له لایەکەوە شوێنەواری وێرانکاری و له لایەکی ترەوە حاڵەتی دەروونی لەسەر هۆشی مرۆڤ جێدەهێڵێت، واته (( ئەگەر هاتوو جەنگ درێژخایەن بوو، ئەوا ئاڵوگۆڕ و کارتێکردنی ئەدەبی له نێوان هەردوو بەرەدا دروست دەبێ، بۆ نموونه شەڕی خاچییەکان، که دوو سەدەی خایاند، پردێکی پتەو بوو بۆ پەڕینەوەی کاریگەریی ئەدەبی له ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. ڕۆژئاواییەکان سوودیان له بەشێکی ئەدەبی عەرەبی وەرگرت و ئەدەبی خۆیان پێ دەوڵەمەند کرد و جۆره شیعرێکیان خسته ناو ئەدەبیاتی فەڕەنسییەوە به ناوی " ترۆبادۆر "، که پێشتر لەو جۆره شیعرەیان نەبوو ))( گەردی، ١٩٧٨، ٦٨ ). زۆرجاریش وڵاتی داگیرکەر هێزی خۆسەپێنە، له بڵاوکردنەوەی کلتور و زمان و ئەدەبی خۆی، چونکه هەمیشه ئەدەبی داگیرکەر وەک دەسەڵات خۆیان نیشان داوه و ئەوانی دیکه به پاشکۆ. بۆ نموونه بەهۆی داگیرکردنی ئەفریقا لەلایەن فەڕەنساوە، زۆربەی هەره زۆری نەتەوەکانی بەزمانی فەڕەنسی دەقەکانیان دەنووسی. هەروەها داگیرکردنی کوردستانیش

لەلایەن داگیرکەرانەوە، زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی زمان و ئەدەبی سەرەکی نووسین و خوێندن بووە، بۆیە هەندێک لە شاعیر و نووسەری کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمان و ئەدەبی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە، بۆ نموونە شاعیرانی کلاسیکی کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسییان لە سەر بووە، ئەم کاریگەرییە، تا ئێستاش بەردەوامی هەیە لەسەر شاعیر و نووسەری کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

### 2-٤-١-٤ هۆکاری ئایینی

بڵاوبوونەوەی ئایینێک بە زمانێکی دیاریکراو، ئەو زمانە دەکاتە زمانی ئایین، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لەناو گەلانی جیاوازی زمان و باوەڕهێنان بە ئاینەکە، ئەو زمانە دەبێتە زمانێکی ڕەسمی و لە ئەنجامی خۆشەویستی ئەو میللەتانە بۆ ئایینەکە، هەوڵی فێربوونی زمانی ئایینەکە و خزمەتکردنی ئاینەکە دەدەن، وەکو زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانە، بۆتە زمانی ڕۆشنبیری و ڕەسمی، لە ئاکامدا زمانی و ئەدەبی عەرەبی کاری زۆری کردووەتە سەر زمان و ئەدەب و هەست و سۆز و بیروباوەڕ و فەلسەفەی هەموو نەتەوە مسوڵمانە ناعەرەبەکانی، وەک: کورد، فارس، تورک .. (( شاعیرانی کوردی بە هۆکاری خۆشەویستیان بۆ ئایینی ئیسلام، زمانی و ئەدەبەکەشیان بۆ خۆشەویستی ئایینەکەیان تەرخان کردووە. چەندین زانا و شاعیری بەناوبانگی کورد دەرکەوتوون و خزمەتیان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی و زانستە شەرعییەکان کردووە ))( گەردی، ١٩٧٨، ٧٢ ). بەم چەشنە ئایین و زمانی ئایین کاریگەریی ئەدەبی دروست دەکات، لەسەر ئەو نەتەوانەی باوەڕ بە ئایینەکە دێنن و شاعیران و نووسەرانی ئەو نەتەوانە هەوڵدەدەن بیروباوەڕی ئایینەکە ئاوێتەی بەرهەمەکانیان بکەن.

### 2-٤-١-٥ گەشتیاری

گەشتیارەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە ناساندنی گەلان و گواستنەوەی زانیاری بۆ یەکتری، (( فەیلەسوفی ئینگلیزی " فرانسیس بیکون " لە وتارێکی دا بەناوی " گەشت "، دەڵێت؛ گەشت زانیارییەکی بچووکە و ئەزموونێکی گەورەیە ))( فهیم، ١٩٨٩، ١٥ ). ڕاستە، گەشتیار لەگەشتەکەیدا زانیارییەکی کەم وەردەگرێت، بەڵام بە مێژوو و ئەزموونی کلتوری کۆمەڵکایەک ئاشنا دەبێت. گەشتیارەکان ئەدەبیاتێکی زۆریان بەرهەم هێنا لە شتی بینراو و بیستراو، بەشێکی بیرەوەری ئەو گەشتانە بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر کاغەز تۆمار کراون و بوونەتە هەوێنی بەرهەمهێنانی چەندین شاکاری نایاب.

### 2-٤-١-٦ هەڵکەوتەی شار

هەندێک شار بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بازرگانی و سیاسییەوە بوونەتە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و شارستانی و شوێنی داهێنانی ئەدیبان و فەیلەسوفان، بۆ نموونە (( ئەسینای پایتەختی گریگ لە پێش زایین و ڤینسیا و فلۆڕەنسا لەسەر دەمی ڕێنیسانس و شاری " لیون " لە سەدەی شازدەم، جنێف و زۆریخ و فرانکفۆرت و دواتریش پایس لە سەردەمی نوێکردنەوەدا، لەسەدەی ١٧ و ١٨ لەسەردەمی کلاسکی نوێدا، توانیویانە تیشکی ئەدەب و فەلسەفە بۆ هەموو نەتەوەکانی دنیا پەخش بکەن، لەهەمان کاتدا مەڵبەندی بەیکگەیشتنی شاعیران و ئەدەب دۆستان بوون ))( گەردی، ١٩٧٨، ٨٣ ).

هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیش لە سەدەی بیستەمدا ( ئەستەمبوڵ و قاهیرە ) بوونە مەڵبەندی ئەدەب دۆستان. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، شاعیرانی کورد لە ئەستەمبوڵ لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی تورکی و ئەوروپیدا بوون. پیرەمێرد و گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح کاریگەریی ئەو ئەدەبیاتە نوێیەیان بەسەرەوە بوو.

### ٢-٤-2 هۆکارە تایبەتییەکان

ئەم هۆکارانە جەوهەرین، مەودای ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی ئەدەبییان ڕاستەوخۆیە، نووسەر دەورێکی ڕاستەوخۆ دەبینێ لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی ئەدەبی، ئەم هۆکارانەش ئەمانەن:

#### ٢-٤-2-١ کتێب

خوێندنەوەی کتێب یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتنی کەسایەتی و فراوانکردنی مەعریفەی مرۆڤ. مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەوە پەرە بە بیرۆکەکانی دەدات، یارمەتی دەدات بۆ دەربڕین و کردنەوەی دەرگای فراوان بۆ ئەوەی لە ڕووی هونەری و زانستی و فکرییەوە فێری داهێنان بێت. لە ڕێگەی کتێبەوە بە مەعریفەی زانستی نوێ و بە کلتور و دابونەریتی میللەتانی دیکە ئاشنا دەبین. زۆرجار مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی کەسانی ترەوە و هەوڵدەدات ئەو بۆچوونانە گەشە پێبدات و بە کۆمەڵگەی خۆی بناسێنێ، خوێندنەوەی کتێب کەسایەتی مرۆڤ دەگۆڕێت و بەهرەی داهێنانی لا دروست دەکات.

#### ٢-٤-2-٢ وەرگێڕان

زۆربەی کارە ئەدەبییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگەنە خوێنەر، پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان چالاکییە ئەدەبییە نێودەوڵەتییەکان و وەرگێڕاندا هەیە. (( کاری ئەدەبی لە بازنەی ئەدەبی نەتەوەییەوە ناگوێزێتەوە بۆ بازنەی جیهانی لە خۆیەوە، بەڵکو لە ئەنجامی ڕۆیشتن بە نێو ئەڵقەیەکی نێوەندگیریدا. بۆ ئەوەی کاری ئەدەبی لە جیهاندا بڵاوبکرێتەوە و بخوێندرێتەوە و پێشوازی لێبکرێت لەلایەن خوێنەرانەوە پێویستە وەربگێڕدرێت، ئەگەر ئەوە ڕوو نەدات، ناکرێت باس لە بەجیهانیبوونی خۆی بکات ))( عبود، ١٩٩٩، ١١٢ ). تەنانەت ئەگەر کاری ئەدەبی لە ڕووی تەکنیکییەوە سەرنجڕاکێش و چێژبەخش و هەستێکی مرۆڤایەتی گشتگیریشی هەبێت.

وەرگێڕان ستانداردی خۆی هەیە، سادەترین پێناسەی ئەوەیە، کاری ئەدەبی لە زمانی ڕەسەنی خۆیەوە وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانە بیانییەکان و لە دەرەوەی ئەدەبی نەتەوەیی خۆی کاریگەریی هەبێت (١٥ ، ٢٠١٣، Printed ). لە ئەمڕۆدا وەرگێڕان زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە کاریگەریی لەسەر بەجیهانیبوونی ئەدەب هەیە، (( لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ زمانی ئەڵمانی شکسپیر بووە جێی سەرنجی ئەڵمانەکان و ئەوان لە ئینگلیزەکان زیاتر بایەخیان پێدا و وایکرد، کارەکانی بە هەموو دنیادا بڵاو ببێتەوە، ئەمە ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە، بێگومان کەس شکسپیری نەدەناسی ))( عبدالله، 2021، ١٤ ). لە ئەدەبی کوردیشدا مامۆستا هەژار موکریانی ( چوارینەکانی خیام )ی بەشێوەیەکی هونەری لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەمە بووە هۆکارێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی لەلایەن خوێنەری کوردەوە پێشوازییەکی باشی لێبکرێت.

وەرگێڕان جێگرەوەی دەقی ڕاستەقینەیە و کاریگەرە، لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نوسەران ئاگاداری هەموو تەوژمێکی نوێی جیهانی دەبن و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن.

## ٢-٤-2-3 کاریگەریی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ئاشناکردن و چێژ وەرگرتن لە بەرهەمە ڕۆژئاواییەکان. لەگەڵ پێشکەوتنی چاپدا، نووسین و وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زیاتر پەرەی سەندووە، کە دوو ئامرازی کاران بۆ کاڵبوونەوەی مەوداکان و نێوەندگیرییەکی کاریگەرییان پێکهێناوە بۆ ناساندن و ئاشنابوون بە بەرهەمی ئەدەبی بێگانە. هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئەرکی ناساندنی ئەدەبی بیانییان لە ئەستۆ گرتووە و تیشک دەخەنە سەر لایەنی جوانی و هونەری کاری ئەدەبی بیانی بە ئامانجی وەبەرهێنانی ئەدەبی نەتەوەیی باشتر.

جێگەی ئاماژەیە یەکەمین ڕۆژنامەی ئەدەبی تایبەتمەند لەوڵاتی فەڕەنسا لەساڵی ١٧٥٤ دەچوو، کە بریتی بوو لە ( ڕۆژنامەی بیانی )، بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو. دوو لە دامەزرێنەرەکانی ( قەشە ئارنۆ و سوار )، ئەندامی چالاکی ئەکادیمی بوون، پاشان ڕۆژنامەی ئەدەبی ئەوروپی ( گازێت – ١٧٦٤- ١٧٦٦ )یان دامەزراند و هەوڵیاندا سامانی ئەدەبی جیهانی بۆ سەر زمانی فەرەنسی بگوازنەوە. مەبەستیان بوو ئەم خەزێنە ڕۆحیانە بە زمانێکی هاوچەرخ بۆ هەموو خەڵکی ڕۆشنبیری جیهان بگوازرێنەوە، هەروەها گۆڤاری ( بەریتانی ) ساڵی ١٨٢٥ دەرچوو، تا ساڵی ١٨٤٠ بەردەوام بوو (برونيل، بشوا، روسۆ، ١٩٩٦، ٥٥ ). ئەم گۆڤارە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە ناساندنی ئەدەبی بیانی بە ئینگلیزەکان.

لە کوردستانیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم زنجیرەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەرچوون، کە ڕۆڵیان هەبووە لە وەرگێڕان و ناساندنی ئەدەبی بیانی و تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا، لەوانە (( ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ١٩٢٠- ١٩٢٢ ) لەلایەن حاکمی ئینگلیز "مێجەر سۆن "ەوە دەردەچوو، یەکەم زنجیرەی وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزیەوە لەلایەن ( مێجەرسۆن )ەوە دەردەکەوێت، کە بریتی بوو لە چەند ڕۆمان و چیرۆکێکی ( ئەلکزەندەر دووماس ) و ( گەشتەکەی مستەر ریچ ) و چیرۆکی تر ))( پیربال، ٢٠٠٥، ٤٥ ). دواتریش گۆڤاری ( هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣ )، کە لە شام دەردەچوو، چەندین شیعری وەرگێڕدراوی شاعیرانی فەڕەنسی وەک ڤیکتۆر هوگۆ، بۆدلێر، مالارمێ.. بۆ سەر زمانی کوردی دەبینرێت ( پیربال، ٢٠٠٥، ٤٠ ). هەروەها لە ژمارەکانی گۆڤاری ( گەلاوێژ ١٩٣٩ – ١٩٤٩ )دا، وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە (( بابە عەلی ) شێخ مەحمودی حەفیدە، کە نووسینێکی ( جۆن ستیوار مل )ی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ))( سەجادی، ١٣٩٨هـ ١٠٩ )، تاکو ئێستاش وەرگێرانی ئەدەبی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەردەوامی هەیە.

### ٢-٤-2-٤ نێوەندگیرەکان ( وسیط) لە ئەدەبدا

أ- ئەو ئەدیب و ڕۆشنبیرانەن کە سەرنجی گەلەکەیان ڕادەکێشن بۆ نووسەرێک یان چەند نووسەرێکی ناوداری بیانی و بە نەتەوەکەی خۆی دەناسێنێت، ئەویش لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەری بیانییەوە دەبێت، کە کاریگەریی لەسەر ئەو ئەدیبە نێوەندگیرە ( وسیط ) دروست کردووە ( بانگخوازی ئەو ئەدەبە، بۆ ئەوەی پەیامی ئەو نووسەرە بیانییە بە باشی بگەیەنێت و بە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی ئاشنا بکات، پێویستە نێوەندگیر خاوەنی ڕۆشنبیریەکی فراوان و شێوازێکی هونەری بەهێزی داڕشتن بێت )( هلال، ٢٠٠٨، ١١٢ )، لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەو ئەدیبە نێوەندگیرە شارەزایی باشی لە زمانی ئەو نووسەرەدا هەبێت، کە دەیەوێت بە نەتەوەکەی بناسێنێت، چونکە شارەزابوون لە زمان، یەکەم دیاردەی بەردەستە بۆ پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئەو کاریگەرییانەی بەدوا خۆیدا دەهێنێت.

فەیلەسوفی فەڕەنسی ( " ڤۆلتێر " نزیکەی دوو سال لە پایتەختی ئینگلتەڕا و دەوروبەری ژیاوە لە ساڵی ١٧٢٦- ١٧٢٨، هەوڵیدا فێری زمانی ئینگلیزی بێت و هەندێ لە شانۆکانی شکسپیر بینێوە و بە شکسپیر سەرسام بووە.. " ڤۆلتێر " لە لێکۆڵینەوەی شکسپیر قوڵ نەبۆتەوە و تەنیا مەبەستی ئەوە بووە، گەورەیی خۆی لە مەعریفە و زانستی ڕەخنەدا نیشان بدات، بەڵام بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی قووڵیان هەبووە لە دۆزینەوەی شکسپیر لە هەموو وڵاتانی ئەورووپادا )( هلال، ٢٠٠٨، ١١٣ ). لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا، شکسپیر لە وڵاتی خۆیدا بەو شێوەیە نەناسرابوو، وەک لە فەڕەنسا ناسرا.

ب- نووسەر هەوڵدەدات ئەدەبێکی بێگانە بە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی بناسێنێ، یاخود (( بیەوێ نموونەی باڵا و بژاردە، یا تەکنیک و ڕووی هونەری تازە لە ئەدەبی بێگانەوە بگوازێتەوە ناو ئەدەبی نەتەوەکەی. لە سەدەی هەژدەهەمدا ( کارامزین )ی ڕووسی، (جانجاک ڕۆسۆ )ی بە ئەدەبی ڕووسی ناساند ))( گەردی، ١٩٧٨، ٧٤ ). مەدام دی ستایڵ نووسەری فەڕەنسی، توانی ئەدەبی ئەڵمانی بە فەڕەنسییەکان بناسێنێت. لە ڕێگای کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی

ئەڵمانیا ( ١٨١٤ ). ئەم کتێبە کە ناوی ( ئینجیلی ڕۆمانتیکی ) بوو، لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانییەوە، چەندین نووسەر، ئەدەبی ئەڵمانیان ناسی و چێژیان لێ وەرگرت و لاساییان کردەوە ( مادی، ١٠١٢، ٤٩ ). هەروەها ڕابەرانی شیعری ڕۆمانتیکی کوردی لە ڕێگەی زمانی تورکی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەدەبیاتی نوێی ئەوروپییان بە ئەدەبی کوردی ناساند. ئەم جۆرە ناساندنانە پێویستی بە ئامادەسازی و سەردەمێکی گونجاو و فاکتەری یارمەتیدەر هەیە. بۆ ئەوەی نووسەر شارەزایی لە ئەدەبە بێگانەکەدا پەیدا بکات.

### ٢-٤-2-٥ خاوەن بەهرە داهێنەرەکان

ئەم بانگەشانە بۆ بژاردەی خاوەن بەهرەکانە، (( ئەو کەسانەی کە داهێنانە ئەدەبیەکانیان لە فۆرم و بابەتدا پەرە پێدەدەن، دەتوانن تا ئاستی جیهانی ڕزگاریان بێت. ئەو بەهرەمەندانە، کە تێکەڵاوی جیهانێکی ڕۆحی و فیکر و هونەری خۆیان دەبن ))( عبود، ١٩٩٩، ٨١ ). لە ئاکامدا ئەو جیهانە ڕۆحییە لە شێوەی فەلسەفەی ئایدیالی ڕۆحی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، تێگەیشتن لە بەرهەمەکانیان پێویستی بە مەعریفەیەکی باڵا هەیە، چونکە تێگەیشتن لەو جیهانە ڕۆحییە لە ئاست مەعریفەی چەند کەسانێک دایە، تا بەرهەمەکانیان دەگەنە دەست کەسانێکی بە توانا و خاوەن بەهرە و نهێنییەکانی ئەو جیهانە ڕۆحییە ئاشکرا دەکەن و تەواوی خەڵکی بەم بەرهەمانە ئاشنا و سەرسام دەکەن. وەکو کاریگەریی کەسایەتییە ئەدەبییە گەورەکان لەسەر قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەبی.. ( ڤۆلتێر ، ڕۆسۆ ، شیلەر ، بایرۆن ، هۆگۆ... ). ئەو نووسەرانە بە هۆی کارە داهێنەرەکانیانەوە، بە زیندوویی لە بیری مرۆڤایەتیدا دەمێننەوە، بەپێی سەردەم و یەکبوونی بیروڕا و نەتەوە، کۆدەنگی لەسەر هێز و ناوازەیی کارەکانیان هەیە.

شاعیری ناوداری فارسی (عومەری خیام) (( لە کۆتاییەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی دوازدەیەمی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە، لە چوارینە بەناوبانگەکانیدا بە ئازادی گوزارشتێکی

تەسکی ئەم جیهانەی بە دوور لە نەریتی گشتی دەربڕیوە... لە ناو فارسەکاندا ناوبانگی سنووردار بوو لە پێگەی زانستییەوە. نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپی، شیعریەت لەو (چوارینانە) دا وەک دەربڕینێک بۆ ڕۆحی سەردەمی خۆیان دەبینی... یەکەم فەزڵەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری ئینگلیزی ( فتزجیرالد )، کە ئەو (چوارینانەی) ڕێکیخستووە لە چاوی ئەدەبی ئینگلیزییەوەن، نەک فارسی... بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەی چیتر وەفادار ( هاوتا ) نەبێت بە ڕەسەنەکەی ))( هلال، ٢٠٠٨، ٩٦ )، یاخود لەوانەیە هەندێک نووسەر لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان خوێنەری زیاتری بۆ پەیدا ببێت: ( دۆنبارتاس ) شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز کە لە هۆڵەندا بوو ناوبانگی لە فەڕەنسا پەیدا کرد. هەروەها ( گۆتە )ش زۆر پێی سەرسامی بوو، هەروەک ( مۆپاسان ) کە گەورەترین هەواداری بوو (برونیل، بشوا، روسۆ، ١٩٩٦، ٥٨ ). بەرهەمی ئەم خاوەن بەهرانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر تەواوی نەتەوەکانی جیهان هەیە، چونکە تێڕوانینە فیکری و فەلسەفییەکانیان ڕەنگدانەوەی مرۆڤایەتین و بۆ مرۆڤایەتین.

### ٢-٤-2-٦ ڕۆڵی کۆڕ و کۆمەڵ و یانە ئەدەبییەکان

ئەو ڕۆڵەی کە نووسەرێک، یان ئەدیبێک لە داهێنانی ئەدەبیدا دەیگێڕێت گرنگە، بەڵام کاتێک داهێنان لەلایەن پیاوانی خەمخۆرەوە دەکرێت، لەوانەیە زۆر بەهێزتر بێت، کاتێک لە کۆڕ و یانە ئەدەبییەکان کۆدەبنەوە، چونکە کۆڕ و یانە ئەدەبییەکان مەڵبەندی بەیەک گەیشتنی ئەدەبدۆستان و نوێخوازانن، گونجاوترین شوێنن بۆ ئاشنابوون بە تەوژمە ئەدەبییە بیانییەکان، شوێنی کاریگەرن بۆ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی جۆرەها ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و پەڕینەوەی کاریگەریی ئەدەبی لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی دیکە.

کۆنترین یانەی ئەدەبی لە فەڕەنسا ( ڕامبۆ )یە، کە لە ساڵی ١٦٢٤ تاکو ١٦٤٨ لە گەشانەوەدابووە و بووەتە هۆی ئاشناکردنی فەڕەنسییەکان بە ئەدەبی ئیتاڵی و ئیسپانی لە سەردەمی کلاسیزمیدا، هەروەها یانەی ( مەدام لاسا بلێیر ) ڕێگەیەک بوو بۆ کارتێکردنی

ئەدەبی عەرەبی لە ( لاڤۆنتین ). لە سەدەی ١٨ یانە ئەدەبییەکان لە فەرەنسا گرینگیان بە هەردوو ئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانی دا و کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی فەڕەنسی ڕوونکردەوە. بەتایبەتی ئەدەبی ئینگلیزی. ئەمەش زەمینەیی بۆ بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم لە فەڕەنسا خۆش کرد ( هلال، ٢٠٠٨، ١١٦ ). هەروەها لە فەڕەنسا یانەی ( مەدام دی ستایڵ ) لە کۆشکی ( کۆپێ ) لە نێوان ( ١٧٩٥ – ١٨١١ ) بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ دەرگای خۆی بۆ چەند میوانێکی بەناوبانگی نەتەوە جیاوازەکان کردەوە ( مادی، ١٠١٢، ٥٠ ). ئەم یانانە دەورێکی باڵایان نواند لە پەڕاندنەوەی کاریگەری ئەدەبی. ((" ابو المعالی نصرالله "، دەڵێ: بەهۆی ئەو هاندان و ئامۆژگاریانەی کە لە یانە ئەدەبییەکان بەرچاوی کەوتووە " کلیلە و دمنە "ی لە عەرەبییەوە کردووەتە فارسی ))( شوان، ٢٠١٤، ٦٨ ).

لە ئەدەبی کوردیشدا ( کۆمەڵەی زانستی کوردان ) لە سلێمانی ١٩٢٦ کە چەند گەنجێک ( ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و کەریم زانستی و ڕەفیق حیلمی ) دایانمەزراند. ئەم نووسەرانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی، چونکە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتادا ئاوارەی ئەستەمبۆڵ و پایتەختەکانی ئەوروپا بوون، لە ١٩٢٣ – ١٩٢٥ گەڕانەوە کوردستان، ئەم کۆمەڵە و ناوەندە جۆراوجۆرانە و بڵاوکراوەکانیان بۆ دەربڕینی نوێگەریی و تازەکردنەوەی ئەدەبی بوو ( پیربال، ٢٠٠٥، ٣٣ ). هەروەها یانەی سەرکەوتنی بەغدا، کە لە ماوەی سەرەتای شەستەکاندا گۆڤاری ( هیوا )ی دەردەکرد ( گەردی، ١٩٧٨، ٧٩ ). گرووپی ڕوانگە لەساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا دامەزرا و گۆڤاری ( ڕوانگە )یان دەرکرد و ڕۆڵی کاریگەریی گێڕا لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کورد.

## ٢-٤-2-٧ ڕەخنەگر

یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە بەجیهانیبوونی شوێنەوارە ئەدەبییەکان پشتی پێ دەبەستێت ڕەخنەیە. ئەم چالاکییانە پێش ئەوەی کاری ئەدەبی وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانە بیانییەکان دەست پێدەکات، هەندێ جار ڕەخنەگرێک دەبێتە هۆی چالاککردنی بەرهەمێکی ئەدەبی مەیوو، (( دێ بە زمانی نەتەوایەتی خۆی لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ژانرێکی ئەدەبی، یان بابەتێکی هونەری، یان شێوە و قاڵبێکی تایبەت، یان هەستێکی ناسکی بێگانە پێشکەش دەکات و ورد ورد شیدەکاتەوە، هەروەها ئەو ڕەگەزانەش دەست نیشان دەکات، کە بە پێوەری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی، شتی نوێن. ئەو ڕەگەزانەش کە شتی باو و ئاساییین. ئەو هونەر و تەکنیکە نوێیانەش دەوروژێنێ، کە ئەم نووسەرەی کردووەتە نوسەرێکی جیهانی. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەدەبی بێگانە بە ئەدەبی نەتەوایەتی و نوسەری هاوزمانی خۆی دەناسێنێ. جا خوێنەران بێ ئەوەی ئەدەبە بێگانەکە ( بە زمانی ڕەسەن، یان وەرگێڕانەکە ) بخوێننەوە ))( گەردی، ١٩٧٨، ٨٣ ). ئاست بەرزی ڕەخنەکە، وەرگێڕ هان دەدات بۆ وەرگێڕانی بابەتە ڕەخنەیەکەی و خواستی بڵاوکردنەوەیان لا دروست دەکات. لەم حاڵەتەدا ڕەخنەگر ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت، لە دۆزینەوەی کاری ئەدەبی بیانی، کە شایستەی وەرگێڕان بێت و زەمینەش خۆش دەکات بۆ وەرگێڕانەکەیان ( عبود، ١٩٩٩، ١١٤ ). بەم شێوەیە ڕەخنەگر بەشداری لە بەرزکردنەوە و ئاراستەکردنی کاری ئەدەبی وەرگێڕدراو دەکات. دواجار ڕەنگە بەجیهانیبوونی ئەدەبی لێبکەوێتەوە.

## ٢-٤-2- ٨ تەکنەلۆژیا

تەکنەلۆژیا ئامرازێکی زانستی پێشکەوتووی هاوچەرخە. لەم سەردەمەی ئێستادا هەژموونی تەکنەلۆژیا هۆکارە بۆ ئەوەی جیهان ببێتە گوندێکی بچووک، کە مرۆڤ دەتوانێ زۆر بە ئاسانی دەستی بەسەر هەموو زانیارییەکی ئەم گەردوونەدا ڕابگات، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندییەکان و میدیای هاوچەرخ و چاپەمەنی دا.. کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری و کلتور و ئاکاری نەتەوەکان بە ئاسانی بۆ یەکتری بگوازرێتەوە. (( تەکنەلۆژیا بەوە پێناسەکراوە، کە میتۆد و ڕێگایەکی نوێیە، لێهاتوویەکی بەرزی هەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان هەموو بەکارهێنەراندا ))( عاصم، 2013، 232 ). تەکنەلۆژیای سەردەم بە تایبەت کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، دەتوانن خزمەتگوزاری ڕوون و خێرا پێشکەش بە هەزاران نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری بکەن و بەشداربن لە بڵاوکردنەوەی هونەر و ئەدەب و شیعر.

## بەشی سێیەم:

٣-١ ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسی لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

٣-٢ ئەدەبی کوردی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا

٣-٣ ڕۆڵی وەرگێڕان لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

٣-٤ گیروگرفتەکانی بەردەم بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی

٣-٥ لاوازی ڕەخنە لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

## ١-٣ ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسی لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

ڕۆژهەڵاتناسی وەک بوارێکی مەعریفی، جۆرێکە لە دیراسە کردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەلایەن شارەزایانی ڕۆژئاواییەوە، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە دابونەریت و کلتور و کەلەپوری میللەتانی ڕۆژهەڵات، کە لە لایەن لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکانەوە ئەنجامدراون، کە بە ( ڕۆژهەڵاتناس ) ناویان دەرکردووە.

زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی، کە بە عەرەبی دەکاتە ( استشراق ) و بە فارسی ( خاورشناسی ) و بە فەڕەنسی orientaisme، بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی ئەو زانستەی کە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان – لە ئاکامی گەشتەکانی خۆیان بەرەو ڕۆژهەڵات – خۆیان پێوە خەریک کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە میللەتانی ڕۆژهەڵات: نیشتمان، زمان، مێژوو، ئەفسانە، ئەدەبیات، داب و نەریتیان (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ١١ ).

نووسەری دیاری عەرەب د. مەحمود زەقزوق، لە ناساندنی ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسدا، دەڵێت: (( ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لەو زانستەی کە هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتناس بە مانا گشتییەکەی بەسەر هەموو زانایەکی ڕۆژئاواییدا دەچەسپێت، کە سەرقاڵی دیراسەکردنی هەموو ڕۆژهەڵات بێت لە ڕووی زمان و شارستانییەت و ئاداب و ئایینییەکانیەوە ))( زەقزوق، ١٩٩٧، ١٨ ). ڕۆژهەڵاتناسی لە بنچینەدا وەک زانستێکی سەربەخۆ لەلایەن وڵاتە کۆڵۆنیالیزمە ڕۆژئاواییەکانەوە دروستکراوە، بە مەبەستی دیراسەکردنی ڕۆژهەڵات، تاوەکو لایەنە لاواز و شاراوەکانی وڵاتانی کۆڵۆنییالیکراوی ڕۆژهەڵات دەستنیشان بکەن.

(ئیدوارد سەعید) ڕۆژهەڵاتناسی بە نەریتێکی ئیمپریالیستی دەبەستێتەوە و وەک ڕێگە خۆشکەر و بەشێک لە پەیامی داگیرکاری و شەرعیەتدان بە ئەوروپییەکان بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات دادەنێت و بە توندی ڕەخنەی لە کاری ڕۆژهەڵاتناسی دەگرێت و پێیوایە ((

ڕۆژهەڵاتناسی ڕێگاو میتیۆدێکی زانستییە و توانیوییەتی بەردەوام لە خزمەتکردنی ڕۆژئاوادا بێت، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی دەبەستێتەوە بە ئایدۆلۆژی و سیاسەت و لۆژیکی دەسەڵاتی ڕۆژئاواوە، بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژهەڵاتدا ))( سەعید، ٢٠١٨، ٦٩ ). هەندێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە (( لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە بەشێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان هاتنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بزوتنەوەی کۆلۆنیالیزمی و داگیرکردنی ئەم ناوچانە دەرکەوت، ئیدی وڵاتە کۆلۆنیالیزمییەکان کەوتنە خزمەتی ئەو پرۆسەیەوە ))( ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٤١ ). زۆربەی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، کەوتوونەتە لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنەکانی باوەڕ و کلتور و دابونەریت و ڕەوشت و سامانی گەلانی ڕۆژهەڵات.

ڕۆژهەڵاتناسی وەک پسپۆڕییەکی زانستی لەسەدەی حەڤدەهەمدا دەرکەوتووە. (( بەریتانیا پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوو، هەر زوو گرنگی بەڕۆژهەڵاتناسی داوە، یەکەم کورسیی خوێندنی زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٧٣٢ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، پاشان لە ساڵی ١٧٣٨ لە زانکۆی کامبریج چەند کۆرسێکی خوێندنی بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ( عەرەبی، تورکی و هیندی ) دامەزراند ))( حوسێن، ٢٠٢١، ٤٧ ). ئەمەش سەرەتایەک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستنووس و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان. هەروەها (( لە ساڵی ١٧٧٤یشدا، کۆلیژی شاهانە College Royal لە فەڕەنسا، بەشێکی تایبەتی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی کردەوە و ژمارەیەک مامۆستای ڕۆژهەڵاتی و زمانزانەکانی بۆ وتنەوەی ئەو زمانانە تەرخانکرد.. پاشان لەساڵی ١٧٩٥دا قوتابخانەیەکی تایبەت بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەناوی قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان Ecole des Langues Orientales لە پاریس دامەزرا، فارسی و تورکی و عەرەبی تێدا دەخوێنرا ))( پیربال، ٢٠٢٠، ٢٦ )، ئەم هەوڵەی فەڕەنسا بە هەوڵێکی نوێتر دادەنرێت، چونکە دامەزراندنی قوتابخانە و تایبەتکردنی مامۆستا بۆ وتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان گرینگیدان بوو بە ڕۆژهەڵات.

له چارەکی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم بەملاوە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بۆ فێربوون و دەرس گوتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووسیا دەستی پێکردووە، (( لە ساڵی ١٧٢٤ ئەکادیمیای زانستی لە پیترسبۆرگ بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی دامەزرا و لە ساڵی ١٧٢٧ ئەکادیمییەکە ڕۆژنامەی ( پیترسبۆرگ )ی بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە، کە بەشێک لە پەڕەکانی تەرخانکردبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵات ))( الساموک، ٢٠٠٣، ٦٦ )، دواتریش لە ساڵی ١٨١٨شدا ئەکادیمیای زانستی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی بووە مەڵبەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی، لە ئاکامدا ناویان نا ( ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ) سەر بە ئاکادیمیای سانت پیترسبۆرگ بوو، دواتر بووە مەڵبەندێکی کوردناسی لە ڕووسیا ( پیربال، ٢٠٢٠، ٥٢ ).

وڵاتی ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٨٨٧ یەکەم پەیمانگای تایبەت بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دامەزراند، کە ئەرکی بەدەستهێنانی زانیاری بوو دەربارەی زمان و کلتوری گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ( زقزوق، 1997، 47 )، جگە لەمانەش وڵاتانی تری وەک ئیتالیا و ئەمریکا و هۆڵەندا ڕۆژهەڵاتناسیان ناردۆتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی زمان و کلتوری میللەتانی ڕۆژهەڵات دەست پێکردووە.

توێژینەوە لە کورد لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە، هەر لەسەدەی هەژدەوە دەستی پێکردووە، هەرچەندە (( ئەم توێژینەوانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان زیاتر لە چوارچێوەی توێژینەوەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی لەسەر بنەمای زمانی زیندووی میللی و کەرەسەی فۆلکلۆر بووە، بەڵام بەرهەمی ئەدەبی نووسراو نەکەوتووەتە بەر دیدە و نەبۆتە جێی بایەخی توێژەران، هەروەها ئەو زانیارییانەی دەربارەی کەلەپور و کلتوری کورد پێیان گەیشتوون هەر زۆر لاوازن ))( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣١ )، کەواتە لە سەدەی هەژدەهەمدا لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان زیاتر دەربارەی مێژوو و جویۆپۆلیتیکی کوردستان و ژیان و نەژاد و زمانی کوردی بوون، کەمتر بە لایەنی ئەدەبیدا ڕۆیشتوون.

هەروەها بەرهەم و کتێبە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەشێوەیەکی گشتی تا سەدەی نۆزدەهەم بەشیکی دەگمەن و زۆر کەمیان تەرخان کراون بە کورد. هۆی ئەمەش دیارە ئەوەیە، کە کورد بەپێچەوانەی عەرەب و تورک و فارس، هەرگیز دەوڵەتێک، یان قەوارەیەکی سەربەخۆی بە ناوی خۆیەوە نەبووە، هەمیشە لە چوارچێوەی چەند ویلایەتێکی جۆراوجۆری سەر بە دەوڵەتێکی فارس و عەرەب و تورکدا ژێردەستە ژیاوە، یانیش بەسەر چەند میرنشینێکی سەر بەو دەوڵەتە غەیرە کوردانەدا دابەش کراوە و لەژێر ناوی هۆز و عەشیرەت و گروپێکی ئەتنیکی ناوی هاتووە، نەک وەک نەتەوەیەکی خاوەن وڵات ( پیربال، ٢٠٢٠، ٣١ )، لە لایەکی تریشەوە، فرە دیالێکتی زمانی کوردی و دووری ناوچەکانیان لە یەکترەوە، هۆکارێکی ترە، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان نەیانتوانیوە، وەک پێویست لێکۆڵینەوەی واقیعی و شایستە سەبارەت بە کورد پێشکەش بکەن، بۆیە (( سەرچاوەکانی کوردناسی تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم؛ تەنیا بریتین لەو لاپەڕە دەگمەن و پرژ و بڵاوانەی کە لە کونجی کتێبی هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، کە لەبارەی ویلایەتەکانی سەر بە دەوڵەتی فارس و عوسمانی و عەرەب لەبارەی کورد نووسیویانە. هیچ کتێبێکی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتناسی تایبەت بە کوردستان لەبەردەستدا نییە، مەگەر تەنیا کتێبێکی دەگمەنی وەک کتێبی ( ڕێزمان و موعجەمی زمانی کوردی )ی قەشەی ئیتالی، ( گارزۆنی ) نەبێ کە لە ١٧٨٧دا لە ڕۆما لەبارەی زمانی کوردی بڵاوی کردۆتەوە و کوردناسەکان پێی دەڵێن: ( باوکی کوردناسی و دامەزرێنی زانستی کوردۆلۆژی ))( پیربال، ٢٠٢٠، ٣٢ )، هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٨٥١ – ١٨٦١دا میسیۆنێری ئەمریکی ( ڕیا Rhea ) لەناو کوردەکانی هەکاری دا ژیاوە بە چاکی فێری زمانی کوردی بووە و لە ساڵی ١٨٧٠ دا کتێبی ( دەستووری زمانی کوردی و فەرهەنگی هەرێمی هەکاری ) داناوە، کە بە کارێکی بەنرختر هەژمار دەکرێ، لەچاو کارەکانی پیش خۆی ( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٨٨ ). بەم جۆرە دەیان کوردناس لە ئیتاڵیا و ڕووسیا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و فەڕەنسا، توانیان تەکانێک بە زانستی کوردناسی بدەن و بەرەو پێشی ببەن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆشنبیری ئەرمەنی ( خاچاپۆر ئابۆڤیان )؛ دوو وتاری گرنگ و بەنرخی زانستی لەسەر کورد نووسی، وتاری یەکەم بەناوی ( کورد ) بۆ (( یەکەمجار لە ڕۆژنامەی ( قەفقاس ) لەساڵی ١٨٤٨ بڵاوکرایەوە و وتاری دووەمی ( یەزیدی ) دیسانەوە هەر لەو ڕۆژنامەیەو لەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە. لەم وتارانەدا ( ئابۆڤیان ) بە شێوەیەکی فراوانتر دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی نەژادی کورد و ئەدەب و فۆلکلۆر و زمانی کوردی، بیروڕاکانی جێگای بایەخن و سەرنجی زانایانی ئەوروپی ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی لە ئەدەبی میللی کوردی بکۆڵنەوە ))( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩٦ ). لە دوای لێکۆڵینەوەکانی ( ئابۆڤیان ) لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی بەشێوەیەکی قوڵ و فراوان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسی و ئەوروپییەکانەوە دەست پێدەکات.

چلچرای ڕۆژهەڵاتناسانی دیاری وەک ( ئا. ژابا، م. هارتمان، پ. لێرخ، ڤ. دیتێل، ئا. لێکۆک، دواتریش ن. یا. مار ویی. ئا. ئۆربیلی )، دواتریش ( ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ) بنەمای توێژینەوەی ئەدەبی کوردییان دانا. هەریەکە لەمانە کەم تا زۆر لەم بوارەدا جێ دەستیان دیارە: هەندێکیان – دەستنووسیان بڵاوکردووەتەوە، ( م. هارتمان )، بەشێکی دیکەیان – دەستنووس و گەواهییان کۆکردۆتەوە، هەندێکیشیان ڕایان دەربڕیوە ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٤ )، هەر یەکەیان ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە کۆکردنەوە و پاراستنی بەرهەمی ئەدەبی کوردی.

ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بایەخێکی زۆریان بە کوردناسی داوە، تەنانەت ( یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربیلی )، پێیوایە: (( هیچ زانستێکی تری کوردناسی ئەوەندەی زانستی کوردناسی سۆڤیەتی، بایەخی بە کوردناسی نەداوە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لە کوردیان کۆڵیوەتەوە ڕووس بوون. ڕووسەکان بە دڵکراوەیی و بێ مەبەست لە زمان و کلتورییان کۆڵیوەتەوە ))( محەمەد، ٢٠٠٨، ٢٤ ). لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە دابونەریت و کلتور و خووڕەوشتی کورد، دەوڵەتی ڕووسیا زانا و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی دەنارده

ناوچەکانی کوردستان و هەرێمەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەکارەکانیاندا زیاتر بایەخیان بە زمان و فۆلکلۆر و کۆکردنەوەی دەستنووسە ئەدەبییەکان داوە.

ئەو ڕۆژهەڵاتناس و زانایانەی کە لە کوردییان کۆڵیوەتەوە، لە وێنەی (( دیتێل، پ. لێرخ، ئەلکساندەر ژابا، مینۆرسکی، یۆ. ئە. یۆربیلی... ) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەرکیان بەوە کردووە، کە میللەتی کورد دەستنووس و بەرهەمێکی زۆر و بەنرخی هەیە و خاوەنی ئەدەبی سەربەخۆ و دەوڵەمەندی خۆیەتی ))( محەمەد، ٢٠٠٨، ١٨ ).

زانای ڕووس ڤ. دیتێل یەکێک بوو لە زانا و پسپۆڕەکانی لێکۆڵینەوە لە نەتەوەکانی قەفقاس، لە گەشتەکەی بە قەفقازدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، سەرسام بووە بەوەی کە زانیویەتی کوردەکان خاوەنی ئەو ئەدەبە ڕەسەنە دەوڵەمەند و سەربەخۆیەن، بێجگە لە ئەدەبی زارەکی خاوەنی ئەدەبێکی نووسراوی فراوانن، کوردەکان ئەدەبی خۆیانیان هەیە، ئەدەبەکەیان بەشێکی ڕەسەنە و ئەوی تری لەسەر بنەمای ئەدەبی فارسییە، گەلێک ناوی درەوشاوەی شیعر و مێژووییان هەن ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣١ ). دیتێیل پێیوایە، ئەدەبیاتی کوردی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسیدایە. ئەو کاریگەرییەش بە ئاشکرا بە ئەدەبەکەیانەوە دیارە، هۆکارەکەشی بۆ نزیکی زمانی کوردی لە فارسی دەگەڕێنێتەوە.

کوردناسی بەناوبانگی ڕووس ( پیۆتر لێرخ ) شوێنێکی دیاری لە مێژووی کوردناسیدا هەیە، (( لێرخ لە کتێبی ( لێکۆڵینەوە لە کوردی ئێران و باپیریان لە خالیدییەکانی سەروو ) لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێ تیکستی لە زمانی کورد وەرگرتوون، هەندێ چیرۆکی زمانە جیاوازەکانی ئەوروپاشی تەرجەمەی کوردی، نرخی ئەم تێکستە وەرگیراوانە لەوە دایە، کە لێرخ ویستویەتی پلە و گۆڕانی زمانی کوردی دەربخات، هەروەها دەیەوێت دەوڵەمەندی و فراوانی زمانی کوردیش بخاتە ڕوو.. تێکستی کوردی لە کتێبی لێرخ دا وێنەیەکی ڕاست و ڕەنگ دانەوەیەکی زمانی کوردییە بە هەموو شێوەکانییەوە ))( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩٨ ).

هەروەها لێرخ، بەشێوەیەک ڕادەی کاریگەریی ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی و پابەندیی ئەدەبی کوردی پێیەوە بە زیادپێوەنانەوە باسکردووە، بەشێوەیەک، کە دەچێتە خانەی گومانەوە، لەسەر سەربەخۆیی ئەدەبی کوردی. لێرخ بە ڕاشکاوی، دەڵێت: (( کوردەکان ئەدەبی سەربەخۆیان گەشەی نەسەندووە، چونکە ئەوان نەیانتوانیوە یەکبگرن و سەربەخۆبن، بەڵام لەبەرئەوەی زرنگ بوون و سەرەدەرییان هەبووە، هەندێک کەسایەتییان توانیویانە شارەزایی و خوێندەواریی دراوسێکانیان ببن.. ئەو گەلانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەی هۆشی کورد هەبووە، عەرەب و فارس و تورک بوون ))( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٢ ). لە ڕاستیدا ئەدەبی کوردی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا گەشەی کردووە، بەڵام سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، شاعیرانی کورد توانیویانە بە زمانی کوردی شیرین بەرهەمی شیعری خۆیان پێشکەش بکەن. ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی ئەدەبی کوردی سوود لە ئەزموونی گەلانی تر وەربگیرێت.

ڕۆدێنکۆ ئەم بۆچوونەی لێرخ ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت؛ (( ئەدەبی کوردی بە ڕێگای سەربەخۆی خۆی گەشەی سەندووە. تەنانەت لە دانانی بەرهەمی ئەدەبی سوژێتی وەرگێڕاوی وەک ( لەیل و مەجنوون، یوسف و زولێخا، شێخی سەنعان )دا. شاعیرە کوردەکان توانیویانە سیمایەکی نەتەوەییانە بدەنە پاڵەوانەکانیان، گیان، بوون، دنیابینی و سایکۆلۆجییەتی گەلەکەیان تێیاندا بئافرێنن ))( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٣ )، بێگومان، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کورد کەسانی بەهرەمەندی بەتوانا و هەڵکەوتووی هەیە، کە توانیویانە لەکاتی وەرگێڕانی بەرهەمی نەتەوە دراوسێکانیشیاندا بۆ سەر زمانی کوردی مۆرکێکی نەتەوەیی بەو بەرهەمانە بدەن.

دەوری گەورە و دەگمەن لە مێژووی توێژینەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زانا و ڕۆژهەڵاتناس و کونسوڵی ڕووس لە ئەرزەڕووم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، (ئالیکساندەر ئاڤگوست دیمینتێڤیچ ژابا )، توێژەری بەهرەدار و دەستپێشخەر و کۆکەرەوەی دەستنووسە کوردییەکان. چالاکی ئەم زانایە لە بنەڕەتەوە ئەو بۆچوونە ناڕاستەی هەڵتەکاند،

که کوردی وەک گەلێک ئەدەبی نووسراوی نەبووە و بێ توانا لە بواری بەرهەمی کلتوریدا لە قەڵەم دەدا ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٢ ). لەم ڕووەوە ئا. ژابا ڕۆڵی لە هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی، کە هاتوونەتە کوردستان بەرزتر بووە و بە چاوی ڕێزەوە لە بەهای بەرزی هونەری ئەدەبی زارەکی و نووسراوی کوردی ڕوانیوە.

ئالیکساندەر ژابا Alexandre Jaba ( ١٨٠٣ – ١٨٩٤ ). وەک ڕۆژهەڵاتناسێک و کوردناسێکی ڕووس، هەروەها وەک دیپلۆماسێک، هەرچەندە شتێکی کەم لە بارەی بیۆگرافی ئەو دەزانرێ. بەڵام (( ئۆگوست ژابا ) بە ڕەچەڵەک وەک ( خۆدزکۆ ) پۆڵۆنییە، بەڵام بە کەسایەتی و ناسنامەی ڕووس ناسراون. ژابا لە ساڵی ١٨٠١ لە لیتوانیا لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی پیشە سوپایی لەدایکبووە ))( عومەر، ٢٠١٢، ٣٢٨ ). ژابا هەر لەسەرەتاوە لەناو سوپادا کاری دبلۆماسی کردووە. (( لە ١٨٢٦ خوێندنی باڵا تەواو دەکات و لە ساڵی ١٨٣٠ دەبێتە وەرگێڕی زمانی تورکی لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ( یافا ). لە ساڵی ١٨٤٨ دەبێتە کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم و لەوێ خۆی فێری کوردی دەکات.. ئالیکساندەر ژابا پۆڵۆنی و ڕووسی و تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و کەمێکیش عەرەبی و کوردی و فارسیشی زانیوە. ژابا لەمەڕ شارەزایی خۆی لەبارەی زمانی کوردی، لە نامەیەکدا، کە بۆ ( بێرنهاردت دۆرنی ) ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیی نووسیوە، دەڵێ: ( من بە ڕادەیەکی ئەوتۆ زمانی کوردیم خوێندووە و فێری بووم، کە بتوانم خۆم خەریکی کارکردن و وەرگێڕان بم ))( پیربال، ٢٠٢٠، ٣٧ ).

( ژابا ) لە ( ١٨٤٨ تا ١٨٦٦ ) دەبێتە کونسوڵی ڕووسی لە ئەرزەڕۆمی وڵاتی عوسمانیدا، بەڵام بە کاری ڕاوێژکاری دەوڵەتی. هەر لەو کاتەدا ئەکادێمیستی ئەڵمانی ( بێرنهاردت دۆرن ) پێشنیار بۆ کونسوڵ ژابا دەکات، کە دەست بە کۆکردنەوەی کەرەسەی زمانی کوردی و توێژینەوە بکات. ئەمیش بەوپەڕی ئامادەییەوە پێشنیازەکە قبووڵ دەکات. بەخت یاری دەبێت و کوردێک دەناسێت، ئەویش مەلا مەحموودی بایەزیدی ( ١٧٩٩ – ١٨٦٧ ) بووە و

یارمەتییەکی بێوێنەی ( ئا. ژابا ) دەدات لە فێربوونی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی و کۆمەڵە دەستنووسە کوردییە بەهادارەکاندا ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٥ )، ئالیکساندەر ژابا و مەلا مەحموودی بایەزیدی، زۆر کاری هاوبەش و بەرهەمداریان بەیەکەوە کردووە، ئەم کارکردن و دۆستایەتییەی نێوانیان لەبەر هەر مەبەستێک بوو بێت، بەڵام کۆکردنەوەی ئەم کەرەستە فۆلکلۆری و دەستنووسە ئەدەبییانە بوونەتە گەنجینەیەکی بە نرخی مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەهەم. (( لە سایەی کاری هاوبەشی ژابا و بایەزیدی ئەمڕۆ ٤٤ دەستنووسی پەخشان و چیرۆک و زمانەوانی و مێژووی کوردەواری، بە زمانی کوردی – کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسراون .. ئەم بەرهەمانە بەسێ دەستنووس لە نامەخانەی گشتی شاری ( سانت پیترسبۆرگ ) هەڵگیراون. کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانە لەسەر داخوازیی کارگێڕی مۆزەخانەی ئاسیا ( لە دوواییدا ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ب. ئا. دۆرن ). کۆکراوەنەتەوە ))( پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٦٢ ). ژابا ئەم دەستنووسانەی بەهاوکاری مەلا مەحموودی بایەزیدی کۆکردۆتەوە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون، تا ئێستاش تاکە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەهەمن.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو دەستنووس و نووسراوانەی مەلا مەحمودی بایەزیدی دەکەین، کە پێشکەشی ( ژابا )ی کردوون. کتێبی ( جامع یی ڕیسالیان و حیکایتان ب زمانی کورمانجی ) چل چیرۆکی کوردییە لە لایەن بایەزیدییەوە نووسراوە، ژابا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زانین و زانیارییە لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی خێڵەکانی کوردستان کە لە لایەن دانەر کۆکراوەتەوە و لە شاری سان پێترسبۆرگ لە ساڵی ١٨٦٠ چاپکراوە. دەستنووسەکە لە ساڵی ١٨٦٧ پێشکەش بە ئەکادیمیای شاهانە کراوە، بایەزیدی لەم کارەیدا وەک شارەزایەکی بێوێنەی خووڕەوشت، دابونەریت و کلتوری کورد دەردەخات ( عومەر، ٢٠١٢، ٣٣٢ )، هەروەها چەند وتارێکی لەو بەرهەمە کۆکراوانە و نووسینەکانی ( مەلا مەحمودی بایەزیدی ) لە ( پیتەرسبۆرگ ) بڵاوکردەوە، (( لە یەکێ لەو وتارانەدا، کە دەتوانرێ

به یەکەمین وتاری ئەدەبی و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی دابنرێ، مەلا مەحمودی بایەزیدی زانیاری لەبارەی (٨) شاعیری کرمانجی سەروو تۆمارکردووە، بایەزیدی لە پێشەکی ئەو وتارەدا، دەڵێت: ( ڕیسالەیەکە د بەحسا شاعیر و موسەنفێد کوردستانێ کو ب زمانێ کورمانجیە، جه و کتێب و شعر و حیکایەتا و قسەیێد وان بەیان دکە ). کە ئەمانەن: عەلی حەریری، مەلای جزیری، فەقێی تەیران، مەلای باتەیی، ئەحمەدی خانی، ئیسماعیل بایەزیدی، شەرەفخان و موڕادخان بایەزیدی ))( چالی، ٢٠٠٨، ٥١ ).

بەرهەمێکی تری دەربارەی ڕێزمان، ( صفحة صبیان )ە، کە کتێبێکی فێرکارییە بۆ منداڵان، بایەخێکی دیاریکراوی هەیە، کە مەلا مەحموودی بایەزیدی ئامانجی لەم کارەی فێرکردنی منداڵانی کورد بووە لە حوجرەدا، لەم ڕوانگەوە بایەزیدی درێژەپێدەری نەریتی نایابی هومانیست و ڕۆشنگەری گەورەی سەدەی حەڤدە ئەحمەدی خانییە ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٧ ). ئەمیش لای وا بوو، تەنها وتنەوەی قورئان بە منداڵانی حوجرە و فێرکردنی زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی بەس نەبێ، بەڵکو پێویستە منداڵی کورد فێری زمانە دراوسێکانی بێت. لەم کارەیدا ڕێچکەی ( خانی )ی گرتووە، کە پێشتر خانی فەرهەنگی ( نەوبارا بچووکان )ی دانابوو، کە ( فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی )یە، بەمەبەستی فێربوون و ئاشناکردنی منداڵی کوردە بە زمانی عەرەبی.

هەروەها کۆمەڵێ بەرهەمی تر بەرچاو دەکەون، لەوانە: ( مەم و زین – ١٨٥٦ )، (( چیرۆکی لەیلا و مەجنوون ( ١٨٥٩ ). ( تەرجەمە کورتەکەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی بۆ کرمانجی، بە ناونیشانی تەواریخی قەدیمی کوردستان، لە ١٨٥٨دا لەلایەن بایەزیدییەوە کراوە ). دانان و بڵاوکردنەوەی قامووسێکی کوردی – فەڕەنسی بە ناونیشانی Dictionnaire Kurde- Francais کە لە ساڵی ١٨٧٩دا لە سانت پیترسبۆرگ بڵاوکراوەتەوە ))( پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٤٠ )، هەروەها ساغکردنەوە و دانانی چەندین بەرهەمی تر.

سەرەڕای ئەمانە بایەزیدی گەلێک بەرهەمی جیا جیا و نموونەی فۆلکلۆری لە زمانی فارسی و تورکییەوە وەرگێڕاوە، وەکو: (( بەرگی یەکەمی ( شەرەفنامە )، ڕازی میللی فارسی، ئەفسانە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی تورکی – کردوونی بە کوردی، بێجگە لەمانەش بە قەڵەمی بایەزیدی پێشەکی بۆ هەندێک بەرهەم نووسراون، وەک: ( ڕێزمانی عەلی تەرەماخی، بەرهەمێکی ( ئا. ژابا ) دەربارەی دیالێکتۆلۆگیا ). و پەخشانە پۆیەمای ( لەیل و مەجنوون )ی شاعیری کوردی سەدەی هەژدە – حارسی بتلیسی. بەشێکی زۆری کۆمەڵە دەستنووسەکەی ئا. ژابا، بەخەتی بایەزیدی نووسراوەتەوە ))( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٣٨ ). هەموو ئەو دەستنووس و نووسراوانەی مەلا مەحموود و ئەلکیکساندەر ژابا، وەکو ئاماژەیان پێدراوە لە دەزگا زانستییەکانی لینینگراد هەڵگیراون.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی قونسوڵی ڕووس ( خۆدزکۆ ) لە پاریس بکەین، (( خۆدزکۆ ) توێژینەوەیەکی زمانناسی زمانی کوردی ( شێوەی سلێمانی )، کە لە گۆڤاری ئاسیاوی ساڵی ١٨٥٧ بڵاوکردۆتەوە ))( ئۆسکارمان، ٢٠١٤، ١٥ ). ( خۆدزکۆ ) زانیارییەکانی توێژینەوەکەی بەهۆی ئەوەی ناسیاوی لەگەڵ ( ئەحمەد پاشای بابان ) لە پاریس پەیداکردووە ( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩٩ ). ڕووسەکان لە ڕێگەی قونسوڵ و ڕۆژهەڵاتناسەکانیانەوە مەبەستیان بووە، گرنگی تەواو بە زمان و ئەدەبی کوردی بدەن.

درەوشاوەترین نموونە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی گەورە و بەناوبانگ و ئەکادیمی، (( یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربیلی )ە، یەکەم ڕۆژهەڵاتناسە، کە لایەنی فیکری و ناوەڕۆک و ئاستی هونەریی بەرزی ( مەم و زین )ی نیشاندا و دەریخست، کە لەسەر بناغەی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی نووسراوە، هەموو کاتێک ئەوەی سەلماند، کە هەمیشە پەیوەندییەکی ئۆرگانی دوولایەنی بەردەوام ( کەوتنە بەر تەئسیر و کارتێکردن ) لە نێوان فۆلکلۆر و گشت ئەدەبێکی نووسراوی ڕەسەندا هەیە ))( محەمەد، ٢٠٠٨، ١٦- ٢٠ ). لەڕاستیدا، بۆچوونەکانی ئۆربیلی

دووپاتکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە کورد خاوەنی ئەدەبی نووسراو و ڕەسەنی خۆیەتی و بناغەی ئەو ئەدەبەش فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردییە.

لێکۆڵینەوە لە کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕووسیا بەناوی زانای ڕووس ( مینۆرسکی )یەوە بەستراوەتەوە، ڕۆهەڵاتناسی گەورە و بەناوبانگ، کارێکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەی ئێرانناسی و تورکناسی و عەرەبناسی و کلتوری نەتەوەکانی قەفقاس کردووە، تا ئێستا بایەخێکی تەواوی داوەتە مەسەلەی کورد و لێکۆڵینەوە لە مێژووی کلتوری کورد و بووە بە سوارچاکێکی مەیدانی کوردناسی. مینۆرسکی دەستی داوەتە هەموو بەشەکانی کوردناسی ( خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٠١ ). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر کورد کراون لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکانەوە ئەنجام دراون.

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەری ئەڵمانی ( ئۆسکارمان )، لە ساڵی ١٩٠١ ەوە، تا ساڵی ١٩٠٣ لەسەر فەرمانی ئیمپڕاتۆری دەوڵەتی ئەڵمان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانە ئێرانییەکان، ڕووی کردۆتە ئێران و لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی سەفەرەکەیدا و لە ژێر سێبەری یارمەتی خاوەن شکۆ ( موزەفەرەدین شا )ی حاکمی ئەوسای ئێران و لە ژێر چاودێری تایبەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان خەریکی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە بوو لە زمان و فۆلکلۆری کورد. ئەو کەرەستانەی لە ناوچەی موکریان کۆی کردوونەتەوە بە یارمەتی گۆرانی بێژ و شاعیری میللی کورد ( میرزا مەجید و ئاوڕەحمان بەکری سابڵاغی ) بوو، ئەم تێکستە کۆکراوانەی ئۆسکارمان، بە چەند دیالێکتێکی زمانی کوردین و بەشێکی زۆریان بە دیالێکتی کوردی ناوەڕاستی ناوچەی موکریان نووسراونەتەوە. ( ئۆسکارمان ) لە ساڵی ١٩٠٥ ئەو تێکستانەی کۆی کردوونەتەوە، لە شێوەی کتێب و بە ناونیشانی ( تحفه مظفریه ) پاشان بە زمانی ئەڵمانی چاپکردووە و خۆیشی پێشەکییەکی درێژی بۆ کتێبەکەی نووسیوە. دیارە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام نەدەدرا ئەگەر هاوکاری و چاودێری خاوەنشکۆی شاهەنشای ( موزەفەرەدین شا )ی وڵاتی ئێران نەبا، هەر بۆیەشە ئەم بەرهەمەی خۆی بەناوی شاهی ئێرانەوە ناو ناوە، ئۆسکارمان خۆی

له دیباجەکەدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: (( ئەوەتا بەرهەمی لێکۆڵینەوەی خۆم کردە کتێبێک و بەناوی بەرزی پادشا، ئەمجا ڕازاندمەوە و ناوم نا ( تحفە مظفریە ))( ئۆسکارمان، ٢٠١٤، ١٢-١٦ ). ئوسکارمان لەم بەرهەمەیدا چەند چیرۆکێکی ئەفسانەیی پەخشان ئامێز و بەیت و چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناو خەڵکی تۆمارکردووە. دیارە بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی ئۆسکارمانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە و ئەو حەز و خولیایەی لا دروستکردووە، کە بەدوای بەیتی مێژوویی و بەرهەمی فۆلکلۆری کوردیدا بگەڕێ.

هەروەها کۆمەڵە بەرهەمێکی کۆکراوەی فۆلکلۆرییانە لەلایەن زانایەکی تری ئەڵمانەوە ( هۆگۆ ماکاش ) ئامادە کراوە. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لەشاری ( هایدیلبیرگ ) لەساڵی ١٩٠٠ بڵاو کرایەوە، کەچی لەپاش زیاتر لەچارەکە سەدەیەک، لەساڵی ١٩٢٦ لەسانت پیترسبۆرگ بەشی دووەمی بڵاوکرایەوە بە یارمەتی و دڵسۆزی زانای ڕووسی ئەرمەنی نەژاد و ڕۆژهەڵاتناس ( ئا، ئۆربیلی )ەوە بووە. ئەم تێکستانە لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم لەلایەن ( هۆگۆ ماکاش )ەوە تۆمارکرابوون. هۆگۆ ماکاش کارێکی بچووکی پێ سپێررا بوو لە نامەخانەی زانستگای ( ڤیەن )، لە کاتی خۆیدا لە شاری ( برنۆ ) تێکستی کوردی لە زمانی بازرگانی کوردەوە ( محەمەد ئەمین ) تۆمار کردبوو، بەشێوەی ناوچەی ماردین. لە کۆمەڵە کۆکراوەکەدا حیکایەتی ئامۆژگاری و پەندو نەسیحەتی بە نرخ کۆکراونەتەوە لەگەڵ گۆرانی جیاواز، هەموو ئەم تێکستانەش گۆڕاونەتە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەوەی نرخی ئەم کۆکراوانەی زیاد کردووە ئەوەیە نۆتەی مۆسیقی هەندێ لە گۆرانییە کوردییەکانیش تۆمار کراون ( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩١ ).

لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەڵمانی ( مارتن هارتمان ) بەهاوکاری باڵیۆزی ئەڵمان لە ئەستەنبووڵ و ڕاوێژکاری باڵیوزخانەی ئەڵمانیا ( هایس ) دەستنووسێکی گەورەی لە بەرهەمی شاعیران و کاری فۆلکلۆری کوردی بە دیالێکتی کرمانجی کۆکردۆتەوە. دەستنووسەکە، یاخود کەشکۆڵەکە جگە

له دیوانی مەلای جزیری ئەم کارانەشی تێدا تۆمار کرابوو؛ لەوانە چیرۆکی شیعری ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ( نامەی پزیشکی مەلا محەمەدی ئەروازی ) و ( لێکدانەوە لەسەر وشەی عەرەبییەکانی نۆباری ئەحمەدی خانی و عەقیدەی ئەحمەدی خانی و.. ) هەروەها هارتمان هەولێکی زۆریدا بەشێک لەو دەستنووسە بڵاو بکاتەوە ( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩١ ). ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٠٤ دیوانی مەلای جزیری لە بەرلین بە قەبارەی ( ٤٠٠ لاپەڕە ) بەچاپی گەیاند و بڵاوی کردەوە ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ١١٦ ).

لە ساڵانی چلی سەدەی بیستەمدا نامەخانەی کتێبی کوردی بە کتێبی تازەی بەنرخ دەوڵەمەند بوو، لە (پاریس) و لە پاشان لە (بەیروت) دوو کتێبی ئەدەبی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی فەرەنسی ( ڕۆژێ لیسکۆ )وە بڵاوکرایەوە. (( کتێبی یەکەم ( تێکستی کوردی ) لەساڵی ١٩٤٠ بڵاوکرایەوە، کە بریتی بوو لە کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆری کوردی بەشێوەی کرمانجی سەروو، وەک حیکایەت و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، لەگەڵ گۆڕینی تێکستەکان بۆ زمانی فەڕەنسی. کتێبی دووەمیش بریتی بوو لە تێکستێک لە تێکستەکانی ( مەم و زین – مەمەی ئالان )ی فۆلکلۆری لەژێر ناوی ( مەمی ئالان )، دەبێ ئەوە بوترێ لەم کارەیدا، جەلادەت بەدرخان یارمەتی لیسکۆی داوە ))( خەزنەدار، ٢٠٠١، ٩٣ ).
( مێجەر سۆن )، وەک کەسایەتییەکی سیاسی و موخابەراتی بەریتانی خزمەتی بەسیاسەت و ستراتیژی وڵاتەکەی کردووە، لە هەمانکاتدا ئەو یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدانەی کەخزمەتێکی گەورەی بەبوارەکانی ئەدەب و زمان و کلتور و ڕۆژنامەنووسی کوردی کردووە. ( سۆن ) هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی بووە و هەر بەم خولیایەوە، ساڵی (١٩٠٢) سەفەری ئێران دەکات و خۆی فێری زمانەکانی فارسی و کوردی دەکات و ساڵی (١٩٠٧) بۆ ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلستان، ئەمجارە لە لەندەن بەناوی خوازراوی (غوڵام حوسێن شیرازی) گەشتە بەناوبانگەکەی لەئەستەنبۆڵەوە دەست پێدەکات و هەموو پارچەکانی کوردستان بەسەر دەکاتەوەو زانیاری ورد لەسەر مێژوو

و جوگرافیاو دابونەریتی گەلی کورد کۆدەکاتەوەو هەموو ئەوانە لەدوو تویی کتێبە بەناوبانگەکەی ( گەشتێکی شاراوە بۆ وڵاتی میسۆپۆتامیاو کوردستان ) لەساڵی (١٩١٢) بڵاوکردۆتەوە( سۆن، ٢٠٠٧، ١٦-١٧ ). (مێجەر سۆن) لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخی بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی داوە.

مێجەر سۆن، لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەدەبی کوردی ناتوانێ بەرامبەر ئەدەبی ئەو دوو هێزە مەزنە ( فارس و عەرەبی ) بوەستێ، بەڵام وێڕای ئەو واقیعە ڕابەرانی ئەدەبی کوردی توانیویانە بناغەی ئەدەبی کوردی دابمەزرێنن. هەروەها ناوی شاعیرانی وەک بابا تاهیری هەمەدانی و عەلی تەرەماخی و مەلای جزیری و خانی... دێنێ .. پێیوایە ڕۆڵی مەزنی ئەدەبی کوردی لەگەڵ هەستی نەتەوایەتیدا گەشەی کردووە. هەروەها ( سۆن ) لە باسی سلێمانیدا، دەڵێت: ( ئەم شارە چەندین شاعیری تیا هەڵکەوتووە و خزمەتی ئەدەبی کوردییان کردووە )، لە هەمانکاتدا ( نالی ) بە باشترین شاعیری سلێمانی ناوبردووە. سۆن لەو باوەڕە دایە شیعری کوردی سلێمانی ناسک و ئەفسووناوییە، وەرگێڕاندنیشی جوانییە ڕەسەنەکەی لەدەست دەدات، چونکە جوانی ئەو پارچە شیعرانە لەسەر ڕەوانبێژی زمان بەندە. هەروەها ئاماژەشی بەوە داوە، کە شاعیرانی کوردی سلێمانی چێژ لە شیعری فارسی دەبینن، بۆیە هونەرەی شیعری فارسی لە شیعرەکانیاندا ڕەچاوکراوە. هەروەها شیعری کوردی لەگەڵ شیعری فارسی بەراورد دەکات و دەڵێت: ( زۆربەی شیعری کوردی شیعری دڵداری و خۆشەویستییە و ئەندێشەی تێکەڵاوە و وەک شیعری فارسی جوان و زەق لەبەرچاوە و وشەبازی یەکێکە لە نیشانەکانی، ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە، گەلی کورد بەهرەمەند خوڵقاوە و خاوەنی گشت توانستەکانە لە بواری هەستی زمانەوانیدا )( سندی، ٢٠٠٨، ٥١٩ )، جگە لەوەش سۆن ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی گێڕاوە لە بواری جیهانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا.

له ساڵی (١٩١٨) لەشاری بەغدا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بەهاوکاری (شوکری فەزڵی) دەرکردووە و ساڵی (١٩٢٠) کاتێک (مێجەر سۆن) حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو لە سلێمانی چاپخانەیەکی لەو شارە داناوە و بەسەرپەرشتی خۆی و بەهاوکاری هەندێ ڕۆشنبیری شاری سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یان دەرکردووە ( سۆن، ٢٠٠٧، ٢٢ )، لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەردەچوو، بەڵام گرنگییەکی زۆریان بۆ گەلی کورد هەبوو، چونکە ڕووداوە سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژووییەکانی ئەوسەردەمی کوردستانیان تیا بڵاو دەکرایەوە.

( شمیدت )[(7)] ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ئەمریکی لەبارەی ئەدەبی کوردی دواوە و وەسفی زۆربەی شاعیرانی کوردی کردووە، سەرەتا بە شاعیرانی کرمانجی سەروو، بە ( عەلی تەرەماخی ) دەست پێکردووەو پێیوایە، کاریگەریی لەسەر هەموو شاعیرانی دوای خۆی داناوە، هەروەها ئاماژەی بۆ (جزیری) کردووە، کە بە ڕابەری شیعری سۆفیگەری کوردی داناوە. دواتریش ناوی خانی هێناوەو پێیوایە، ( مەم و زین )ی کردۆتە هێمایەک بۆ خۆشەویستی نیشتمان و تێکۆشانی گەلی کورد. هەروەها شمیدت باسی شاعیرانی ئەردەلانی کردووە، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە باشوری ( مهاباد ) لە کوردستانی ئێران. پێیوایە دەرکەتووترینی شاعیرانی ( مەحزوونی ) بوو، کە پاش ساڵی ١٧٨٣ لە کۆشکی ( خەسرەو خان )دا لە شاری سنە شیعری بە ( گۆران )ی هۆنیوەتەوە. دواتر واقیعی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمی لە کوردستاندا باسکردووە، کە شیعری ئایینی و سۆفیگەری تیایدا سەری هەڵداوە،

---

(7) - دانا ئادەم شمیدت ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕۆژنامەی ( نیۆرک تایمز )و گەڕیدە و لێکۆڵەری ئەمریکی، لەسەرەتای ساڵی شەستی سەدەی بیستەم، داوای لێدەکرێت، کە سەفەری کوردستانی عێراق بکات، بەمەبەستی بینینی واقیعی سیاسی و دۆزی کورد لە عێراقدا. بەرهەمی گەشتەکەشی کتێبێک بوو ناوی نا ( گەشتێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان ). شمیدت لە بەشی نۆیەمی ئەم کتێبەدا، بەناوی ( ڕوحی گەل )، باسی ئەدەب و کەلەپووری کوردی کردووە و ناوی زۆر لە شاعیرانی کوردی هێناوە ( شمیدت، ٢٠٠٨، ٢٤٩-٢٩٠ ).

هەروەها باسی حاجی قادری کۆیی کردووەو ( شیخ ڕەزای تاڵەبانی )، بە ڕەخنەگرێکی بلیمەت و هەڵکەوتوو وەسف کردووە. هەروەها ئاماژەشی بۆ شیعری کوردی سەدەی بیستەم کردووە، ناوی ئەم شاعیرانەی دیاری کردووە، ( بێکەس، گۆران، کامەران بەدرخان، جگەرخوێن، جاسم جلیل، میخائیل ڕەشید و ئەدیبانی دیکەی وەک نورەدین زازا و ئەحمەد بۆتی و قەدریجان و عوسمان سەبری.. ). جگە لەمانەش شمیدت ئاماژەی بۆ شێوە زاری سۆرانی کردووە و پێیوایە، زاری سۆرانی، کە خەڵکی سلێمانی قسەی پێدەکەن، شێوازێکی ئەدەبی کاریگەرە ( شمیدت، ٢٠٠٨، ٢٨٣- ٢٨٨ ). هۆکارەکەشی بۆ ئەو کەش و هەوا سیاسییەی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئارادا بووە، لە هەمانکاتیشدا پاشاکانی بابان پشتگیری ئەو ڕەوتە شیعریەیان کردووە.

بێگومان کارەکانی ئەم ڕۆژهەلاتناسـناسـە روسـی و ڕۆژئاواییانەی، کە باسـمان کردن بۆ نەتەوەی کورد زۆر جێگای بایەخ و پێزانینن، چونکە لەلایەکەوە هەموو ئەو کەرەســـتە و دەسـتنووس و تۆمارە ئەدەبییانەیان لەلای خۆیان و لە نامەخانەکانی وڵاتەکانیان پاراسـتووە، ئەگەر ئەو ڕۆژهەلاتناســانە نەبوونایە، ئەوا ئەو کەرەســە و دەســتنووســە مێژوویانە لەنێو دەچوون، چونکە لەو قۆناغە مێژوویەی کورددا، واتە تا پێش سەدەی بیستەم، هیچ هۆکارێک نەبووە، تاکو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە مێژوویانە لە لەناوچوون و فەوتان ڕزگار بکات، لەلایەکی دیکەشـەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەو دەسـتنووس و بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییانە بۆ سـەر زمانە ڕووســی و ڕۆژئاواییەکان، ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە ناســناندن و بەجیهانیبوونی ئەو دەستنووس و بەرهەمە ئەدەبی و فۆلکلۆرییە کوردیانە بە بەزۆرێک لە وڵاتانی جیهان.

## ٣-٢ ئەدەبی کوردیی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا

ڕاپەڕینی ١٩٩١ دۆخێکی سیاسی گونجاوی بۆ کورد هێنایە کایەوە، دەرگایەکی نوێی لەبەردەم ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردیدا کردەوە و فراوانی کرد، کۆمەڵێک زاراوەی نوێ، لەناو زمانی کوردیدا لەدایک بوون و فەرهەنگی زمانی کوردییان دەوڵەمەند کرد. یەکێک لەو زاراوانە ( تاراوگە ) بوو، کە وەک زاراوەیەکی نوێ لە زمانی و ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، زۆرجار لە زمانی کوردیدا زاراوەی ( مەنفا )ش لەبەرامبەر ( تاراوگە ) بەکاردەهێندرێت. زاراوەی ( مەنفا ) لە وشەی (( منفی ) عەرەبیەوە وەرگیراوە، کە بە واتای کەسی بەزۆر دوورخراوە دێت لە خێزان و هۆز و نیشتمانی خۆی ))( الشحان، 2006، 23 ). مەنفا زیاتر بێ هیوایی و نۆستالژیا[8] و ئازاری نامۆبوونە لە نیشتمان.

لە زمانی کوردیدا وشەی تاراوگە بەرامبەر بە زاراوەی (Exil) ە لە زمانی فەڕەنسیدا دەوەستێت، کە لە وشەی Exsiliumی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای ( دوورخستنەوە، ئازار و بێئۆقرەیی ) دێت... بە پێی فەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسی چەمکی Exil بۆ بارودۆخی کەسێک بەکاردەهێنرێت، کە سزادرابێت و بە ناچاری وڵاتی خۆی جێهێشتبێت لە وڵاتێکی دیکە بژیت، یان کەسێک بە هۆکاری سیاسی دوور خرابێتەوە، یان بە هەر هۆکارێکی دی سەری خۆی هەڵگرتبێ و بەتەنیا بژی و گۆشەنشین بێت ( https://www.dictionnaire-academie )، تاراوگە چەمکێکە پتر گرێدراوی شوێن و چوارچێوەیەکی جوگرافی دەرەوەی سنوورەکانی زێد و نیشتمانە، هەروەکو پاوڵ تابۆری ( paul tabori ) نووسەری هۆڵەندی، پێیوایە ((

(8) - نوستالیژیا سایکۆلۆژی لایەنی عاتیفی تاراوگە ( مەنفا ) نیشان دەدەن. (( لە زمانی کوردیدا چەمکی نوستالیژیا بە مانای ئەو ئازار و یادەوەرەییە خۆش و ناخۆشیانە دێت، کەوا کەسێک بەهۆی حەسرەتی نەگەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت وەک بوونێکی فیزیکی بۆ شوێنی ڕابردووی و ژینگە ڕەسەنەکەی بگەڕێتەوە. چەمکی نوستالیژیا لە نێو نووسیندا، مانا مەجازییەکەی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، یاخود لاواندنەوەی یادەوەرییەکانی زێد و ڕۆژگاری نیشتمانی لە دەستچوویەتی ))( عەزیز، ٢٠١٩، ٥٥ ).

تاراوگە لە جیاوازی شوێنەوە مانا وەردەگرێت، کاتێک کەسێک لەدەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆی نیشتەجێ ببێت. دواتر پێناسەی تاراوگە دەکات و دەڵێت: تاراوگە بەرەنجامی سەرپێهەڵگرتن و دەرکردنی کەسێکە و پاشان مانەوەیەتی لە وڵاتێکی دیکە، بەهۆی بوونی ترس لە فاکتەرەکانی ڕەگەز، ئایین، نەتەوایەتی و بیروڕای سیاسی، تا ئەو دۆخەی بۆتە هۆی بە نابەدڵی ژیان لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بەردەوام بێت، تاراوگەبوونەکەشی بەردەوام دەبێت ))( عزیز، ٢٠١٩، ٥ – ١٦ )، کەواتە دەکرێت بڵێین تاراوگە ئەوەیە، کە تاک بە هۆکاری دۆخی سیاسی، ستەمی نەتەوەیی و ئایینی، نەبوونی ئازادی، نادادی کۆمەڵایەتی، چەوسانەوە و پاکتاوی ڕەگەزی، ئابووری، جەنگ و ماڵوێرانی، ڕووداوی سروشتی ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نەخوازراو دەبێتەوە و بەناچاری دوور لە ئیرادە و خواستی خۆی سەری خۆی هەڵبگرێت و نیشتمان و زێدی خۆی جێبهێڵێت و پەناگەیەکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەو نیشتمانە نوێیەی تێیدا نیشتەجێ دەبێت تاراوگەیە.

تاراوگە زیاتر ناچارکردن و نەگەڕانەوەیە بۆ زێدی نیشتمان. بە دیوەکەی دیکەش (( کەسی تاراوگەبوو (نەفیکراو) قبوڵی دەسەڵات و سیستمێکی دیاریکراوی نەبێت و ڕەتیکردبێتەوە، واتە تاراوگەبوون سەپێنراوە و توندوتیژی لە پشتەوەیە، گوزارشت لە هەڵنەکردن و نەگونجان دەکات و پەیوەندی بە هۆشمەندییەکی بریندارەوە هەیە، کەوا هەڵگری تراژیدیایە))( عەبدولموتەلیب، ٢٠٠٨، http://hemin.dk)، کەواتە تاک بەناچاری، یاخود بەزۆرەملێ لەلایەن دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەوە تووشی سەرهەڵگرتن و تاراوگەبوون دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە کەسی مەنفی لە تاراوگە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە، کە بۆ سروشتی تاراوگە خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە (( کەسی مەنفی یان دوورخراوە، ناچارە لە وڵاتێک بژی، کە هەموو نەریت و فەزای ئەو شوێنە بۆ ئەو بێگانەیە، سەرەنجام دوورکەوتنەوە لە نەریت و فەزای وڵاتی خۆی، کە پێشتر پێی ئاشنا بووە، لە نێوانیاندا پچڕان و دابڕانێک دروست دەبێت، ئەو کەسە لە نێوان دوو فەزا و دوو شوێن بەتەنیا دەمێنێتەوە، نە سەر بە شوێنی تاراوگەیە

نەسەر بە زێد و وڵاتی خۆی دەمێنێتەوە. لەم نێوانە حاڵەتی سەرلێشێوان، بزربوون، لەخۆبێگانەبوون، سەرگەردانی عاتیفی سەرهەڵدەدا ))( عومەر کاکی، ٢٠٢٢، ٦٧ )، کەواتە لە نێوان دوو جەمسەری نیشتمان و تاراوگەدا دونیابینی جیاواز، بێماڵی، تەنیایی، شوێن لەقبوون، بێ ئۆقرەیی و ئاوارەیی دەبینرێت، دواتر لەسەر زەمینی تاراوگە لێکەوتەکانی وەک نامۆیی، نوستالۆژیا، غەریبی، غوربەت، جیاوازی کلتوری، ڕەگەز، ناسنامە و زمان و ناسیۆنالیزمی بە دیاردەکەوێت ( عزیز، ٢٠١٩، ٦ ). ئەم حاڵەتە باردودۆخێکی تایبەت بۆ شاعیر و نووسەری تاراوگەبوو دەخولقێنێ، تا لەژێر کاریگەریی هەژموونی ئەو ژینگە نوێیە، داهێنانی ئەدەبی ئەنجام بدات، بەمەش ئەدەبی تاراوگە لەدایک دەبێت.

ئەدەبی تاراوگە لە بنەڕەتدا گوزارشت لە نۆستالۆژیا و هەستی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، کۆی ئەو هەستەش نامۆیی لە کەسی تاراوگەنشین دروست دەکات. (( لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو زاراوەیە وەک دیاردەیەکی ئەدەبی بێ هاوتا تەماشا دەکرا، چونکە کەسی مەنفی چ وەک سیاسی و نیشتمانپەروەر، چ وەک ئەدیب و نووسەر.. لەو کەسانە بوون، کە هیوای گەورەیان لە ناو گەل و نیشتماندا سەوز دەکرد، لەو کەسانە بوون کە فیکری ئازادی و تەعبیرە گەورەکانی سەرفرازییان لەخۆدا هەڵگرتبوو لە ژێر فشارێکی دیاریکراو و سزادانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری سەپێنراوەوە لە زێد و نیشتمان نەفیکرا بوون ))( عەبدولموتەلیب، ٢٠٠٨، http://hemin.dk ). واتە شاعیر و نووسەرانی تاراوگەبوو، دەبنە هێمای نوێکردنەوە و گۆڕانکاری گەورەی ئەدەبی نەتەوەیی.

تاراوگە چەمکێکی ئاڵۆزە، گەلێ جار وەک میتافۆر ( مەجاز )ێک لە ئەدەب و هونەردا بەکارهاتووە بۆ دەربڕین و پیشاندانی لەدەستچوون، شوێن گۆڕین، پچڕان و دابڕانی عاتیفی و دوورکەوتنەوە و سەرهەڵگرتن هاتووە (عومەر، ٢٠١٧، ٦٦ ). زۆربەی جاران شاعیر و نووسەرانی تاراوگە ئاهـ و حەسرەت و کارەسات و نەهامەتی و جوانییەکانی نیشتمان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. لێرەوە ئەدەبی تاراوگە ( مەنفا ) سەرهەڵدەدات، کە مەبەست

لەو دەقە ئەدەبییانەیە، کە لە تاراوگە نووسراون و دەنگدانەوەیان هەبووە، چ لە وڵاتی خۆیان، یاخود لەو وڵاتەی دەبێتە تاراوگەنشین کاریگەریی لەسەر خوێنەری بیانی دروست دەکات و پێشوازی لە بەرهەمەکەی دەکرێت.

( عەبدوڵڵا کەیخوسرەوی )، دەڵێت: (( تاراوگە و دوورکەوتنەوە، مرۆڤ بەشێوازی نوێ ئاشنا دەکا و ئامادەی دەکا بیر لە گۆڕانکاری بکاتەوە و پەی بە قازانجی فرە کلتوری و فرەدەنگی کۆمەڵگا ببات ))( فاتیح، ٢٠١٦، ٣٦ ). زۆرجار شاعیر و نووسەر لە تاراوگە هەست بە کلتور و داهێنانی ئەدەبی باڵاتر دەکات، وەک لە ئەدەبی نەتەوەکەی، بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کلتورە نوێیە و هێزی داهێنانی نوێی پێ دەبەخشێت، بەڵام کاریگەریی تاراوگە لای هەموو نووسەران وەک یەک نییە، لە لای هەندێک کزبوون و بزربوونی دەنگی نووسەرە، لە لای هەندێکی تر سەرچاوەی داهێنان و نوێبوونەوەیە، هەندێکی تر حەسرەت و ئومێدی گەڕانەوەیە بۆ زێدی نیشتمان.

تاراوگە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، (( تەواوی چیرۆکی پەلهاویشتن و بڵاوبوونەوەی مروڤ لەسەر گۆی زەوی لە پاشخانی تاراوگە و کۆچەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەرچی بەپێی سەردەمەکان و فاکتەرەکان، چیرۆکی سەرهەڵگرتن و جێهێشتنەکان جیاوازن، لە ئێستادا خەڵکان لە سوچ و گۆشە دوورە پەرێزەکانی گۆی زەوی ناژین، چیدیکە سنوورە دەستکردەکانی وڵاتان بۆیان لەمپەر نییە. لەمەڕا بۆ شوێنگۆڕکی و بەزاندنی سنوورەکان، لێکەوتەکانی مۆدێرنیتە و ئامرازەکانی گواستنەوە هۆکارن. پاشان جیهانگیری دنیایەکی بچووکی ئافراندووە ))( عزیز، ٢٠١٩، ١٥ )، کەواتە ئێستا بەزاندنی سنوورەکان و ڕەوکردن و کۆچکردن چ وەک نەفیکردن بێت چ وەک پەنابەری، ئەو تێگەیشتنەی دوێنێی لەدەست داوە، ئەمڕۆ تاراوگەنشینی وەک خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی سەردەم سەیر دەکرێت ( عەبدولموتەلیب، ٢٠٠٨، http://hemin.dk )، کەواتە نیشتمانی نوێ دەبێتە

ئەو جێگایەی کە مرۆڤ هەست بە ئازادی و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی دەکات و دوور لەهەر فشارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی .. .

مێژووی تێکستی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی بەرجەستە و واقیعی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، کاتێک (( نالی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٨ ) سلێمانی بەجێ دەهێڵێ و بۆ ئیفادی حەج چۆتە حیجاز، کە بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵی خایاندووە لە کاتی گەڕانەوەیدا لە شام هەواڵی ڕووخانی میرنشینی بابان دەزانێت، بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لە ساڵی ١٨٥٠ تاوەکو ١٨٥٤، نالی لە شام بووە، قەسیدەکەی کە ( ٤٣ ) بەیتە لەو ماوەیەدا ڕەوانەی سلێمانی کردووە ))( حەداد، ٢٠٠٠، ٢٦ ). هەروەکو دەڵێت:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور ( نالی، ١٣٦٨، ١٧٤ ).**

نالی دوای ئەوەی بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە نیشتمان، بەرە و غوربەت و تاراوگە دەڕوات و لە ئەستەمبوڵی تورکیا دەگیرسێتەوە. لێرەدا تاراوگە بۆ نالی نەک هەر دەنگی داهێنانی ئەدەبی نامێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بزربوونی خۆشی.

لەدوای نالی، ( حاجی قادری کۆیی ) بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و تایبەتی خۆیەوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و ڕوو لە ئەستەمبوڵ دەکات، ئەمیش بڕیاری نەگەڕانەوە دەدات، بەڵام تاراوگە بۆ (حاجی) دەبێتە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، تەنانەت لە ئەستەمبووڵەوە شیعری نەتەوەیی لای حاجی قادر دەست پێدەکات و وەک نوێگەرێک لە ئاستێکی هونەری بەرزدا شیعری نەتەوەیی دەنووسێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە حاجی قادر نوستالیژیای غەریبی و دووری لە زێدی نیشتمان وەک زیندان نیشان دەدات، وەک لەم دێڕە شیعرەدا ئەوە دەخاتە ڕوو:

**غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان**

**سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان** ( حاجی قادر،١٣٩٠، ٢٤٠ ).

حاجی ( غەریبی غوربەت )ی تاراوگە بە زیندان ناودەبات، حاجی قادر لە غوربەتدا هەمیشە چ بە بیرکردنەوە، چ بە خەون و خەیاڵ لە بیری گەڕانەوەدایە بۆ نیشتمان. حاجی هەست بە بۆشایەکی دەروونی دەکات، ئەویش نیشتمانە.

هەروەها لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ساڵی ١٩٤٦دا، دەسەڵاتدارانی کورد ژمارەیەک گەنجیان بۆ خوێندن و پەروەردەبوون بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ناردووە. (( یەک لەو گەنجانە ( ڕەحیمی قازی )بوو، کە بە پلەی دکتۆرای مێژوو کۆتایی بە خوێندن هێنا، (قازی) بەهۆی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، هەر لە یەکێتی سۆڤییەت ماوەتەوە و یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی ( پێشمەرگە ) لە (باکۆ) نووسی، پاشان ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٦١ لەبەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە. ڕۆمانی پێشمەرگە وەک بەناوەکەشیدا دەردەکەوێت، چیرۆکی سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیونالیستی مۆدێرنی کوردییە لە کوردستانی ئێران))( ئەحمەدزادە، ٢٠٠٦، ٧٩ ). ڕووداوەکانی زیاتر کێشەی چینایەتی لە خۆدەگرێت و بیری ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵە.

ئەدەبی کوردی تاراوگە لەسەردەمی هاوچەرخدا بەشێوەیەکی بەرجەستە و واقیعی لە کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم دەست پێدەکات و تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە، کە دەکرێت ئەو ماوەیە بە دوو قۆناغ دیاری بکرێت:-

یەکەم: قۆناغی تاراوگەبوون بەهۆی دۆخی سیاسییەوە لە ماوەی ( ١٩٧٥ – ١٩٩١ )دا: شاعیر و نووسەرانی کورد لەم قۆناغەدا بەهۆی هەلومەرجی دژواری سیاسی و نەبوونی ئازادی و جیاوازی نەتەوەیی و بوونی سانسۆری توند لەسەر نووسینەکانیان، لەلایەن ڕژێم و دەسەڵاتدارانی بەعسەوە. لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتا تاوەکو کۆتایی هەشتای سەدەی بیستەم،

بەشێکی بەرچاو لە شاعیر و نووسەرانی کورد لە باشوری کوردستان پەرتەوازەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون، (( لەوێ دەستیان داوەتە خوێندن و زمانە زیندووەکانی دونیا سەرچاوەی زانیاری ئەوان بووە و توانیویانە لەو ئەزموونە تازانەی مەعریفە سوودی باش وەربگرن ))( ئەمین: ٢٠٠٨: ١١٥ )، ئەم شاعیر و نووسەرانە، وەک ( شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی و فەرهاد پیرباڵ و ئەحمەدی مەلا .. ) لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە دەرکەوتن و توانیان سەرنجی خوێنەری ڕۆژئاوایی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بەرهەمەکانیان گوزارشت بوو لە  دابونەریت و مێژوو و بارودۆخی نالەبار و ئازارەکانی گەلی کورد، کە (( وێنەیەکی نوێ لە زەینی خەڵکی جیهان دروست کرد، وێنەی نەتەوەیەک بە ئەدەبیات و زمان و ڕاوێژ و جوانیناسی تایبەتی خۆیەوە، هەر بەو هۆیەوە کۆمەڵگای ئەدەبی ڕۆژئاوایی لە ڕێگای کاریگەریی وەرگرتن و کارتێکەرییەوە ئاراستەیەکی جیاوازیان لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردی و شێوەی جووڵانەوەی لە تۆڕی کلتوری جیهانیدا گرتەبەر. وەرگێڕە ڕۆژئاواییەکان، یان ئەو وەرگێڕانەی شارەزای زمانە ڕۆژئاواییەکان بوون، ڕوویان کردە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی کورد. لەوە بەدوا ئەدەبیاتی کوردی نەتەنیا نوێنەری هەست و ویستی مرۆڤی کورد و ئاوێنەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕی فەلسەفەی ئەو مرۆڤانە بۆ ژیان و مەرگ بوون، بەڵکو وەک نوێنەری ئەدەبیاتی بەشێک لە جیهان ناسێنرا و کەوتە بەرچاو ))( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٤ ).

دووەم: قۆناغی تاراوگەبوون بەهۆی نادادی کۆمەڵایەتی: لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەجێهێشتنی نیشتمان دەبێتە دیاردە و (( تاراوگەش وەک دیاردەیەک دەبێتە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە، تەنیا لەدوای ڕاپەڕینەوە شێوەگیر دەبێت و ڕوخساری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت.. بەمەش تاراوگە لەوە دەکەوێت چیتر کارەکتەری سیاسی ئەو ئەزموونە بچێژێت، بەڵکو وەک مۆدەیەکی سەردەم، تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، دەبێتە دیاردەیەکی کۆگەلی و عەوامی و خەڵک هەنگاوی بۆ دەهاوێژن ))( عزیز، ٢٠١٩، ٤٧ )،

واتە هەندێک جار بارودۆخی مێژوویی ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆشنبیرە پێشەنگییەکانی نەتەوەیەک وڵات بەجێدەهێڵن بەمەبەستی گەڕان بەدوای ئازادی کەسی و هونەریدا. (( لە بەردەوام بوونی ئەم قۆناغەی تاراوگە ئەو وێنەیەی، کەوا بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەپیرۆز سەیری نیشتمان کراوە، پێچەوانە دەبێتەوە لەنێوان نووسینەکانی نووسەرانی تاراوگە، نیشتمان شوێنی بێ بەشبوون و ناحەقییە ))( عزیز، ٢٠١٩، ٤٧ ). لەم قۆناغەدا زۆر لە شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەری کورد، هەست بەپەراوێزی خۆی دەکات لە نیشتمان، پێیوایە: کە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەدیبهێنێت، بۆیە لەم قۆناغەشدا بەشێوەیەکی بەرچاو تاراوگەبوونی نووسەرانی باشووری کوردستان بەئاراستەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەردەوامی هەیە، نووسەرانی تاراوگەبووی ئەم قۆناغە، وەک ( بەختیار عەلی، هیواقادر، عەتا محەمەد و کاروان عومەر کاکە سوور .. ). هەر لەم قۆناغەدا تاراوگەبوونی هەندێک لە نووسەرانی کوردانی ڕۆژئاواش بەرچاو دەکەوێت، وەک ( سەلیم بەرەکات و جان دۆست.. ).

دوای ئەوەی شاعیر و نووسەرانی کورد ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا و وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی و فێربوونی زمان و ئاشنابوونیان بە کلتور و ئەدەبی نوێی جیهانی و بوونی ئازادیی چالاکیی فەرهەنگی لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا کەش و هەوایەکی لەباری بۆ شاعیر و نووسەرانی کورد پێکهێنا، لەو وڵاتانەی بوونەتە پەنابەر و کەوتنە ژێر کاریگەریی کلتور و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و شارستانی ئەو وڵاتانە، ئەمەش دەرفەتێکی ڕەخساند، تاوەکو (( شاعیر و نووسەرانی کورد لە چوارچێوەی ژانر و فۆڕمەکانی ئەدەبی جیهانی و بە تەکنیکە مۆدێرنە ئەدەبییەکان، هەم شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە شیعر و ڕۆمانەکانیاندا نەخشاند و هەم بیرە جیهانگیرییەکانیان لە بەرهەمی خۆیان جێ کردەوە. ڕاستییەکەی فۆڕم و پێکهاتە و ئەندێشەی جیهانییان لەگەڵ شوناسی خۆیان ئاوێتە کرد و بەرهەمێکی نوێیان خولقاند، کە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهاندا ئاوڕی لێدرایەوە و خوێندرایەوە ))( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٥ ).

بەشێک لەو شاعیر و نووسەرانەی تاراوگە لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان، توانیان سەرنجی خوێنەری ئەورووپی بەلای خۆیان و نەتەوەکەیانەوە ڕابکێشن، ئەمەش سەرەتای بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردییە لە سەردەمی جیهانگیریدا، لە ڕێگەی شاعیر و نووسەرانی کوردی تاراوگەنشینەوە. لەهەمانکاتدا شاعیرو نووسەرانی کوردی تاراوگە توانیان ببنە فاکتەرێکی چالاکی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و کلتوری لە نێوان نەتەوەکەیان و وڵاتانی ڕۆژئاوادا، دەرئەنجامەکەشی ئاشنابوونی ئەو وڵاتانەبوو، بە ئەدەب و کلتور و فەرهەنگ و تراژیدیای گەلی کورد.

## ٣-٣ ڕۆڵی وەرگێڕان لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

وەرگێڕان بەیەکێک لە بابەتە گرنگ و پێویستییەکانی ئاڵوگۆڕی کلتوری و فیکری و مەعریفی لە نێوان گەل و نەتەوە جیاوازەکان دادەنرێت. (( وەرگێڕان پردی پەیوەندی و ئاشنابوونە بە فەرهەنگ، ئەدەب، فەلسەفە، مەعریفە، تەکنۆلۆژیا و گواستنەوەیان بۆ یەکتری. وەرگێڕان دەلاقەیەکە، لە ڕێگەی ئەو دەلاقەیەوە بە گەلێک مەعریفە و دەسکەوتی کۆمەڵگاکان ئاشنا دەبین ))( ئۆستینۆف، ٢٠١٧، ١١ ). لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە مرۆڤ دەستی بە هەموو زانیاری و مەعریفەیەکی کۆمەڵگاکان ڕادەگات و ئاسانترین و بەربڵاوترین ئامرازە، ئامرازێکی سەرکەوتووە بۆ گەیشتن بە کارە جیهانییە نەمرەکان. (( وەرگێڕان شەرعیەتی خۆی لە زەرورەتە مرۆڤایەتییەکانەوە وەردەگرێ و هیچ میللەتێک ناتوانێ دەستبەرداری بێ ))( عارف، ٢٠١٩، ١٤٩ ). بەرهەمی باش و داهێنانە مەزنەکان مۆڵکی تاکە زمان و تاکە نەتەوەیەک نییە، بۆیە ئەدەب لە هیچ کات و سەردەمێک ناتوانێت پشت لە وەرگێڕان بکات و دەستبەرداری بێت. بەرهەمی ئەدەبیش بەبێ وەرگێڕان هیچ کاتێک ناگاتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە و ئامانجی وەرگێڕان بریتییە لە کەمکردنەوەی بەربەستە زمانەوانی و کلتورییەکانی نێوان وڵات و نەتەوە و گەلەکان ( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٣٣٤ )، لەهەمانکاتدا وەرگێڕان شوێن و بیرۆکە و ئاڕاستە و فۆڕمی ئەدەبی، یان زانستی، یان کۆمەڵایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا دەگوازێتەوە و ڕەنگە کارلێکی داهێنەرانە لە نێوان نەتەوەکاندا دروست بکات، ڕۆڵی وەرگێڕان و ناوەندەکەش بە ڕۆڵی ڕەخنەگران دیاری دەکرێت، زۆرجار بە شێوەیەکی ئاسایی نێوەندگیری لە نێوان دەق و خوێنەردا دەکات.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لە بواری پەروەردە و فێربوونی زمانە بیانییەکاندا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بەدی هاتووە. هێشتا وەرگێڕان بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە وەرگرتنی دەقی بیانی بەبێ نێوەندگیری لەنێو نەتەوەکاندا، دیاردەیەکی سنووردارە و لەتوانای چەند کەسانێکی کەم دایە.

وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە کارە ئەدەبییە بیانییەکان، ئەم بۆچوونە بەسەر هەموو زمانەکاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام دەکرێت ئەو زمانانە بەدەر بکرێن، کە بەجیهانی ناو دەبرێن. (( لە ئەدەبیاتدا زمانە ئینگلیزییەکان، کە بوونەتە زمانێکی گشتگیری جیهانی، سروشتییە کە ئەدەبێکی ئینگلیزی و ئەدەبێکی دیکەی ئینگلیزی زمان بەبێ نێوەندگیری وەرگێڕان تەماشا بکرێت، چونکە توانای دەستڕاگەیشتن بە کاری ئەدەبی دیکەی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ئاسانترە، دەکرێت ( ئینگلیزی زان – زمان ) وەک یەک چێژ لەو ئەدەبە وەرگێردراوە وەربگرێت ))( عبود، ١٩٩٩، 112 ). کەواتە وەرگێڕان دەرفەتی جیهانی بۆ خوێنەرانی ئەدەب دەڕەخسێنێت، تا چێژ لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە وەربگرن. هەروەها بواریش بۆ ئەو نەتەوانەی کە زمانی ئەدەبیان نەناسراوە و جیهانی نییە، لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەدەبەکەیان بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، هەلی بەجیهانبییونیان هەیە، دەکرێت لەم ڕێگەوە ئەزموونی ئەدەبی نەتەوەکەیان بەجیهان بناسێنن.

وەرگێڕان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەو ئەدەبانەی کە زمانەکەیان جیهانی نییە، دەتوانن لە دوو باردا سوود لە وەرگێڕان وەربگرن، لەلایەک لە ڕێگەی وەرگێڕانی شاکارەکانی جیهان بۆ سەر زمانەکەیان، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی ئەدەبی و فەلسەفی و مەعریفی خۆیان، لەلایەکی دیکەیشەوە، وەرگێڕانی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، تاکو ئەدەبەکەیان تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانی ببێت، کەواتە (( پێویستە وەرگێڕان دوولایەنە بێ، واتە لە زمانی بیانییەوە بۆ سەر زمانی نەتەوەیی ( مەبەست ) و هەم بە پێچەوانەوە لە زمانی نەتەوەوە ( مەبەست ) بۆ سەر زمانی بیانی، تا پەیوەندییەکی ئەوتۆ دروست ببێ، کە کارلێکێکی ژیاری جددی لێ بکەوێتەوە ))( عارف، ٢٠١٢، ١٦ ).

بێگومان، وەرگێڕان فاکتەری سەرەکی بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبییە، ئەگەر وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی نەتەوەیی لەلایەن وەرگێڕی بیانییەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا شکۆ و هێزی بەجیهانیبوونی دەقی وەرگیراو زیاتر دەسەلمێنێت، لەوەی وەرگێڕی زمانی دەق دەست بداتە

وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی نەتەوەیی بۆ سەر زمانی بیانی، چونکە هەندێکجار گومان دەخاتە سەر بەجیهانیبوونی دەق، کە ڕەنگە ویستێکی نووسەری دەق بێت بە مەبەستی خۆدەرخستن، یاخود بازرگانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان لە زمانێکی پەراوێزخراو و خاوەن فەرهەنگێکی گۆشەگیرکراو بۆ سەر زمانێکی دەسەڵاتداری خاوەن فەرهەنگی تاکە بژاردەی بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبییە، بەتایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی، کە زمانی ئەدەبیان نەناسراوە.

( جۆزێ ساراماگۆ )، دەڵێت: نووسەران ئەدەبی نەتەوەیی بەرهەم دەهێنن و وەرگێڕەکانیش ئەدەبی جیهانی ( حوسێن، نازم، مەولود، ٢٠٢١، ٣٣٣ )، واتە وەرگێڕان بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و فاکتەری سەرەکی بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبییە. بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێڕان لە لایەن وەرگێڕەوە بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و وەرگێڕانەکە بەشێوەی وشەیی نەبێت، تاوەکو چێژی نەتەوەیی لە دەست نەدرێت و پێشوازی لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوە بکرێت.

زۆرجار جیاوازی ڕۆشنبیری لە نێوان گەل و وڵاتاندا، وەرگێڕەکانی تووشی کێشە کردووە، لە کاتی کردەی وەرگێڕاندا، ئەویش جیاوازی ڕۆشنبیری دەقە لە زمانێکەوە بۆ یەکی دیکە. لێرەدا کێشەی گوزارشت، یان واتای زمانەوانی سەرهەڵدەدات. هەندێک لە وەرگێڕەکان خۆیان پابەند دەکەن بە دەقی بنچینەیی و بێگەرد، گوێڕایەڵ دەبن بەوەی وتراوە، لە کۆتاییدا باجی دەق دەدەن لە پێناو بەدەستهێنانی واتا و ڕەمز و سووککردنی دەربڕینی دێڕەکان ( هیگل، 2004، ٩٩ )، ئەم جۆرە وەرگێڕانە چێژی خوێنەری ئەو نەتەوەیە بەدەست ناهێنێت، کە دەقە ئەدەبییەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، پێشوازی لەو دەقە وەرگێڕدراوە ناکرێت و بەرەو پەراوێز خستنی دەبات. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکە بەجێ دەهێڵێت، چونکە بە دەگمەن وەرگێڕێکی دیکە بیر لە دووبارە وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەدەبییە دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە وەرگێڕ دەبێت دەقێکی ئاست بەرز بۆ پرۆسەی وەرگێڕانەکە هەڵبژێرێت، ئەگەر دەقە هەڵبژێردراوەکە ئاستی نزم بوو، دیسانەوە ئەو دەقە خوێنەری بیانی بۆ پەیدا نابێت.

لەڕاستیدا هەمیشە جیاوازییەک لە نێوان دەقی ڕەسەن و دەقی وەرگێڕدراودا هەیە، جیاوازییەک کە ڕەنگە پێچەوانەی ڕەنگدانەوەی چێژی نەتەوەی دەقی ( ڕەسەن ) وەرگێڕدراو بێت. ئەمەش کارێکی دروستە، چونکە (( وەرگێڕ دەقە بیانیەکە دەگونجێنێت و خۆماڵی دەکات، ڕەنگە ئەمە دەرئەنجامێک بێت بۆ هەڵمژین و هەرسکردنی دەقی بیانی، پاشان دووبارە دەقێکی نوێ دەنووسێتەوە بۆ خوێنەر ))( عبدالعزیز، 2002، 141 ). وەرگێڕانی لەم شێوەیە، خزمەتێکی مەزن بە زمانی تایبەتی وەرگێر دەکات، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ زمان و بنچینەی دەقی ڕەسەن، بۆیە هیچ وەرگێڕانێک نییە، کە دەقێکی تەواو هاوشێوە بێت لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکە.

وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا وەک ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تەمەنێکی زۆری نییە، حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٥ – ١٨٩٧ ). یەکەم ڕۆشنبیری کوردە، کە لە هۆنراوەیەکیدا ئاماژەی بە وشەی ( وەرگێڕان ) و گرنگی وەرگێڕان کردبێت، کە تێیدا هانی کورد و کۆمەڵگەی کوردی دەدا، تاوەکو بەرهەمی زانستی و ئەدەبی گەلانی دیکە وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، تا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئاشنای فەرهەنگ و ئەدەبی گەلانی دیکە بن، هەروەکو دەڵێت:–

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**

**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابـــــەت**

**بێگانە بە تەرجـــــــــــەمەی زوبانی**

**ئەسراری کتێبی خـــــــــــەڵقی زانی.** **( حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٥٧ ).**

لەم دوو دێڕەدا حاجی جگە لەوەی نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە دواکەوتوویی ڕۆشنبیری کوردی لە نێو هەموو میللەتاندا ڕادەگەیەنێت. نیگەرانیش لە بێ بەهرەبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاست نووسین، خوێندن و وەرگێڕانی کتێبی زانستی و مەعریفی دەردەبڕێت، هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە میللەتان لە ڕێگەی زمانی وەرگێڕانەوە نهێنی زانستی و مێژوویی میللەتانی دیکەیان بۆ ئاشکرا بووە، بەڵام ئێمەی کورد بێ ئاگاین لە خوێندن و نووسین و وەرگێڕان.

وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پێش سەدەی بیستەم لەبەر گەلێ هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕەوتی پەروەردە، یان هەر لە ئارادا نەبووە، یان زۆر بە کەمی و لاوازی و بێ بەرنامەیی بووە ( ئەحمەد زادە، ٢٠١٥، ٢٠٦ )، بەڵام لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەستی پێکردووە، پاشان وەرگێڕانی کتێبی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی پەرەی سەندووە.

سەبارەت بە وەرگێڕانی بەراوەژوو، لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان زۆر کەمە، کە بەراورد ناکرێت بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دامەزراوەی دەوڵەتی، کە پاڵپشتییەکی بەهێزی ناساندنی زمان و بەجیهانیبوونی ئەدەب و وەرگێڕانە بۆ سەر زمانانی دیکە، هەروەکو شێرکۆ بێکەس دەربارەی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی دیکە، دەڵێت: (( ئەم جۆرە پەڕینەوانە زیاتر لەسەر پردی کیانی سەربەخۆ و دەوڵەتەوە بەدی دێن، لە ڕێگەی دامودەزگای وەرگێڕان و پەخشەوە ئەنجام ئەدرێن. عەرەب و فارس دامەزراوەی دەوڵەتیان هەیە، کە وەرگێڕ کاری تێدا دەکات، بەڵام ئەوانەی لای ئێمە هەوڵی تاکەکەسین و بە پەیوەندی تایبەتی بەڕێوە دەچن. تۆ کە دەوڵەتت هەبوو ئەدەبی تۆش دەچێتە ناو دەوڵەتان و میللەتانی دنیاوە، بەشێک لە کاری باڵویزخانەکانی دنیا ئەو کارە ڕۆشنبیریانەیە ))( عومەر، ٢٠٠١، ٢٥٥ )، کەواتە پێویستە وەرگێڕی کورد ماندوو نەناسانە سود لەم بارودۆخە سیاسییەی هەرێمی کوردستان وەربگرێت و زیاتر بایەخ بە وەرگێڕانی بەراوەژوو بدات لە زمانی کوردییە و بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، چونکە وەرگێڕان باشترین و سەرکەوتووترین ئامرازە بۆ ناساندنی شاکارە ئەدەبییەکانمان بەجیهانی دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی چالاکی گێڕاوە لە پەڕینەوەی دەقی ئەدەبی بۆ نێو ئەدەبی جیهانی، لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتا و دوای ساڵانی نەوەتی سەدەی بیستەمدا، ڕەوتی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی کارا دەستی

پێکردووە و بەرهەمی زۆر لە شاعیر و ڕۆماننووسانی کورد لە تاراوگە و ناوخۆ، لەوانە ( شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی، کەژاڵ ئەحمەد و لەتیف هەڵمەت – بەختیار عەلی، کاروان عمر کاکەسوور، هیوا قادر و عەتا محەمەد.. ). بۆ چەندین زمانی ڕۆژئاوایی و ناوچەیی وەرگێڕدران و هەنگاوی گەورەیان بەرەو بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی ناوە، واتە ئەمڕۆ دەقی ئەدەبی کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە جاڕی خۆ ڕزگارکردنی لە بازنەی لۆکاڵی بۆ بەجیهانیبوون دەدات.

زۆرجار وەرگێڕان دەبێتە هۆی چالاککردنی ڕەخنەی بیانی لەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکە، لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕانانەوە گەلێ لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕەخنەیی لەسەر دەقی شیعری و ڕۆمانی کوردی لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانی بیانییەوە نووسراون. پاش وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ سەر زمانی عەرەبی و فارسی و بیانی، زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگری ئەو زمانانە، نووسین و بابەتی ڕەخنەیان لەسەر بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد نووسیوە، ئەمەش فاکتەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی لەو دەروازەوە دەقی ئەدەبی کوردی بەجیهانی دەرەوە بناسرێت، بۆ نموونە (( لەساڵی ١٩٩٦ بەرهەمێکی ( شێرکۆ بێکەس ) بەناوی ( دەربەندی پەپوولە – مضيق الفراشات ) لەلایەن ئەدیب ( ئازاد بەرزنجی )یەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، لە چاپخانەی ( دار الرازی ) لە بەیروت چاپکرا و بڵاوکرایەوە، هەردوو ڕەخنەگری ناسراوی عەرەب ( فاطمة المحسن و یاسین النصیر ) لە ڕۆژنامەی ( الحياة ) بابەتی ڕەخنەیان لەسەر نووسی ))( عومەر، ٢٠٠١، ٣١٣ )، هەروەها دوای وەرگێڕانی بەشێک لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) بۆ سەر زمانی عەرەبی، کاریان کردۆتە سەر لێکۆڵەر و ڕەخنەگری گەورەی عەرەب ( حاتم الصكر )، کە سێ لێکۆڵینەوەی جوان لەسەر شیعرەکانی بنووسێت و شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتی لە ئاستی شیعرانەکانی ت. س ئەلیۆتی ئینگلیزی داناوە و شیعرەکانی خستۆتە پاڵ شیعرەکانی ( لۆرکا، بایرۆن، ئەراگۆن و نازم حیکمەتەوە.. ))( سلێمان، ٢٠١١، ٧١ )، کەواتە ئەمڕۆ دەقی ئەدەبی کوردی لە ڕێگەی

وەرگێڕانەوە سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگری بیانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و پێشوازی لێکراوە.

## ٤-٣ گیروگرفتەکانی بەردەم بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی

هێزی قورسایی ئەم گیروگرفتانە بۆ نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە. گەلی کورد لەبەرئەوەی قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوو و سەربەخۆی نەبووە، بە درێژایی مێژوو لە شێوەی گروپی بچووک و لەناوچەیەکی سنووری جوگرافی دابەشکراو و ژێردەستەییدا ژیاوە، بۆیە ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبی میللەتانی دیکە، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی کارا بوونی خۆی بسەلمێنێت و سنووری نەتەوایەتی تێپەڕێنێت و میللەتانی دیکە پێی ئاشنابن، ئەو ئەدەبەی کە هەشبووە لە ناوخۆیدا دەستاودەستی کردووە. زۆرجار ئەو دەقە ئەدەبیانە نەنووسراونەتەوە و فەوتاون، یان وەک پێویست نەگەیشتوونە دەستی نەوەی نوێ و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە نەکراوە. ( مینۆرسکی ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (( هۆی دەرنەکەوتنی نرخی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی ئەوەیە، کە بەرهەمی لەژێر دەست دا نییە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تەواویش لە زمانی کوردی دا نەکراوە ))( خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٠٢ )، بێگومان بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە، دەقی ئەدەبی کوردی پێش سەدەی بیستەم کەمتر تۆمارکراون، بۆیە بەشێک لەو دەقە ئەدەبییانە ( شیعر – پەخشان ) فەوتاون و نەگەیشتوونەتە دەستی نەوەی نوێ، هەروەها مینۆرسکی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوەتی لە زمانی کوردی بە فاکتەرێکی گرنگ دەزانێت بۆ دەرخستنی بەهای ڕاستەقینەی دەقی ئەدەبی کوردی. هەروەها م. ب. ڕۆدینکۆ سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، دەڵێت: (( تا ئێستا ئەدەبی کوردی جێگای شایستەی خۆی بەهەق لە ڕیزی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پشت قەفقازدا نەگرتووە، ئەویش بەهۆی هەلومەرجی مێژووییەوەیە، کە لە بەرژەوەندی کورددا نەبووە و نەیان توانیوە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن و چەندەها سەدە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێیان – ئێران و تورکیاوە چەوسێنراونەتەوە ))( ڕۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٢٨ )، بۆیە ئەدەبی کوردی نەبۆتە جێگای بایەخ پێدانی میللەتان و وەک پێویست لە جیهاندا بڵاونەبوونەتەوە و نەناسراوە.

لەم ڕووەشەوە ( دکتۆر فوئاد ڕەشید )، پێیوایە: (( ئەدەبی کوردی بەپێی پێویست و وەکو ئەوەی کە هەیە، لە ئاستێکی جیهانیدا نییە و میللەتانی دی بەڕادەیەکی زۆر پێی ئاشنانین. هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دەقێکی جوانمان نییە، کە لەتوانایدا بێت ببێتە جێگای سەرنجی خوێنەرانی میللەتانی دی، نەخێر، بەڵکو بۆ چەند هۆکارێکی دەرەوەی دەقی دەگەڕێنێتەوە، وەک ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە دژوارەی کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە، کە بوونە بە ئاستەنگ لەبەردەم بڵاوبوونەوەی دەقی کوردی و ناسینی وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا، چونکە لەناوچوون و فەوتانی بەرهەم و نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لەکات و ساتی خۆیدا، هەموو ئەمانە پێوەندن بە نەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆوە ))( ڕەشید، ٢٠٠٧، ٢٣- ٢٤ )، لێرەدا دەکرێت گیروگرفتەکانی بەردەم بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی بە چەند خاڵێک بخەینە ڕوو:-

١- نەبوونی کیانی سەربەخۆ، گرفتی سەرەکییە لەبەردەم لەدایکبوونی شاکاری گەورە و بەجیهانیبووندا، لەم ڕووەوە (شێرکۆ بێکەس) کێشەی نەبوونی شاکاری ئەدەبی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی کیانی سەربەخۆ و دەڵێت: (( کورد ئەگەر ساڵێک هەناسەیەکیان دابێت، بەڵام دەیان ساڵ لەژێر چەپۆکدا بوون، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت، کە ئەدەبی زۆر گەورە و تێکستی زۆر گەورەی بە ڕێژەیەکی باش تێدا دەربکەوێت، مەگەر تاک و تەرا و دەگمەن بێت ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ١١٥ ). واتە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو بارودۆخێکی سیاسی دژوار و ناجێگیری هەبووە، ئەو بارودۆخە ناجێگیرەش کاریگەریی لەسەر بەرهەمی شاعیر و نووسەری کورد هەبووە.

٢- ڕادەی بەربڵاوی زمان و ژمارەی دانیشتوان و پاڵپشتی سیاسی هۆکاری سەرەکین لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبیدا، لە ڕاستیدا زمانی کوردی لە ڕووی ناسراوی و بەربڵاوییەوە، لە ئاستی جیهانیدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی کیانی سیاسی

سەربەخۆ دەگەڕێتەوە، کە (( نەک هەر ڕێگای لە بەردەم بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی گرتووە، بەڵکو لەچەندین لایەنەوە کێشەی بۆ خوڵقاندووە، وەک نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، لەمەش زیاتر زمانی کوردی لە چوارچێوەیەکی وادا سنووربەند کردووە، تا ئەو ڕادەیەی بە لای هەندێکەوە بە یەکێک لەو زمانانە دابنرێت کە لەبەردەم هەڕەشەی لەنێوچووندا ))( ڕەشید، ٢٠٠٧، ٢٤ )، کەواتە کیانی سەربەخۆ و بەربڵاوی زمان، ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبیدا، چونکە لەم ڕووەوە پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ زمانی نەتەوەیی مسۆگەر دەبێ.

٣- گرفتێکی تری بەردەم نووسەری کورد سانسۆر و نەبوونی ئازادی دەربڕینە، لەو وڵاتانەی کە کوردییان بەسەردا دابەشکراوە، بە تایبەتی لە وڵاتی تورکیا و سوریا و ئێران بە پاساوی بەها سیاسی و ئەخلاقی و ئایینییەکانەوە بەرهەمی شاعیر و نووسەری کورد سانسۆر دەکرێت، تەنانەت (( پرۆسەی وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوبوونەوە زۆرجار لە هی نووسین، تاقەت بەرترە. خراپترین دەرئەنجامی نەبوونی ئازادیی نووسین و خۆ سانسۆرکردنە؛ کاتێ نووسەر بۆ خۆی سنوور بۆ خەیاڵ و قەڵەمەکەی دادەنێ و بەردەوام ترسی قرتانی وشە و ڕستە و پاراگرافەکانی لە دڵدایە. لە باکووری کوردستان، نووسەر و هونەرمەندی کورد بە تاوانی نووسین بە کوردی یان خراوەتە زیندان، یان ناچار بووە پەڕیوەی هەندەران بێ، هێندێک جاریش، بە تاوانی دەربڕینی بیروڕا لە لایەن کەسانی سەر بە دەوڵەتەوە کوژراوە ))( دڵسۆز، ٢٠١٥، https://publication.tirgan ). لە لایەکی دیکەیشەوە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان و کزیی فەرهەنگی خوێندنەوە، هەژاری و کەمی کتێبخانەی کوردی، ئەمانە هەموو بوونە کۆسپ لەبەردەم بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا.

٤- کێشەیەکی تری بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی، ئەوەیە، کە (( تێکستی ئەدەبی کوردی لە چێژ و ئەزموونی نووسینی ڕۆژئاواوە دوورن )) ( ئەمین، ٢٠٠٨، ٦٣ ). لەگەڵ شێوازی نووسین

و هزراندنی ئەدەبی و ڕووناکبیریی ڕۆژئاوایی یەکناگرێتەوە، دەشێت نەوەی نوێ داهێنانی کردبێت و فۆڕم و تەکنیکە نوێکانی ئەوروپی وەرگرتبێ، بەڵام تێپەڕاندنێکی بەرچاوی لە گوتاری نووسینی کوردیدا نەکردووە، تاوەکو ئەزموونێکی تازەی هزری و ڕۆشنبیریی بخاتەوە، کە کاریگەریی لەسەر خوێنەری ڕۆژئاوایی دروست بکات، بۆیە ئەو بەرهەمانە دەنگدانەوەیان نەبووە و پێشوازیەکی ئەوتۆیان لێنەکراوە.

٥- هەروەها چوونە دەرەوەی شاعیر و نووسەری کوردی، یان ڕووکردنیان لە ڕۆژئاوا، شتێکی بەرچاوی لە بونیادی ڕۆشنبیری کوردی نەگۆڕیوە و دیوارێکیشی نەخستووەتە نێوان نووسینی نووسەرانی ناوەوە و دەرەوە، چونکە تا ئێستا بەرهەمی نووسەرانی تاراوگە نەی توانیوە تیشکدانەوەیەکی جیهانی کاریگەریان هەبێت. شاعیر و نووسەری کوردی تاراوگە، لە کاتێکدا بەرهەمی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەو بەرهەمە لە ئەوروپاوە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە لایەن خوێنەری کوردەوە پێشوازی لێکراوە، کەمتر خوێنەری ئەوروپی، واتە (( داهێنانی نووسەری کوردی تاراوگە لە باشترین حاڵەتدا، لە سنووری موخاتەبەکردنی وەرگر، یان خوێنەری کورددایە و نەبووەتە خیتابێکی دامەزراو بۆ موخاتەبەکردنی خوێنەری ( خەڵک )ی ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی لێ دەژی ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ٨٠ )، بۆیە وەرگێڕی بیانی کەمتر دەستی داوەتە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرانی کورد، بەڵکو زیاتر وابووە کە خوێنەری کورد کە متمانەی تەواوی بەو شاعیر و نووسەرە کوردانە هەبووە و زمانە بیانییەکانی زۆر باش زانیوە بەبێ هیچ ئامانج و مەبەستێک بەرهەمەکانییان وەرگێڕاوە.

( عەبدولموتەلیب عەبدوللا )، پێیوایە، ئەدەبی تاراوگەش نەیتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە ناساندنی دەقی ئەدەبی کوردی بە دنیای دەرەوە، لەم بارەوە دەڵێت: (( ئەدەبی تاراوگە جگە لە پێ فرۆشتنەوەی کاڵاکانی نیشتمان بە خۆمان شتێکی دیکە نییە، هەڵبەتە ئەو کاڵایانەش بە گشتی خۆرهەڵاتین و شتێکی نوێیان تێدا نییە، لەبەرئەوە ئەدەبی تاراوگە ناتوانێت بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەدەب و زمانەکانی دیکە کارلێک دروست بکات و توانای ئەوەی

نییە خۆی لەگەڵ ژینگەی نوێ بگونجێنێت، ئیتر هەر لە پێ فرۆشتنەوەدا دەمێنێتەوە ))( عەبدولموتەلیب، ٢٠٠٨، http://hemin.dk ).

٦- لە لایەکی دیکەشەوە فێربوونی زمانە بیانییەکان لە لایەن نووسەرانی کوردی تاراوگە، لە ئاستی پێویستدا نییە. (( ڕۆشنبیری کوردی ئیمڕۆ بۆ ئەوەی وەکو ڕۆشنبیرێک لە سەدەی بیستویەکەم خۆی بسەلمێنێت، دەبێ زمانێک یان دوو زمانی زیندووی جیهانی بزانێت، ئەگینا لە پەراوێزدا دەژیت، چونکە سەرجەم تیۆر و لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە زمانە زیندووەکانی دونیا دەنووسرێن ))( عەلی، ٢٠٠٩، ٤٤ ). هەروەکو شێرکۆ بێکەس، دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت: (( ئاخر منێک، کە تەنها زمانی عەرەبی بزانم، دیارە هەرگیز پاشخانی ڕووناکبیریم قەت نییە، بەقەدەر نووسەرێک، یان شاعیرێک دەوڵەمەند نابێت، کە ئینگلیزی و فەڕەنسی، یان ئیسپانی بزانێت. ئەمە نوقسانییەکی گەورەیە لە مندا ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ١١٣ ). واتە پێویستە نووسەری کوردی تاراوگە، سەرەڕای زمانەکەی خۆی، بشتوانێ لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە پاشخانی ڕۆشنبیری خۆی دەوڵەمەند بکات، پاشان کاریگەریی لەسەر خوێنەری بیانی دروست بکات و بە زمانی ئەوان بەرهەم پێشکەش بکان، بەڵام ئەوە کەمتر ڕووی داوە، واتە نووسەری کورد لە تاراوگە دوورەپەرێزە و نەیتوانیوە تێکەڵاوی دروست بکات و وەکو پێویست سوود لە زمان و نووسینە ڕۆژئاواییەکان بە زمانی ڕەسەن وەربگرێت.

٧- هەندێک نووسەر پێیانوایە، دەقی ئەدەبی کوردی لە ڕووی تەکنیک و شێوازەوە لاوازە و ناتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بکات. هەروەکو (کاروان عومەر کاکەسوور )، هۆکاری لاوازی ڕۆمانی کوردی دەخاتە پاڵ ڕۆماننووسی کورد، کە (( هەوڵی داوە بە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەتی کوردەواری مامەڵە لەگەڵ نووسینی ڕۆماندا بکات، ئەو پێیوایە هەقایەتی کوردی سترەکچەرێکی لاوازی هەیە و ناتوانێت هیچ وزەیەک بە ڕۆمانی نوێ ببەخشێت و تایبەتمەندی بۆ بخوڵقێنێت، بگرە هەموو ڕەمزەییەتەکانی دەکوژێت. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازە هەقایەتییە ئەوەیە کە کارەکتەری دەبێت سادە و ڕووداو تەواوبێت. ئەمانەیش

خوێنەرێکی پاسڤی خولْقاندووە))( ئەمین، ٢٠٠٨، ٣٣٣ )، واتە نەتوانراوە ڕۆمانی کوردی لە ڕەگەزی هەقایەت جیا بکرێتەوە، یان هەوڵی پێکهێنانی گوتارێکی تری ڕۆمان بدرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نەوەی نوێ لەژێر هەژموون و کارتێکردنی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی دەرنەچووە و نەیتوانیوە ئەو چوارچێوەیە تێک بشکێنن. تەنانەت لە بەشێک لە ڕۆمانە کوردییەکاندا زمانێکی سادە و بێ گرێ بەرچاو دەکەوێت، کە ڕەنگە ئەم شێوازە بەمەبەستی خۆگونجاندن و لە بەرچاوگرتنی ئاستی خوێنەری کوردبێت، یاخود پەیوەندی بە ئاستی مەعریفی نووسەری دەقەوە هەبێت.

٨- سەرچاوەی هەموو داهێنانێک مەعریفەیە، بەدەستخستنی مەعریفەش پێویستی بە خوێندنەوەی سەرچاوەی ڕووناکبیری سەردەمیانە هەیە. کەواتە گرفتێکی تری بەردەم بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی بریتییە لە نەبوونی مەعریفەیەکی سەردەمیانە و بێئاگایی لە داهێنانە مەزنەکان و تێکستە جیهانییەکان، ئەمەش وادەکات، کە تێکستی ئەدەبی کوردی گیانی پەڕینەوەی سنووری نەبێت. (شێرکۆ بێکەس) دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: (( ئێمە زۆر کەم ئاگامان لە تێکستە گەورەکانی دونیایە، بۆیە کە شتێک دەنووسین، پێمانوایە زۆر گەورەیە، من لە ئەزموونی خۆمەوە بۆم دەرکەوتووە – بەڵام زۆر درەنگ – تا زۆر نەخوێنینەوە، نازانین و تێناگەین، کە ئێمە لە دونیای ڕووناکبیری و ئەدەبدا، چەند بچوک و بستەباڵاین ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ١١٥ )، کەواتە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبی و مەعریفی، پێویستە نووسەری کورد دەست بۆ تێکستە گەورەکانی جیهان درێژ بکات و لەوانەوە ئەزموونی خۆی دەوڵەمەند بکات، تاوەکو دەقی نووسینیان هێزی مانەوەی هەبێت و ببێتە نموونەی فەلسەفە و ئامۆژگاری، نەک تەنیا بۆ مەبەستی چێژی کاتی بێت و پاشان لەبیر بکرێت، چونکە ئەدەب تەنیا چێژ نییە، بەڵکو فەلسەفەیە، ڕەوشتە، ئاستی مەعریفەی کۆمەڵگایەک نیشان دەدات.

٩- لە لایەکی دیکەشەوە دەقی ئەدەبی کوردی بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو جۆرێک بووە لە خەبات بۆ پاراستن و مانەوەی زمان و ناسنامەی گەلی کورد، بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە بۆتە

شوناسێکی چەسپاو، لەدوای ڕاپەڕینیش نووسەری کورد لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بووە، لە کاتێکدا پێویست بوو نووسەری کورد ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت. ( کەریم دەشتی ) پێیوایە: ( ئەگەر سەیری هەموو ئەم بەرهەمە شیعریانە بکەین، کە لە سەردەمی گۆران و نوێبوونەوە دا نووسراونەتەوە، دەبینین هەر هەموویان لەنێوان بازنەی شیعری و ویژدانی سیاسی دا سەقام گیر بوونە. بابەتەکانیان لەیەک دەچن.. هەتا ڕوانگەش کە لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە، گۆڕانکاری کرد و ویستی ئەو گۆمە مەنگ و بێ سنورە بشڵقێنێ، بەڵام هەر لە نێو بازنەی سیاسەتدا بوون زمانی زێوەر و بێکەس و شێخ سەلام و قانع و زۆرانێکی دیکە، بە ڕادەیەکی گەورە لەیەک دەچن، زۆربەی بابەتە شیعرییەکانیان یەکن، گۆشەنیگاکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە )( دەشتی، ١٩٩٩، ٤٤ )، تەنانەت لە بواری ڕۆمانیشدا ( ژانی گەل )ی برایم ئەحمەد و ( پێشمەرگە )ی ڕەحیمی قازی لەسەر هەمان ڕێچکەن. هۆکارەکەشی ڕوونە، چونکە بەهۆی ناجێگیری دۆخی سیاسی و بەردەوامی شۆڕشەکانی کورد، شاعیر و نووسەری کورد پاڵپشتی شۆڕش بوونە و دەقە ئەدەبییەکانیشیان هەر لەو چوارچێوەیەدابوون بە مەبەستی هاندانی خەڵکی، بەڵام ئاوێتەکردنی سیاسەت لەگەڵ ئەدەبدا، دۆخی سادەنووسی لە ئەدەبدا دێنێتە کایەوە، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگا بەرەو یەک ئاڕاستەیی دەبات. لێرەدا زمانی دەقی ئەدەبی دەبێتە زمانێکی وێکچوو و هاوشێوە و یەک بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری، ئەم جۆرە ئەدەبانە تایبەتمەندی نەتەوەیین و داخراون، لەبەرئەوە لە ناو گەلانی تردا کەمتر پێشوازیان لێ دەکرێت و نابنە ئەدەبی جیهانی.

١٠- گیروگرفتێکی تر بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی، بریتییە لە نەبوونی دەزگایەکی پێداچوونەوەی بەرهەمی نووسەرانی کورد، بە مەبەستی بژارکردن و دیاریکردنی هەڵە و کەموکورتییەکانی دەقە ئەدەبییەکان، بۆ ئەوەی جوانکاری تێدابکرێت. ئەگەر سەرنج بدەینە بەشێک لە بەرهەمی چاپکراوی کوردی، هەڵەی ڕێنووسی و زمانەوانیش بەدیدەکرێت، هۆکارەکەشی بۆ پێدانەچوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، پێش چاپ کردن. (( لە

ئەوروپا دەزگای پەخش، سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەیە و هیچ ئەدیبێک با ناوبانگێکی جیهانیشی هەبێت، کتێبی ڕەوانەی چاپخانە ناکرێت، تا بە فلتەری پێداچوونەوەدا ڕەت نەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمە لای ئێمە بە کەمی بەرچاو دەکەوێت. زۆر بەرهەمی ئەدەبی جوان هەن، چونکە بە فلتەری کەسانی لێزاندا ڕەت نابن و ڕاستەوخۆ بڵاودەکرێنەوە، بەهۆی درێژدادڕی و زمانی لاوازەوە، کە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو ناوبانگەی کە هەق بوو هەیان بێت، بە نسیبیان نابێت ))( حەسەن، ٢٠١٨، ٣٩ )، ئەگەر دەزگایەکی پێداچوونەوە دروست ببێت، بێگومان کاریگەریی لەسەر ئاست و ناوبانگی دەقی ئەدەبی کوردی و تەنانەت نووسەری دەقەکەش دەبێت.

١١- کێشەی ناسنامەی دەق، گیروگرفتێکی تری بەردەم بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردییە، هەندێک پێیان وایە نووسەری کورد لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقدا، ڕای چەسپاوی نییە، یاخود زۆر لە بەرهەمەکانیان ناسنامەیان نییە، ئەمەش جۆرێک لە بەدحاڵیبوون و سەرلێشێواوی لە لای خوێنەر دروست دەکات، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ڕۆمانی کوردی نووسراون تێڕوانینی جیاوازیان دەربارەی ناسنامەی دەقەکان هەیە، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ نووسراون. (( نووسەرەکانیان دەستنیشانی جۆر یا ناسنامەی ئەم دەقانەی خۆیان نەکردووە، یانیش هەندێکیان ناسنامە و جۆری دەقەکانیشیان لەلایەن نووسەرانی دەقەوە لەسەر بەرگی ئەم دەقانە دەستنیشان کراون پەسند نییە، بۆ نموونە ئەگەر دەقێک لەسەری نووسرابێت ڕۆمان، ئەوا لەلایەن چەندان ڕەخنەگر و توێژەرەوە بەجیاوازی پۆلێنکردنی نووسەرەکەوە ناویان لە جۆری دەقەکە ناوە یا دەقێک لەوانەیە تەنیا لەسەری نووسرابێت چیرۆک، کەچی لەلایەن ڕەخنەگر و نووسەرانەوە بە نۆڤلێت خوێندرابێتەوە ))( س. ڕەشید، ٢٠٠٧، ٢٢ ). بۆ نموونە ( مەسەلەی ویژدان )ی ( ئەحمەد موختار جاف )، کە لەساڵی ( ١٩٢٧ - ١٩٢٨ )دا نووسراوە ( موختار جاف، ٢٠٠٨، ٥٦ )، نووسەری هیچ ناسنامەیەکی بۆ دەقەکەی دەستنیشان نەکردووە، بەڵام هەندێک لە پسپۆڕانی چیرۆک، ئەم بەرهەمە بە (

چیرۆکی درێژ، نۆڤلێت، ڕۆمان ) ناو دەبەن، ئەم جۆرە بۆچوونانەش گومان دەخاتە سەر ناسنامەی دەق و کێشەی بۆ پۆلێنکردنی ڕەگەزی ئەدەبیش دروست دەکات. بێگومان، ناونیشان بۆ دەق بایەخی گەورەی هەیە، ناونیشانی دەق دەبێت لەگەڵ ناوەرۆک، یان پەیامی دەقەکە یەکبگرێتەوە، چونکە ناونیشان دەرگای چوونە ژوورەوەی دەقە! (( مەرجەعێکە ئاماژە و ڕەمز لە خۆدەگرێت، واتا چڕ دەکاتەوە و دانەر دەقەکەی لەسەر دەچنێت، پرسیارێکە دەقەکە وەڵامی دەداتەوە و خوێنەریش ڕاڤە و زیادەی دەخاتە سەر ))( بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٢٠ ). ئەگەر ناونیشان لەگەڵ ناوەرۆکی دەقدا یەکی نەگرتەوە، یاخود لێڵ بوو، (( جۆرێک لە بەدحاڵیبوون لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات، دیارە دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقیش لە ڕووی پڕاکتیکییەوە، لە بەکارهێنانی زاراوەیەکەوە – بۆ نموونە چیرۆک، شیعر، ڕۆمان، کورتە ڕۆمان – وەک ناولێنانێک بۆ دەق دەست پێدەکات و دواتر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی ئەدگارە هونەرییەکانی دەقەکەوە ئەم دەستنیشانکردنە یەکلا دەکرێتەوە ))( ڕەشید، ٢٠٠٥، ١٢٥ )، لە لایەکی دیکەشەوە خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشانی دەقەوە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر دەق و دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە پێشوازیکردن، یاخود پشگوێخستنی.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، ڕاستە دەقی ئەدەبی کوردی بە ( شیعر و ڕۆمان )ەوە بە ئەندازەی پێویست نەیتوانیوە سنووری نەتەوایەتیی خۆی تێپەڕێنێت و جێگایەک بۆ خۆی لەنێو خوێنەرانی میللەتانی دیکەدا بکاتەوە، بەڵام بەراوردکردنی دەقی ئەدەبی کوردی بە دەقی ڕۆژئاوایی شتێکی نادادپەروەرانەیە، چونکە ئەوان خاوەنی شارستانییەتی دێرینن و پێش هەموو میللەتانی دنیا دەوڵەتدار بوون، لە هەمانکاتیشدا فەیلەسوف و شاعیر و نووسەرە ناودارەکانی جیهان و ڕێباز و تیۆر و میتۆدە ئەدەبییەکان ڕۆژئاواین. هەروەها بۆ یەکەم جاریش چاپخانە لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە. لە لایەکی دیکەشەوە تێکەڵاوبوونی ئەدەب و کلتوری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی مسوڵمانان لە نێویشیاندا کورد، بە ئەدەب و کلتوری وڵاتانی

ڕۆژئاوا شتێکی نامۆیە، چونکە لایەنی ئایدۆلۆژیی و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی ڕێگرن لە بەردەم ئەم بەجیهانیبوونە.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لە شاعیر و ڕۆماننووسی نەوەی نوێ، کە ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردووە و تاراوگەنشینن و فێری زمانە ڕۆژئاواییەکان بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری تەوژمە نوێیەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوان و بە ئەقڵیەتێکی کراوە و سەردەمیانە بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە و سەرنجی خوێنەری ڕۆژئاوایان بەلای خۆیان و نەتەوەی کورددا ڕاکێشاوە، لەوانە ( شیرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی، بەختیار عەلی، کاروان عومەر کاکەسوور، ئەحمەدی مەلا و زۆرێک لە شاعیر و ڕۆماننووسانی کوردی ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان، هەروەها ژمارەیەکیش لە شاعیر و ڕۆماننوسانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەوانە ( کەژاڵ ئەحمەد، لەتیف هەڵمەت ). لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە توانیویانە سەرنجی خوێنەری ئەوروپی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بەرهەمەکانیان بۆ سەر زۆر لە زمانە ناوچەیی و ڕۆژئاواییەکان وەرگێڕدراون و پێشوازییەکی باش لە بەرهەمەکانیان کراوە و هەنگاویان بەرەو بەجیهانیبوون ناوە.

## ٣-٥ لاوازی ڕەخنە لە بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردیدا

نەریتی ڕەخنەی ئەدەبی کورد لە بەرگی نووسیندا مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. (( تەنانەت پێش سەدەی بیست بەرهەمی بە پەخشان نووسراومان زۆر کەمە و بەرهەم و کاری ڕەخنەییمان نەک هەر کەم بووە، بەڵکو هەر نەمانبووە ))( تاتانی، ٢٠٢٠، https://jineftin.krd )، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ئاستی نزمی دەقی ئەدەبی بگەڕێتەوە، نەخێر بە پێچەوانەوە شاکاری بەرچاومان هەن، ئەگەر سەیری شیعری کلاسیکی کوردی بکەین دەقی شیعری لە ئاستێکی زۆر بەرزدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام درەنگ کەوتنی ڕەخنە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردەوە هەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرانی کورد، تا پێش سەدەی بیستەم لە نێو دەقە شیعرییەکانیاندا، بابەتی ڕەخنەییان وروژاندووە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ڕەخنانەی لە ناو دێڕەشیعرییەکانی شاعیرانی کلاسیکیدا هاتوون، ناکەونە خانەی ڕەخنەی نووسراوەوە، چونکە ڕەخنە نووسینەوە و لەدایکبوونی دەقێکی ترە، جگە لەوەش ڕەخنەی ئەکادیمیی و زانستی، تیۆر و میتۆد و پڕەنسیپی خۆی هەیە، پێویستی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەیە.

نەبوونی ڕەخنەگری ئەکادیمی و زانستی لە سەردەمی کلاسیکیدا و (( مانەوەی دەقە ئەدەبییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی، بوونی ئەم دیاردەیەش کەم و زۆر کاری لە تێڕوانین و شاعیرانی کورد کردووە، بۆیە هەندێ لە بەیتە شیعرەکانیان بۆتە زمانحاڵی سکاڵای شاعیران، بەدەست نەبوونی ڕەخنەگر و ڕەخنەی کوردییەوە، هەر ئەم دیاردەیەش وای لە هەندێکیان کردووە بە زمانێکی زبر، ڕەخنە لە گوێگر و خوێنەرانی سەردەمی خۆیان بگرن ))( حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٣٠١ )، بۆ نموونە ( نالی ) ڕەخنە لە خوێنەری سەردەمەکەی خۆی دەگرێت، کە هەڵسەنگاندن بۆ شیعرەکانی ناکەن و دەڵێت:

**عومرێکی درێژە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**

**زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشـــــم** ( نالی، ١٣٦٨، ٢٨٠ ).

ئەمە ئەوە دەگەیێنێت، کە خوێنەرانی سەردەمی نالی خوێنەری ئاسایی بوون و لێکدانەوەیەکی قوڵیان بۆ شیعرەکانی نالی نەکردووە، بەڵکو تەنها بۆ مەبەستی چێژ لێوەرگرتن خوێنەر و بیسەری شیعرەکانی بوون، بۆیە نالی دەگاتە ئەو بڕیارەی کە بێدەنگی هەڵبژێرێت. ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە نێو دێڕە شیعرییەکانی زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت.

هەوڵە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی نووسراوی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئامێزی ڕۆژنامەگەری کوردیدا سەری هەڵداوە و دواتر بابەتی ڕەخنەیی لە هەندێک کتێبدا وروژێنراوە، بەڵام بابەتە ڕەخنەییەکانیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو نووسەر لە پاڵ باس کردنی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی کورد ڕەخنەی دەربارەی شاعیرەکان خستۆتە ڕوو. ئەم بەرهەمانە زیاتر دەچنە خانەی مێژووی ئەدەبەوە نەک ڕەخنەی ئەدەب، (( بەشێکی زۆری ئەم جۆرە ڕەخنانە زیاتر ڕەخنەیەکی ئینتیباعی بوون و کەمیان هەیە لە کارە ڕەخنەییەکەیدا پشتی بە میتۆدی ڕەخنەیی و بنەما ڕەخنەییە نوێکان بەستبێت، بۆیە ڕەخنەکەیان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک سەرنج و تێڕوانین لەسەر دەقە ئەدەبییەکەدا دەمێنێتەوە ( تاتانی، ٢٠٢٠، https://jineftin.krd )، دواتر لە سالآنی حەفتای سەدەی بیستەم بەدواوە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە میتۆد و بنەمای زانستی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی نزیک بووەتەوە.

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەملاوە، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی جیهانیدا دەستی بە نەش و نماکرد، هەر لەم سەردەمەدا چەند هەوڵ و کۆششی جددی بۆ بنیاتنانی ڕەخنەیەکی زانستی هاوچەرخ هەبوو، (( لە ساڵی ١٩٩٢ چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی بەتوانا لەوانە ( عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد، حەمید ڕێبوار )، بەیاننامەیەکی ڕەخنەییان بەناوی ( پڕۆژەیەک بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ) دەرکرد و

گۆڤارێکیشیان بەناوی ( پرۆژە ) بڵاوکردەوە، کە زیاتر بانگەشەبوو بۆ دنیا بینی تازەی ڕەخنە و چەندین شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەپێی میتۆدە تازەکانی تێدا دەبینرا ))( بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٢٤٤ ). ئەم گۆڤارە تایبەت بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی و بە ئاشکرا کاریگەریی تیۆرە نوێیەکانی ڕۆژئاوای بەسەرەوە دیار بوو، بەڵام دیسانەوە ئەو پرۆژەیەش نەبووە مەرجەعێکی ڕەخنەیی، تا کاریگەریی لەسەر پێشخستنی ڕەخنەی ئەدەبی هەبێت و ببێتە فاکتەرێکی چالاکی بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی. دواتریش لە نامە ئەکادیمیەکانی زانکۆکان گرنگی بە ڕەخنەی زانستی دراوە، بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی پێویستی لێکۆڵینەوەکە دابووە.

ڕەخنە لە وڵاتانی تر داینامۆی گەشەپێدان و بەزیندوو ڕاگرتنی ژیانی کلتوری و فیکرییە. دەنگە گرنگ و نوێ و داهێنانە داپۆشراو و نەبینراوەکان، لە ڕێی ڕەخنەوە ڕووناکییان دەخرێتە سەر و بایەخیان بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکرێن ( فایەق و سوبحانی، ٢٠٠٩، ١١٥ )، لەکاتێکدا تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەژێر ئاستی پایە و ئاڕاستەی ئەدەبی کوردییە. ئەوەندەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەچێتە ژێر چەتری وتار و نمایشکردن و خوێندنەوەوە، هێندە ناچێتە سەر بنەما و ڕێباز و تیۆرییەکانی کەشفکردنی جەوهەری دەقەکان و دۆزینەوەی ڕاز و نهێنییەکان و تێگەیشتن لە مراز و پەیامی نووسەر و گرێدانەوەیان بە واقیعی ئەدەبی جیهانی. ئەوە جگە لە دیاردەی خزم خزمێنە و پێکدا هەڵگوتن ))( شەوڕۆ، ٢٠١٨، ١٤١ )، واتە ڕەخنەی ئەدەبی نەبۆتە پرۆسەیەکی کارا و کاریگەر بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی کوردی بەجیهانی دەرەوە بناسێنیت، ڕەنگە ئەمەش هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی چالاک لە کوردستان لەدایک نەبووە، ببێتە داینامۆی بەگەڕخستنی دەقی ئەدەبی کوردی.

ئەگەر سەرنج بدەینە گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی (( بەشێکی سەرەکی پێوەندی بەو بۆچوونانەوە هەیە، کە لەناو ڕەخنەگرانی کوردیدا، بە گشتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ڕەخنەیەکی لاواز دادەنێن و پێیانوایە، کە ڕەخنەکە زیاتر دەمەقاڵێ و وەڵامدانەوەی وەڵامی

ڕەخنەیەکە پێشتر مامەڵەی لەگەڵ دەقنووسدا کردووە، نەک خودی دەقی ئەدەبی ))( ئەمین، ٢٠١٠، ٥٢ )، لەهەمانکاتدا هەندێک لە ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستان لاوازی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ کۆمەڵێ گرفتی دیکە دەگەڕێننەوە. لەوانە ( فوئاد ڕەشید )، گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ لاوازی دەقی ئەدەبی دەگێڕێتەوە و پێیوایە: (( ئەگەر دەق لەژێر گوماندا بێت، نووسین و ڕەخنەی سەر ئەم دەقەیش لە ژێر گوماندا دەبێت ))( ڕەشید، ٢٠٠٥، ١٣٧ )، هەروەها ( ڕەئوف بێگەرد )، بەرپرسیارییەتی لاوازی ڕەخنە دەخاتە پاڵ دەق و ڕەخنە خۆی و دەڵێت: (( بەداخەوە ڕەخنەی کوردی ( ئەگەرچی ئەم ناوە چ وەک میتۆد و چ وەک ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤ، بوونی نییە ) دەوری هەیە، لە پاشاگەردانی و لێکجیانەکردنەوەی ئەدەبی چاک و خراپ. من چەندان نووسین لەسەر ئەو کارانە دەبینم، کە خۆیان وەک دەق ئیفلیجن و بێگومانیشم ڕەخنەی لەخۆیان کلۆڵتر بەرهەمدەهێنن ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ٢٣٥ )، کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ئاستی بەرپرسیارییەتی دەقدا نییە، لە هەمانکاتدا لاوازی ڕەخنە تەنیا بۆ خودی ڕەخنە ناگەڕێتەوە، بەڵکو نەبوونی دەقی داهێنەرانەش بە هۆکار دەزانێت.

( فاروق هۆمەر )، لاوازی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ لاوازی خوێنەر دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: (( هێشتا لە دونیای ئێمەدا خوێنەر بە مانا مەعریفییەکەی لەدایک نەبووە، ئەوەندەی لێرە و لەوێ خوێنەرێکی سادەمان هەیە، کە هەموو دونیابینی ئەو بۆ دەق، ئەوەیە کە ئەم دەقە جوانە، یان ناشیرینە ))( ئەمین، ٢٠٠٨، ٢٥٣ )، لە بۆچوونەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە خوێنەری کورد لێکدانەوەیەکی فەلسەفی و مەعریفی بۆ کرۆکی دەق ناکات، بەڵکو بەم شێوەیە ڕەخنە لە دەق دەگرێت، ئایا جوانە، یان ناشیرینە؟! ئەمەش وادەکات لێکدانەوەیەکی ساکارانەی دەرەوەی دەق بخرێتە ڕوو، کە نەک هەر ڕەخنەکە، بەڵکو دەقە ڕەخنە لێگیراوەکەش بەرەو مەرگ دەبات. (( بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان نووسەر، نووسین، ڕەخنەگر، یان خوێنەردا هەیە و هەموو ئەو لایەنانە لە حاڵی کارلێکدان و هەر لایەن و نەخش و دەوری خۆی لە پێکهاتەی بەرهەمەکەدا هەیە و بە زمانی تازەی ڕەخنەیی دەبێ بگوترێ، کە هەر

یەکێک لەو لایەنانە تارادەیەک دەور لە نووسین و زیندوو ڕاگرتن و خوڵقاندنی نووسین، یان دەقدا دەبینێ ))( عارف، ٢٠١٩، ١٣٦ )، کەواتە لاوازی هەریەکێکیان پرۆسەکە دەشێوێنێت و دەبێتە هۆی لاوازی ئەوانی دیکە.

هەروەها لە گوتاری ڕۆشنبیری کوردیدا، توێژینەوە ئەکادیمییەکانیش بەوە تۆمەتبار دەکرێن، کە لە ئاستی ڕەخنەی زانستی دا نەبوون و نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ باس لە ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی بکەن، بەڵکو لە چوارچێوەی توێژینەوەکانیاندا و بەپێی پێویست و لابەلا تیشکیان خستۆتە سەر ڕەخنەی ئەدەبی، ئەمەش نەبۆتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی ڕەخنەی کوردی.

( بەختیار عەلی ) لاوازی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ نەبوونی ڕوانینێکی تازەی ڕەخنەگرە ئەکادیمیەکان دەگەڕێنێتەوە و بەوە تاوانباریان دەکات، کە نەیانتوانیوە لەگەڵ کەشی ڕەخنەی هاوچەرخدا هەڵبکەن و میتۆدەکانی ڕەخنەی سەردەم تاقی بکەنەوە، ئەو پێیوایە، ڕوانینێکی ڕەخنەیی کۆنخواز لەپشت گوتاری ڕەخنەی ئەکادیمییەوە هەیە ( ئەمین، ٢٠١٠، ٥٣ )، واتە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی زانستی نوێ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دەقی ئەدەبی کوردیدا بکات.

هەندێ کەس ساوایی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکەنە بیانوو لە بەردەم گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام ( د. ڕەفیق سابیر ) پێیوایە: (( ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمە تەنیا دیاردەیەکی تازە و ساوا نییە، بەڵکو هێشتا ئاوێنەی پرەنسیپی تیۆری و نەریتی ئەکادیمی نەبووە و چوارچێوەیەکی زانستی وەرنەگرتووە، تیۆر و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نەکراونەتە بنەما و مەرجی کاری ڕەخنەیی ))( عەلی، ٢٠٠٩، ١٠ )، بە بۆچوونی ڕەفیق سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی چ وەک داهێنان، یان وەک کارێکی زانستی، هێشتا نەچەسپیوە و بەلای زۆریشەوە هێشتا لە ئاستی تەوەری ئەدەبی نەبووندایە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ کارێکی ڕەخنەیی جوانمان نییە، بەڵکو کۆمەڵێ کاری جدی و جوانمان هەن، کە شایەنی لێ

ورد بوونەوەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەلایەن خوێنەری بیانییەوە پێشوازی لێ نەکراوە و نەیتوانیوە دەقی ئەدەبی کوردی وەکو شاکار بە دنیای دەرەوە بناسێنن. ئەو ڕەخنەیەی لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، زیاتر لە سنوری لۆکاڵیدایە و سنوری نەتەوەیی تێپەڕ نەکردووە و تێکەڵ بە واقیعی ئەدەبی جیهانی نەبووە.

لەگەڵ ئەوشدا ئێمە ڕەخنەگرانێکی بەتوانا و شارەزامان هەن، کە بە جوانی و بە قووڵی ئەو قوتابخانە ڕەخنەییانە دەناسن، ئەم کەسانە ئەرکێکی مێژووییان دەکەوێتە سەر، کە پێویستە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەم تەنگژەیە دەرباز بکەن، هەروەها هەوڵبدەن دەقی ئەدەبی بژاردە بە جیهانی دەرەوە بناسێنن. لە لایەکی تریشەوە پێویستە بە لایەنی کەمەوە گۆڤارێکی مانگانەی تایبەت بە ڕەخنەی ئەدەبی و ڕاڤەکردن هەبێت، تاوەکو چالاکی ڕەخنەیی پەرە بسێنێت و ئەو دەقانەی مەییون ڕۆشناییان بخرێتە سەر و بخرێنە بەردەم نەوەی نوێ، چونکە ڕەخنە پردی پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەرە.

## بەشی چوارەم:

٤-١ ئەدەبی کوردی لە ئەستانەی ئەدەبی جیهانیدا

٤-٢ ئەزمونی شاعیرانی هاوچەرخی کوردیی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا

٤-٣ ئەزمونی ڕۆماننووسانی هاوچەرخی کوردی لەبەردەم بەجیهانیبووندا

٤-٤ ئەدەبی کوردی بە زمانی بێگانە وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی کوردی

## ٤-١ ئەدەبی کوردی لە ئاستانەی ئەدەبی جیهانیدا

لەسەدەی حەڤدەدا گەشانەوەی ئەدەبی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراو دەبینرێت، چەندین شاعیری بەتوانا دەرکەوتن، لەوانە ( مەلای جزیری، عەلی حەریری، فەقێی تەیران، ئەحمەدی خانی.. )، دەکرێت بوترێت، سەرئامەدانی ئەو دەستە شاعیرە، ئەحمەدی خانییە، هەروەکو دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەبارەیەوە دەڵێت: (( دەتوانین ئەو ماوەیە بە ماوەی پەیدابوون و گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو بزانین، کە خانی بووە بە لوتکە دیاری ))( ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ٩٤ ). دیاری کردنی خانی وەکو لوتکەی قوتابخانەی کلاسیکی کرمانجی ژووروو، بۆ مەزن و گرنگی شاکاری ( مەم و زین ) دەگەڕێتەوە، کە بۆتە جێگەی بایەخ پێدانی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و وەکو شاکارێکی جیهانی باسیان لێوەکردووە و لێیان کۆڵێوەتەوە. ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی کوردییە، کە توانیبێتی سۆز و سەرنجی زۆر لە پسپۆر و شارەزایانی ئەدەبی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٤ دا ( م. ب. ڕۆدینکۆ ) نامەی دکتۆراکەی لەسەر پۆیەمەکەی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی نووسی. ڕۆدێنکۆ، ئاماژەی بەوە داوە، کە ( بەرهەمی ئەحمەدی خانی فۆکوسی پاڵفتەی بەرزترین داهێنانی هۆشی گەلی کوردی دەبڕیوە. بەتەنها ئاگاداربوون لە بەرهەمی ئەحمەدی خانی بەسە بۆ ئەوەی تێبگەی کە کورد خاوەنی چ کلتورێکی بەرزە، ئەگەر پێشتر مرۆڤایەتی ئاشنای "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی بووایە؛ کورد تووشی ئەو تۆمەتە چەوت و ناڕەوایانە نەدەبوو، کە گوایە هیچ کلتور و نەریتی نووسین و ئەدەبی نەتەوەیی نییە) ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ١٠ ). ئەو پێیوایە، پۆیەماکەی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی، گەنجینەیەکی بێوێنەی ئەدەبی کوردییە و شایەنی ئەوەیە گەلی کورد شانازی پێوە بکات، بێگومان مەم و زین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆدینکو هەبووە، بۆیە پێشنیاری کردووە ئەم داستانە ببێتە ناونیشانی دکتۆرانامەکەی.

( یۆ. ئا. ئۆربیلی ) لەکاتی داکۆکی نامەی دکتۆرای ( م. ب. ڕۆدێنکۆ )، وەک گفتوگۆکاری یەکەم، دەڵێت: ( لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە ئەوەندە زۆر نین، کە دەمێکە و پێش چەند سەدەیەک نووسراون، بەڵام لە هیچ کامیاندا لەو ئاستەدا واتە وەک ( مەم و زین ) سیمای نەتەوەیی و هەوڵ و کۆششی نەتەوەیی و میللی و پێناسەی بنەمای بەرزی ئێتیکی ئەو گەلەی تێدا دەرنەبڕدراون. لای ( ئەحمەدی خانی ) ڕێک ئەم لایەنە زۆر بە درەوشاوەیی دەزرنگێنەوە و ناسک و شیرین هۆنراوەتەوە ).. ( یۆ. ئا. ئۆربیلی )، یەکەم کەس بوو، کە بەهای هونەری و بایەخی بیری پۆیەماکەی ئەحمەدی خانی دیاریکرد، ئاماژەی بەوە دا، کە لەسەر بنەمای سوژێتیکی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردی دامەزراوە. هەروەها دەربارەی ئەحمەدی خانی، دەڵێت: ( خانی یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی مرۆڤایەتی. خانی بە ئەرکی خۆی زانیوە پۆیەماکەی بە کوردی بنووسێت. دەیتوانی پۆیەماکەی بە فارسی و عەرەبی بنووسێت بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە، بەڵام بە کوردی نووسی، تا خەڵک نەڵێن، کە کورد خاوەنی کولتوور نین )( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٨، ١١ ). زۆرجار یۆ. ئە. ئۆربیلی دەیوت: هەموو میللەتێکی ڕۆژهەڵات، خانی و ( مەم و زین )ەکەی نییە، تا شانازی پێوە بکات. ( ئەحمەدی خانی بۆ ملیۆنەها کوردە، کە لە هەموو سوچ و قوژبنێکی ئەم جیهانە فراوانەدا هەن و دەژین، تەنیا شاعیرێکی مەزن نییە، بەڵکو ئاڵایەکی شەکاوەی کلتورییە، ئیتر مرۆڤ چۆن دەتوانێ بە خوێن و خەم ساردییەوە دەربارەی ئەمە بدوێ ( محەمەد، ٢٠٠٨، ٢٢ )، بۆیە داوادەکات، کە بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە شاکارە مەزنانەدا بکرێت. خۆشی وەک کەلەپورێکی بەرزی ڕۆژهەڵات تەماشای داستانی مەم و زینی کردووە.

مینۆرسکی ( ١٩١٥ )، ئەدەبی میللی کوردی بە ئەدەبێکی داستان ئامێزی گوزارشتکەر لە داب و نەریتی نەتەوایەتی هەڵسەنگاندووە، لەو گۆشەنیگایەوە دەیڕوانی کە ئەم داستانە کوردییانە ڕەگی واقیعییان هەیە و پەنجەی بۆ شاکارەکەی ئەحمەدی خانی ( مەم و زین ) ڕاکێشاوە و دەڵێت(( ڕاستە پێش خانی شاعیری کورد لە گۆڕێ بوون، بەڵام خانی بەرهەمی

کۆنی کوردی و ناسنامەی نەتەوایەتی ڕاگەیاندووە لە پێشەکییەکەشیدا پارچەپارچە بوونی نەتەوەکەی دیاری کردووە و چارەسەری بۆ داناوە و ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە لەنێو نەتەوەی کورددا هێز و توانستی ئەوتۆ هەیە، ئەگەر کەش و هەوای لەباری بۆ بەرپا بێت ڕادەپەڕێ ))( سندی، ٢٠٠٨، ٥١٦ )، هەروەها شمیدت ئەمریکیش ئاماژەی بۆ ( خانی ) کردووە و بە باڵانمای ئەدەبی کوردی داوەتە قەڵەم و دەڵێت: (( ئەحمەدی خانی شاعیر لە سەدەی حەڤدەیەمدا ژیاوە و بە شاکارە ئەدەبییەکەیەوە ( مەم و زین ) ناسراوە، کە لە ئاستی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهاندایە ))( سندی، ٢٠٠٨، ٥٢٤ ).

( مێجەر سۆن کاتێک ) حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو لە سلێمانی، لە میانی دید و بۆچوونەکانی سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەربارەی ئەحمەدی خانی دواوە و دەڵێت: (( لە ڕاستیدا خانی بەشاکارە گەورەکەی ( مەم و زین ) بەناوبانگە، کە ڕۆمانێکی شیعرییە و ئاستی هونەری دەگاتە ڕیزی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان، گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆڕ و خوێنەرانی ڕۆمان ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە و بە بەرز هەڵیدەسەنگێنن، هەر بۆیەش وەرگێڕدراوەتە سەر هەندێ زمانی دی ))( سندی، ٢٠٠٨، ٥١٩ ). ئەم بۆچوونەی (سۆن) ئەوە دەسەلمێنێت، کە ( مەم و زین ) شاکارێکی جیهانییە و بەهۆی کاریگەریی لەسەر نەتەوەکانی دیکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانانی دیکە و سنووری نەتەوایەتی تێپەڕاندووە.

داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی، تا دوا بەدوای سەدەی نۆزدەهەم هەر بەدەسنووسی مابۆوە، بۆ یەکەمجار ( میقداد مەدحەت بەدرخان ) لە چەند ژمارەیەکی یەک لەدوای یەکی ژمارە ( ٢٣ی نیسانی ١٨٩٨ ) لە ڕۆژنامەی ( کوردستان )دا، دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بەشێکی مەم و زین تا ژمارە ٣٠ هەرجارە بەشێکی لێ بڵاودەکاتەوە. بە قسەی ( مارتن ڤان بروینسن – نووسەر و کوردناسی هۆڵەندی ) ئەو دەستنووسەی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی کە میقداد مەدحەت لەبەرییەوە چەند بەشێکی مەم و زینی لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە هی حاجی قادری کۆیی بووە ( عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١٥ ). دیارە ئەو

دەرفەتە نەڕەخساوە، تا هەموو داستانەکە بڵاوبکاتەوە، چونکە ڕۆژنامەی کوردستان بە هۆکاری سیاسی، بەردەوام هەم سەرنووسەر و هەم شوێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە گۆڕان و وەستاندابووە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرجەستە چاپی داستانی ( مەم و زین ) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩ ، لەو ساڵە بۆ یەکەمین جار چاپێکی سەرلەبەر و تەواوی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی لەڕووی دەستنووسێکی نووسراوی ساڵی ١١٦٥ی کۆچی ( ١٧٥١-١٧٥٢ )لەلایەن ( هەمزە مۆکسی ) ئامادەکرا و لە بڵاوکراوەکانی ( جڤاتا تەعمیما مەعاریف و نەشریاتی کوردی ( ژمارە ١ لە چاپخانەی ( نجم الاستقبال ) لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکرایەوە. ئەم چاپە یەکێکە لە چاپە هەرە تەواو و دەگمەنەکانی مەم و زین، کە بەداخەوە کاتی خۆی کەمالیستەکان بەشی زۆری چاپەکەیان سوتاند، بەڵام چەند دانەیەکی کەمی ڕزگاریان بوو، ئیمڕۆ بەجوانترین و بەتیراژێکی زۆرەوە دووبارە چاپ دەکرێتەوە ( عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١٥ )، ئەم چاپەی نەجاتی عەبدوڵا، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای ئاراس دووبارە لەچاپی داوەتەوە، هەمان کۆپی ئەو چاپەی هەمزە مۆکسییە، کە ساڵی ١٩١٩ چاپی کردووە.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی ئەو کوردناس و لێکۆڵەرانەی، کە خرانە ڕوو، وەکو شاکارێکی جیهانی سەرنجڕاکێش باسیان لە ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی کردووە، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساندووە، تاوەکو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەملاوە دەست بەوەرگێڕانی ئەم شاکارە مەزنە بکرێت بۆ سەر زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان، لەوانە (( ڕووسی، ئینگلیزی، سوێدی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، تورکی، فارسی، ئیسپانی، ئازەری و عەرەبی .. ))( عەبدوڵڵا ، ٢٠٠٨، ٢١ )، تائێستاش لەوەرگێڕان بۆ سەر زمانە بیانییەکان بەردەوامە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو وەرگێڕانانە دەکەین:

ساڵی ١٩٦٢ بۆ یەکەمجار ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی بە تەواوی وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی تر، ئەویش زمانی ڕووسی بوو. ئەم وەرگێڕانە لەلایەن مارگرێت ڕۆدێنکۆ بە ئەنجام گەیشت. هاوکات لەگەڵ وەرگێڕانە ڕووسییەکەی تێکستە کوردییەکەشی بەسەریەکەوە لەلایەن

ئەنستیتووتی میللەتانی ئاسیا بڵاوکرایەوە ( ڕۆدێنکۆ، ٢٠٢٠، ٨ ، ١١ ). ڕۆدینکۆ لەم کارەیدا، پشتی بەچەند دەسنووسێکی ڕەسەن بەستووە، بێ ئەوەی هیچ لە بەشەکانی لێ لادرابێت.

هەروەها ساڵی ١٩٦٣ عەبدوڵڵا ئەیوبیان داستانی مەم و زین وەردەگێڕێ بۆ فارسی و بە کوردی و بە فارسی لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی تەبریز بڵاوی دەکاتەوە و ساڵی ١٩٦٨ بۆزئەرسەلان لە ئەستەمبووڵ بۆ یەکەم جار چاپێکی نوێی ( مەم و زین )ی بە تێکستی کوردی لاتینی و لای بەرامبەریشی بە تەرجەمەی تورکی بڵاوکردەوە. دواتر ساڵی ١٩٧٥ چاپی دووەمی بڵاوکردەوە ( عەبدوڵڵا ، ٢٠٠٨، ١٧ ). هەروەها ئەم داستانە شیعرییەی خانی ساڵی ١٩٧٦ لە باکۆ بەزمانی ئازربایجانی بەشیعر وەرگێڕاو چاپکرا. ئەمەش لەلایەن شاعیر و لەزمان کۆڵەرەوەی کوردی ئازربایجانی سۆڤێتی ( شامیل عەسکەرۆڤ )ەوە کراوە ( ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ١٢ )، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، بازنەی ئەدەبی نەتەوایەتی تێپەڕاندووە. بێگومان، زۆربەی وەرگێرەکان کوردبوون و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە لە وەرگێڕانەکانی داستانی مەم و زینی خانی بۆ سەر زمانە بیانییەکان، لەوانە: ( ئەمین بۆزئەرسەلان، جەمال نەبەز، هەژار موکریانی، محەمەد ڕەمەزان بۆتی، شامیل عەسکەرۆڤ..).

بە هەموو ئەو پێوەرانەی بۆ شاکاری جیهانی دانراون، لە ڕووی لێدوان و هەڵسەنگاندنی ئەم بەرهەمە ( مەم و زین ) لەلایەن بیرمەندان و شارەزایانی ئەدەبی جیهانی و ئەو وەرگێڕانە زۆر و پێشوازییە گەورەی کە لەلایەن خوێنەری بیانییەوە لەم دەقە ئەدەبییە کراوە، (( مەم و زینی ئەحمەدی خانی ڕەنگ و بۆیەکی دەقی جیهانی لەخۆ گرتووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەم و زین هەڵگری ئیستاتیکایەکی قووڵ و کاریگەر و ناوەرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، ڕاستە نووسەرەکەی تەواو وابەستەیە بە سۆفینزمی ئیسلامی خۆرهەڵاتی، بەڵام جۆرە عیشقێکی وا پاک و بێگەرد پێشکەش دەکات، لەناو ناخ و دڵ و دەروونی گشتی هەر تاکێک جێگەی دەبێتەوە و مرۆڤ گیرۆدەی خۆی دەکات ))( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١،

٣٧٧ )، لەلایەکی تریشەوە ئاست بەرزی ئەم شاکارە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ ئاست بەرزی و کەسایەتی ( ئەحمەدی خانی )، کە ڕۆشنبیرێکی دەگمەنی ڕۆژگاری خۆی بووە، خانی لە ( مەم و زین )دا هەستێکی نەتەوەیی کوردانەی لە هونەر و بیری فەلسەفی ڕۆژهەڵاتیدا داڕشتووە، کە نموونەی ناسکبێژی و زمانێکی خوازەییە. هۆکارەکەشی بۆ بلیمەتی ئەو دەگەڕێتەوە، کە شارەزایی و زانیارییەکی فراوانی لە زمان و بەلاغەتی فارسی و عەرەبی و تورکیدا هەبووە. هەروەها (( خانی لە پاڵ شاعیریەتییەکەی شارەزاییەکی وردی لە مێژوو و جوگرافیا و کلتور و جەبر و فەلەکناسی و ئایین و بیری ناسیۆنالیستی هەبووە و هەموو ئەوانەشی تێکەڵ بە یەکتری کردووە ))( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٣٧٧ )، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ( مەم و زین ) هەستی هاوبەشی مرۆڤایەتی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بۆیە ئەم شاکارە مەزنە سنوری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەیی بڕیوە و چۆتە نێو ئەدەبی جیهانییەوە. جگە لەو وەرگێڕانە زۆرانەی کە بۆ داستانی مەم و زین کراون چەندین نامەی ئەکادیمی بە زمانی بیانی و کوردی لەسەر ئەم شاکارە مەزنە پێشکەش کراون، لێرەدا هەندێک لەو نامانەی کە بە زمانی بیانی لەسەری نووسراون دەخەینە ڕوو:

یەکەمین دکتۆرانامەی ژنە کوردناسی ڕووس ( مارگرێت ڕۆدینکۆ – ١٩٢٦-١٩٧٧ )بوو، لە ساڵی ١٩٥٤ بە زمانی ڕووسی لە زانکۆی لینینگراد بە ناوی ( هۆنراوەی شاعیری کوردیی سەدەی حەڤدەهەم ئەحمەدی خانی"مەم و زین") پێشکەش کرد. دواتر لە ساڵی ١٩٧٢ محەمەد ئەنوەر عەلی نامەیەکی زانکۆیی بە زمانی عەرەبی بەناوی ( أحمد الخاني.. : فلسفة التصوف فی دیوان مم و زین ) پێشکەش دەکات، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ بە کتێب چاپکرا.

( عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ) لە ٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ لە ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی مۆسکۆ" دکتۆرانامەکەی بە زمانی ڕووسی لەسەر ( ئەحمەدی خانی: شاعیر و بیریاری کورد ١٦٥٠-١٧٠٧ ) وەرگرت، نووسەر دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی، بە ناونیشانی ( أحمدي خاني شاعرا ومفكرا فيلسوفا ومتصوفا – 1979 لە بەغدا )، هەر

خۆی لەساڵی ٢٠٠٨ لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (ڕەسوڵ ، ٢٠٠٨، ٢١).

ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید ( فەرهاد شاکەلی ) ماستەرنامەکەی بە زمانی ئینگلیزی بەناوی ( ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا ) پێشکەش بەو زانکۆیە دەکات. ساڵی ١٩٩٢ ئەنستیتوتی کوردی لە برۆکسل وەکو کتێب ئەم نامەیە بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووی چاپە ئینگلیزییەکەوە تەرجەمەی عەرەبی و تورکی کراوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ ( مایکل شایت ) تێزی دکتۆرانامە کە بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ( مەم و زین )، پێشکەش بە زانکۆی کالیفۆڕنیا کرد ( عەبدوڵلا ، ٢٠٠٨، ٢٥ ).

داستانی مەم و زین تا ئێستاش جێگای بایەخ پێدانی نەتەوە جیاوازەکانە و خوێنەری لە زیادبوون دایە، ( عەبدولا ڕێشاوی )، ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی ( BBC )ی بەریتانی دەکات کە (( لە ڕۆژی خۆشەویستی ڤالانتایندا بە بڵاوکردنەوەی گێڕانەوەی داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی ئەو ڕۆژە لە خوێنەرانی پیرۆز دەکات و سەردانکەرانی بەو شاکارە مەزنە ئاشنا دەکات، ئەمەش ئاماژەی زیندوێتی و مەزنیی ئەو داستانە نەمرەیە، کە پاش نزیک بە چوار سەدە هێشتا یەکێکە لەنایابترین داستانەکانی خۆشەویستی لەسەر ئاستی جیهان ))( ڕێشاوی ،٢٠٢١، .https://www.sbeiy ).

ئەگەر لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، داستانێکی شیعری خۆی خزاندبێتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە، ئەوا ئەمڕۆ زۆرێک لە بەرهەمی ژانرە ئەدەبییەکان دەبینرێت، کە وا سنووری ئەدەبی نەتەواییەتییان تێپەڕاندووە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی جیهان و بەرەو بەجیهانیبوون هەنگاوییان ناوە. چونکە لەسەردەمی جیهانگیریدا کۆمەڵێک هۆکار یارمەتیدەر بوون بۆ بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی، لەلایەکەوە ئاوارەبوون و پەناهەندەیی شاعیر و نووسەرانی کورد لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەرفەتی ڕەخساندووە، تاوەکو ئەو نووسەرانە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بەرهەمی خۆیان

بەجیهانی بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە لەسەردەمی جیهانگیریدا لە ناوچەکەدا ڕوویاندا هەلومەرجێکی گونجاو و نیمچە سەربەخۆی بۆ کوردستانی باشوور دروستکرد، تاڕادەیەک پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئازادی ڕاگەیاندن و میدیایی و ڕۆژنامەوانی و فراوانی چاپەمەنی و بواری وەرگێڕان هێنایەکایەوە. لەم سەردەمەدا کە سەردەمی جیهانگیرییە، زۆر دەقی بەرچاوی ئەدەبی کوردی بە ( شیعر و ڕۆمان )ەوە، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی بیانی، وەک ( دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەس، دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی، وەرزی سەهۆڵبەندانی ڕەفیق سابیر.. ) و کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەری وڵاتانی بیانی و پێشوازی باشیان لێکراوە و نووسەرەکانیشیان بەهۆیانەوە خەڵاتی وڵاتانی ڕۆژئاواییان پێبەخشراوە.

( شێرکۆ بێکەس ) دوای ئەوەی دەبێتە تاراوگەنشین لە سوید، هەر لە ڕێگەی زمانی سویدییەوە بە جیهانی دەرەوە دەناسرێت، چونکە سەرەتای وەرگێڕانی بەرهەمی شیعری شێرکۆ لە تاراوگە بۆ سویدی بوو، دوای وەرگرتنی خەڵاتی (تۆخۆڵسکی)، شیعرەکانی شێرکۆ هەنگاوێکی نوێیان بەرەو بەجیهانیبوون نا و بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ زۆر لە زمانە زیندووەکانی ڕۆژئاوا، وەک ( ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، دانیمارکی، نەرویژی و ئیتالی.. ) وەرگێڕدران و کاریگەرییان لەسەر خوێنەری ڕۆژئاوایی دروست کرد و پێشوازی لەبەرهەمەکانی کرا. لێرەدا دوو خاڵی سەرەکی هۆکار بوون، تاوەکو شیعرەکانی شێرکۆ بەرەو بەجیهانیبوون هەنگاو بنێن، (( یەکەمیان پەیوەستە بەو ناوەرۆکە هونەرییەی کە پتر خۆی لە نووسینەوە و نیشاندانی تراژیدیای کوردانی سەدەی بیستەم دەدۆزێتەوە و تەواوی ڕەنج و ئازار و نەهامەتی و ناخۆشی تاکی کوردی بەرجەستە کردووە و بە وردی پەنجەی لەسەر ئەو ئازارانە داناوە، کە جیهانی دەرەوە لێی بێئاگا بووە، لێرەدا شێرکۆ لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە، مرۆڤی کوردی وەکو ڕەمزێک نیشانداوە، کە هەڵگری تەواوی غەم و نەهامەتییەکانی مرۆڤی بەشخوراوی سەدەی بیستەمە. دووەمیان ئەو ئاستە هونەرییەی کە

لە بونیادی دەقەکانیدا پێشکەشی کردووە، ئاستێکی بەرز و باڵایە و بە دەگمەن شاعیرێکی خۆرهەڵاتی هێندە زاڵ و زەبردەستە بەسەر زمان و مەزراندنی ئەفسانە و ڕەمز و تەکنیکی شیعری نوێ، هەروەها شێرکۆ وەکو ئەکرۆباتێکی کارامە لە وێستگەکانی ژیانی ئەدەبیدا توانیویەتی تەواوی فۆرمە شیعرییە نوێکان تاقیبکاتەوە هەر لە شیعری نوێوە بگرە تا شانۆی شیعر و پەخشانە شیعر و ڕۆمانە شیعر و پۆستەرە شیعر و شیعری کراوە ))( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٣٨١ ). شێرکۆ بەم کارەی لەلایەک سۆزی خوێنەری بیانی بۆ تراژیدیای میللەتێکی بەشخوراو ڕاکێشاوە، لەلایەکی دیکەوە بە بەکارهێنانی ئەو فۆرمە هونەرییانەی کە کۆکە و تەبایە لەگەڵ فۆرمە هونەرییەکانی ڕۆژئاوا، هۆکاربوون بۆ ئەوەی لەلایەن خۆێنەری بیانییەوە پێشوازیەکی گەرم لە شیعرەکانی بکرێت و سەرنجی بیرمەند و ڕۆشنبیرانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

( سەید عەلی ساڵحی ) یەکێکە لە شاعیرانی ناوداری هاوچەرخی ئێرانی، باس لە ئاست بەرزی شاعیرانی هاوچەرخی کورد دەکات و لە ڕیزی شاعیرانی ناوداری جیهانی دایان دەنێت. سەبارەت بە ( شێرکۆ بێکەس )، دەڵێت: (( بەنێوبانگترین شاعیری جیهانیی میللەتی کوردە، کە لە ڕاژەی شاعیرانێکی وەکو لورکا، نازم حیکمەت، یانیس ڕیتسۆس، پابلۆ نیرۆدا، ئەدۆنیس و مەحمود دەروێش دادەنرێ ))( عومەر، ٢٠٠١، ٢٦٢ )، لەهەمانکاتدا، شیعرەکانی بێکەس کاریگەریی لەسەر شیعری شاعیرانی ناوداری جیهانی داناوە. (( نموونەش بەرهەمە شیعرییەکانی ( لوتفی ئۆزکۆک ) شاعیری جیهانی تورکیایە، کە سێبەری زەینییەتی شیعری شێرکۆ بێکەس لەسەر وێنە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت ))( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٦ ). ئەم ڕەوتە نوێیەی شیعری کوردی، کە بریسکەی ڕووناکییەکەی لەم قۆناغەی جیهانگیریدا دەرکەوت، ڕوو لە گەشانەوە بوو، جگە لە شێرکۆ بێکەس چەندین شاعیری تر دەرکەوتن، کە بەرهەمە نوێکارییەکانیان سنووری ئەدەبی نەتەوەیی تێپەڕاندووە، لەوانە ( ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی، کەژاڵ ئەحمەد و لەتیف هەڵمەت .. ).

داهێنانی بەرزی ئەو ڕەوتە نوێیە کاری کردۆتە سەر بیری شاعیری ئێرانی، ( مەنوچیهر ئاتەشی ) کە لە پێشەنگانی شیعری هاوچەرخی فارسی دەنووسێ: شیعری کوردی توانیویەتی سیمای درەوشاوەی بێ. سیمای هێندە درەوشاوە، کە دەتوانین بە پاڵپشتی بەرهەمی ئەوان بێ ترسی تانەوتەشەری بەرچاوتەنگ و پاوانخوازی بڵێین: شیعری فارسی هاوچەرخ بەو پلەیە لە ناسران و کەوتنە بەر سەرنج لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێی نەگەیشتووە. شایەت و سەلمێنەری ئەو قسەیەش شیعرەکانی شاعیرانی وەک شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیرە. ( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٧ ).

سەبارەت بە ژانری ڕۆمانیش چەند ڕۆماننووسێکی دیاری کورد هەن، کە بەرهەمەکانیان بازنەی ئەدەبی نەتەوەییان تێپەڕاندووە. ( بەختیار عەلی ) یەکێکە لە ڕۆماننووسانی کوردی مەنفا، کە زیاتر لە نووسەرانی دیکەی کورد، ڕۆمانەکانی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێردراون و لەلایەن خوێنەری بیانییەوە پێشوازیان لێدەکرێت. ئەو نهێنییەی وای کردووە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی سنووری نەتەوەیی ببەزێنن، ئەوەیە (( نووسەر لە ڕۆمانەکانیدا لە هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکان و ئاشکراکردنی زیاتر دیوی ناوەوەی مرۆڤ داوە، لە خوێندنەوەی ناسینی ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە واقیع سەرچاوەیانە، بەڵام نووسەر بە فانتازی خۆی متووربەی دەکات و لە هەوڵی ئاوێتەکردنی خەون و واقیع دایە ))( facebook،2005.Bachtyar Ali ). ئەم شێواز و تەکنیکە نوێیەی ڕۆمانی بەختیار عەلی کاریگەریی خۆی لەسەر هزری خوێنەری بیانی داناوە و پەیتا پەیتا خوێنەری ڕۆمانەکانی لە زیادبوون دایە.

کۆمەڵێک ڕۆماننووسی دیکەی کوردیش هەن، کە بەرهەمەکانیان بازنەی ئەدەبی نەتەوەییان تێپەڕاندووە، لەوانە ( کاروان کاکەسور، جان دۆست، سلیم بەرەکات، هیواقادر، عەتا محەمەد .. ) لە بواری ڕۆماننووسیندا دەستڕەنگینیان نواندووە، بە تەکنیک و ناوەرۆکێکی جیاوازتر لە قۆناغی پێشووتری ڕۆمانی کوردی، ڕۆمانەکانیان پێشکێش بە خوێنەر دەکەن.

له ڕاستیدا، بەرهەمی ئەم شاعیر و نووسەرانەی کە باسکران قاوغی ئەدەبی نەتەوەییان تێپەڕاندووە و لەلایەن خوێنەری بیانییەوە پێشوازییان لێکراوەو وەرگێڕدراونەتە سەر زۆر لە زمانە بیانییەکان و زۆربەشیان خەڵاتی وڵاتانی بیانییان پێ بەخشراوە.

## ٤-٢ ئەزموونی شاعیرانی هاوچەرخی کوردی لەبەردەم بەجیهانیبووندا

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەلومەرجێکی سیاسی نیمچە سەربەخۆ لە باشووری کوردستان، بە پاڵپشتی سیاسی نێودەوڵەتی دروست بوو. بێگوومان، ئەم کەشوهەوایە دەرفەتی بۆ شاعیر و نووسەرانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ڕەخساند، تا بە ئازادی گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە ناخی خۆیان و دۆزی نەتەوەکەیان بکەن. لەم قۆناغەدا چەندین شاعیر و ڕۆماننووسی بەتوانا دەرکەوتن، بەهۆی ئاشنابوون بە کلتور و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا و بەکارهێنانی فۆرم و تەکنیکە نوێیەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوا، بەرهەمی نوێیان خوڵقاند، ئاست بەرزی بەرهەمەکانیان، بووە هۆکارێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان سنووری ئەدەبی نەتەوەیی تێپەڕێنن و بۆ چەندین زمانی ڕۆژئاوایی و ناوچەیی وەربگێڕدرێن و هەنگاوی گەورە بەرەو بەجیهانیبوون بنێن.

لێرەدا، ئەزموونی شیعری هەندێک لە شاعیرانی، وەک: ( شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی، لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد ) دەخەینە ڕوو، کە کاریگەریی ئەزموونی ئەدەبی ڕۆژئاوایان بەسەرەوە بووە و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بەرهەمەکانیان توانیویانە سنووری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەیی تێپەڕێنن و کاریگەریی لەسەر خوێنەری ڕۆژئاوایی دروست بکەن و پێشوازی گەرم لە بەرهەمەکانیان بکرێت.

١- شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کورد، لە ساڵی ١٩٨٦ بە هۆکاری سیاسی کوردستانی عێراقی بەجێهێشتوە و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٧ – ١٩٩٢ لە سوید ژیاوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان ( جەعفەر، ٢٠١٨، ٩ )، هەرچەندە تەمەنی تاراوگەی شیعری شێرکۆ کورت بوو، بەڵام دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شیعرەکانی بەجێهێشتووە. قەسیدەی ( دەربەندی پەپوولە ) یەکێکە لە نموونە جوانەکانی تاراوگەی شێرکۆ بێکەس و خۆشی لە بارەی نووسینی ئەم قەسیدەوە، دەڵێت: (( ئەم جیهانبینی و جیهانگەراییە کاریگەریی خۆی لەسەر بیرکردنەوەم داناوە. زووتر داخراو بووم و ئەمڕۆ کراوەترم!.. من

وا هەست دەکەم ئاسۆکانی بیرکردنەوەم، ڕوانینم بۆ دنیا، بۆ مەسەلەی جۆراوجۆی کێشەی ناو مرۆڤایەتی بەگشتی، مەسەلەی ئازادی ژن، مافی مرۆڤ.. گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهاتووە. پێشتر وەک شوشەیەکی تەماوی وابووم و هەر لەبەرئەویش مەوداکانی بینینم بۆ دنیا کورتتر بوون ))( قەرەداغی، ٢٠٠٢، ٩٥ )، واتە تاراوگە و ئەزموونی ڕۆژئاوا کاریگەریی لەسەر جیهانبینی شاعیر و نووسەرانی کورد داناوە، لە هەمان کاتدا (( توانیان سود لە ئەزموون و تەکنیکە نوێیەکانی ئەدەبی جیهانی وەربگرن و بەچاوێکی کراوەتر دەستیان بە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی کرد ))( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٧ )، بەشێوەیەک، کە بەرهەمەکانیان وێنەیەکی نوێی لە ڕوانینی خەڵکی جیهان لە بابەت نەتەوەی کوردەوە دروست کردووە. ئەمەش دەرفەتێکی ڕەخساندووە، تا نووسەر و وەرگێڕی جیهان پێشوازی لە ئەدەبیاتی کوردی بکەن.

شێرکۆ وەکو شاعیرێکی چالاک و تاراوگەنشین، لەو ماوەیەی، کە لە تاراوگە بوو، شیعرەکانی کاریگەریی و دەنگدانەوەی زۆری لەسەر خوێنەری ڕۆژئاوایی هەبووە. ئەم دەنگدانەوەیەش هۆکارێکی بەرجەستە بووە بۆ ئەوەی چەندین کۆمەڵە شیعری بۆ سەر چەندین زمانی زیندووی جیهانی وەک (( سویدی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، دانیمارکی، ئیتالی، ئیسپانی، فەڕەنسی، عەرەبی، تورکی و فارسی ))( جەعفەر، ٢٠١٨، ٩ ). وەربگێڕدرێن و بڵاوبکرێنەوە و ناوبانگی جیهانی بەدەست بهێنن.

لەم چوارچێوەیەشدا، یەکەمین کۆمەڵە شیعری شیرکو بێکەس لە ڕۆژئاوا، کە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی سویدی، لە ساڵی ١٩٨٧ بەناوی ( ئاوێنە بچکۆلەکان )ەوە بوو، کە لە لایەن ( عومەر شێخ موس )، کوردێکی خەڵکی سوریاوە وەرگێڕدرایە سەر زمانە سویدی، بە یارمەتی چەند ڕۆژنامەنووسێک و پیاچوونەوەی ( هندرشون ). بێگومان، هەر ئەو شاعیرە پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە نووسیوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە لەدوای بڵاوبوونەوەی بە زمانی سویدی لەلایەن خوێنەرانی سویدەوە پێشوازیەکی باشی لێکرا، هەروەها لەلایەن شاعیرێکی سویدییەوە لە

ڕۆژنامەی ( داگزنی هێتەر )دا، کە گەورەترین ڕۆژنامەی سویدە وتارێکی لەسەر نووسیوە بەناوی "لە هەڵەبجەوە بۆ سیفەڤیگن ))( عومەر، ٢٠٠١، ٢٥٢ ). ( سفیەڤیگن ) یەکێکە لە شەقامەکانی سوید.

لەدوای وەرگێڕانی کۆمەڵە شیعری ( ئاوێنە بچکۆلەکان ) بۆ سەر زمانی سویدی، شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی کورد، خەڵاتی ( تۆخۆڵسکی )[9]، لە ساڵی ١٩٨٧ لە خانەی قەڵەمی سوێدی شاری ستۆکهۆڵم لە سوید پێی بەخشرا. لە دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ( شیرکۆ بێکەس ) بوو بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سویدی ( شەورۆ، ٢٠١٨، ١٤٥ ). هەر لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی ئیتاڵیا نازناوی ( هاوڵاتی شانازیی فلۆڕانسە )ی پێ بەخشرا ( عومەر، ٢٠٠١، ٢٧٤ ). وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی لە لایەن شاعیر و نووسەران جۆرێک دانپیانانە بە بەجیهانیبوونی بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە و گەلەکەی. پاش ئەوە ڕەوتی وەرگێڕانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ سەر زۆر لە زمانە جیهانییە ڕۆژئاواییەکان دەستی پێکرد، بۆ نموونە دیوانی (( ئاوێنە بچکۆلەکان )ی دووبارە، لە ساڵی ٢٠٠١دا وەرگێڕدراوە بۆ زمانی فەڕەنسی، کە دەزگای ( دار لاهاماتان )ی فەڕەنسی چاپی کردووە و هەروەها دیوانی ( پاییزە میوان )ی لەساڵی ٢٠٠٥دا بۆ زمانی ئەڵمانی کە دەزگایەکی چاپەمەنی لە "زوریخ" چاپی کردووە( جەعفەر، ٢٠١٨، ٦٧ )، هەروەها لەساڵی 2022 دا دیوانە شیعری ( ئێستا کچێک نیشتمانمە ) لەلایەن هاوڕێی شاعیرەوە ( سۆران زەکی ) لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فینلەندی ))( عومەر، ٢٠٠١، ٢٥٣ )، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە بەرهەمەکانی شێرکۆ کاریگەرییان لەسەر هزری خوێنەری ڕۆژئاوایی داناوە و پێشوازییەکی گەورە لە بەرهەمە شیعرییەکانی کراوە.

(9) خەڵاتی ( تۆخۆڵسکی ) لە ساڵی ( ١٩٨٤ )ەوە، هەر دوو ساڵەی جارێک بە ئەدیبێکی داهێنەر و بەهرەمەند دەبەخشرێت، کە بەرهەمەکەی وەردەگێڕدرێت بۆ سەر زمانی سویدی.

دوای وەرگێڕانی بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ سەر زۆر لە زمانە ڕۆژئاواییەکان، شێرکۆ بیکەس وەک شاعیرێکی دیار و جیهانی دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکرد، لەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییەکانی سویدی بەتایبەتی و ئەوروپی بە گشتی، هەر ئەمەش هۆکار بووە، تاوەکو بانگێشتی زۆر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ڤیستیڤاڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتان بکرێت و بواری شیعر خوێندنەوەی بۆ بڕەخسێت.

لە ڕێکەوتی ٥- ١٢ /١٠ /١٩٩٩. حکومەتی سویسرا لە شاری ( زوریخ ) حەفتەیەکی کلتوری بۆ ناسینی کلتور و ئەدەبیاتی کورد تەرخان کرد، لەو حەفتە کلتورییەدا، خەڵکی سویسرا لەگەڵ وێنە کێشان، مۆسیقا، سەما و شیعری کوردی ئاشنا بوون. پاش شیعر خوێندنەوەی شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس، نووسەری سویسرایی ( پێترا کرۆسێل ) لە نووسراوەکەیدا لەژێر ناوی ( ئێمە لە ڕابردوودا خاکی کوردانمان دزیوە، بۆ خاکەکەیان نەدەینەوە؟ ) باسی کاریگەریی وەرگرتنی خۆی و هاوڵاتییانی سویسڕایی لە شیعری کوردیدا خستۆتە ڕوو ( ڕەزایی: ٢٠١٧: ٨٦ )، واتە شیعری کوردی تاراوگە لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، جگە لەوەی کە هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە، پەیامی مەزڵومییەتی کوردیشی گەیاندۆتە مرۆڤی ئەوروپی.

دوای ئەوەی بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ لە ڤیستیڤاڵێکی شیعریدا لە ئەستەنبوڵی تورکیا ژنە شاعیری ڕۆمانی ( نیکۆلینا ئۆپیرا ) و ( شێرکۆ بێکەس ) یەکتر دەناسن و پێکەوە باس لە ئەزموونە شیعری یەکتر دەکەن، نیکۆلینا ئۆپیرا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە، بڕیاردەدات شان بەشانی وەرگێڕانی شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵات، دیوانە شیعرێکی ( شێرکۆ بێکەس )یش بخاتە بەرنامەی کارکردنی خۆیەوە و وەریبگێڕێت بۆ سەر زمانی ڕۆمانی، سەرەتای وەرگێڕانی ئەو دیوانە شیعرییەی ( شێرکۆ بێکەس )ی بە ناونیشانی ( Eufratul, Taina Destinului Meu ) لە گۆڤاری ( کافەینویە لیترا ) بڵاو دەکاتەوە، کە وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانەیە و لە

ڕۆمانیا خوێنەرێکی گەورە و بەرفراوانی لە هەموو شارەکاندا هەیە ( ئۆپیرا، ٢٠١٠، ١٦٠ ). لەم کارەشدا باڵویزی عێراق لە ڕۆمانیا، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا. بەڕێز ( عادل موراد ). کە کوردە، هانی داوە بۆ وەرگێڕانی دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس و دەستخۆشی لێکردووە. ئەو خانمە شاعیرە سەبارەت بە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس، دەڵێت: (( ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس هیچی کەمتر نییە لە چاو ئەزموونی شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەم قۆناغەی ئەدەبیاتی دونیا، ئەوەندە هەیە، بەدەر لەوەی شیعری ئەم شاعیرە بۆ زمانەکانی ( ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەڵمانی ) وەرگێردراوە، پێویستیش دەکات خوێنەری ڕۆمانیش ئاگایان لەو دەنگە شیعرییە مەزنە بێت، کە لە چیاکانی کوردستانەوە بە ئاوازێکی گەورە و جیاواز دەخوێنێت ))( ئۆپیرا، ٢٠١٠، ١٦١ ). پاش وەرگێڕانی دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس بۆ زمانی ڕۆمانی شیعرەکانی دەنگدانەوەی باشی هەبووە و لە ڕۆژنامەکانی ڕۆمانیا لەسەری نووسراوە. دواتر ( ئۆپیرا ) ئەم دیوانە شیعرییەی (( Eufratul, Taina Destinului Meu ) شێرکۆ بێکەسی لە ساڵی ٢٠١١دا، لە ڕۆمانیا لەشێوەی کتێب بڵاوکردەوە ( جەعفەر، ٢٠١٨، ٧٨ ). هەروەها تائێستاش پەیتا پەیتا وەرگێڕانی بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان بەردەوامی هەیە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە شیعرەکانی شێرکۆ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنوری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەییان بڕیوە و ڕژاونەتە ناو کانگای ئەدەبی جیهانییەوە و لە لایەن گەلانی جیهانەوە پێشوازیان لێکراوە، دەکرێ بڵێین شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس هەنگاوی گەورەیان ناوە بەرەو بەجیهانیبوون.

تەنانەت شیعرێکی شێرکۆ چۆتە ناو بەرنامەی خویندنی وڵاتانیشەوە، هەروەکو خۆ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (( لە ساڵی ١٩٨٨ دا بوو شیعری ( جودایی )م کەوتە ناو بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەداوە، لە ئەنتەلۆگیای ئەو بەرنامەیەدا لاپەڕەیەکیان بۆ تەرخان کردبووم، جگە لە دەقی شیعرەکەیش، پێشەکییەکی چەند دێڕیشیان سەبارەت بەناسینی گەلی کورد نووسیبوو ))( عومەر کاکی، ٢٠٢٢، ١٤٢ ). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە

ئاست بەرزی هونەری و تایبەتمەندی مرۆڤایەتی و پەروەردەیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا خاسیەتی جیهانین، بۆیە چۆتە ناو بەرنامەی خوێندنی وڵاتانی جیهانەوە.

بەشێوەیەکی گشتی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، کاریگەرییان لەسەر خوێنەری ناوچەیی و ئەوروپی کردووە، ( میران ئەبرەهام ) نووسەر و ڕۆماننووسی کورد؛ باس لەوە دەکات .. لە شاری (خرۆنینگن) لە وڵاتی ( هۆڵندا )، لە دەمەو ئێوارەیەکی سەرەتای مانگی یەکی بەهاری ( ٢٠٠٤ ) دا بووە، ڕێی کەوتۆتە کافتریایەک بەناوی ( ئاودە بانک ) خاوەنی کافتریاکە ( کرستڵ ئەڵشۆت )، کە ئافرەتێکی بە تەمەن و هەواداری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بووە، لە ناو کافتریاکە بە مایکرۆفۆنێکەوە، پاش داوای یارمەتی کردن لە میوانەکان، وتی: دەمەوێت چەند شیعرێکی شاعیرێکتان پێشکەش بکەم، شاعیری میللەتێکی بێ وڵات، شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس، ئەو شاعیرەی من خۆم زۆر سەرسامم بە شیعرەکانی .. پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی چەند کورتە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس، یەکێک لەو شیعرانە ( جودایی – Scheiding ) بوو .. ( کرستڵ ئەڵشۆت )، زیاتر لەسێ ساڵ بوو کافتریاکەی کردبوو بە سەکۆیەک بۆ نمایش کردنی هونەر و ئەدەبی ناوازە و هەڵبژاردە، بەتایبەتی خوێندنەوە و لێدوان لەسەر شیعر و کورتە چیرۆک ( ئابراهام، ٢٠١٤، ٢٠ ). خوێندنەوەی شیعری شێرکۆ بێکەس ئەگەر لە کافتریایەکیش بێت، سەلمێنەری ئەوەیە، کە دەقی ئەدەبی کوردی خۆی خزاندۆتە نێو خۆێنەری ئەوروپی و کاریگەریی لەسەر هەست و ئایدۆلۆژیای ئەوان دروست کردووە. ئەمەش نموونەی شیعری ( جودایی )یە کە ( میران ئەبرەهام ) باسی دەکات.

جودایی

ئەگەر لەناو شیعرەکانما

گوڵ دەراوێژنە دەرەوە

لە چوار وەرز، وەرزێکم ئەمرێ

ئەگەر یار بێننە دەرەوە

دوانم ئەمرێ

ئەگەر نان بێننە دەرەوە

سیانم دەمرێ

ئەگەر ئازادی بێننە دەرێ

ساڵم ئەمرێ و خویشم ئەمرم.

Scheiding

Nemen ze uit mijn poezie de bloemen

Dan steft een van mijn seizoenen

Nemen ze uit mijn poezie de liefde

Dan sterven twee van mijn  seizoenen

Nemen ze uit mijn poezie het brood

Dan sterven drie van mijn seizoenen

Nemen ze uit mijn poezie de vrijheid

Dan sterft mijn hele jaar en ik daarbij        ( ئابراهام: ٢٠١٤: ٢٠ ).

سەبارەت بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی و فارسی زۆر زیاترە لە وەرگێڕان بۆ سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان. بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی بۆ فارسی وەک: ( اندوه در یلکهایم، افات، نویسنده، ازادی، این واژەی بی ابرو، اینەهای کوچک .. ) وە بەرهەمە وەرگێردراوەکانی بۆ زمانی عەرەبی، وەک ( ڕەنگدان او اناء الالوان، انشودتان جبلیتان، انت سحابة، انبهارات .. ))( جەعفەر، ٢٠١٨، ١٢- ٦١ ). هەروەها جگە لە وەرگێڕانیش، زۆر لێکۆڵینەوە و وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و فارسییەکان لەسەر بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس نووسراون.

شێرکۆ بێکەس وەکو شاعیرێکی جیهانی دەرکەوتووە و باسی لێوەکراوە، تەنانەت لە پاش مەرگی شێرکۆ بێکەسیش ڕۆژنامەی (فەرهیختگار)ی ئێرانی لە وتارێکدا بە مانشێتی گەورە نووسی: ( مەرگی ئیمپڕاتۆری شیعر ) و دواتر باسی لەوە کردووە، کە مەرگی شێرکۆ تەنها خەسارەتێک نەبوو بۆ ئەدەبی کوردی، بەڵکو خەسارەتێک بوو بۆ ئەدەبی جیهانی ( هەنار، ٢٠١٣، ٩ ). واتە شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی بەرهەمە باڵاکانییەوە وەک کەسایەتی و شاعیرێکی جیهانی لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە باسی لێوەکراوە و جێگای بایەخ پێدان بووە.

٢- ( ڕەفیق سابیر ) یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کوردی تاراوگە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ وەک پەنابەر لە وڵاتی ( سوید ) نیشتەجێ بووە. خاوەنی چەندین کۆمەڵە شیعری چاپکراوە، شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی بیانی وەرگێڕدراون، لەوانە زمانی ( عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، سویدی، دانیمارکی نەرویجی، هۆڵندی و ئیستۆنی )( غەفور، ٢٠٢١، ١٧٤ ).

( وەرزی سەهۆڵبەندان ) یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی تاراوگەی شاعیر، کە لە ساڵی ١٩٨٧ لەندەن چاپکراوە و لە لایەن نووسەر و وەرگێڕی کورد ( گۆران مەریوان )ەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدی و لە ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە. هەر لەو دیوانە وەرگێڕدراوەدا، ڕۆماننووسی ناسراوی سویدی ( تۆربیۆن سێفڤێ )[10] پێشەکی بۆ نووسیوە، لەو پێشەکییەدا لە بارەی ئەم قەسیدەیەوە نووسیویەتی: لەخوێندنەوەی ئەم شیعرە بەهێزە یادەوەرییانەدا جار لەدوای جار ( تۆنی مایاکۆڤسکی ) دەبیستم، نەک وەک لاساییکردنەوە، بەڵکو وەک جیاوازی و تایبەتمەندیی کەسایەتیی یاخیبوویەکی خۆشەویستی، یان ئەڤینداریکی یاخی، ( ڕەفیق )یش هەروەک مایاکۆڤسکی لە سوتاندایە. پڕ بە گەروو، بە هاوار ژانە سەراسەری ( گشتی ) و سیاسییەکانی دەردەبڕێت. هەروەها زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگرانی سویدی لە

(10) – ئەم پێشەکییەی ڕۆماننووسی ناسراوی سویدی ( تۆربیۆن سێفڤێ )لەم دیوانە وەرگێڕدراوەدا،
( Nawi kteb; Isridens epok paxshxanay Lindelws bokforlag, Sweden 1999. Page 8بە زمانی سویدی بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامەکانی سویددا لەسەر ئەم بەرهەمەیان نووسیوە و لەگەڵ شاعیرە ناودارەکانی جیهان بەراوردیان کردووە. خاتوو ( مایا نیتامێکی )، لە ( ڕۆژنامەی نێریکێس ئالێهاندە ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٣٠ )دا، دەڵێت: خزمایەتی نێوان سابیر و مایاکۆڤسکی بە ئاشکرا دیارە، بەڵام دەنگی سابیر خۆیەتی و خاوەن ژێیەکی خاکیتر و کامڵترە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی بەجۆشی پیشەوا گەورەکە. هەروەها شاعیر و ڕەخنەگری سویدی ( Bo gustavsson بۆ گۆستاڤسۆن ). لە ڕۆژنامەی ( ئۆپسالا نیاتیدنیندگێن ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ )دا، نوسیوییەتی ( وەرزی سەهۆڵبەندان )، دەکرێت بەهۆنراوەی ( وێرانە خاک –ی ت. س. ئیلیۆت ) بەراورد بکرێت ( فایەق و سوبحانی، ٢٠٠٩، ١١٣ )، هەروەها لە دوای وەرگێڕانی ( وەرزی سەهۆڵبەندان ) بۆ زمانی سویدی، لە ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ئەدەبی ( کلاس دی ڤیلدێ )ی سویدی پێبەخشرا، ئەو خەڵاتە ئەدەبییە دوو ساڵ جارێک بە نووسەرێکی بیانی دەدرێت، کە بەرهەکانی بە سویدی بڵاوکرابنەوە ( غەفور، ٢٠٢١، ١٧٤)، واتە دوای وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆ سەر زمانی سویدی، لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژئاوادا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە، بەشێوەیەک هونەرمەندانیشی گیرۆدەی خۆی کردووە. بۆ نموونە (( هونەرمەندی شێوەکاری نەرویجی خاتوو ( سیسیڵ ستانگێنێس ) بە ئیلهام وەرگرتن لە کۆمەڵە هۆنراوەی ( وەرزی سەهۆڵبەندان )، کۆمەڵێک نیگاری گرافیکی کێشاو لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری بێرگێن لە نەرویج، لە پێشانگایەکدا بەناوی (ئێکسیڵ) لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی ( Nynorska ) پیشاندرا، پرۆفیسۆری هونەری نەرویجی (گوننار دانبلۆت) لە ڤیستیڤاڵەکەدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەبارەی تابلۆکانی خاتوو (سیسیڵ) و پەیوەندییان بە هۆنراوەکانی ( ڕەفیق سابیر )ەوە پێشکەش کرد و دەڵێت: ( تایبەتمەندی ئەم پێشانگایە ئەوەیە، کە ناونیشانی هەر تابلۆیەک، یان ئاماژە بەیەکێک لە شیعرەکانی سابیر دەکات، یاخود ئیلهام لە ئەدەبیاتێکی جیهانی وەردەگرێت، کە لەنێو ڕستەکانی سابیردا ئاهەنگێکیان پێکهێناوە )، پێشانگاکە بە شێوەیەک نەخشەی داڕێژرابوو. تەماشاکەرانی بەنێوی جیهانی ئێکسیڵدا دەبرد و دەبوونە هاوبەش و پارچەیەکی مرۆڤی ئێکسیل و لەگەڵ هەستی مرۆڤی بێزمان و تەنیایی لە ئێکسیڵدا ڕووبەڕوو دەبوونەوە ))(

دانبلۆت، ٢٠٠٧، ٢ ). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەرهەمی ڕەفیق سابیر نەک تەنیا کاریگەریی خۆی لەسەر خوێنەر و شاعیر و ڕەخنەگرانی بیانی هەبووە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر هونەرمەندانی شێوەکاری بیانیشدا داناوە.

٣- ( نەزەند بەگیخانی )، شاعیر و نووسەری کورد، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ ەوە لە تاراوگە دەژی ( دانمارک، فەرەنسا، بەریتانیا ). ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن لە فەڕەنسا تەواو دەکات. نەزەند بەگیخانی بەرهەمەکانی جگە لە زمانی کوردی بە ئینگلیزی و فەڕەنسیش دەنووسێ. بە کوردی شەش دیوانی شیعری ( دوێنێی سبەینێ، ستایش، ڕەنگی خۆڵ، زەنگوڵی وتن، عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژەنێ ) و بە ئینگلیزی و فەڕەنسی سێ دیوانی هەیە، کە بریتین لە: (Bells of Speech – ئینگلیزی). و (Résonance de Paroles) و ( Couleur de Sable) فەڕەنسیین. جگە لەم بەرهەمانە، چەندان وتار و چاپتەری ئەکادیمی دیکەی بە ئینگلیزی و فەرەنسی بڵاوکردۆتەنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم دیوانی بە زمانی ئینگلیزی، یەکێ لە شیعرەکانی نەزەند بە ناوی ( ڕۆژێکی ئاسایی ) لە لایەن Forward Poetryیەوە بە یەکێ لە باشترین 40 شیعری ساڵ لە بەریتانیا هەڵبژێردرا. ئەو شیعرە لە توێی کتێبی ( باشترین چل شیعری ساڵ لە بەریتانیا ) لە ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای فەیبەر ( ئاند فەیبەر )ەوە دووبارە بڵاوکرایەوە ( ئەمینی، ٢٠٢٢ https://www.kurdipedia.org). هەروەها بەهۆی دیوانی ( دوێنێی سبەینێ ) خەڵاتی فێمینی شیعری فەڕەنسی بە ناوی ( سیمۆن لاندر )ی لە ساڵی ٢٠١٢ وەرگرتووە ( شەوڕۆ، ٢٠١٨، ١٤٥ ).

نەزەند بەگیخانی، لەلایەن ڕەخنەگرە ئەورووپاییەکانەوە گرنگی پێدەدرێت و بە بایەخێکی تایبەتەوە دەڕواننە شیعرەکانی و قسەی لەسەر دەکەن، لەم ڕێگەشەوە ئەم شاعیرە کوردە توانیویەتی لەنێوەندی ئەدەبی بیانیدا ببێتە دەنگێکی دیاری کوردانە، لەوانە ( ریچارد مەکەیین ) کەشاعیر و وەرگێڕێکی دیاری ئینگلیزە، ئاماژە بەکاریگەریی و ئاست بەرزی شیعرەکانی نەزەند دەکات و دەڵێت: (( لەناو شیعرەکانی نەزەند بەگیخانیدا زەمەن هەڵدەقوڵێ و ڕووباری

منداڵی ئەو دەبێتە دیجلەی پڕ تەوژم و دواتر لەقەراغی ( لواغ ) و کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیک لە تاراوگە خۆی دەبینێتەوە، هەروەها ڕەخنەگری بەناوبانگی بەریتانی ( سستەر وەندی بێکێت )، دەربارەی نەزەند بەگیخانی، دەڵێت: نەزەند ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ گەڕان بەدوای دادوەری بۆ میللەتی کورد و ئەوانەی مافیان پێشێل کراوە. ( زەنگۆڵی وتن ) یەکێکە لە دیوانە دیارەکانی نەزەند بەگیخانی، سەرەتا بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، دواتر لەلایەن خودی شاعیرەوە کراوە بە کوردی لەگەڵ کۆمەڵێک شیعری نوێ. ئەم دیوانە وەکو زمانحاڵێکی ئەنفال و هەڵەبجە لە ڕادیۆی "بی بی سی" و پەرلەمانی بەریتانی و کۆڕە شیعرییە جیهانییەکاندا پێشوازی لێکرا ))( عەلی، ٢٠٠٨، http://dengekan.ca )، واتە بەجیهانیبوون دەرفەتی ڕەخساندووە، کە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد لە ئاستی باڵا لە وڵاتانی بیانی پێشوازی لێبکرێت.

٤- ( لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەی دوای ( گۆران )ی شاعیر، کە لە مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردیدا جێگای دیار و بەرچاوی هەیە و لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم بەشدارییەکی جدی لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا هەیە. (( لەتیف هەڵمەت یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی نەوەی خۆی لەڕووی داهێنان و گەڕان لە دوای تازەگەری لەشیعری کوردیدا لە ڕیزی پێشەوەی هاوچەرخەکانی خۆی بووە ))( سلێوە، ٢٠١٣، ٢٢٦ )، تاوەکو ئێستاش دەنگێکی دیارە و لە هەوڵە نوێخوازییەکانی بەردەوامە. لەتیف هەڵمەت شیعرەکانی تەنیا لەنێو کورددا جێی بایەخ نەبوون، بەڵکو سنووری نەتەوەییان بڕیوە و بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراون بۆ سەر زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان، لەوانە (( فەڕەنسی، سویدی، هۆڵەندی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، تورکی و عیبری .. )، هەروەها شیعری بەزمانی عەرەبی لە گۆڤاری لیبی و سعودیدا بڵاوبوونەتەوە، جگە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی لە چەند کتێبێکی قوتابخانەکانی سەرەتایی منداڵانی کوردی سویددا لە پڕۆگرامی خوێندنیاندا شیعر و چیرۆکی لەتیف هەڵمەت دەخوێنرێت ))( سلێمان، ٢٠١١، ٧٠ )، هەروەها چەند بەرهەمە

شیعرێکی به زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، وەک (( المدن الحدیدیة، شیخوخة کیلوباترا واطفال المطر، تحولات الغیوم ). هەروەها لە ئەنجامی وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی ( دیوانی منداڵان ) بۆ سەر زمانی سویدی خەڵاتی ( ئاپیک )ی لە ساڵی ( ۲۰۰۰ )، پێبەخشرا ))( ڕۆڤار، ۲۰۰۸، ۹ ). خەڵاتی ئاپیک ئەو خەڵاتەیە، کە خانەیەکی بڵاوکردنەوەی کوردی – سویدی دەیبەخشێ، بەو شاعیر و نووسەرانەی بەرهەمەکانیان توانای پێشبڕکێیان هەبێت ( سلێمان، ۲۰۱۱، ۸۳ ). لەهەمان کاتدا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی سویدی.

٥- ( کەژاڵ ئەحمەد ) ناوێکی دیاری شیعری ژنی کوردە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە، بە ستایل و شێوازێکی تایبەت، وەک دەنگێکی یاخی و جیاوازی شیعری ژنانە دەرکەوت و بووە جێگەی بایەخی ناوەندە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی کورد. کەژاڵ بەدەر لەشاعیربوون، وەرگێڕ و ڕۆژنامەوانێکی چالاک و بەتوانایە.

کەژاڵ شێوازی نووسینی شیعر گۆڕی بۆ تەکنیکی نوێتر و بابەتەکانیشی بوون بە دەربڕینی هەستی ژنانە و دەنگهەڵبڕین بەرامبەر نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا سەرەتای شیعرەکانی دەنگهەڵبڕین بوو بەرامبەر بە زوڵم و زۆری نەتەوەیی و لایەنی سیاسیی ژیانی وەک کوردێک ))( میدیا، ۲۰۲۱، https://mewdamedia.com ). لەدوای ڕاپەڕینەوە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە ببێتە دەنگێکی دیار و بەرگریکار لە مافی ژنی کورد.

شیعرەکانی کەژاڵ جگە لە خوێنەری کورد لە لایەن خوێنەری بیانیشەوە پێشوازییەکی باش لەشیعرەکانی کراوە و بۆ سەر زۆر لەزمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدراون. یەکەم شیعری وەرگێڕدراوی لەساڵی ۱۹۸۷ دەستی پێکرد، لەو ساڵەدا شیعرێکی لە ژمارە (٦۰)ی گۆڤاری ( کاروان )دا بڵاوبۆوە، بەناونیشانی ( ئافرەتێک بە چرپە وتی )، هەر لەو ساڵەدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی. پاشان ڕەوتی وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی وەک: (( عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، نەرویجی، ئیتالی، ئیسپانی، دانیمارکی، هیندی و ئەلبانی و پورتوگالی و کرواتی ) دەستی پێکرد و لەلایەن چاپخانە و

دامەزراوەی ئەدەبی ئەو ولاتانەوە بەچاپ گەیشتن ))( facebook-kajal Ahmad )، بۆ نموونە کۆمەڵە شیعرێکی شاعیرانی کوردستان، بە ناونیشانی ( زنی اهسته گفت عشق )، کە لە لایەن ( فریاد شیر )یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی چەند شیعرێکی کەژاڵ ئەحمەدی تێدایە، هەروەها ڕۆژنامەی( Klassekampen )ی نەرویجی، کە یەکێکە لە ڕۆژنامە دیارەکانی ئەو ولاتە، لە ڕۆژی هەینی ١٢/٥/ ٢٠٠٦ بابەتێکی ڕەخنەیی لەسەر کۆمەڵە شیعرێکی وەرگێڕدراوی نەرویجی کەژاڵ ئەحمەدی بڵاوکردۆتەوە. ئەو لایەنەی کە وایکردووە ( کەژاڵ ) گرنگی زیاتری پێبدرێت، ئەو زوڵم و نادادییە، کە بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجام دەدرێت لەلایەن پیاوەوە، دەیەوێت لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ببێتە بەرگریکارێکی ڕاستەقینە لە مافی ئافرەت، هەر ئەمەش وایکردووە، کەژاڵ وەک شاعیرێکی کورد پێگەیەکی دیاری هەرێمی و نێودەوڵەتی هەبێت.

## ٤-٣ ئەزموونی ڕۆماننووسانی هاوچەرخی کوردیی تاراوگە لەبەردەم بەجیهانیبووندا

ڕۆمان وەک دیارترین و تازەترین ژانری سەردەم، بۆتە بابەت و ڕوانینی جیاجیای ناوەندە زانستی و ئەدەبییەکانی جیهانی و وەک پێویستییەکی ئەدەبی سەردەم خۆی خزاندۆتە نێو سەرجەم ئەدەبیاتی نووسراوی جیهان و ئەدەبە جیاوازەکانی گەلان و هەریەکەیان بە زمان و کلتوورێکی جیاوازەوە لە ڕێگای ڕۆمانەوە دید و ڕوانین و دابونەریت و کلتور و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیان نیشاند دەدەن ( کاوانی، ٢٠٢٣، ٦ ). ڕۆماننووس و ڕۆشنبیرانی کوردیش وەک پێویستییەکی سەردەم بایەخی بەم ژانرە داوە، دەتوانین بڵێین ڕۆمانی کوردی لەسەردەمی جیهانگیریدا هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشکەوتن و بەجیهانیبوون ناوە. لەڕاستیدا، ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ زیاتر لەڕێگەی ئەزموونی ڕۆماننووسانی تاراوگەوە هەنگاوی بەرەو بەجیهانیبوون ناوە، ئەگەرچی هێشتا ژمارەی کەسانی تاراوگەنشین ڕێژەیەکی کەمی ڕۆماننووسانی کورد پێکدەهێنێ، بەڵام بەشێک لە نووسەران توانیویانە سود لەو ئەزموونە تازانەی ئەدەبیاتی جیهانی و تاراوگە وەربگرن و ڕۆمانی کوردی بە تەکنیک و ناوەرۆکی نوێوە بخەنە بەردەستی خوێنەرانیان. ئەم تەکانەی ئەمڕۆی نووسینی ڕۆمانی کوردی لە تاراوگە، تۆمارێکی پڕ شانازیە بۆ گوتاری ڕۆمانی کوردی.

لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ بەملاوە تێکەڵاوی و کۆچی بەشێکی نووسەرانی کورد بۆ هەندەران و فێربوونی زمانی بێگانە و ئاشنابوون بە فۆڕم و تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆمان، چەند ڕۆماننووسێکی بەهرەمەند و بە توانست دەرکەوتن، لە گەنجینەی کتێبخانەکانی کوردیدا شاکاری بەرز و بەنرخیان تۆمار کردووە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە ئەزموونی چەند ڕۆماننووسێکی وەک ( بەختیار عەلی، کاروان عومەر کاکە سوور، هیوا قادر و عەتا محەمەد ... )، بکەین.

١- ( بەختیار عەلی ) یەکێکە لە ڕۆماننووسە دیارەکانی کورد، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٤ دەچێتە دیمشق لە سوریا، دوای نۆ مانگ لە مانەوەی لەوێ دەچێتە ئەڵمانیا تا ساڵی ١٩٩٩ لە شاری فرانکفۆرت نیشتەجێ دەبێ، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ شاری کۆڵن هەر لە ئەڵمانیا ( شەوڕۆ، ٢٠١٨، ١٤٥ ).

بەختیار عەلی وەکو ڕۆماننوسێکی بەتوانا و تاراوگەنشینێک توانیویەتی سوود لە ئەزموونەکانی ژیانی تاراوگە و دنیای مۆدێرنی ئەوروپی وەربگرێت و ئەزموونی ڕۆمانی کوردی بەرەو پێش ببات. لە ساڵی ١٩٩٧ ( مەرگی تاقانەی دووەم ) و لە ساڵی ١٩٩٨ ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە )ی لە سوید بڵاوکردەوە. هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی سێیەمین ڕۆمانی بەناوی ( دواهەمین هەناری دنیا ) لەساڵی ٢٠٠٢ و وەرگێرانیان بۆ سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان و ئەو پێشوازییە گەورەییەی لێیان کرا، ڕۆمانی کوردی هەنگاوێکی نوێی بەرەو بەجیهانیبوون تۆمارکرد، کە بووە جێی بایەخی ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژئاوایی، ( شێرکۆ بێکەس ) دەربارەی ئەم ڕۆمانانە، دەڵێت: هەردوو ڕۆمانی (( مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە و دواتریش دواهەمین هەناری دونیا )، بەلای منەوە دنیای ڕۆمانی ئێمەیان ڕووناکتر کردەوە، ئەو ڕۆمانانە وەچەرخانی ئەدەبی بوون، ئەم وەچەرخانانەش بەر لە هەر شت پەیوەندی بەو مانا قوڵ و فانتازیە هونەرییەوە هەیە، کە ڕووناکبیریەکی فراوان و لق و پۆپداریان لە پشتەوەیە، بەمانایەکی تر، ئەم داهێنانانە بە تەنها لە شێوازی نووسین و زمانا نەبوو، بەڵکو لە دنیای بەرینی زمان و ئەقڵ دابووە ))(facebook،Bachtyar Ali ). ( شێرکۆ ) پێیوایە، ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی وەچەرخانێکی تازەی ڕۆمانیان لە ئەدەبی کوردیدا دروست کرد. نەک هەر لەناو کورددا دەنگدانەوەی هەبوو، بەڵکو پێگەیەکی ئەدەبی نێودەوڵەتیشیان بەدەست هێنا.

بەختیار عەلی خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعر و ڕۆمان و بەرهەمی فیکری و فەلسەفییە. ئەم بەهرمەندە، سەرەتا بە نووسینی شیعر دەستی پێ کردووە، لە پاش ڕاپەڕینش وەک

ڕۆماننووسیکی جیهانی دەرکەوتووە. بەرهەمەکانی بۆ سەر زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون، لەوانە (( ئەڵمانی، ئیتاڵی، فەڕەنسی، ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی و تورکی. هەروەها وەرگێڕدراونەتە سەر کرمانجی سەروو و بە ئەلف و بێی لاتینی، لە ناو کوردەکانی باکوور. لە پرۆسەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی جگە لەوەی زۆربەی وەرگێڕەکان کوردن، بەڵام وەرگێڕی بیانیش ڕۆڵێکی بەر چاویان هەیە، وەک ( خاتوو ساندرین ترایدیا بۆ فەڕەنسی، غەسان حەمدان بۆ عەرەب، م. دیۆتالیڤی بۆ ئیتالی ))( عەلی، ٢٠٢٢، https://ckb.wikipedia.org).

بەهۆی وەرگێڕانی ڕۆمانی ( دواهەمین هەناری دونیا ) بۆ زمانی ئەڵمانی (( بەختیار عەلی، وەک نوێنەری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – لە ڕۆژی ( ١٠/١٢/ ٢٠١٧ ) لە سەنتەری شاری ( دۆرتمۆند ) لە ئەڵمانیا، بە ئامادەبوونی پارێزگار ( بریگیت یۆدەر )، خەڵاتی ( نیلی زاکس )ی پێ بەخشرا ))( شەورۆ، ٢٠١٨، ١٤٢ ). ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا بە یەکەم ڕۆمانی کوردی- باشووری کوردستان دادەنرێت، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، (( تا ئێستا شەش جار لە ئەڵمانیا چاپ کراوەتەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوەندە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی ئەو وڵاتەدا هەبووە. جگە لەوەش، ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) مانگی ٨ ی ( ٢٠١٧ )، وەرگێردرایە سەر زمانی ئەڵمانی و بڵاوکرایەوە و بە هەمان شێوەی ڕۆمانی یەکەم دەنگدانەوەی زۆری هەبووە ))( ڤایدنەر، ٢٠١٧، https://galawej.com )، بێگومان وەرگرتنی ئەو خەڵاتە لە لایەن بەختیار عەلییەوە لە دوای وەرگێڕانی هەردوو ڕۆمانی، دواهەمین هەناری دونیا و شاری مۆسیقارە سپییەکان هات، کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خوێنەر و ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی ئەڵمانیا دانابوو.

- یەکەمیان ڕۆمانی ( دواهەمین هەناری دونیا ) هەر یەک لە ( ڕاوێژ سەلیم ) و خانمی ( ئوتە کانتێرا لانگ ) لە ساڵی ٢٠١٦ کاری وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی ئەڵمانی بۆ کردبوو ( عەلی، ٢٠٢٢، https://ckb.wikipedia.org ).

- دووەمیان ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارەسپییەکان ) لە ساڵی ١٩١٧دا، لە لایەن ( پێشەوا فەتاح ) و ( هانس ئولریچ مولەر شیوفێ ) وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی (عەلی،٢٠٢٢، https://ckb.wikipedia.org ).

( شتێڤان ڤایدنەر )، نووسەر و ڕەخنەگری ئەڵمانی، ٢٠١٧/١٢/٨ لە ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی خەڵاتەکەدا بە ناوی لیژنەی داوەرانی خەڵاتی نیلی ( زاکسی )یەوە وتارێکی سەبارەت بە کەسایەتی و بەرهەمەکانی بەختیار عەلی خوێندەوە. هەر لەو ڕێو ڕەسمەدا ( بریگیت یۆدەر )، پارێزگاری شاری دۆرتمۆند لە وتارەکەیدا دەڵێت: ( ئەدەبیاتی بەختیار عەلی لێوانلێوە لە کارلێککردن لەگەڵ کلتوری گەلان و دەتوانێت لە بەرەو پێشچوونی کلتوری مرۆڤایەتیدا هاوکار بێت ). جگە لەو وتانەش، میدیاکانی ئەڵمانیا، وەک ڕادیۆ، 5WDR، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بەختیار عەلی کردووە و بە بایەخەوە باس لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دەکات بۆ زمانی ئەڵمانی، ماڵپەڕی 3WDR، ماڵپەری DWی ئەڵمانی و هەروەها de spiegelی ئەڵمانی ڕووماڵی ئەو خەڵاتەیان کردووە ( ڤایدنەر، ٢٠١٧، https://galawej.com ). بەخشینی خەڵاتی ( نیلی زاکسی ) جیهانی ( بە بەختیاری عەلی )، لەلایەن وڵاتێکی مەزنی ڕۆژئاوا و خاوەن شارستانی و هەڵبژاردنی کەستێتی بەختیار عەلی وەک کوردێک و نوێنەری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات لەپای شاکارە بە نرخ و کارە ناوازەکانی دێت. ئەمە جۆرێکە لە دان پێدانان و شەرعییەتدانە بە بەجیهانیبوونی ڕۆمانی کوردی، کە جێگەی شانازییە بۆ نووسەر و نەتەوەکەی.

ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانە جیهانییەکان سنووری خوێنەری کوردی تێپەڕاندووە و لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا پێشوازی باش لە بەرهەمەکانی کراوە و سەرنجی زۆرێک لە نووسەر و ڕەخنەگری جیهانیشیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، بۆ نموونە ( دەیڤد لینچ ) نووسەری ئەمریکی، دەربارەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، دەڵێت: (( ئەگەر بمەوێت ناوی ئەو دە باشترین کتێبە بهێنم کە من خوێندوویانەمەتەوە،

چواریان لەلایەن بەختیار عەلیەوە نووسراون، هەروەها سەبارەت بە ڕۆمانی ( دواهەمین هەناری دونیا )، دەڵێت: (( ئێمە ڕووبەڕووی ڕۆمانێکی ئەوپەڕی بەهێز و تەکنیکی دەبینەوە، کە تێیدا بەختیار عەلی، هەرچەندە شەڕ و لێکەوتەکانی تەوەری سەرەکی چیرۆکەکانن، هاوکات مامەڵە لەگەڵ هەموو پرسە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دەکات، لە مردن و تەنیایی، خودا و جوانییەوە تا دەگاتە خیانەت، فۆڕماتی چیرۆکەکانی لەسەر بنەمای ڕیالیزمی ئەفسوناوی دامەزراوە ))( کرد ماد، ٢٠٠٩، ttp://www.sorankurdmad.blogfa ).

ئەگەر وەرگێران بۆ زمانە جیاوازەکان وەک پێوەرێک بۆ بەجیهانیبوون دەقی ئەدەبی لەبەرچاو بگرین، ئەوا ڕۆمانی ( دواهەمین هەناری دونیا ) وەک دەقی ڕۆمانی کوردی زۆرترین وەرگێرانی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دونیا بۆ کراوە. (( دواهەمین هەناری دونیا ڕۆمانێکی جیهانییە، چونکە تا ئێستا وەرگێڕدراوە بۆ زمانەکانی ئەڵمانی، ڕووسی، ئینگلیزی، عەرەبی، یۆنانی، تورکی و ئیسپانی و هێشتا لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی جیهان پێداچوونەوە و وەرگێڕانی بۆ دەکرێت ))( کرد ماد، ٢٠٠٩، ttp://www.sorankurdmad.blogfa ). کەواتە وەرگێڕان بۆ سەر زمانە زیندووەکان ڕێگەیەکە بۆ بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی بەتایبەتی بۆ ئەو میللەتانەی، کە زمانەکەیان جیهانییەن نەناسراوە و ناجیهانییە.

هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی بەزمانی ئەڵمانی و ڕۆژئاواییەکان، بەختیار عەلی، وەک نووسەرێکی کورد و جیهانی هەلی بۆ ڕەخساوە و لە زۆر شار و شارۆچکەی ئەڵمانیا، نەمسا و سویسرا، کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ سازکراوە، واتە (( بەجیهانیبوون پانتاییەکی ڕەخساندووە، کە شاعیر و نووسەرانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان ئامادەبن، هەر ئەوانیش بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە هەوڵدەدەن ئەدەبیات و زمانی نەتەوەی خۆیان بناسێنن و بۆ زەنگین و زەنگین کردنی تێدەکۆشن ))( ڕەزایی، ٢٠١٧، ٨٧ )، لەلایەکی دیکەوە جیهانیبوون بەواتای سڕینەوەی سنوورەکان، ئاوێتە بوونی کلتورەکان، ئاڵوگۆڕی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکان .. دێت.

٢- ( هیوا قادر ) شاعیر و ڕۆماننووس و وەرگێڕی کوردە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەم، دوای ئازادکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆچی کرد بۆ سوید و لەوێ بووە بە پەنابەر، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە لە تاراوگە ژیاوە ( هەڵەبجەیی، ٦/ اردبیهشت ١٤٠٢ )، ژیانی تاراوگە گۆڕانکاری گەورەی بەسەر بیرکردنەوە و ژیانی هیوا قادردا هێناوە و کاریگەریی قووڵی لەسەر داهێنانە ئەدەبییەکانی هەبووە، هەروەکو خۆی دەڵێت: (( کە گەیشتمە ئەوروپا و دوای فێربوونی زمان و ئاشنابوونم بە ئەدەبیاتی جددیی دنیا، کە بە هەردوو زمانی سویدی و عەرەبی دەمخوێندنەوە، هەستمکرد من وەک نووسەرێکی کورد هیچم کەمتر نییە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی دنیا، بۆیە بڕیارمدا وەک تەحەدایەک ڕۆمانێک بنووسم خوێنەرانی ئەوروپیش بتوانن بیخوێننەوە ))( گفتوگۆ لەگەڵ هیوا قادر، ٢٠٢٣/٥/٤ )، هیوا قادر بە هۆی حەز و خولیای بۆ ڕۆمان، لە تاراوگە زیاتر ڕووی لە نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی کردووە، بەڵام هەوڵیداوە بە جیهانبینییەکی ڕۆژئاواییانەوە بەرهەمەکانی بنووسێت، کە تەنیا لەچواچێوەی خوێنەری کورددا قەتیس نەبێت، بەڵکو ئەو چوارچێوە لۆکاڵییە تێپەڕێنێت بەرەو خوێنەری جیهانی.

سەرەتای ڕۆماننووسینی لە تاراوگە لە ساڵی ١٩٩٦ دا بوو، کە ئەویش لەدایکبوونی ڕۆمانی ( ئاوێنە سەرابییەکان )ی لێ کەوتەوە، هەروەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (( گەر من لە تاراوگە نەژیابام، ڕەنگبوو ڕۆمان و سەفەرنامەم نەنووسیایە، گەر ئاوڕدانەوە لەو ترس و بەجێهێشتنانەی نیشتمان نەبوایە ڕەنگبوو ڕۆمانم ئاوا بەو شێوەیەم خۆشنەویستایە. ئەزموونی ( سەفەرنامە ) وەک کتێبێک هەوڵدانێک بوو بۆ خۆڕزگارکردن لەو یادەوەریانەی کە نەیاندەهێشت پێم لەسەر ئەرزی تاراوگە وەک خۆی دابنێم، دوای نووسینی ئەو کتێبە بەیەکجاری باوەڕم بەمەنفی بوونی خۆم هێنا ))( کاکەڕەش، ٢٠٠٧، ٩٠ ). بەرهەمەکانی هیوا قادر سنووری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەییان تێپەڕاندووە و لەلایەن خوێنەری هەرێمی و ڕۆژئاواییەوە پێشوازی باشیان لێ کراوە و (( بەشێک لە بەرهەمەکانی بۆ سەر چەندین زمانی

وەک عەرەبی، فارسی، تورکی، دانیمارکی، ئینگلیزی، نەرویجی و سویدی وەرگێڕدراون و بڵاوکراونەتەوە ))( قادر، ٢٠٢٢، https://fa.wikipedia.org ).

ڕۆمانی ( ماڵی پشیلەکان ) یەکێکە لە ڕۆمانە دیارەکانی نووسەر و لەلایەن خوێنەری ناوخۆیی و بیانییەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە، ئەم بەرهەمە دوای وەرگێڕانی لەلایەن ( مەریوان هەڵەبجەیی )یەوە بۆ سەر زمانی فارسی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناوەندی ڕووناکبیری ئێرانیدا دروست کرد و لەلایەن خوێنەری فارسەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا ( هەڵەبجەیی، ٦/ اردبیهشت ١٤٠٢)، ئەم بەرهەمە زیاتر خۆی لە سەفەرنامەدا دەبینێتەوە، نووسەر لەم بەرهەمەدا باسی کۆچبەری ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕۆژئاوا دەکات و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وەک جیاوازی کلتوری و زمان و تەنیایی.. هەروەها ڕۆمانی ( منداڵێک لەسەر مانگ )، لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن ( خەیرییە شوانێ )وە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناونیشانی ( الطفل فوق القمر )( ڕزگار، ٢٠٢٢، https://zaniary.com ). ئەم بەرهەمەشی دەنگدانەوەی هەبوو وە لەلایەن خوێنەری عەرەبەوە پێشوازی لێکراوە.

٣- ( عەتا محەممەد ) نووسەر و ڕۆماننووسێکی دیاری باشووری کوردستانە، لەساڵی ٢٠٠٩ وە لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید دەژیت، سەرەتا بەچیرۆک دەستی بەنووسین کردووە، پاشان دەستی کردووە بە نووسینی ڕۆمان. ژیانی تاراوگە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرهەمەکانی بە داهێنان و تەکنیکی نوێ و سەرنجڕاکیش بڵاودەکاتەوە. لە ڕۆمانەکانیدا زمان و تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیەو جیاوازە لە زمان و تەکنیکی ڕۆماننووسانی پێشخۆی. لە ڕۆمانەکانیدا (( باسی زۆرێک لە چەمکە فەلسەفییەکان و کێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کێشە ڕامیارییەکانی جیهانی هاوچەرخ دەکات و بە بۆچوونێکی تازەوە دەیانهێنێتە ناو جیهانی ڕۆمانەوە؛ بە چەشنێک کە خوێنەر تووشی ڕامان و تێڕامان دەکات ))( بدهید، ١٣٩٩، http://kurdishbookhouse ). ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد نەک هەر لەنێو خوێنەری کورددا، بەڵکو لەنێو خوێنەرانی فارسیشدا پێشوازییەکی فراوانی لێکراوە.

زۆربەی بەرهەمەکانی عەتا محەمەد وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی فارسی، وەک: (( هەنار و فریشتەی مەرگ، تینا و چیرۆکە ئەندێشە کراوەکان، ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان .. ))( عەتا محەمەد، facebook )، پاش ئەوە چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕاوی بۆ سەر چەند زمانێکی دیکەی جیهانی دەستی پێکرد، لەوانە (( ئینگلیزی، تورکی و سویدی )، بەڵام هێشتا چاپ نەکراون ))( گفتوگۆ لەگەڵ عەتا محەمەد، ٢٠٢٣/٥/٥ ). نهێنی ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد دەکرێت، ئەو شێوە و فۆرمە هونەرییە جیاوازەیە، کە عەتا پێشکەشی خوێنەری دەکات، وەک ئەو ناونیشانە سەرنج ڕاکێشانەی بەرهەمەکانی (( عەتا محەمەد یەکێکە لەوانەی چیرۆکێکی کورتی یەک تا دوو ڕستەی هەڵدەبژێرێ بۆ ناونیشانی کتێبەکانی، لەسەرەتاوە ئاوەزی خوێنەرەکانی بە مانایەک زیاتر ئاشنا دەکات، بۆ ئەوەی خەیاڵیان دەستکراوەتر بێ و بەم بەشداری پێکردنە جارێکی تر داڕشتنەوەی دەقەکە بخاتەوە ئەستۆی خوێنەر ))( فەرەج، هەولێر، ژ (٢٣٨٠)، ٢٠١٦/٥/٣٠ ).

٤- ( کاروان عومەر کاکە سوور )، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا، دەنگێکی دیاری دنیای ئەدەبیاتی کوردییە، لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کوردستانی جێ هێشتووە. سەرەتا لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە و دواتر چووەتە دانمارک، تائێستاش هەر لەو وڵاتە تاراوگەنشینە، بە هۆکاری ئەوەی بەشی زۆری تەمەنی تاراوگەنشین بووە، شارەزاییەکی باشی لە زمانی دانیمارکیدا پەیدا کردووە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوامی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی ناودارانی ڕۆژئاواوە، توانیوییەتی ئەزموونی ئەدەبی و مەعریفی خۆی دەوڵەمەند بکات، هەر بۆیەشە تێڕوانینە ئەدەبی و گفتوگۆ ڕەخنەییەکانی بوونەتە جێی بایەخ پێدانی زۆرێک لە لێکۆڵەر و ئەدەب دۆستان. (( هەندێک لە بەرهەمەکانی بۆ زمانی عەرەبی، فارسی و سویدی وەرگێڕدراون، هەروەها خۆشی بیست کتێبی منداڵانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە ))( کاکە سوور، ٢٠٢٣، ٥٤٢ ). کاروان بەرهەمەکانی بە شێواز و تەکنیکێکی نوێ دەنووسێت، کە

خوێنەر گیرۆدەی خۆی دەکات، جگە لە خوێنەری کورد، بەرهەمەکانی لە لایەن خوێنەری هەرێمی و ڕۆژئاواییەوە پیشوازی لێکراوە.

٥- ( جان دۆست ) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و وەرگێری بە ئەزموونی کوردی سوریایی، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کۆبانی سەر بە پارێزگای حەلەب لەدایک بووە، لە ساڵی ( ٢٠٠٠ )وە لە ئەڵمانیا دەژی. تاراوگە ئاسۆی تێگەیشتنی جان دۆستی بۆ هونەری ڕۆمان فراوان کرد و سودی لە ئەزموونی ڕۆماننووسانی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە. جان دوست بەرهەمەکانی بە زمانی ( عەرەبی و کرمانجی ) دەنووسێت، بە زمانی کوردی کرمانجی پێنج ڕۆمانی نووسیوە، ( مژاباد – ٢٠٠٤، سێ هەنگاو و سێدارەیەک – ٢٠٠٧، میرنامە- ٢٠٠٩، مارتینێ بەختەوەر – ٢٠١٢، کۆبانێ – ٢٠١٧ ). بە زمانی عەرەبیش شەش ڕۆمانی چاپکراوی هەیە ( غەنایم، ٢٠٢١، ١٤٠ ). ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی گوزارشتە لە ناخۆشی و ئازارە هاوچەرخەکانی تاکی کورد. (( ڕۆمانەکانی پتر ڕەنگ و بۆیەکی سیاسیانەیان وەرگرتووە و کاری لەسەر سەرکردە و کەسایەتییە مێژووییە ناسراوەکانی گەلی کورد کردووە و ویستوویەتی لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی سەردەمیانە و ئیستاتیکایەکی چێژدارەوە بە خوێنەریان بناسێنێت و لە پاڵ ئەمەش کۆمەڵێک بابەتی نوێی مێژووی گەلەکەی بە تایبەت کارەساتی کوردانی سوریا و ئێزیدییەکان و نەهامەتییەکانی دوای بەهاری عەرەبی بە ڕۆمان بنووسێتەوە و بەمەش تاوەکو ئێستا هەندێک لە ڕۆمانەکانی بۆ زمانانی تورکی، فارسی، عەرەبی، ئیتالی، ئیسپانی وەرگێڕدراوە و زیاتر لە ناوەندە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان گرنگی پێدەدرێت و لە جیهانی عەرەبیدا خوێنەری زۆری هەیە ))( حوسێن، نازم، مەولود، ٢٠٢١، ٣٨٤ )، هەروەها چەند خەڵاتێکی لە بواری نووسینی شیعر و چیرۆک لە سوریا وەرگرتووە. جان دۆست لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە، هەوڵیداوە فەرهەنگ و کلتوری کورد پیشانی میللەتانی عەرەب و ڕۆژئاوا بدات.

قورسایی بەرهەمی نووسەرانی کورد لە وڵاتانی بیانی وایکردووە خەڵاتی ئەدەبی ئەو وڵاتانەیان پێببەخشرێ، ئەمەش گەواهیدەری ئەوەیە، کە ئەدەبی کوردی سنووری نەتەوەیی خۆی تێپەڕاندووە.

٦- ( جەلال بەرزنجی ) شاعیر و نووسەری کوردی شاری هەولێرە، ئێستا لە کەنەدا دەژی، (( لە پێشبڕکێی خوێندنەوەی دنیا لە ڕێگەی کتێبی ( پیاوێکی بێجامەشین ) یادەوەری لە فۆڕمی ڕۆماندا، کە لەساڵی ٢٠١١ لە کەنەدا و ئەمریکا و ماڵپەڕی ئەمازۆن بڵاوبۆوە، خەڵاتی یەکەمی بردەوە، بەمەش ئەو یەکەم نووسەری تاراوگەی کەنەدا بوو، کە خەڵاتی خانەی ( قەڵەمی ) ئەو وڵاتەی بردەوە ))( شەوڕۆ، ٢٠١٨، ١٤٥ ). نووسەر توانیویەتی سوود لەو کەش و هەوایەی تاراوگە وەربگرێت و بەرهەمێکی ئەوا ناوازە پێشکەش بکات، کە لە ئاستی ئەو خەڵاتەدا بێت. هەروەها (( سەرۆکایەتیی زانکۆی (ئەلبێرتا)ش، ٢٠٢٢/١١/٢٣ بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە یاسا بە نووسەر و شاعیری ناوداری کورد جەلال بەرزنجی دەبەخشێت. ئەم دکتۆرایە کە گەورەترین خەڵات و پلەی ڕێزلێنانی ئەم زانکۆیە دەیبەخشێتە ئەوانەی بەرهەم و کەسایەتی و بۆچوونەکانیان کاریگەریی نێودەوڵەتییان هەیە، پێشتر بە هەر یەک لە ( نێلسۆن ماندێلا، دەلای لاما، دیڤد سوزوکی )ی بەخشیوە، بۆیە بەخشینی بڕوانامەیەکی فەخری و ڕێزلێنانێکی وا گەورە بە نووسەرێکی کورد، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ نووسینەوەی خەمی مرۆڤایەتی و کورد و ئازادی تەرخان کردووە و لە ڕێگای نووسینەکانی بە زمانی ئینگلیزی بووەتە ئایکۆنێکی جیهانیی ))( باس نیوز، ٢٠٢٢: https://www.basnews.com )، ئەمەش جێی شانازییە بۆ خۆی و نەتەوەکەی، کەوا خەڵاتێکی بەنرخی وڵاتی کەنەدا بە نووسەرێکی کورد ببەخشرێ. واتە کورد لەسەردەمی جیهانگیریدا گەلێک شاعیر و نووسەری بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە، کە دەقەکانیان لە ئاستی دەقە باشەکانی جیهاندان، بەڵام پێویستی بە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری چالاکی وەرگێڕان و پشتگیری دەوڵەتی هەیە، تاکو ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لە ئاستێکی هونەری بەرزدان بە دنیای دەرەوە بناسرێن.

## ٤-٤ ئەدەبی کوردی بە زمانی بێگانە وەک جێگرەوەیەک بۆ زمانی کوردی

زمان لە فەلسەفەی نوێدا لەڕێگەی دەربڕینەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە. (( دیارە پەیوەستبوونی زمان بە ناسنامەوە دەرئەنجامی پەرەسەندنی چەمکە نەتەوەییەکان و ئەو مەیلە جوداخوازیانەی، کە لە دنیای مۆدێرندا سەریهەڵدا، ئەو باوەڕەی دروست کرد، کە تایبەتمەندی زمان مانای تایبەتمەندی ناسنامەی نەتەوەییە. دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، کە یەکەمین جار بیری ناسیۆنالیزمی فەڕەنسی، لەدوای شۆڕشی فەڕەنساوە سەریهەڵدا و لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناسیۆنالیزمی ئیتالی و ئەڵمانی بەدوای خۆیدا هێنا و دواتر چەمکی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپاوە بۆ تەواوی وڵاتانی جیهان گوازرایەوە ))( جبارة، ٢٠١٥، ١٣٦ ). لەڕاستیدا، ئەم بۆچوونە کاریگەریی لەسەر بەشێک لە لێکۆڵەران داناوە و لە ڕوانگەی بیری ناسیۆنالیستییەوە تەماشای دەقی ئەدەبی نەتەوەیی دەکەن و زمان وەک پێوەرێک دادەنێن بۆ دیارکردنی ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی، لەم ڕوانگەیەوە ( ئەدەبی نەتەوەیی سەرجەم ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵە مرۆڤێکەوە بە تاکە زمانێکی دیاریکراو دەنووسرێن، جا ئەو بەرهەمانە لە ناوخۆی وڵاتێک، یاخود لە دەرەوەی سنووری سیاسی ئەو وڵاتە بەو زمانە بنووسرێن، بۆ نموونە ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی ئەڵمانی لە نەمسا و سویسرا، یان ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی فەڕەنسی لە سویسرا و کەنەدا و هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا دەنووسرێن ناسنامەی ئەدەبی ئەڵمانی و فەڕەنسی وەردەگرن )( الزهرة، ٢٠٢٠-٢٠٢١، 8-10 )، واتە دەقی ئەدەبی بە چ زمانێک نووسرابێت، ئەوا ئەو دەقە ناسنامەی ئەو زمانە وەردەگرێت، هەروەکو ( محەمەد غونیمی هلال ) لەم ڕوانگەوە تەماشای دەقی ئەدەبی دەکات و دەڵێت: (( سنوری نێوان ئەدەبەکان زمانە، ئەگەر نووسەر یان شاعیر بە زمانی عەرەبی بەرهەم بنووسێت، ئەوا ئەو بەرهەمە بە ئەدەبی عەرەبی ئەژمار دەکرێت، بێ گوێدانە ڕەگەزە مرۆییەکەی کە لێی دابەزیوە ))( هلال، ٢٠٠٣، ١٣ ). لێرەدا بە پێی زمانی دەق بڕیار لەسەر

ناسنامەی دەق دەدرێ، نەک کلتوری نەتەوەیی، بۆ نموونە بەرهەمی کۆی ئەو نووسەرە کورد و فارس و موسوڵمانە ناعەرەبانەی کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، لە سەردەمێک لە سەردەمەکان دەچنە خانەی ئەدەبی عەرەبییەوە.

لە ڕاستیدا، زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا، بەڵام لە کارە ئەدەبییەکاندا بیرۆکە و بەها و ئایدیۆلۆجی ڕۆڵی بنچینەیی دەبینن لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا، واتە ئەدەبی نەتەوەیی لە ناسنامەی نەتەوەیی جودا ناکرێتەوە، ئەگەر بە زمانی نەتەوەییش نەنووسرێتەوە، چونکە ئەدەب درێژکراوەی پاشخانی دێرینی گەلەکەی خۆیەتی. بۆ نموونە (( ئەو نووسەرە جەزائیریانەی بە زمانی فەرەنسیی دەنووسن وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بۆچوون و هەستەکانیان مانای ئەوە نییە، کە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە، کە لقێکە لە ئەدەبیاتی فەرەنسی. ئەدەبی جەزائیری کە بە فەرەنسی نووسراوە پەیوەندی بە کلتوری جەزائیرییەوە هەیە، بۆیە ئەم نووسینانە ناسنامەی جەزائیرییان هەیە، چونکە هەڵگری نەریتی کۆمەڵگەی جەزائیرە و مامەڵە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیاندا دەکات و لەگەڵ دەربڕینی هیوا و ئازار و ئاواتەکانیان دەگونجێت ))( نعيمة، ٢٠١٩ – ٢٠٢٠، ١٠ ). تەنانەت زۆر لە نووسەرانی جەزائیری، دەڵێن: (( ئێمە داهێنانی خۆمان بە فەرەنسی دەگوازینەوە بۆ ئەوانەی کە لە کەناری باکوری دەریای سپیی ناوەڕاستن ( أبختي، ٢٠١٢- ٢٠١٣، ١٠ )، کەواتە ئەو بەرهەمە جەزائیرییانەی، کە گوزارشت لە ئازار و دابونەریت و کلتوری جەزائیر دەکات و بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، دەچێتە ناو چوارچێوەیی ئەدەبی جەزائیرەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا هەمان کێشە هەیە، نووسەرانی کورد لە ( سوریا، تورکیا و ئێران ) لەلایەک بە هۆی گوشارە فیکری و سیاسییەوە و لەلایەکی دیکەوە خوێندن و پەروەردەوە بەزمانی داگیرکەر بووە، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کورد ناچاربوون بەرهەمەکانیان بە زمانی ئەوان بنووسن.

**هەڵوێستی قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری سەبارەت بە ئەدەبی نەتەوەیی**

١ – لە قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەڕەنسیدا سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەبەکان ئەو زمانەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی پێ دەنووسرێت، بەڵام (ڤان تیگم) بەراوردکاریی فەڕەنسی مەرج بۆ زمان و ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی دادەنێت و دەڵێت: (( شوێنەواری فەزای زمانەوانی بە تەواوی یان بەشێکی بۆ فەزای سیاسی کارپێکراو دەگەڕێنێتەوە، ڤان تیگم ئەو پرسیارە دەکات، کە دەکرێت ئەدەبی ئەمریکی بە ئەدەبی ئینگلیزی دابنرێت، لەبەرئەوەی نووسەرەکانیان بە یەک زمانی ئینگلیزی دەنووسن، یاخود ئەو نووسەرانەی بە کاریگەریی ئەدەبی فەڕەنسی، ئەدەبی کەنەدییان بە زمانی فەڕەنسیی نووسیوە ))( ڤان تیگم، ؟، ٥٣ ). لێرەدا ڤان تیگم ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە، کە تەنیا زمان بەخشینی ناسنامەی ئەدەبی نەتەوایەتی بێت، چونکە هەر ئەدەبێک کلتور و ژینگە و ئەزموونی نەتەوەیی خۆی هەیە، زمان تەنیا ئامرازیی گەیاندنە، کەش و هەوای دەق و ڕەنگدانەوەی کلتوری نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، لە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی دەق، هەر بۆیەشە ( ڤان تیگم ) ئەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان تەنیا لەڕووی زمانەوە فەڕەنسییە، دوور دەخاتەوە و بە فەڕەنسی ئەژماریان ناکات، بەڵکو ئەو نووسەرانەی بە ئاراستەی زمانی فەڕەنسی و بە ئیلهام وەرگرتن لە کلتوری فەڕەنسی نووسیویانە، لە نووسەرانی فەڕەنسی ئەژماریان دەکات. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ( ناسنامەی بنەڕەتی ) نووسەر کێشە دروست ناکات، هەرچەندە ڕەنگە نووسەر بنەچەی نەتەوەیی جیاواز بێت، بەڵام ئەگەر هەردوو فاکتەریی ( زمان و کلتووری نەتەوە ) پێکەوە کۆببنەوە، ئەوا ئەو دەقە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو زمانە بەدەستدەهێنێت، کە دەقەکەی پێ نووسراوە. بۆ نموونە (( نووسەرانی نەتەوە جیاوازەکان کە کۆچ دەکەن بۆ فەڕەنسا، یان ئەمریکا و تێکەڵ دەبن بە ژیانی گشتیی لەوێ و بە زمانی نیشتمانە نوێیەکەیان دەنووسن. ئەم داهێنەرانە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە پێک دەهێنن و بە زمانی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین دەنووسن، وەک ئەوانەی لە فەڕەنسا ( هێنری ترویا لە بنەچەدا ڕووسی

و جولیان گرین بەبنەچە ئێرلەندی ))( الخطيب، ١٩٩٢، ٢٦ )، هەروەها ئەگەر ئاماژە بەو نووسەرە کوردانەی وەک ( احمد شوقی واحمد أمين والزهاوی والرصافی.. ) بکەین، کە بەڕەچەڵەک کوردن و هەندێکیان بۆ ڕاگەیاندنەکان کوردبوونی خۆیان ئاشکرا کردووە، بەڵام ناوەڕۆکی بابەت و نووسینەکانیان بۆ کورد تەرخان نەکردووە. یان هیچیان بۆ مەسەلە و کێشەی کورد نەنووسیوە ( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv ). بەپێی بۆچوونی ڤان تیگم ئەم بەرهەمانە لەسەر ئەدەبی عەرەبی ئەژمار دەکرێن نەک لەسەر ئەدەبی کوردی، چونکە زمان و ناوەرۆکەکانیان عەرەبییە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستەی ڤان تیگم، دەکرێت ئەدەبی نەتەوەیی بەمشێوەیە پێناسە بکەین و بڵێین: ( کۆی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە بە زمانێکی دیاریکراو دەنووسرێن و ڕەنگدانەوەی کلتور و دابونەریت و ژینگەی نەتەوەیی بێت ). لێرەدا دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵ دەبینن لە دانان بە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی، لەلایەک زمان و لەلایەکی دیکە کلتور و دابونەریت و ژینگەی نەتەوەیی، نەبوونی هەر یەکێکیان تای تەرازووی ئەدەبی نەتەوەیی لاسەنگ دەکات، بۆ نموونە بەرهەمەکانی ( یەشارکەمال، سلیم بەرەکات، محێدین زەنگەنە، مەنسووری یاقوتی.. ). لە ڕووی زمانەوە دەچنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی ئەو زمانەی بەرهەمەکەیان پێنووسیوە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە، سەر بە ئەدەبی کوردین و لە ئەدەبی کوردی جودا ناکرێنەوە، چونکە باس لە کلتور و دابونەریتی کورد دەکەن.

٢- قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی ئەمریکی: ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەو ئەدەبانە داناوە، کە بە زمانی بێگانە دەنووسرێن، بۆ ئەم مەبەستە ئەم قوتابخانەیە دوو پێوەر بۆ مەودای ئەدەبی نەتەوەیی دیاری دەکات: (( لە لایەکەوە، ئەدەبی نەتەوەیی ئەو کارە دەگرێتەوە، کە سەر بە هێماکانی هەمان جوانی نەتەوەییە و لە ئەنجامدا بە یەک زمان نووسراوە. لە لایەکی ترەوە، نووسەرانی ئەم کارە، هەمان پێشینەی کلتورییان هەیە. ئەم کارانە بە زۆری لەژێر بنمیچی کلتورێکی دیاریکراودا دەنووسرێن، بە بەکارهێنانی وشەی باو و ڕستەسازی. ئەدەبیاتی

ئەمریکی بە زمانی ئەمریکی نووسراوە کە جیاوازە لە ئەدەبیاتی بەریتانی و لە ژینگە و شارستانییەتی ئەمریکی سەری هەڵداوە ))( یویست، ١٣٨٨، ٣٨ ). بەپێی تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە، ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی تەنیا لە زماندا کۆنابێتەوە، بەڵکو سەرجەم ڕەگەزە نەتەوەییەکان ڕۆڵی خۆیان لە دیاریکردنی ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەییدا دەبینن، چونکە زمان ئامرازی گەیاندنی پەیامە، نەوەک فاکتەری بنچینەیی. ئەم قوتابخانەیە لە ژینگەی سیاسی ئەمریکاوە، تەماشای ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی دەکات، نەوەک زمان، چونکە ئەمریکا خۆی وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و ئامانجی ئەوەیە ئەدەبی نەتەوەکانی لە ژێر سێبەری یەک کلتور و بە زمانی ئینگلیزی کۆبکاتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو گەلانەیە، کە ژێردەستەن و لە ژێر کاریگەریی و گوشاری وڵاتانی داگیرکەر دان و شاعیر و نووسەرانیان بە ناچاریی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان بە زمانی داگیرکەر دەنووسن، یاخود لە ئاوارەییدا هەوڵیانداوە بە زمانێکی دیکە بەرهەمەکانیان بنووسن. نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە مێژووی هەزار ساڵەیدا کیانێکی سەربەخۆ و زمانێکی یەکگرتووی سەرتاسەری نەبووە، بۆیە هەمیشە زمان و ئەدەبەکەشی لەژێر هەژموونی وڵاتانی داگیرکەر دابووە و بە چاوێکی نزم سەیری زمان و ئەدەبەکەی کراوە و جێگایی بایەخ پێدان نەبووە، شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر زمانی وڵاتانی داگیرکەر بۆ نووسین.

٣- قوتابخانەی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ڕووسی: وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر لە ئەدەب دەڕوانێت. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە بەراوردکارییە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی "مارکسی"دا بوون. ئەوان دژ بە چینە بورژواییەکان شۆڕشیان دەست پێ کرد، بۆ بنیاتنانی جیهانێکی گشتگیری بێ چین ( چینی باڵا و چینی نزم )، ئەوان پێیانوایە (( فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، یان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسن لە دیاریکردنی شێوازی ژیان و جۆرەکانی هونەر و ئەدەب، بەبێ گوێدانە نەتەوە، زمان یان ڕەگەز، بۆیە کاریان کرد بۆ

هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەکان لەناو ئەم سیستەمە کولتوورییەدا ))( البدیری، ٢٠٠٩، ٣٥ ). بە باوەڕی ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە، ئەدەب چالاکییەکی جیانەکراوەیە لە کۆمەڵگە و یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربڕینی کۆمەڵایەتی، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، جگە لەوە هەر کۆمەڵگەیەک ئەدەبێکی تایبەتی هەیە، لێرەدا هەر چینێکی کۆمەڵگەش ئەدەبێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەلایەن نووسەرەوە وێنەی چینەکەی بەپێی ئاستی خۆی لە بەرهەمەکەیدا دەکێشرێت ( العید، 2020-2021، 91 )، واتە بەرهەمی ئەدەبی وێنەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی نیشان دەدات، لە هەر گۆڕانکارییەکیشدا ئەدەبێکی نوێی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لەدایک دەبێت.

لە ڕوانگەی قوتابخانەی بەراوردکاری ڕووسییەوە، ئەدەب بە تەنیا چالاکی تاک نییە، واتە (( نووسەر لە فەزایەکی بەتاڵدا ناژیت، بەڵکو لەناو کۆمەڵدا دەژیەت و هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و شێوازی نووسینیی نووسەر هەیە ))( مەنتک، ٢٠١٨، ٦٦ )، واتە نووسەر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا لەدایک بووە و بیرکردنەوە و واقیعی کۆمەڵەکەی بەسەریدا زاڵە، ناتوانێ لە دەرەوەی نەتەوە و کۆمەڵگەکەی بیربکاتەوە، بۆیە ئەوەی نووسەر دەینووسێت، بەرهەمی نەتەوە و کۆمەڵگەکەیەتی، گرنگ نییە بە هەر زمانێک بنووسرێت.

قوتابخانەی بەراوردکاریی ڕووسیی لەسەر بنەمای فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایی شۆسیالیستی گشتگیر دامەزراوە، بۆیە ناوەرۆک و ئایدیۆلۆجیایی دەق دەبنە پێوەر بۆ ناسنامەی ئەدەبی چینەکانی کۆمەڵگە، نەک بەتەنیا زمانێکی دیاریکراو.

لەم قوتابخانەیەدا زمان دەبێتە پێوەری پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لێرەدا زمان لە ڕستەوە دەبێت بە زمانی گوزارشتیی دەستەیەک، کۆمەڵە خەڵکێک. (( مارکسییەکان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. لێرەدا شێوازی چینەکانی ناو کۆمەڵگە پەیدا دەبێ. ئەو شێوازانە وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ڕەنگدانەوەی چینایەتی و ئایدیۆلۆجیایی کەسەکەیە. کاتێ ئەو کەسە دەقێکی شیعری، یان ڕۆمان دەنووسێت تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. لە ڕێی ئەم وشانەوە دەتوانێت

کۆدی کۆمەڵایەتی گوتاری ئەو دەقە کەشف بکەیت ))( مەنتک، ٢٠١٨، ٧٣ )، کەواتە لێرەدا زمان تەنها ئامرازی گەیاندن نییە، بەڵکو کۆمەڵێک دەلالەتی هونەری و ئایدیۆلۆجی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە خۆی لە دەربڕی وشە و ڕستەکاندا دەبینێتەوە، کە تایبەتن بە چینەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا زمان دەبێتە کۆدی چینەکانی کۆمەڵگە و هەر چینێک بەپێی ئایدیۆلۆجیایی خۆی ئەو دەقە ئەدەبییە قبووڵ، یاخود ڕەت دەکاتەوە.

دیاردەی نووسین بە زمانی بێگانە لەلای کورد، سەرەتا لە لایەن زانایانی کوردەوە لە قاڵبێکی ئایینیدا خۆی نواندووە و دەستی پێکردووە، بەهۆکاری ئەوەی کە دەرچووی حوجرەی مزگەوت بوون و شارەزاییان لە زمانی عەرەبیدا پەیداکردووە و بەهۆی خۆشەویستیان بۆ ئاینیی ئیسلام، لێکۆڵینەوەیان دەربارەی زانستە ئیسلامییەکان بە زمانی عەرەبیی کردووە و (( چەندین کتێبییان لە زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکاندا داناوە، وەک زانستە شەرعییەکان، حەدیس، دادپەروەری، بنچینەکانی باوەڕ و لۆژیک .. زانایانی کورد بەڕاستی هەوڵ و ژیانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان تەرخان کردووە، لەوانە (عبدالقاهر الشهرزوري ( ت ٥٥١ هـ )، إبراهيم بن أحمد الجزري (ت ٧٠٩ هـ)... ))( عزیز، ٢٠١٢، ٣٨٣ ). دواتریش لای زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی بۆ شانازیکردن و دەستڕەنگینی خۆیان لە پاڵ شیعری کوردییدا، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی شیعریان نووسیوە. ئەم شێوازەی نووسین بە زمانی بێگانە لە لایەن شاعیرانی کوردەوە، تەنیا بۆ خۆنواندن بووە، نەک خزمەتکردن بێت بە زمان و ئەدەبی ئەو زمانانە. ئەم دیاردەیەش سەرەتا لای شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ژووروو دەبینرێ، وەک ( مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی )، دواتریش لایی شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست دووبارە بەرچاو دەکەوێت، لەوانە ( نالی، سالم، شێخ ڕەزای تاڵەبانی.. ). هەروەکو نالی لەم دێڕەشیعرەدا شانازی بەدەستڕەنگینی خۆیەوە دەکات، کە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی شیعری نووسیوە، دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم  بە دەفتەر گرتووە**

**( نالی ) ئەمڕۆ حاکمـــــــــی سێ موڵکە، دیوانی هەیە**    **( نالی، ١٣٦٨، ٥٧٧ ).**

بێگومان، جگە لە بڵاوبوونەوەی کلتوری عەرەبی- ئیسلامی لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا، فشاری سیاسیش هەبووە، بەتایبەتی لە دوای پەیمانی ( لۆزان ) و دابەشبوونی کورد بەسەر چوار ناوچەی جوگرافی (عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا ). ئەم وڵاتە داگیرکەرانە، زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ کورد  و زمانی کوردییدا کردووە. خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان قەدەغە بووە، بۆیە شاعیر و نووسەری کورد ناچاربووە بۆ دەربڕینی هەستی خۆی ڕوو لە زمانی داگیرکەر بکات. لێرەدا دەکرێت، ئەو شاعیر و نووسەرانەی بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە بە زمانی داگیرکەران نووسیویانە بکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکەم: ئەو شاعیر و نووسەرە کوردانەی بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە لە ژینگە و زمانی کوردی دابڕاون و بەرهەمەکانیان لەڕووی زمان و کلتورەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە، بەڵکو لەڕووی زمان و کلتورەوە سەر بە ئەدەبی ئەو زمانەن، کە بەرهەمەکەی پێنووسراوە، وەک بەرهەمەکانی ( **ئەحمەد شەوقی، ڕەسافی و بڵند حەیدەری ..** ) هەروەکو ڕەفیق حیلمی سەبارەت بەم شاعیر و نووسەرە بە ڕەچەڵەک کوردانە، دەڵێت: (( لە ناو میللەتەکانی شەرقدا، گەلێ کوردی وا هەیە، کە لە مەیدانی شیعر و ئەدەب و زانستی و سیاسییدا گەیشتوونەتە پایەیەکی بەرز و لە ڕێی پێگەیشتنی تورک و عەرەب و عەجەمدا خزمەتی زۆر گەورەیان کردووە ))( حیلمی، ٢٠١٠، ٣٤ ). سەبارەت بەم شاعیر و نووسەرە کوردانە تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە کورد کەسانی بە توانای تێدا هەڵکەوتووە و خزمەتیان بە زمانی نەتەوەیی دیکە کردووە، چونکە بەرهەمەکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بە کورد و ئەدەبی کوردییەوە نییە.

دووەم: ئەو نووسەرە کوردانەی لە پارچەکانی کوردستان بە هۆی تەنگەتاویی و سانسۆرەوە نەیانتوانیوە بە ویستی خۆیان و بەزمانی کوردی گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن، وەک: ( یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات، ئیبراهیمی یونسی، محێدن زەنگەنە ). لەکاتێکدا بەرهەمی ئەم نووسەرە کوردانە بە زمانی داگیرکەر نووسراون، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە باس لە کلتور و کێشەکانی کورد دەکەن.

هەروەها لەکۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم، چەمکی بەجیهانیبوونی ئەدەب پەرەی سەند و بارودۆخێکی لەبار بۆ شاعیر و نووسەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ژێردەستە ڕەخسا، تاوەکو لەڕێگەی نووسین بە زمانی بێگانە، خۆیان و نەتەوەکەیان بەجیهانی دەرەوە بناسێنن، لەناو کوردیشدا قۆناغێکی نوێی نووسین بە زمانی بێگانە دەستی پێکرد، کۆمەڵێک نووسەری بەتوانا دەرکەوتن، کە تێڕوانینی بەجیهانیبوونی ئەدەبیان هەیە، وەک: ( جان دۆست، هۆشەنگ ئەوسیی و هونەر کەریم .. ). ئەم نووسەرە کوردانە دەیانوێت لەڕێگەی زمانی بێگانەوە ئەدەبی کوردی بەخوێنەری بیانی بناسێنن.

بێگومان قۆناغی کۆڵۆنیالیزم، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر نووسین بە زمانی بێگانە. وڵاتانی کۆڵۆنیالیزم بەهۆی فشارەکانیان لەسەر وڵاتانی کۆڵۆنیکراو، نووسەرەکانیان ناچاربوون بەزمانی کۆڵۆنیال بنووسن. تەنانەت بەشێک لە نووسەران لە دوای قۆناغی کۆڵۆنیالیزمیش، لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بوون و نەیانتوانیوە دەستبەرداریی زمانی وڵاتی کۆڵۆنیال بن بۆ نووسین، بەڵام بەرهەمەکانیان پاراوە بە کلتور و دابونەریت و ژینگەی نەتەوەیی، چونکە نووسەر لە ژینگەی نەتەوەیی لەدایک بووە و دابونەریت و کلتوری نەتەوەیی بەسەریدا زاڵە و ناتوانێت دەستبەدارییان بێت. ئەم دیاردەیە زۆرێک لە نووسەر و شارەزایانی ئەدەبی هێناوەتە دەنگ و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو دەقە ئەدەبییانەی کە بە زمانی بێگانە نووسراون دەربڕیوە، کە ئاخۆ لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن؟ لەکاتێکدا ئەو

بەرهەمانە ناوەرۆکێکی نەتەوەییان هەیە، یاخود دەبنە موڵکی ئەو زمانانەی کە دەقە ئەدەبییەکەی پێ نووسراوە.

(ئۆکتاڤیۆ پاز)، نووسەر و شاعیرێکی مەکسیکییە و بە ئیسپانی دەنووسێت. سەبارەت بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو زمانە دەڵێت: (( من وەک هەر نووسەرێکی ئیسپانی خۆم بە شوێنکەوتەی لۆپێ کۆدڤێ دەزانم.. بەڵام ئیسپانی نیم! بە بڕوای من زیاتر نووسەرانی ئەمریکای ئیسپانیش هەمان قسە دەکەن، بە هەمان شێوەی نووسەرانی ولایەتە یەکگرتووەکان، بەرازیل، کەنەدای فەڕەنسی زمان، لە پەیوەندییان لەگەڵ نەریتە ئینگلیزی و پورتوگالی و فەڕەنسییەکانیان هەمان شت دەڵێن ))( کازانۆڤا، ٢٠٠٢، ١٠٦ ). لێرەدا نووسەر خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە بە زمانی ئیسپانی دەنووسێت و نەیتوانیوە دەستبەرداریی ئەو زمانە بێت، بەڵام کاتێک دەڵێت من ئیسپانی نیم، واتە ئەوەی من دەینووسم سەر بە ئەدەب و کلتوری مەکسیکییە، نەک ئیسپانی.

هەروەها بەشێک لە نووسەرانی باکوری ئەفریقا، کە زۆربەیان جەزائیرین ( محمد دیب، موراد بۆریۆن، کاتب یاسین، سارە جبار، عەبدوللا ڕکێبی .. ). سەبارەت بە نووسین بە زمانی فەڕەنسی بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، لێرەدا بۆچوونی چەند نووسەرێکیان دەخەینە ڕوو.

( مراد بۆریۆن ) لە ڕوانینێکی فراوانەوە سەیری زمانەکانی دونیا دەکات و دەڵێت: (( زمانی فەڕەنسی موڵکی تایبەتی فەڕەنسییەکان نییە، بەڵکو هەر زمانێک دەشێت، ببێتە موڵکی ئەو کەسەی بەسەریدا زاڵ دەبێت و بۆ داهێنانی ئەدەبی دەستەمۆیی دەکات، یا لەڕێگەیەوە گوزارشت لە حەقیقەتە نەتەوەییەکەی خۆی دەکات ))(بوزید، ٢٠١٦، ١٤٠). لێرەدا (موراد بۆریۆن) ڕێگە بەو نووسەرانە دەدات، کە بە زمانی بێگانە دەنووسن، بەمەرجێک بتوانن وەک زمانی دایک بەسەریدا زاڵبن و خەیاڵی پێ بکەن و لەڕێگەی ئەو زمانەوە گوزارشت لە دابونەریت و کلتور و مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن و بەجیهانی بناسێنن. ئەم بۆچوونە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی بە چەمەکە نەتەوەییەکانەوە دەبەستێتەوە، واتە دەشێت ئەدەبی نەتەوەیی بە زمانی

بێگانە بنووسرێت، بەڵام هەڵگری پەیامێکی نەتەوەیی بێت. ( عەبدوڵلا ڕکێبی ) هەڵوەستەی لەسەر ئەو ئەدەبە جەزائرییە دەکات، کە بە زمانی فەڕەنسی نووسراوە و ڕای دەگەیەنێت: (( ئەدەبیاتی جەزائیری کە بە فەڕەنسی نووسراوە، هۆکار و بارودۆخی خۆی هەیە، کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی کە بە زمانێکی بیانی نووسراوە، بەڵام ناوەڕۆکی جەزائیرییانە و واقیعێکی نەتەوەیی دەربڕیوە، کە وای لێ دەکات ئەدەبێکی ناوخۆی و نەتەوەیی بێت ))( قادة، ١٩٩٩، ١٠ ). بێگومان، عەبدوڵلا ڕکێبی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەفشاری داگیرکاریی فەڕەنسی دەکات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی خوێندن و نووسین لە جەزائیر فەڕەنسی بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر نووسەرە جەزائیرییەکان هەبووە، کە بە زمانی فەرەنسی و بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی بەرهەمەکانیان بنووسن، واتە نووسەرانی جەزائیر لەگەڵ ئەوەی بەو زمانە نووسیویانە، بەڵام واقیعێکی ناوخۆیی و نەتەوەییان دەربڕیوە.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بەهۆی بارودۆخی داگیرکاریی و سیاسییەوە، زۆر شاعیر و نووسەری کورد، ناچارکراوە بە زمانی بێگانە بنووسێت، بەڵام بە کەش و هەوایەکی کوردانە. لەم ڕوانگەیەوە زۆر نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی کورد لەم بوارەدا بۆچوونی خۆیان خستۆتە ڕوو، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو بۆچوونانە ئەکەین:-

١- دکتۆر ( عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ )، ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە بە زمانی بێگانە دەنووسن و شەقڵی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ئاشکرا بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە، ئەو بەرهەمی ئەم شاعیر و نووسەرانە دەخاتە دووتوێی ئەدەبی کوردییەوە، لەم بارەوە دەڵێت: (( تاقە جیاوازی ئەمانە لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی تری کورددا ئەوەیە، کە بەرهەمەکەیان لەبەر زۆر هۆی دیاری سەردەمی خۆیان بە کوردی نەنووسراوە. ئا ئەمانە کە ئەگەر ئێمە پێڕەوی مێژووی ئەدەبیاتی گەلانی تریان بۆ بکەین، هەر بە نووسەر و شاعیر و زانای کوردیان دادەنێین و لەناو دووتوێی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگە بۆ بەرهەمیان ئەکەینەوە

))( ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٢٢ ). ئەو پێیوایە، زۆر لە بەرهەمی ئەمانە هەر ئەوەندە زمانەکەی بکەی بە کوردی، بەرگی ئەدەبیاتی کوردی سەردەمی خۆی بەخۆیەوە دەنێ، چونکە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوە و هەڵقوڵاوی کلتوری کوردەوارین و بایەخ بە کێشە و مەسەلەی کورد دەدەن.

٢- دکتۆر ( زاهیر لەتیف کەریم )، بەکاریگەریی لێکۆڵینەوەیەکی گەورە نووسەری وەرگێڕان و ئەدەبی بەراوردکاری ئینگلیزی (سوزان باسنێت)، بەناوی ( ئەدەبی دوورگە بەریتانییەکان ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا بە ناونیشانی ( ئەدەبی بەراوردکاریی ). تیشک دەخاتە سەر نووسینی ئەدەبی کوردی بە زمانی داگیرکەران، پێیوایە، لێکچوون و هاوشێوە لە نێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی دوورگە داگیرکراوەکان لەلایەن بەریتانیاوە هەیە.

بە بۆچوونی دکتۆر زاهیر لەتیف: دەرئەنجامی گەڕان و بیرکردنەوەکانی سوزان باسنێت، بۆ ئەدەبی کوردی، دەبنە سەرچاوەیەکی هەرە بەهێز بۆ ئەدەبی کوردی بە زمانی داگیرکەران و دەڵێت: (( مەبەستیش لە ئەدەب بەزمانی داگیرکەران، ئەو ئەدەبە کوردییەی کە بە زمانی ئەوان نووسراوەتەوە، بەو پێیەی کوردستان بەدرێژایی زەمەنی داگیرکەران کەوتۆتە ژێر پێوەر و گوشار و کاریگەرییەکانی زمان و ئەدەبی ئەو داگیرکەرانە ( عەرەب و فارس و تورک ). دوورگە بەریتانییەکانیش هاوشێوەی کوردستان، کەوتونەتە ژێر گوشار و ڕۆشنبیرییەتی ئینگلیزی داگیرکەر، بەتایبەتی بەکارهێنانی زمان، واتە زمانی نووسین لەم دوورگانە، بریتیە لەزمانی ئینگلیزیی ))( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv )، لێرەدا پرسی ناسنامە و پەیوەندی ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتدا پرسێکی کارا و پێویستە، بە تایبەتی بۆ گەلانی ژێردەستە. ناسنامەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پەیوەندیدارە بە هەموو ڕەهەندەکانی ( زمان و نەتەوە و کلتور و خاک و کەلەپور و دابونەریت ( ئەحمەد، ٢٠١٦، ١٠٧ ).

( سۆزان باسنیت )، لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (( جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە نێوان بەریتانیا وەک یەکەیەکی سیاسی و جوگرافی و نەتەوەیی، کە پێکهاتووە لە

ئینگلتەڕا، سکۆتلەندا، ویلز و ئیرلەندای باکور. ئەم دوورگانە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشێک نین لە شانشینیی یەکگرتوو، بەڵکو لە موڵکی تاجی بەریتانیدان. بە درێژایی مێژوو کێشمە کێشمی ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان بەریتانیا و دوورگەکانیدا هەبووە، چونکە هەریەکە لەم دوورگانە خاوەنی زمان و ئەدەبێکی گەشەسەندوو و کلتور و نەریتی و شوناس و مێژووی نەتەوەیی خۆیەتی و جیاوازن لەیەکتری تەنانەت دەمارگیری نەتەوەیی لە نێواندا هەیە. نەخشەی دوورگە بەریتانییەکان لەبنەڕەتدا پێکهاتووە لەزمانی ئینگلیزیی و کیلتیکیی و گاڵیکیی و وێڵزیی ))( باسنێت، 1999، ٥٧ ). ئەوە بەروونی لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی سکۆتلەندیی و ئیرلەندیی و وێڵزییدا دەبینرێت، کەوا دەزانن کێشە ئابووری و کۆمەڵایەیی و زمانەوانییەکانیان بەسەردا سەپێنراوە و وەک ئاڵتەرناتیڤی کلتوریی و زمانەوانیی لێی دەڕوانن (باسنێت، ١٩٩٩، 56 – ٦٠ ). دکتۆر زاهیر دەڵێت: ( لەکاتێکدا ئەگەر بەرهەمی نووسەرە سکۆتلەندیی و ئیرلەندییەکانمان خستە نێو چوارچێوەیی ئەدەبی بەریتانی ئەوا ئەمە جۆرێکە لەسڕینەوە و دەست بەسەرداگرتن، یان داگیرکردنی سەرمایەی مێژوویی و کلتوریی ئەو دوو ئەدەبەیە )( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv ). هەر لەبەرئەمە باسنیت داوادەکات، کە نەخشەی سیاسی لەگەڵ نەخشەیی زمانەوانی یان لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی نەریتی ئەدەبی جودا بکرێتەوە، یان جودابکرێتەوە لەیەکەی جوگرافی. چونکە بەریتانیا لەبنەڕەتدا بریتییە لە یەکەیەکی سیاسی، بەڵام بەجیاوازی جوگرافی.

لە ئەدەبی ناوچە کوردستانییەکاندا هەمان کێشە بەدی دەکرێت و نووسەرانی کورد، بەجیاوازی دیالێکتەکانەوە، دابەشبوون بەسەر شوێنە جیاوازەکان، عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا و بەشێکیان بەرهەمەکانیان بەزمانی نەخشە سیاسییەکان نووسیوە و دەنووسن. ئەمە جگە لەگوشارەکان، هەڵکەوتەی ناوچەکان نووسەرانیان ناچارکردووە، کە بەزمانی ئەو نەخشانە بەرهەمەکانیان بنووسن. لە باکوری کوردستان، یەشار کەمال و لە باشور محی الدین زەنگەنە و لە ڕۆژئاوا سەلیم بەرەکات و لە ڕۆژهەڵات علی محمد أفغانیی کرمانشانی (

کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv). بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سوزان باسنێت، بەرهەمی ئەم نووسەرانە دەچنە نێو ئەدەبی کوردییەوە گەرچی بەرهەمەکانیشیان بەزمانی بێگانە نووسراون. لێرەدا مەسەلەی زمان، ڕێگر نابێت لەگەیاندنی ناوەڕۆکەکان، بەو پێیەی ئەرکی زمان لەبنەڕەتدا گواستنەوە و گەیاندنی نامەکانە.

٣- ( هیمداد حوسێن و ڕێزان ساڵح و سەنگەر نازم ) لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە لەو نووسەرە کوردانە دەڕوانن، کە بە زمانی بیانی دەنووسن، لەلایەکەوە پێیانوایە: ئەدەبی کوردی، تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی وڵاتی جەزائیر و مەغریب و توونسە، کە زیاتر مەبەستیان لە نووسەرانی کوردانی ئەو پارچانەی کوردستانە، کە نووسین بە کوردی تێیاندا بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بووە و بە هیچ کلۆجێک نووسەری کورد لەم پارچانە نە ڕۆشنبیرییەکی زمانی هەبووە، نە خوێنەرێکی بە زمانی نەتەوەیی هەبووە ( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤١١ ). لەهەمان کاتدا شاعیر و نووسەرانی کورد بەهۆی گوشاری حکومەتە داگیرکەرەکان نەیانتوانیوە بە زمانی دایکی خۆیان بنووسن، بۆیە بە ناچاریی بەزمانی داگیرکەران بەرهەمەکانیان نووسیووە.

لەلایەکی دیکەوە پێیانوایە، نووسین بە زمانی بێگانە لە ئەدەبی هاوچەرخدا تەنیا هەر تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو لای زۆرێک لە گەلانی دیکەی ناوچەکەش بەدی دەکرێت و زیاتر مەرامێکی جیهانگیریی لە پشتەوەیە. نووسەرانی کورد ویستوویانە لەڕێگەی ئەو زمانانەی کە ناسراون و خوێنەریان زیاترە بەرهەمەکانی خۆیان بە جیهان بگەیەنن و کەش و هەوای دەقەکانیشیان هەندێکجار کوردییە و هەندێکجاریش هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە ( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤١٤ )، ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زمانی کوردیی زمانێکی جیهانی نییە، ئەو بەرهەمانەی بە زمانی کوردی دەنووسرێن، وەک پێویست دراسە ناکرێن و ناناسێنرێن و خوێنەریان کەمترە بە بەراورد بە زمانانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی و تورکی و

فارسی، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کورد پەنایان بردۆتە بەر ئەو زمانانە بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان.

لێرەدا ئاماژە بە بۆچوونی چەند نووسەرێکی کورد دەکەین، کە بەزمانی بێگانە دەنووسن و پاساو بۆ نووسین بەزمانی بێگانە دەهێننەوە، لە هەر یەکێک لە پارچەکانی کوردستان.

لەڕاستیدا، هەر گەلێک بندەست بێت، زمانەکەیشی دەکەوێتە ژێر هەژموونی زمانی داگیرگەر و وەک پێویست پێی نانووسرێت. لە عێراقدا عەرەبی زمانی زۆرینە و فەرمیی دەوڵەت و ئایینە، دەزگای چاپ و ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندی زمان و ئەدەبی عەرەبی بەکارهاتووە و زمان و ئەدەبی کوردی وەکو پاشکۆ سەیرکراوە و زۆرجار نووسینی کوردی سانسۆرکراوە و ڕێگەی چاپکردنی لێگیراوە. لەبەرئەوە هەندێک لە نووسەران پەنایان بردۆتە بەر زمانی عەرەبی بۆ نووسین، یەکێک لەوانە (( محێدین زەنگەنە، کە نووسەرێکی کوردیی شاری کەرکووکە و بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، سەرەڕای نووسینی شانۆ چەند ڕۆمانێکیشی نووسیوە، وەک ڕۆمانی ( هم.. او یبقی الحب علاقه ) و ڕۆمانی ( ئاسۆس )، زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگرانی دیاری عەرەب لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ناوخۆ و دەرەوە لەسەر بەرهەمەکانی محێدین زەنگەنەیان نووسیوە، لەوانە ( فاضل العزاوي، قاسم محمد توفيق، نجم عبدالله کاظم ). هەروەها چەند خەڵاتی عەرەبی وەک ( دەقی عەرەبی – ١٩٧٩ ) و ( خەڵاتی باشترین دەقی وەرزی ١٩٨٢-١٩٨٣ )ی پێبەخشراوە. لەبەر هەڵوێستی سیاسی چەندین جار خراوەتە زیندان. محێدین زەنگەنە هۆکاری نووسینی بە زمانی عەرەبی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەواجی زمانی عەرەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی کوردانەی بەرەو جۆرە نووسینێکی برد، کە بە زمانی عەرەبی ناوەرۆکێکی کوردانە نیشان بدات ))( ڕۆڤار، ٢٠٠٠، ٣-٤ ). بێگومان، کاتێک واقیعێکی داگیرکاریی بەسەر نەتەوەیەکدا دەسەپێنرێت، ئەو نەتەوە ژێردەستە دەکەوێتە ژێر گوشاری زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری وڵاتی داگیرکەرەوە و نووسین بە زمانی دایک ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت و شاعیر و نووسەرانی بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان پەنا بۆ

زمان و نووسینی داگیرکەر دەبەن، بەڵام هەوڵ دەدەن ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان بە کلتوری نەتەوەکەیان برازێننەوە.

هەندێکجاریش تێڕوانینیی جیهانگیری و بەجیهانیبوون کاریگەریی خۆیان لەسەر هزری نووسەریی کورد داناوە، بێ ئەوەی نووسەر دووچاری هیچ دەسەڵاتێکی سەپێنراویی سیاسی و زمانەوانی بووبێتەوە، بە ویستی خۆی بە زمانانی بێگانە دەنووسێت. ( هونەر کەریم )، ڕۆماننوسێکی کوردیی شاریی کەرکوکە و خوێندنی بەزمانی عەرەبی بووە، لەدوای ساڵی ٢٠١٠ ەوە بە عەرەبی دەستی بەنووسین کردووە، سێ ڕۆمانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، یەکەم ڕۆمانی بە ناوی ( ارض علی قرنی الثور )ە، کە باس لە سەردەمی ئەنفال دەکات و ئاماژە بە ژیان و دابونەریتی خەڵکی گوندنشینی کوردستان دەکات، بە هۆی ئەم ڕۆمانەوە خەڵاتی میسریی ( القلم الحر )ی پێ بەخشراوە. هەروەها لە ڕۆمانی ( عین علی الطریق ) کە باس لە کلتور و ژیان و دابونەریت و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان و تراژیدیای یەزیدییەکان لە سەردەمی پەلاماردانی داعش دەکات و بەهۆی ئەم ڕۆمانەشەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە میسردا خەڵاتی ( دیوان العرب ) بۆ ڕۆمان پێ بەخشراوە، هەروەها ڕۆمانی ( فانتازیا السید جلجامیش )یشی نووسیوە، لە زۆرێک لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی وەک ( رای الیوم )ی بەریتانی و ( اخبار )ی میسری و ڕۆژنامەکانی عێراقی وەک ( الصباح الجدید )و ( المراقب ) بابەتی ڕەخنەییان لەسەر ڕۆمانەکانی هونەر کەریم نووسیوە ( هونەر کەریم، facebook ).

( هونەر کەریم ) پاساو بۆ نووسینی بە زمانی عەرەبی دەهێنێتەوە و دەڵێت؛ (( کێشەیی ئەدەبی کوردیی ئەوەیە زۆر بە زەحمەت دەگاتە جیهان، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی وەرگێڕان بۆ سەر زمانەکانی تر، بۆشاییەکی گەورە هەیە، لە گەیاندنی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی زۆر لە نووسەر و خوێنەری عەرەب ئەدەبی کوردییان وەک وەرگێڕان لەبەردەست نییە و زۆر دەگمەنە، لەبەرئەوە من بەو زمانە ( عەرەبی ) دەنووسم لەپاڵ زمانی کوردی ))( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤٢٦ ). لەگەڵ ئەوەی هونەر کەریم بەشێک لە ڕۆمانەکانی

بەزمانی عەرەبی نووسیوە، بەڵام لە ڕۆمانەکانیدا باسی دابونەریت و ئازارەکانی کورد دەکات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە خوێنەری عەرەب بە ئەدەب و کلتور و مەرگەساتەکانی گەلی کورد ئاشنا بکات.

ئەگەر سەرنج بدەینە کوردستانی ڕۆژئاوا کە لەژێر دەستی ڕژێمی سوریادا بووە، زمانی عەرەبی زمانی فەرمی خوێندن و نووسین بووە و هەمیشە ڕۆشنبیری عەرەبی زاڵکراوە، بۆیە نووسەرانی کوردی ئەم پارچەیە بە زمانی عەرەبی بەرهەمەکانی خۆیان نووسیوە، بەڵام لەبەرهەمەکانیاندا ئازار و مەرگەساتی گەلی کوردیان بەرجەستە کردووە، وەک: سەلیم بەرەکات و هۆشەنگ ئۆسی و جان دۆست.

( سەلیم بەرەکات ) نووسەر و شاعیر و ڕۆماننووسی کوردیی ڕۆژئاوای کوردستانی سوریایە و (ساڵی ١٩٥١) لە قامیشلۆ دایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٩ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە. سەلیم بەرەکات ڕۆمانەکانی بەزمانی عەرەبی نووسیوە، تائێستا ژمارەیەکی زۆری ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ( فقهاء الظلام، أرواح هندسية، الريش، معسكرات الأبدا، سبايا سنجار )( کعال و نزار ، ٢٠٢١-٢٠٢٢، ٣٦ ). لە ڕۆمانەکانیدا توانیوییەتی بە زمانی عەرەبی گوزارشتی ڕاستەقینە لە مێژوو و خەم و ئازار و پرسی کورد بکات و زۆربەی بەرهەمەکانی ڕاستەوخۆ لەسەر کورد و دۆزەکەیەتی. سەلیم بەرەکات لەبارەی نووسینی بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی، دەڵێت: (( من ڕۆحی کورد بە عەرەب دەناسێنم، ئەمەش ئەرکی منە.. هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە زمانی عەرەبیم بەکارهێناوە بۆ تەرجەمەکردنی ڕۆحی کورد بۆ عەرەب، چونکە زمانێکی زۆر دەوڵەمەند و فراوانە، بۆ خۆشم چاکترە، کە مرۆڤێکی کورد بەو دەوڵەمەندیە پێشکەش بکەم، هەروەها بۆ خوێندەوارە بێگانەکەش باشترە، کە مرۆڤێکی دەوڵەمەند و قووڵی لەم ئاستەی پێشکەش بکرێ نەک بە زمانێکی هەژار )( بەرەکات، ٢٠٠٤، ٥٥ ). سەلیم بەرەکات، وەک وەرگێڕێک بۆ سەر زمانی عەرەبی، شوناس و کلتور و ئەدەب و مەسەلە و مەلەفی کورد دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەری

عەرەب. ئەمە بەزمانی دایک ئەنجام نادرێت، چونکە دەسەڵاتی زمانی دایک لەڕووی جوگرافیا و جێگەوە سنووردارە و لەبەرامبەریشدا خوێنەری عەرەب ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم زمانەدا نیە. بەمەش ئەگەر بەزمانی دایک بنووسرایە ئەوا بەرهەمەکە خۆی لەبازنەیەکی لۆکاڵیدا دەبینییەوە و بەها و کاریگەرییە دەرەکییەکانی لەدەست دەدا، یان کاریگەریی لەسەر خوێنەری عەرەب دروست ناکات، کەواتە سەلیم بەرەکات ڕۆڵی پردی پەڕینەوە و ناساندن و گواستنەوە دەبینێت و دەیەوێت، هەستی تاکی عەرەبی بجوڵێنێت، تا لەنزیکەوە ئاگاداری کێشە و نەهامەتییەکانی کورد بێت (کەریم، ٢٠٢٣، www.gksat.tv ). هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن، کە داهێنانەکانی سەلیم بەرەکات بە زمانی عەرەبی و هاوشێوەکانی وەک یەشار کەمال و تەحسین گەرمیانی و مەنسوری یاقووتی بە زمانی داگیرکەران، ڕۆڵێکی ئەرێنی لە ناساندنی ئەدەبی کوردی بە جیهانی دەرەوە دەبینن.

سەبارەت بە باکوری کوردستان، بە دید و بۆچوونی زۆربەی نووسەر و مێژوونووسانی کورد، (( ئەم بەشەی کوردستان ڕووبەڕووی زۆرترین ستەم و زۆرداریی و ڕەشکردنەوە بۆتەوە لەچاو بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەر بۆیە گەورەترین زەبر لە باکوری کوردستاندا بەر زمان و کلتور کەوتووە، چونکە دەوڵەتی کەمالیستی تورک، لە پاڵ کلتورسازیدا هەوڵی لەناوبردنی زمان و کلتوری کوردی داوە ))( قادر، ٢٠١٣، ١٠ ). لەهەمانکاتدا خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی لە فەرهەنگی سیاسیی و نەتەوەیی تورکدا قەدەغەکراوە، بۆیە نووسەری کورد لەم بەشەی کوردستاندا بۆ نووسینی بەرهەمەکەی بەناچاری پەنای بۆ زمانی داگیرکەر بردووە، هەروەکو یەشار کەمال.

( یەشار کەمال )، نووسەر و ڕۆماننوسێکی دیاری تورکینووس و ئەدیبێکی گەورەی تورکیایە و بە ڕەچەڵەک کوردە. یەشار کەمال وەک نوسەرێک خزمەتی گەورەی بە دنیای ئەدەب و نوسین کردووە، (( هەرچەند ڕۆمانەکانی یەشار کەمال لەڕووی زمانەوە ناچنە خانەی ئەدەبی کوردی، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە باسی ژیانی کوردەواری دەگێڕنەوە. لە

بەرهەمەکانیدا بۆن و بەرامەی کوردەواری لە بەشی زۆری ڕۆمان و چیرۆک و ڕیپۆرتاژ و وتارەکانیدا هەیە. ڕۆمانەکانی بۆ چەندان زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە، بەشێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی وەک: ڕۆمانی حەمەدۆک، چیرۆکی دوورگە، ئەودیو چیا، کوێرئۆغلی، ئاغاکانی ئاقچاساز. کراونەتە کوردیی ))( مستەفا، ٢٠٢٢، ١٤٣ )، ئەگەر زمانی ڕۆمانەکانی یەشار کەمال تورکیە، بەڵام ڕوداوەکانی لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی باکور بەرجەستە کراون و مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیارە. یەشار کەمال سەبارەت بە نووسینی بەرهەمەکانی بە زمانی تورکی، دەڵێت: (( ئەوەی بە زمانی کوردی نووسرابێت لە تورکیادا ڕەتکراوەتەوە و قەدەغە کراوە، هەر بۆیە ناچاربووم بە یەکجارەکی پەنا بۆ زمان و ڕۆشنبیری تورکی ببەم و چیتر دەستەوەستان نەوەستم و کارەکانمی پێ ئەنجام بدەم ))( قادر، ٢٠١٣، ٨ ). یەشار کەمال وەک نووسەرێکی جیهانی لە بواری نووسینی ئەدەبییدا چەندین خەڵاتی ئەدەبی نێوخۆی و جیهانی پێ بەخشراوە. (( تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٢ پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵ بوو، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی ئەو خەڵاتەی پێنەبەخشرا ))( قادر، ٢٠١٣، ١٥ ).

سەبارەت بە کوردانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئێرانیش، هەروەک چۆن خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیی قەدەغەبووە، بەهەمانشێوە چاپکردنی کتێبی کوردیش قەدەغەبووە، ئەم هۆکارانە حەز و خولیای نووسینیان بەزمانی کوردی کەم کردۆتەوە ( ابراهیم، ٢٠١٣، ٨ )، واتە ڕێگە بەخوێنەری کورد نەدراوە لەگەڵ سروشتی زمانەکەی خۆی زمانی نووسینی نەشونما بکات، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی فارسی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا (( توانیویانە بە ڕادەیەکی باش پارێزگاری لە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی خۆیان بکەن و تەنانەت زمانی ئاخاوتنیشیان کوردییە، ئەوە نەبێت بەهۆی ڕێگرییەکانی دەوڵەت نەیانتوانیوە بە فەرمی بەرهەمەکانیان بە کوردی بنووسن، ئەگینا کرۆک و ناوەرۆکی دەقەکانیان کوردییەکی تەواوە ))( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤٢٤ ). بۆ نمونە ئەگەر بەرهەمەکانی ( ئیبراهیمی یونسی، مەنسوری یاقووتی و عەلی ئەشرەف دەروێشیان..

) وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، دەبینین کەسێتییەکان، ژینگە و کلتورەکە کوردییە، هەست بەوەناکەین، کە کەش و هەوای ناو ئەو دەقانە نامۆیە بە ئەدەبی کوردی.

( ئیبراهیمی یونسی )، نووسەر و وەرگێڕ و مێژوونووسی کوردی ڕۆژهەڵات، بە زمانی فارسی بەرهەمەکانی نووسیوە، لە ماوەی ساڵانی درێژخایەنی چالاکی فەرهەنگی لە بواری نووسین و وەرگێڕان و نووسینی چیرۆکدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و زیاتر لە ٨٠ کتێبی هەیە ... لە نووسینەکانیشی ڕۆمانگەلی: ( نزایەک بۆ ئارمێن، بەخێر هاتی... گۆڕستانی غەریبان، دادە شیرین، دایکم هەمدیسان گریا، مردووەکان ) لە بەرهەمە دیارەکانی نووسەرن ( قادری، ٢٠١٨، www.rudaw). ناوەرۆکی بەشێک لە بەرهەمەکانی باس لە تراژیدیای گەلی کورد و کلتوری کوردەواریی دەکەن.

( عەلی ئەشرەف دەروێشیان ) چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کوردی شاری کرماشانە و بە زمانی فارسی دەنووسێت، زۆربەی بەرهەمە چیرۆکەکانی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕووسی، ئەڵمانی، کوردی، تورکی، ئەرمەنی و نەرویجی وەرگێڕدراون. بەرهەمەکانی گێڕەرەوەی ژیان و فەرهەنگ، دابونەریت و خەڵکیی کوردە، خۆشی شانازی بەم هەڵوێستەیەوە دەکات و دەڵێت: ( هەموو هەوڵی من بۆ ئەوەیە کلتور و دابونەریتی گەلی کورد لە نووسینەکانمدا ڕەنگ بداتەوە و خەڵکانی تر لەگەڵ ئەم کلتورە بە پێز و دەوڵەمەندەدا ئاشناکەم )( پیری، ٢٠٠٦، ٥٠ )، لەبەر هەڵوێستی نەتەوەیی، بەردەوام بەرهەمەکانی لەژێر گوشاردابوون و سانسۆر کراون.

# ئەنجام

## ئەنجام

له كۆتاییدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەجیهانیبوونی ئەدەب خواستێکە زیاتر میللەتانی ڕۆژهەلات، یاخود ئەو نەتەوانەی كە ئەدەبەكەیان نەناسراوە خەونی پێوە دەبینن، بۆ ئەوەی ئەدەبەكەیان لەم ڕێگەیەوە سنووری لۆكاڵی و نەتەوەیی تێپەڕێنێت و تێكەڵ بە ئەدەبی جیهانی ببێت، یەكێك لە سادەترین ئاماژەكانی بەجیهانیبوونی ئەدەب ئەوەیە كە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، سنووری جوگرافی و زمانەوانی لۆكاڵی تێدەپەڕێنێت، بەرەو ئەدەبی زمانێك یان ئەدەبیاتی زمانەكانی دیكە.

٢- لە تێڕوانینی هەندێك لە شاعیر و نووسەردا، كلتوری ڕۆژهەلاتی ڕێگرە لەبەردەم بەجیهانیبوونی ئەدەبی كوردی، بۆیە وەرگرتنی ڕۆشنبیری و فۆڕم و تەكنیكە ڕۆژئاواییەكان بە هەنگاوێكی كاریگەر دەزانن بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەبی كوردی.

٣- دیاردەی بەجیهانیبوون لەسەردەمی هاوچەرخدا دەرفەتی بۆ شاعیر و ڕۆماننووسانی كورد ڕەخساندووە، تاوەكو لە چوارچێوەی ژانر و فۆڕمەكانی ئەدەبی جیهانی و بە تەكنیكە مۆدێرنە ئەدەبییە جیهانییەكان، هەم ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە شیعر و ڕۆمانەكانیاندا نەخشاند، هەم بیرە جیهانگیرییەكانیان لە بەرهەمی خۆیاندا جێ كردەوە و دەقێكی نوێیان بەرهەم هێنا، كە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهاندا ئاوڕی لێدرایەوە و خوێندرایەوە.

٤- دەقی ئەدەبی كوردی تاراوگە لەسەردەمی هاوچەرخدا، هەنگاوی گەورەی كرداری بەرەو بەجیهانیبوون ناوە و توانیویەتی بخزێتە نێو ئەدەبی جیهانییەوە. هەروەها لە ناوخۆی كوردستانیش ژمارەیەكی بەرچاو لە شاعیران بوونەتە جێگەی بایەخی خوێنەری بیانی و بەرهەمەكانیان بۆ زۆر لە زمانە زیندووەكانی جیهان وەرگێڕدراون و دەنگدانەوەیان هەبووە و پێشوازیان لێكراوە.

٥- وەرگێڕان ئاماژەیەکی گەورە و گرنگی بەجیهانیبوونی کاری ئەدەبییە، لە سەردەمی هاوچەرخدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ناساندنی دەقی ئەدەبی کوردی بە جیهانی دەرەوە، لە کۆتایی سالآنی هەشتای سەدەی بیستەم بەملاوە، بەشێک  لە شاعیر و ڕۆماننووسانی کورد، وەک: ( شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، نەزەند بەگیخانی، کەژاڵ ئەحمەد – بەختیار عەلی، هیواقادر، کاروان کاکە سوور، ئەحمەدی مەلا، عەتا محەمەد .. ). دەقە ئەدەبییەکانیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنووری زمانەوانی و ئەدەبی نەتەوەیی تێپەڕاندووە و بوونەتە جێگەی بایەخی خوێنەری بیانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەوڵانە هەنگاوی سەرەتایین بەرەو بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی کوردی.

٦- نووسەری کورد لەگەڵ ئەوەی کە بەرهەمی بە زمانی بێگانە نووسیوە، بەڵام بۆ سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی دەستبەرداری کلتور و دابونەریت و ژینگەی نەتەوەیی نەبووە.

٧- زۆرێک لەو نووسەرە کوردانەی بە زمانی بێگانە دەنووسن، دەیانەوێت وەک وەرگێڕێک لە ڕێگەی زمانی بێگانەوە، ئەدەبی کوردی بەجیهانی دەرەوە بناسێنن.

## لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئابراهام، میران، (٢٠١٤)، شێرکۆ بێکەس لەدەرەوەی سنووری کوردستان، گۆڤاری ئەدەبی سەردەم، ژمارە (٧ )ساڵی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢- ابراهیم، سەرکەوت عومەر، (٢٠١٣)، بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

٣- ئەحمەد زادە، هاشم، (٢٠١٥)، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپ ناوەندی ئەندێشە.

٤- ئەحمەد زادە، هاشم، (٢٠٠٦)، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، و. عبدالخالق ئەحمەدزادە، گۆڤاری ( ڕامان )، ژمارە ( ١٠٧ ).

٥- ئەحمەد، سامان حوسێن، (٢٠٢١)، ڕۆژهەڵاتناسی، کتێبخانەی ڕۆمان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٦- ئەحمەد، کەمال مەزهەر، (1984)، ڕێنیسانس، و. فوئاد میسری، چاپخانەی الحوادس، بەغدا.

٧- ئەحمەد، گوڵەباخ حسێن، (٢٠١٦)، ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – کرمانجی ناوەڕاست (١٩٨٠ – ٢٠١٤ )، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٨- ئەمین، توانا، (٢٠٠٨)، مەنفا و خوێندنەوە، چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبی، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (١٥)، سلێمانی.

٩- ئەمین، کارزان کەریم، (٢٠١٠)، ڕەخنەی ئەکادیمی لە گوتاری ڕۆشنبیری کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٥٨).

١٠- ئۆپیرا، نیکۆلینا، (٢٠١٠)، شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەکاتە ڕۆمانی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٨٩).

١١- ئۆستینۆف، میشل، (٢٠١٧)، تیۆرەکانی وەرگێران، پرۆسەی وەرگێڕان، و. فەرشید شەریفی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٢- ئۆسکارمان، (٢٠١٤)، توحفەی موزەفەرییە، و. هێمن موکریانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هەولێر.

١٣- بارام، حەسەن، (٢٠١٧)، جیهانگیری لەڕوانگەی جیاوازەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

١٤- بەرزنجی، عەلی تاهیر، (٢٠٢٠)، ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئێڤا.

١٥- بەرەکات، سەلیم، (٢٠٠٤)، من ڕۆحی کوردی بە عەرەب دەناسێنم، گفتوگۆی: جەوهەر کرمانج و مۆفەق دەڵگەیی، گۆڤاری (ڕۆڤار)، ژمارە(٣١).

١٦- بێک، شرینبیرگ، کازدین، هۆسۆن - ئۆلریش بێک، نۆرمان ڤان شرینبێرگ، ئیریک کازدین، میشێل هۆسۆن،(٢٠٢٠)، گلۆباڵیزم، و. ئارام مەحموود ئەحمەد – محەمەد چیا – شاناز هیران، چاپخانەی حەمدی.

١٧- بیمار، عبدالرزاق، (197٠)، دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، بەغدا.

١٨- پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠١٠)، بەڵێ من عاشقی فرووغی فرۆخزاد بووم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٩- پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠٠٥)، شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر.

٢٠- پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠٢٠)، کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.

٢١- پیری، موحەمەد باقر، (٢٠٠٦)، عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەدەبیاتی کوردی ئەدەبیاتێکی جیهانییە، و. شەریف فەللاح (هێژا)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٣).

٢٢- جەعفەر، شالاو، (٢٠١٨)، بیبلۆگرافیایی کتێبە وەرگێڕراوەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ سەر زمانی بێگانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٢٣- جەعفەر، شالاو، (٢٠١٤)، خامەکان بۆ شێرکۆ بێکەس دەدوێن، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٢٤- چالی، شەعبان، (٢٠٠٨ )، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر.

٢٥- حاجی قادری کۆیی،(١٣٩٠)، لێکۆڵینەوەی میران سەردار حەمید و شارەزا کەریم مستەفا، انتشارات کردستان، سنە.

٢٦- حوسێن، سامان، (٢٠٢١)، مێژووی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیدا، چاپی یەکەم، کتێبخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

٢٧- حوسێن و نازم، هیمداد و سەنگەر، (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٢٨- حوسین، نازم، ساڵح - هیمداد، سەنگەر و ڕێزان ساڵح، (٢٠٢١)، ئەدەبی بەراورد، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٢٩- حەداد، عەبدوڵلا، (٢٠٠٠)، نالی لەدەرەوەی کوردستان ( ١٨٤٨ – ١٨٧٣ )، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.

٣٠- حەسەن، حەمەسەعید، (٢٠١٨)، ڕۆمان و ژياننامە، چاپخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣١- حیلمی، ڕەفیق، (٢٠١٠)، شیعر و ئەدەبیات کوردیی، بەرگی (١،٢)، چاپیی (٣)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣٢- خەزنەدار، مارف، (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣٣- دانبلۆت، گوننار، (٢٠٠٧)، ڕەفیق سابیر لە ڕوانینی پرۆفیسۆرێکی نەرویجیدا، و. لە نەرویجییەوە. مەسعود زیلان، ڕۆژنامەی ( ڕەخنەی چاودێر )، ژمارە ( ٦٩ - ٧٠).

٣٤- دەشتی، کەریم، (١٩٩٩)، پڕۆژەی بەیانێکی شیعری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٤).

٣٥- ڕەزایی، یوونس، (٢٠١٧)، شێرکۆ بێکەس و پێگەی بۆ بەجیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کوردی، گۆڤاری ( ڕامان )، ژمارەی (٢٤٢ ).

٣٦- ڕۆدێنکۆ، م. ب.، (٢٠٢٠)، وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، و. ئەنوەر قادر محەمەد، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٣٧- ڕۆڤار، گۆڤاری، (٢٠٠٠)، گوڵەکان بۆ محێدین زەنگەنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە (٦).

٣٨- ڕۆڤار، گۆڤاری، (٢٠٠٨)، لەتیف هەڵمەت، خەیاڵی زانستی و ئەفسانەیی لەچیرۆکی منداڵاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە(٤٩).

٣٩- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، (٢٠٠٨)، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی، و. نووسەر خۆی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

٤٠- ڕەسوڵ، عزەدین مستەفا، (١٩٨٩)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعليم العالی، اربیل.

٤١- ڕەشید، فوئاد، (٢٠٠٥)، ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی ( ١٩٧٣ – ١٩٩٩ )، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٤٢- ڕەشید، فوئاد، ( ٢٠٠٧ )، عالمییەتی ئەدەبی کوردی، گۆڤاری (هەنار)، ژمارە ( ١٥ ).

٤٣- س، ڕەشید، سابیر، (٢٠٠٧)، ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤٤- ساموک، سەعدون محموود، (٢٠١١)، لە ڕێبازە هزرییە هاوچەرخەکان، و. بوخاری عبدالله و نالی یوسف، چاپخانەی نارین.

٤٥- سەججادی، عەلائەددین، (١٣٩٨هـ)، مێژووی پەخشانی کوردی، سنندج: انتشارات کوردستان.

٤٦- سەعید، ئێدوارد، (٢٠١٨)، ڕۆژهەڵاتناسی، و. محسین ئەحمەد عومەر، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەی ماڵی وەفایی، هەولێر.

٤٧- سلێمان، شەمێران، (٢٠١١)، ڕووبەڕوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤٨- سڵێوە، هاوژین، (٢٠١٣)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٤٩- سندی، بەدرخان، (٢٠٠٨)، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەلاتناسیدا، و. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥٠- سۆن، مێجەر ، (2007)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێرانی نەجاتی عەبدوللا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٥١- شمیدت، دانا ئادەم، (٢٠٠٨)، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان، و ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥٢- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد، (٢٠١٤)، بەراوردی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥٣- شەورۆ، فازیل، (٢٠١٨)، بەختیار عەلی خەلاتی نیلی زاکسی ساڵی ٢٠١٧ دەباتەوە، گۆڤاری ( ڕامان )، ژمارەی (٢٥٠ ).

٥٤- عارف، حەمە کەریم، (٢٠١٩)، ڕاوە مەحاڵ، چەند پەیڤینێک دەربارەی شیعر و شاعیران، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥٥- عارف، حەمەکەریم، (٢٠١٢)، وەرگێڕان و دەردی کوردی نەزانی، گۆڤاری (٢٣)، ژمارە (٨).

٥٦- عبدالله، ئیدریس، (٢٠٢١)، ئەدەبی جیهانی و بژاردەیەک لە شاکارەکانی، چاپی دووەم، چاپ و بڵاوکردنەوە نوسینگەی تەفسیر.

٥٧- عبید، ئەرخەوان محەمەد، (٢٠١٤)، دیاردە کولتوورییەکان لە ( مەم و زین )ی ( ئەحمەدی خانی )دا، دکتۆرانامە، زانکۆی سلێمانی.

٥٨- عومەر کاکی، حەمە نووری، (٢٠٢٢)، کۆچ و تاراوگە لە شیعری شاعیرانی کورددا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٥٣ ).

٥٩- عومەر، محسین احمەد، (٢٠١٧)، مەنفا لە شیعری سەدەی نۆزدەمی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٣٩ )، هەولێر.

٦٠- عومەر، موحسین ئەحمەد، (٢٠١٢)، لێکۆڵینەوە کوردییەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر.

٦١- عومەر، یاسین، (٢٠٠١)، ئەزموون، ١٩٨٥- ٢٠٠٠، چەپکێک هەڤپەیڤین لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دەزگاو چاپی سەردەم، سلێمانی.

٦٢- عەبدوڵلا، نەجاتی، (٢٠٠٨ )، " مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی، چاپی یەکەم بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٦٣- عەزیز، کەیفی محمد، (٢٠١٩)، لێکەوتەکانی تاراوگە لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، پێشکەشی زانکۆی سۆران کراوە.

٦٤- عەلی، ئیدریس، (٢٠٠٩)، تەوەری ئەدەبی، چاپە یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

٦٥- عەلی، ئیدریس، (٢٠٢٠)، زمانی زەین و ڕوداو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ( یاد ).

٦٦- قادر، کارزان محسن، (٢٠١٣)، بنیاتی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

٦٧- غەفور، خەڵەف، (٢٠٢١)، عشق و ئازادی، چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەفیق سابیر، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

٦٨- غەنایم، ریم، (٢٠٢١)، جان دۆست هۆنەرەوەی بەسەرهاتەکان وبەرجەستەکاری ئازارەکان، و. سابیر عەبدوڵلا کەریم، گۆڤاری (وانەر)، ژمارە ( ٤ )، سلێمانی.

٦٩- فاتیح، فەیزوڵلا، (٢٠١٦)، هەڤپەیڤین لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ( عەبدوڵلا کەیخوسرەوی)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٣٢).

٧٠- فایەق و سوبحان، دانا و کامەران، (٢٠٠٩)، شیعر لای من، پێش هەمووشتێک چۆنایەتییە، دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر، گۆڤاری ( ئاینده)، ژماره ( ٨٣ ).

٧١- فەرەج، هێرش، (٢٠١٦)، ڕوانینێک لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین، کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٣٨٠).

٧٢- قەرەباغی، عەلی ئەسغەر، (٢٠٠٦)، پۆست کۆلۆنیالیزم، و. یونس رەزایی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە ( ١٠٦ ).

٧٣- قەرەداغی، مەهاباد، (٢٠٠٢)، شێرکۆ بێکەس لە گلۆبالیزم و کاریگەرییەکانی دەدوێ، گۆڤاری ئاینده، ژمارە ( ٣٩ ).

٧٤- کاکەڕەش، حەمە، (٢٠٠٧ )، دیدار لەگەڵ هیوا قادر، گۆڤاری ( هەنار )، ژمارە ( ١٩ ).

٧٥- کاکە سوور، کاروان عومەر، (٢٠٢٣)، تەرمەوان، چاپی یەکەم چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٧٦- کاوانی، دڵشاد، (٢٠٢٣)، ئاست و ئاستەنگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٧٧- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد، (٢٠٠٧)، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، و. عەوڵا بەهرامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆک.

٧٨- گەردی، عەزیز، (١٩٧٨)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٧٩- لۆمبا، ئانیا، (٢٠١٨)، کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، و. عومەر عەلی غەفوور، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٨٠- محەمەد، ئەنوەر قادر، (٢٠٠٨)، چەند وتارێکی کوردناسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمان.

٨١- محمد، ئارام، (٢٠٢١)، ئادۆرنۆ و ڕەخنەی کەلتووری، چاپ دەزگای ڕۆسا، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨٢- محمد، کامەران، (٢٠٢٠)، ڕەنگدانەوەی کەلتوور، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨٣- مستەفا، و. ڕێباز، (٢٠٢٢)، لەبارەی یەشار کەمال و ڕۆمانی حەمەدۆک، گفتوگۆیەک لەگەڵ گوندنشینەکانی سارییاخچە، گۆڤاری وانەر، ژمارە ( ٧ ).

٨٤- مەنتک، حەمە، (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی، چاپی یەکەم، نوسینگەیی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٨٥- موختار جاف،(٢٠٠٨)، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی د. ئیحسان فوئاد، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٨٦- میران، ڕەشاد، (٢٠١٢)، مەعریفە و کلتور و ئایدۆلۆگیا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٢١ )، هەولێر.

٨٧- نالی، دیوانی، لێکۆڵینەوەی، مدرس و عبدالکریم - مەلا عبدالکریمی و فاتح، (١٣٦٨)، چاپ سوم، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی ( انتشارات صلاح الدین ایوبی )، اورمیە.

٨٨- هەنار، ئا: گۆڤاری، (٢٠١٣)، دەمەوێت دوای مەرگی خۆم ببینم، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٩١).

٨٩- هۆشیار، جەودەت، (٢٠٢٠)، ڕۆمان لەنێوان ئەندێشە و واقیعدا، و. سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٩٠- هەینی، شێرزاد، (٢٠٠٨)، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا، دیدارێکی گشتگیرە لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدراوە، چاپخانەی تیشک، کوردستان.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

٩١- ابختی، عائیشە، ( ٢٠١٢-٢٠١٣ )، اشکالیە الهویە فی الادب الجزائری المکتوبە باللغە الفرنسیە. ( ٢٠١٢-٢٠١٣ )، رسالة الماجسترفی اللغە والادب العربی، جامعة ادرار، جزائر.

٩٢- أسیا، لعساس، (٢٠١٤)، العولمة في المفهوم والمظاهر والاثار. مجله الاحصاء و الاقتصادالتطبیقی، العدد (٢)، مجلد ١١.

٩٣- بابا، هومی، (٢٠٠٦)، موقع الثقافة، ت. ثائر دیب، الطبعة الاولی، الناشر المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء – المغرب.

٩٤- باسنيت، سوزان، (1999)، الادب المقارن، ت. اميرة حسن نويره، المجلس الثقافة والاعلام، بيروت، لبنان.

٩٥- البديرى، على مجيد داود، (٢٠٠٩)، الادب العربى المقارن فى ضوء " جمالية التلقى"، اطرحة الدكتوراه، جامعه البصره.

٩٦- برونيل، بيشوا، روسۆ – بيير، كلود، اندريه ميشيل، (1996)، ما الادب المقارن؟، ت. الدكتور غسان السيد، منشورات دار علاء الدين، طبعة الاولى، دمشق.

٩٧- بوزيد، نسيمه، (٢٠١٦)، ازمة الهوية في الادب الجزائرى المكتوب باللغة الفرنسية، مجلة دفاتر مخبر الشعرية، العدد، (2)، الجزائرية.

٩٨- بوقصبة، شريف، (2015- 201٦)، انعكاسات تحليل البيئة الخارجية الدولية على التسيير الاستراتيجي للمؤسسة الاقتصادية في ظل العولمة دراسة حالة، اطرحة دكتوراه، شركة سوناطراك – الجزائر.

٩٩- جاسم، صباح محمد، (٢٠١٠)، مفهوم الثقافة الاسلامية وتحدياتها، جامعة ديالى / كلية العلوم الاسلامية، مجلة ديالى، العدد الرابع و الربعون.

١٠٠- جبارة، محمد جاسم، (2015 )، اللغة العربية وأيديولوجية الوحدة، مجلة تبين، جامعة الموصل، كلية التربية للعلوم الإنسانية، العراق. العدد (14).

١٠١- جهدانى، عبدالواحد، (٢٠1٤)، من اداب ما بعد الاستعمار الى فقه التحيز من أجل ثقافه متحررة ومحررة، مجلة كلية اداب والعلوم الانسانية، المجلد ٢٠١٣، العدد (٣٣).

١٠٢- حمداوى، جميل، (٢٠١٨)، نظرية ما بعد الاستعمار، مساهمة في التأسيس لعلم الاستغراب، مجلة الاستغراب، بيروت لبنان، العدد ( ١٢ ).

١٠٣- الخزعلى، محمد، (1995) دراسات في الادب المقارن، ترجمة - دار الكندي للنشر والتوزيع- الاردن.

١٠٤- الخطيب، حسام، (١٩٩٢)، افاق الادب المقارن عربيا و عالميا، دار الفكر المعاصر، ديمشق – بيروت.

١٠٥- دانييل، باجو - دانييل و هنري، (١٩٩٧)، الأدب العام والمقارن، ت. د. غسان السيد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.

١٠٦- راغب، نبيل، (2003)، موسوعة النظرية الادبية، الطبعة الأولى، طبع في دار نوبار للطباعة، القاهرة.

١٠٧- الرقب، صالح حسين سليمان، (٢٠٠٨)، بحث "العولمة الثقافية آثارها وأساليب مواجهتها - قسم العقيدة كلية أصول الدين- الجامعة الإسلامية غزة- فلسطين.

١٠٨- الرويلي ، بازعي - ميجان ، سعيد ، (٢٠٠٢)، دليل الناقد الادبي، الطبعة الثالث، الناشر المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب.

١٠٩- زهرة، زغابة، (٢٠١٦ - ٢٠١٧)، غوته في الأدب العربي، جامعة عبد الحميد بن باديس مستغانم كلية الأدب و الفنون القسم: الأدب العربي ، شهادة الماستر، الجزائر.

١١٠- الزهرة، وذان فاطيمة، (2020-2021)، اشكاليات مصطلحية، شهادة الماستر، جامعة ابن خلدون، الجزائير.

١١١- زقزوق، مهحموود حمدي، (1997)، الاستشراق والخلفية الفكرية للصراع الحضاري، الناشر دار المعارف، قاهرة.

١١٢- الساموک، سعدون محمود، (٢٠٠٣)، الاستشراق الروسى، الطبعة الاولى، الناشر دار المناهج، عمان – الاردن.

١١٣- سبيفاك، غايتري، (2014)، منظرة هندية لخطاب ما بعد الاستعمار، مجلة ثقافة الهند، مجلد 65، العدد (1).

١١٤- السعداوى، حمدي، (2007)، كل شىء عن جائزة نوبل، الطبعة مكتبة معروف، الاسكندرية- قاهرة.

١١٥- سلوم، داود، (2003)، الادب المقارن في الدراسات المقارن التطبيقي، الطبعة الاولى، مؤسس المختار للنشرة، قاهرة.

١١٦- سمحة، عمر مصطفى محمد، (2005)، العولمة الثقافية والثقافة السياسية العربية، رسالة الماجستير، كليـة الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.

١١٧- الشاذلي، خديجة محمد كمال سعد، (2020)، التنوع الثقافي وآليات تعزيزه بالتعليم قبل الجامعي في العالم المعاصر، مجلة جامعة بني سويف مجلة كلية التربية، عدد يناير الجزء الثانى.

١١٨- الشحان، عبدالمجيد محمد، (2006)، سرديات المنفى، الرواية العربية بعد عام 1967، الطبعة الاولى، أزمنة للنشر والتوزيع، عمان - الأردن.

١١٩- صدوقي، يسمينة، (٢٠١٨)، مظاهر و نتائج التنوع الثقافي في الجزائر، مجلة دائرة البحوث والدراسات القانونية والسياسية - مخبر المؤسسات الدستورية والنظم السياسية، العدد (الرابع).

١٢٠- الطائي، عباس العباسي، (2012)، الادب المقارن، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان.

١٢١- عاسم، خلود، (٢٠١٣)، دور تكنولوجيا المعلومات والاتصالات فى تحسين جودة المعلومات وانعكاساته على التنمية، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد ( الخاص ) بمؤتمر الكلية.

١٢٢- العايدي، احمد محمد عبدالرحمن، (2017)، تأثير العولمة على الثقافة السياسية المصرية ، مجلة ( البحوث المالية والتجارية، جامعة بور سعيد، كلية التجارة. المجلد ١٨، العدد الرابع – الجزء الثانى – الرقم المسلسل للعدد (٤).

١٢٣- عبدالعزيز، احمد، (2002)، نظرية جديدة للادب المقارن، الطبعة الاولى، الناشر مكتبة الانجلز المصرية.

١٢٤- عبود، عبده، (1999)، الادب المقارنة مشكلات وافاق، مطبعة اتحاد الكتاب العربية، دمشق.

١٢٥- عراب، نبيلة، (٢٠٢٠-٢٠٢١)، تداعيات الخطاب ما بعد الكولونيالي في" رواية الغربي" لألبيركامو، شهادة الماجستر في اللغة والأدب العربي، جامعة العربي بن مهيدي –أم البواقي- الجزائر.

١٢٦- عزيز، د. صالح أمين ، (٢٠١٢)، اعلام أئمة العربية و الادب من الكردى، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد / العدد ٩٩.

١٢٧- علوش، سعيد، (١٩٨٧)، مكونات الادب المقارن في العالم العربية، طبع الاول، الشركة العالمية للكتاب، بيروت- لبنان.

١٢٨- على، انور محمد، (٢٠٠٧)، احمد الخاني..: فلسفة التصوف في ديوانه مم و زين، ط1، سپريز للطباعة النشر، دهوک.

١٢٩- العيد، داز، (2020-2021)، تلقى الدرس المقارن في الادب العربي المعاصر، شهادة دكتورا، جامعة الجيلالى ليابس سيدى بلعباس، الجزائر.

١٣٠- غويار، ماريوس فرنسوا، (1988)، الادب المقارنة، ترجمة هنري زغيب، منشورات عويدات، بيروت – باريس.

١٣١- فانون، فرانز، (2013)، معذبو الارض، ت. د. سامي الدروبي – د. جمال الاتاسي، الطبعة الاولى، مدارات للابحاث والنشر، القاهرة – مصر.

١٣٢- فهيم، حسن محمد، (1989)، ادب الرحلات، الناشر، عالم المعرفة، الوطني للثقافة والفنون والاداب – كويت.

١٣٣- ڤان تيجم، (؟)، الادب المقارن، ترجمة، د. سامي الدروبي، الطبعة والنشر، دار الفكر العربي، القاهرة.

١٣٤-- قادة، مبروک، (١٩٩٩)، اشكالية الانتماءالقومى للادب الجزائيرى المكتوب باللغة الفرنسية، مجلة الانسانيات، عدد (9)، الجزائر.

١٣٥- كازانوڤا، باسكال، (2002)، الجمهورية العالمية للاداب، ت. امل الصبان، الطبعة الالى، المجلس الاعلى للثفافة، القاهرة.

١٣٦- كعال و نزار، بثنة و سارة (٢٠٢١-٢٠٢٢)، بنية الشخصية فى راواية فقهاء الظلام لسليم بركات، شهادة الماجستر، جامعة العربي بن مهيدي - أم البواقي – كلية الأداب واللغات، الجزائر.

١٣٧- مادي، فضلة، (٢٠١٢)، دور عالمية الادب و مذاهبه في تطور الادب و ظهور اجناسة الادبية، رسالة ماجستير، معهد الاداب و اللغات، قسم اللغة و الاداب العربي، المركز الجامعي- البويرة، الجزائر.

١٣٨- ماركس، أنجلز- كارل، فريديك، (1987)، بيان الحزب الشيوعي، ترمجة (من الألملنية)، د. عصام أمين، المصدر العربي دراسة البيان الشيوعي ط7 .

١٣٩- نجاة، شاير، (٢٠٠٨- ٢٠٠٩)، العولمة وتأثيرها على حقوق الإنسان، جامعة وهران كلية الحقوق، شهاده ماجستير، جزائر.

١٤٠- نوال، سعدي، (2018)، عالمية الادب ورهانات الادب العربي، مجلة النقد والدراسات الأدبية واللغوية، جامعة سيدي بلعباس – الجزائر، العدد السادس.

١٤١- النيجيري، عبدالله أبوبكر أحمد، (٢٠٢١)، الادب المقارن بين العالمية والعولمة، المجلة الاكاديمية للأبحاث والنشر العلمي، الإصدار الرابع والعشرون.

١٤٢- نيشي، أرماندو، (2007)، تأريخ مختلف للأدب العالمي، ت. د. حسين محمود، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

١٤٣- نعيمة، حمو، (2019 – 2020)، الرواية الجزائرية المكتوبة باللغة الفرنسية و إشكالية الهوية، شهادة ماجستير، جزائر، جامعة عبد الحميد بن باديس- مستغانم كلية الأدب العربي والفنون.

١٤٤- هشام، ريغي، (٢٠٠٨- ٢٠٠٩)، العولمة والبطالة، جامعة العربي بن مهيدي - أم البواقي، شهاده ماجستير، الجزائر.

١٤٥- هلال، محمد غنيمي، (2008)، الادب المقارن، نهضة مصر للطباعة، الطبعة التاسعة، القاهرة.

١٤٦- هيگل، عزة، (2004)، في الادب المقارن، الناشر الهيئة المصرية العامة للكتاب، طبعة اول.

١٤٧- يمينة، سلايمية، (2016)، الخطاب ما بعد الكولولونيالى فى كتابات ميشال فوكو، مجلة البحوث والدراسات الانسانية، العدد (13).

١٤٨- يونس، أسماء عبدالمطلب بني، (2012)، عولمة الاسرة في المجتمعات المسلمة، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية المجلد (9)، العدد الثالث، جامعة اليرموك إربد – الاردن.

## سێیەم: سەرچاوەی فارسی:

١٤٩- اذر، اسماعیل، (١٣٧٨)، ادبیات ایران در ادبیات جهان، انتشارات سخن، تهران.

١٥٠- هەڵەبجەیی - مەریوان، (١٤٠٢)، گفتوگو با هیوا قادر، نویسنده کرد به مناسبت انتشار ( خانه گربهها) محافظت از تنهایی، ڕوزنامه ( شرق )، چهارشنبه، ٦ اردیبهشت 1402، سال بیستم، شماره (٤٥٣٨)، ( هەڵەبجەیی، ٦/ اردبیهشت ١٤٠٢)،

١٥١- یوست، فرانسوا، (١٣٨٨)، فلسفه و نظریه ای جدید در ادبیات، ت. علی رضا انور شیروانی، مجله مطالعات ادبیات تطبیقی، شماره (٨).

## چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:

١٥٢- Printed. De Gruyter Approaches to World Literature© 2013 Akademie Verlag GmbH www.degruyter.de/akademie Part of … in Germany، Schindler, Kristen 2014/٦/١٥

١٥٣- https://www.dictionnaire-academie.fr/article/ exil /Dictionnaire de l'Académie française .

١٥٤ -https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/global.

١٥٥- https://www.oxford learners dictionaries.com/definition/american_english/global.

## پێنجەم: سەرچاوەی ئەنتەرنێت:

١٥٦- الاحمد، مالک بن ابراهيم، (2023)، العولمة في الاعلام،
https://fac.ksu.edu.sa › ،2023/3/21

١٥٧- ئەمینی، ژینا، (٢٠٢٢)، نەزەند بەگیخانی – ٢٠٢٢/١/١١، https://www.kurdipedia.org

١٥٨- باس نيوز، (٢٠٢٢)، زانكۆی ئەلبێرتا ڕێز لە جەلال بەرزنجی شاعیری ناوداری کورد دەنێت، ٢٠٢٢/١٠/١٠. https://www.basnews.com › babat

١٥٩- بدهيد، (١٣٩٩)، ڕۆمانی«هەنار و فریشتەی مردن» بەرهەمی عەتا محەمەد کرایە فارسی، ٢٤ز اذر، ١٣٩٩. http://kurdishbookhouse

١٦٠- تاتانی، محەمەد، (٢٠٢٠)، سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی، تەوەر و هەڤپەیڤین، ژنەفتن، https://jineftin.krd › 10/11/2020.

١٦١- دڵسۆز، سلیمان، (٢٠١٥)، ڕۆماننووسی کورد کارەکتەریکی تراژیک - در ١٩ می ٢٠١٥، انتشارات جشنوارهhttps://publication.tirgan.c

١٦٢- ڕزگار، محەمەد، ٢٠٢٢، هیوا قادر–گەورەترین ئینسکلۆپیدیای کوردی https://zaniary.com

١٦٣- ڕێشاوی، عەبدوڵلا، (٢٠٢١)، مەم و زین؛ ئەوین و ستەم و قوربانیدان ٢٠٢١/٢/١٤ https://www.sbeiy.com

١٦٤- عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب، (٢٠٠٨)، ئامادەی/ نائامادە، ئەنتۆلۆژیای تاراوگە و چەمکی نامۆبوون، ٢٠٠٨/٥/١٣، ( http://hemin.dk › DAQIKUR

١٦٥- عەلی، ئدریس، (٢٠٠٨)، نەزەن بەگیخانی لە دیدارێکی تایبەتدا، ١٨/ مارسی ٢٠٠٨، › http://dengekan.ca

١٦٦- عەلی، بەختیار، (٢٠٢٢)، https://ckb.wikipedia.org ) ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢.

١٦٧- ڤایدنەر، شتێفان، (٢٠١٧)، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح، پیرۆزبایی خەڵاتی (نیلی زاکس)ی ئەڵمانی بۆ (بەختیار عەلی)/https://galawej.com ، ١٢/١٠ / ٢٠١٧.

١٦٨- قادر، هیوا، (٢٠٢٢)، دانشنامه آزاد https://fa.wikipedia.org › wiki ٢٠٢٢/٩/١٦.

١٦٩- قادری، عادل، (2018)، ئیبراهیم یونسی و خەونێکی گەورە بۆ گۆڕانی کولتووری٢٠١٨/٢/٢٤، https://www.rudaw.net

١٧٠- كـرد مـاد، سـوران، (٢٠٠٩)، آخـرين انـار دنيـا. 16ی نيسانی 2009
http://www.sorankurdmad.blogfa

١٧١- کەریم، زاهیر لەتیف، (٢٠٢٠)، ئەدەبی بەراوردکاری: ئەدەبی کوردی بە زمانی داگیرکەران، ٢٠٢٠/٧/١. https://www.khaktv.net/a

١٧٢- کەریم، زاهیر لەتیف، (٢٠٢٣)، چەقی ڕوانینی دەرەکی و خوێندنەوەیەکی نوێ، ٢٠٢٣/٤/١. https://www.gksat.tv

١٧٣- میدیا، مەودا، (٢٠٢١)، کەژاڵ ئەحمەد، پەروانەی عیشق و ئازادی - Mewda Media سلێمانی، ٢٠٢١/٢/٢٠. https://mewdamedia.com

١٧٤- الناشف، تيسير، (٢٠٠٩)، هيمنة الثقافة الغربية على الثقافات الأخرى، مجلة عود الند الثقافية ، العدد (٣٦). https://www.oudnad.net

١٧٥- facebook، Bachtyar Ali )،، شێرکۆ بێکەس بۆ بەختیار عەلی دەدوێ، ٢٠٠٥.

١٧٦- عەتا محەمەد، facebook.

١٧٧- هونەر کەریم، facebook

١٧٨- ) facebook-kajal Ahmad

شەشەم: گفتوگۆ:

١٧٩- گفتوگۆ لەگەڵ هیوا قادر، ٢٠٢٣/٥/٤. تەلەفۆن. ٩ی بەیان.

١٨٠- گفتوگۆ لەگەڵ عەتا محەمەد، ٢٠٢٣/٥/٥. تەلەفۆن. ٨ی ئێوارە.

١٨١- گفتوگۆ لەگەڵ زاهیر لەتیف، ٢٠٢٣/٣/١٠ . چاوپێکەوتن – سەعات ٤ی ئێوارە سلێمانی.

جمهورية العراق الفيدرالي

حكومة اقليم كردستان

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة كوية/ فاكلتي التربية/ قسم اللغة الكردي

# عالمية نص الأدب الكردي في عصر العولمة

# ( الشعر – الرواية )

اطروحة

تم تقديمه إلى فاكلتي التربية/ قسم اللغة الكردي بجامعة كويه ، كجزء من متطلبات نيل-

شهادة الدكتوراه – في الأدب الكردي

**من قبل**

**زاهيراسماعيل سعيد**

بكالوريوس في ( اللغة الكردية ) في كلية التربية – جامعة صلاح الدين، ( 2002 ).

ماجستير في ( الأدب الكردي ) في فاكلتي التربية – جامعة كويه، ( 2014 ).

**باشراف:**

**أ. د. ريزان صالح مولود**

2023 ميلادي

2723 كردي

## الملخص

العالمية مفهوم معاصر زاد اهتمامه في ثمانينات القرن العشرين نتيجة للتطور الهائل الّذي شهده العالم في المجال الاقتصادي والسياسي والتكنولوجي والاجتماعي.

العالمية من وجهة نظر الأدب عبارة عن طريقة معينة لعرض ومدى نجاح أي عمل أو نتاج أدبي، فضلا عن إخراجه من دائرة محلية أو قومية إلى دائرة أوسع، وذلك يتجلّى في عالمية تلك الأعمال.

تتحقق عالمية الأدب حينما تتمّ ترجمة تلك النصوص الأدبية لقوتها من جوانبها المختلفة، وبالتالي تتجاوز حدودها الجغرافية واللغوية المحليتين وتلتحق بآداب الشعوب الأخرى، ويستقبلونها.

من هنا تتجلّى أهمّية الترجمة، إذ من خلالها توجد فرصة ذهبية للآداب ذوات اللغات المحلية وغير العالمية، كي تُعرِّف تجاربَها بالشعوب العالمية.

تبدأ عالمية النص الأدبي الكردي المعاصر في النصف الثاني من ثمانينيات القرن العشرين، إذ في تلك السنوات ظهرت مجموعة من الشعراء والروائيين الكورد المهجرين في الدول الأوربية وتعكموا اللغاتهم الغربية وتعرفوا عن قرب على النظريات الغربية الجديدة.

وكما قد هيأت حرية التعبير في تلك الدول أرضية خصبة للكتاب والمؤلفين الكورد المهجرين، والّذين أصبحوا متأثرين بثقافة تلك المجتمعات وادابها وحضاراتها، مما أدّى إلى إيجاد فرصة ليتمكّن هؤلاء الكتاب والشعراء في الحفاظ على هويتهم القومية في أشعارهم ورواياتهم فضلًا عن تمسكهم بفكرة العولمة، وبالتالي شاركوا في خلق نتاج أدبي جديد حيث تمّ الالتفات إليه على المستوى المحلي والعالمي. ومن أهم هؤلاء الشعراء والروائيين: (شيركو بيكس، رفيق

صابير، نزند بكيخاني – بختيار علي، كاروان عمر كاكه سور، هيوا قادر، عطا محمد.. وجان دوست فس غرب كوردستان ).

وقد استطاع هؤلاء عن طريق مؤلفاتهم أن يلفتوا نظار قراء الغربيين، وتُرجمت نصوصهم الأدبية إلى كثير من اللغات الغربية وقطعوا أشواطا كبيرة نحو العالمية.

وكذلك ظهر داخل إقليم كوردستان ثلة من الشعراء والروائيين، نتيجة اطلاعهم على الأشكال والأساليب الجديدة للأدب الغربي واستعمالها في نتاجاتهم الأدبية. لذا قد تجاوزت أعمالهم حدود الأدب القومي وتمت ترجمتها إلى عديد من اللغات الغربية والمحلية، ومن هؤلاء الشعراء ( كژال احمد – لطيف هلمت).

In western Kurdistan ،Jan Dost appeared through their works and were able to attract the attention of western readers and translated their literary texts into many western languages and took big steps towards globalty.

Also ،inside the Kurdistan Region ،many talented poets and novelists appeared ،because of the familiarity and use of the new forms of Western literature and their high level of production ،the boundaries of national literature have been translated into many Western and regional languages ، such as Kajal Ahmed ،Latif Halmat.

**Abstract**

globalty is a modern concept that has increased its importance since the 1980s due to rapid economic ،political، technological and social developments. globalty from the point of view of literature is a way to show and succeed any work or product and extract it from the local circle and nationalism to a broader level ،which finds itself in the globalty of these texts and products ، the globalty of literature occurs when the literary text ،due to the dignity and strength of different parties ،crosses the geographical and linguistic boundaries of the local language through translation, reaches and would be available to the readers of other nations and welcoming it. The Translation is a golden opportunity through which small language literature ،or literature whose language is not universal، to introduce their literary experience to the nations of the world.

The globalty of contemporary Kurdish literature began in the second half of the 1980s and later 20th centuries، during this period ،a group of Kurdish poets and novelists were displaced from western countries and became refugees and learned western languages ،and were closely aware of the new trends of western literature ،at the same time، freedom of cultural activity in these developed countries created a favorable condition for Kurdish writers in those countries that became refugees. The civilization of these countries created an opportunity for Kurdish poets and writers in the context of genres and forms of world literature and modern literary techniques to express their national identity in their poems and novels ،and put their ideas of globalization into their own products. They created a new product ،which was reviewed and read both locally and internationally ،from exiled poets and novelists such as Sherko Bekas ،Rafiq Sabir ،Nazand Baghikhani and Farhad Pirbal- Bakhtiar Ali ،Karwan Omar Kakasur، Hiwa Qadir and Ata Mohammed.

Federal Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government/ Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Kurdish Department/ koya university/ Faculty of Education

# The globalty of Kurdish literature during globalization

## (Poetry– novel)

As a part of the necessitry of obtaining a doctoras degree in Kurdish Literature it was presented to the faculty of doctorate of Education at Koya

A PhD Thesis By:

Zahir Ismail Saeed

B.A in Kurdish department from Salahaddin University at college of Education (2002).

– MA in Kurdish Literature at the Faculty of Education – Koya University (2014).

supervised by:

Prof. Dr. Rezan Salih Mawlood

2023